خاڵێك کە بۆمن وەك خوێنەرێك جێگەی سەرنجە لە بەشێکی زۆری ئەو شیعرانەی ئەمڕۆ باودەکرێنەوە ئەوەیە،کە هەموویان دواجار جۆرێك لە بڕەودان بە تێرکردنی گەدە و خواردن دەدەن. ئێمە لە ئێستادا بەشێکی زۆری لایەنەکانی ژیانمان بۆتە خەمی خواردن و گەشت و سەیران. لە هەر شارێك ئاوو لە هەر کوچە و کۆڵانێك بکەین، مەحاڵە چەندین چێشتخانە نەبینین.ئەو هەموو بایەخدانە بەخواردن، بەبۆای

من گوزارشته لەوەی کە مرۆڤی کورد خەمی گەدەیتی نەك هزر. دەیەوێت گەدەی تێر کات نەك مێشکی. ئاشکراشە کاتێ بەشکی زۆری تاکەکان، خەمی سەرەکی ژیانیان بووە پێداویستییە جەستەییەکان، ئەوا هزر هیچ بایەخێکی نامێنێت. کە هزریش بایەخی نەما، ئەوا گۆڕانکاریی و پێشکەوتن و بەرەو ژیارییی چوون نایەنە ئاراوە. کەم شیعری ئێستام بینیوە، بەجۆرێك لە جۆرەکان، دواجار شاعیرەکانیان نەیانگۆڕابێتەوە سەرخواردن.

نکۆڵی لەوە ناکرێت کە هەموو بوونەوەرێك بەخواردن دەژیت، بەڵام ئایا دەبێ مرۆڤ خەمی سەرەکی خواردن بێت؟ بۆچی دەبێ خەیاڵی بەشکی زۆر لە شاعیرانی ئێمە لە ئێستادا هەرتەنها لای چێشتخانە و کەوچك و قاپ وەدەعوەت بێت؟ یاخود دنیابینی شیعرییان هێندە سنووردارو بێ هێز بێت، تەنها ئەو کەرستە و دیاردە سواو و بێ بەهایانەی ژیان ببینن؟ لەکاتێکدا نیو سەدە زیاتر لەمەوبەر، قانع لە ڕۆی شیعرەکانی بەگژ هەزری جیاوازی چینایەتی دادێتەوە و داوا لەمرۆڤەکان دەکات پاروویی نانەکانیان لەگەڵ براکانیان بەش بکەن. لەڵاستیدا، هەموو ژانرێکی ئەدەبی و هونەری دەبێ دۆزێکی هەبێت و پەیامێکی هەبێت. سەیری شانۆی کوردی بکەن لە هەفتاکان وبەراوردی بکەن بە شانۆی ئێستا، سەیری هونەری گۆرانی و بەشکی زۆری شیعری ئێستا بکەن بە بەراورد بە قۆناغی هەشتاکان. ئەو کات چونکە دۆزێك هەبوو، مرۆڤ چەقی بابەتەکان بوو، هەموو شتێك لە پێناو مرۆڤ و بێ ئەویش بوو، شانۆ گۆرانی و شیعر چەند بەهایان هەبوو، چەند پیرۆز بوون و چۆن جەماوەرێکی بێ شوومارییان هەبوو. بەڵام لە ئێستادا چونکە هەڵگری پەیامێك نین، چونکە لە خزمەت ئینسانیەت وجوانترکردنی ژیان دانین و هەر تەنها دەردە دڵێکی سادە و ساکارن بەزمانێکی هەژار، دەبینین چۆن شیعر باوی نەماوە و چۆن هێڵی شانۆکانمان خاڵین. چۆن شیعر لە پاشەکشەیەکی گەورە دایە تا ئەو ڕادەیەی دوایین ژانرە بیر لە چاپکردنی بکرێتەوە لە نێوەندەکانی چاپ و بڵاوکردنەوە. لە چێژاوی تریفەدا، لە بەشکی زۆری شیعرەکاندا نووسەر ئەوەندەی مەبەستی بووە کێش و سەرواو ڕیتمی شیعرەکەی تێکنەچێت، ئەوەندە وێنەی هونەری و ڕەهەندی واتایی شیعرەکانی مەبەست نەبووە. بەدەربڕینێکی تر، شاعیربەبێ ئەوەی بە خەیاڵی دابێت کە هاوتاکردنی سەرواکان گۆڕانکاری لەمانای وشەکان دروست دەکات یاخودنا، وشەکانی هاوسەروا کردووە. بۆنموونە: لەدێرە شیعرێکدا دەڵێت: _

مەدالیاوکلیلەکانم…

سەعاتە زنجیرداڕە سۆ قورمیشیەکەی...
باسکم...ۆا113

بۆ ئەوەی، لەگووی ریتمی ناوەکییەوە لەگەڵ وشەی کلیلەکانم بۆتەوە، هاتووە کاتژمێری خستۆتە باسکی.چونکە هەردووکیان بەپێتی میم کۆتاییان دێت.واتە جیاوازی نەکردووە لەنێوان باسك ودەست. چونکە دەبووبزانێت سەعات لەدەست دەکرێت نە لە باسك. هەرگیز ناوترێت سعاتێکی لەباسك دابوو، بەڵکو هەمیشە دەوترێت سعاتێکی لەدەست دابوو.چونکە دەست و ئانیشك و قۆڵ،هەموویان هەرباسکن،بەڵام سۆ واتای جیاوازو ئاماژەن بۆسۆ شونێی جیاواز لە قۆڵی مرۆڤ.بەهەمان شێوە لەشونێکی تریشدادەێت:(ڕۆژ ژمێر)ێێێ

نوخبەیە.شیعربەندبژی میللی نییە هەزاران و ملیۆنان گۆگری هەبێت. بۆیە دەبێ بەشکی زۆر لەوانەی شیعر دەنووسن ئەوە بزانن کە خوێنەر ناتوانێت دەردە دڵەکانیان بە ناوی شیعر بخوێنێتەوە.شیعر پەیام و جوانی و مانایە.دەبێ خوێنەر ئابگرێت و هەستی ئامان و بیرکردنەوەی لا دروست بکات.دەنا هەرگیزاو هەرگیزخوێنەرە وشیارەکانی شیعر ناتوانن دەردە دڵەکان لە شیعردا پڵین بکەن وببینن. چونکە بۆواناکەم هیچ کەسێك نەبێت لە ئەمە دەردەدڵکی نەبێت،جا تایبەتی یاخود گشتی.ئەگەر دەردە دڵیش بە شیعر بزانین، ئەوا دواجار هەموومان بێ جیاوازی شاعیرین!!!!…

**سەدیق سەعید ئواندزی**

*پەراوێز/چڕاوی تریفە/شیعر/ عەبدولڵەحمان فەرهادی/ساڵی چاپ 2017_هەولێر…

*ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی هەولێر) ژمارە(3069)ڕۆژی 2019_4_24بڵاوکراوەتەوە…

---

# بریاروابوو ئەم بەهارە زۆیکە بژار بکەین، نەك تەرمەکەت دفنکەن!

**بەهادین حاجی بەکری دارتاش ناسراو بە ریبوار عارف**

لە یەکەمین چرکەساتەکانی بینینیدا لە سیمای ئەم ئینسانەدا هەستم بە ماندویەتی و خەمەکیەکی یەکجار گەورە دەکرد… سێ مانگ لەمەوبەر بەهەي برادەریکمەوە هەوالی ئەوەم بیست کە فەریدون گەمانی ئەوەی لێ دەکریت کە دەرمانخواردکرابیت و ئیستە لە خستەخانەیەکی سلیمانی کتووەو دەیەویت بگەڕیتەوە بۆ فینلاند. بۆلام لەوی دەبیت کەسیک هاوکاری بکات بۆ ئەوەی کە تا چەند ڕۆژیک کارەکانی دەکەوێتە سەرپی خۆی … پاش گەڕانەوەی بۆ فینلاند هەمان ڕۆژ چووم بۆدەمیەوە… هەشتا دەستووپێنجەم لە نەو دەستیدا بوو

بەکشانەوەی دەستی ئەو پەیامەی پێگەیاندم کەناتوانیت ئەوەندە نزیکی هیچ کەسیک بیتەوە...

دواتر بەمەبەستی گەرانەوە بە مالی خەمان چووین بە مەترەو گەڕاینەوە بە مالی خەمان... بەریگەوە دەمووست ئەو دیواری نائاشنابوون یەکترنناسینە تێکبشکێنم و واهەست نەکات کە دەچێتە مالی کەسێکی زۆر نائاشناو نامۆو... دەستمکرد بە قسەوباسو هەوالپرسی... بەناو ئەو هەندجار بە '' بەڵێ، ڕاستە، وایە، ئەیچی و جاجارەش بەبادانی سەری وەڵامی دەدامەوە...'' پێَشوەخت کەمیکم لە نەهامەتیەکانی ژیانی ئەم ئینسانە لە زمانی کەسێ نزیکەکانی خۆیەوە بیستبوو، کەمێَک ئامادە بووم بە تێَگەشتن لەحالەتەکە. درەنگ وەختێَک لە هەڵی دانیشتنەکەی مالەوەمان بە تیکشکانی ئەو بیدەنگیە تەلەفزیونەکەم داگیرساندو کەوتمە قسەکردن... لەراستیدا ئەو هەر لەسەر سکەی خۆی بوو بەهەمان شێوە لەگەڵ بیدەنگیدا ژوانی دەگرت...

بە ئەوەی هەست بگوشاریکی ئەوتە نەکات من کەمیک خەم بە پرکردنەوەی فەرمی شوینی وەرگیرانەکانی سبەینیمەوە مشغول کردو دواتر ووتم حەتمەن کەمیک ماندویت ئەگەر حەزدەکەیت پشوو بدەیت ئەوا پیداویستیەکانت بە دینم و لیرەدا پشوو بدەو پاشان بخەوە ... هیشتا قسەکەم لە دەما تەواو نەکردبوو لیوەرگرتم و بەخیرا ووتی ئەریوەلا هەر زۆر ماندو باشترە بخەوم، ئەگەر بتوانم... بەهەرحال بە سبەی بەیانی زوو من لەخەو هەستام و چوم بە سەرکارەکەم... دوای نیوەڕۆی ڕۆژی دواتر لە دەرەوە تەلەفونیکم بە کردو ووتم وەرە دەرەوە بە بچین بدەم کارەکانەوە... ئاخەر ئەو کاتیک کە گەرایەوە بە فینلاند لەسەر تەختی نەخۆشخانە هەستابووەوەو دەبوو فەحس و چاودیریەکی تەواوی بکریت، چونکە حالەتیکی گوماناوی هەبوو بەوەی کە ئایا دەرمانخواردکراوە یان خەی دەرمانی خواردوە... بەیە دەبوو دەست بەجی بیگەیەنینە لای پزیشك، دواتر چوین بە ئیدارەی سوسیال و بانک و بەدواچوونی ئەوەی کە پیشتر کەمیک قەرزاربوو... بە ئەوەی کە ناوی ڕەش نەبیتەوە چوین پارەکەماندا و کیشەی بانک و هەندی کاری تری ئیداریمان تەواوکردو دواین کاریک کە زۆر ماندوی کردین دەزینەوەی خانوویەک بوو کە سەرئەنجام پاش دوو هەفتە خانووشمان دەزیەوە ئیتر فەریدون چوون مالی خەی !

زۆرم بە گرنگ بوو لەو ماوەیەدا کەدی قسەکردنی فەریدون بدەزمەوە بزانم بە چ باس و بابەتیک دیتە سەرخەت، دەبیت دان بەوەدا بنیم کە کاریکی ئاسان نەبووە... بەڵام ئاگاداربووم کە پیشتر برایەکی لەنیو ریزەکانی پیشمەرگەی کەمەلەدا گیانی لەدەست دابووە... دواتر بە

گیرانەوەی دەورانی رابردو باسی مالەوەو براکانی و دایکی... لیرەوە ئیتر زمانی پژاو هەندیک جار بە رەچونیکی زەر پر تاسەو حەسرەتەوە دەکەوتە سەر گیرانەوەی باسکان... لەهەموو شت ناخۆشترو پر ئازارتر شیوازی ژایان وهەژاریەک بوو کە هەر لە منداليەوە دامنگیری ئەم خیزانە ببوو... فەریدون باسی ئەوەی دەکرد کە چۆن بەهەی برا پیشمەرگەکەیەوە ئیتلاعات و دەزگا ئەمنیەکانی حکومەتی جمهوری ئیسلامی وەک ریگەی کانی بە دەستگیرکردنی ئەم دایکی مالەویان ئاشنابووون... بە تایبەت ئەمە لەکاتیکدابوو کە دایکیشی ژنیکی زەر چالاکو هەلسورابووەو هەواداری کەمەلە بووە... دەیگیرایەوە کە یەکەمین جار کە لەگەل دایکیدا زیندانی کرا تەمەنی 13 سال بوو بەلام بەهەی نەبوونی خواردنی پیوست لە زیندانا جاربەجار ریگەیان پەیدا کە بچیتە دەرەوە شتەک بکرەت...

لەبەر نەبوونی دایکی هەرجارە دەینارد بە لای ئاشنایەکی کەمیک پارەی بەقەرزو پیبدات بە کرینی هەندیک نان و تەماتەو خەیار بیهینیتەوە بە زیندان... کاتیَک کەباسی ئەشکەنجەی زیندانیەکانی تری دەکرد بەشیویەک سیمای دەگۆرا کەهەستت بە ژان و جەی ئەشکەنجەکە بە جەستەی ئەمەوە دەکرد ... لەکاتیکدا کە ئەم تەنیا داستانی نیو زیندانەکەی دەگیرایەوە... بە کورتی داستانی ژیانی پر نەهامەتی ئەم ئینسانە یەکجار زەر پر ئازاربوو، هەستم دەکرد هەندیک جار پیخۆش بوو وەک دەردە دلیەک باسیان بکات و ئاوریکیان لی بداتەوە... ئەوەی جیگەی سەرنج بوو لە گیرانەوەی داستانی ژیانی دایکیدا جەریک دلخۆشکردن بوو بەوەی کە چۆن دایکی وەک تەنیا ریگەیەک بە بژیوی ژیانیان پەنای بردوەتە بەر جل شتن و نانی کردنی مالان، بەجەریک کە هەندی جار نیوەی پارەکەی وەردەگرت و بەشیکیش چەند موچەیەک نانی لەباتی پارەکە وەردەگرت و چەند رەژیک لەگەل قابلەمەیەک ماست و کەمیک تەماتەدا ژیانیان لەگەلدا بەسەر دەبرد ....
لەماوەی ئەو دوو هەفتەدا ئەوەی کە لەهەموو شتیک زیاتر منی ئازار دەدا ئەوە بوو کە شەوانە دەخەوت بەدەم خەوەوە دەینالاندو هاواری دەکرد دایە گیان دایە گیان... دواین رەژیک کە ئەو ئیتر چووە مالی خەیان پیکەوە چووینە دەرەوە، من بە سەر کارو ئەویش بە پاك کردنەوەو شتنی مالەکەی خەی... پیموت فەرە گیان من تەنیا بەرەژدا تەلفونت بە دەکەم بەلام هیوادارم تە هەرگیز سەیری سەعاتەکەت نەکەیت کەی ویستت تیلیم بیکە... لەولامدا ووتی هەول دەدەم ئەگەر کاریکم هەبوو تەلفونت بە بکەم، بەلام بەراستی زەریش بە سەختە ... ووتم بە وادەلیت...

وتی کاک ریبوار تۆ زۆر جیاواز بیر لێ ژیان دەکەیتەوەو منیش هەست دەکەم میوای ئەمرۆ سبەیم لەم ژیانەدا... زۆرباش لێ پەیماەکەی حالی بووم بەلام خەم کرد بۆ گیل و ووتم '' ئی کاکە گیان خۆ ئیمە ژیانمان قەنتەرات نەکردوە ئیمەش ئەمرۆ سبەی هەر ئەم ژیانە بەجی دیلین، بەلام مرۆڤ تا ئاو شوینەی کە هەیە دەبیت لەهەولی بنیادنانی ژیاندا بیت...'' دواتر ووتی من کاتیک کە سەیری ئاو گرتەیەم کرد کە بە مەرگی ئاو خزمەتان قسەت کردوە لەمە حالی بووم ... کە دیاربوو مەبەستی گرتەیەک بوو کە پیشتر بۆ چلەی کاکە ریهاتی حەمە عەزیز قسەمکردبوو ... لێ وەلامدا ووتم بۆ خراپم کردوە؟ ووتی نا تۆ خراپت نەکردوە بەلام تۆ نەتوانی ریگە لێ بریاری ئاو بگریت تا دەستی نەچیتە خەی و کەتای بۆ ژیان بهینیت... بەجێریک قسەکەم گوری و بەلام لێو ساتەوە بەردەم لێ دلە خورپەی چارنووسی ئەم ئینسانەدا بووم... هەربۆیە دەموویست ریگاو رۆشتی جیاواز بگرمەبەر بۆ بینین و بەسەر کردنەوەی بەلام بەداخەوە زۆر بۆ ئاساتەم ریگەی نزیک بوونەوەی دەدا کاتیکیش کە دەمبینی ئاوەندە بیدەنگ وجوڵە بوو هەستم بەوە دەکرد کە من فشار بۆ ئەم ئنیسانە دینم. ئاخەر دوانین ریگەیەک کە گرتمەبەر لەگەلیا ئاوەبوو کە بە جموجۆل و مەلاو ریگە رۆشتن مشغولی بکەم، بەلام بۆئاوەی کە ریگەم لی بگریت دەیگوت کاک ریبوار من هەموو رۆژیک چوار سەعات بۆ تەنیا دەچم بۆ پیاسەکردني نیو دارستان...

دواین جار کە بینیم پیشنیاری ئاەم پیکرد کە زاویەک لە شاروانی بگرین بۆکریَ بۆ ئاوەی ئەم بەهارە سەوزەی تیدا بکەین... پیشنیارەکەمی پەسەندکرد بەلام بەداخەوە فریای بژارکردنی زاویەکە نەکەوت لەگەلماو ئاو بیشتر گەرایەوە بۆ کوردستان و دوینی ( پەلیسی راپەڕین ئااشکرای کرد کە تەرمی کەسێک گەیەندراوەتە نەخۆشخانەی رانیە، کە لەگەزنامەی فینلاندی هەیە بۆ نای ( ف. ئ) ... هەرچەندە لەکەینەوەش لەسەر ڕووداوەکە بەردەوامەو تائیستە روون نەبووتەوە کە ئاو کەسە خەی خنکاندووە یان خنکەندراوە. بەهەرحال بەدەر لەوەی کە لیکولینەوە بۆ چ ئەنجامیک دەگات، بەلام لە مەرگی ئەم ئینسانەدا زۆر بەداخەوە دەبیت بلیم فەرە گیان یادت بەرزو بەریز بیت ئەی ئینسانە ستەمدیدەو ژیان پرکارساتەکە، خەزگە بەلەنەکەت دەبردە سەرو ریگەت دەدا ئەم بەهارە پیکەوە بژاری ئاو زاویەمان بکردایە کە لەخیالی خەمدا هەنگاویکی باش بوو بۆ بژارکردنەوەی ژیانی خەشت بۆ دەر لە هەر مناقەشەو قسەوباسیک کە تۆ ئەهلی نەبوویت، وویستم لێ ریگەی چاندن و تووکردن و ئاودان و بژارەوە جاریکتر پیکەوە تەی سەرلەنوی ژیانەوە بچینینەوە... بەلام

بەداخەوە فڕۆ گیان من سەرکەوتوو نەبووم و ئاخر تۆ بەلێنەکەی خۆت نەبردە سەرو پێڵەت بوو بە مال ئاوای کردنی تەواوەتی لە ژیان!

---

# لکەکان … سەباح ڕەنجدەر

**ڕۆژەن**

ئاشنای هەموو پیتەکانی هەمای چاوبووم

دەم گەڵك ئارامەو هەستەکانم کەوتوونەتەخەونبینین

پشوویەك بە ئەسپەکەم دەدەم و ئەو شادییەدەدرەوشێنمەوە

فرمێسکی بە تاسەگەیشتن بەووەتەکانمەوهببینن

بەهیوام ڕۆژێك لەزەنگ و دەفی فرمێسکەکانمدا

من لەخودادا و خودا لەمندا شەڕ بکەین

سوپەری بەرگری بشکێ و یەك یەکمان شەهید بکەین

باوەشێنە حەسیرەکەم لەسەر بەردێکی بەهرەمەند دادەنێم

گۆزەیەك شەرابی قەرد وەردەگرمەوە

دەستنوێژ دەشێم و ڕۆژووی پێ دەشکێنم

خەیاڵم بە هەموو شوێنێك دەڕوا

لە هەموو شوێنێکیش دێتەوە

ئاهەنگ بە ئەو گواناەدەگێڕم بەهار پشکووتنی دواخستوون

هێزی پشکووتنیش مەوانی وەختەو پرسیارێکم لەبەردەم باڵندەیەکی خۆشبەڕ

جارێکی تر دەردەکەوم و بەرهەوا دەکەومەوە

من بەناو دڵسۆزییەك کەهەمەتدەپەم و دەچمەئەنوای

تا هەست بەئاوێنەی بەرانبەر بکەم

ئەمیش بەناو منداڵیەتەوەو دیارییەکانی دەگەیەنێ

شەو و ڕۆژ لەجوانی بەدی هاتووەو بەدەستیدەهێنین

چاوەڕوانییەکی زۆری ویست تا مرۆڤ هاتەناو ئاوێنە

بە دەستی بە نەرگزەوەلەگەڵی دوام

ئاداری 2019 هەولێر

**خودا**

ڕۆبوارێکی خومار و بەختیارم لەشەقامی تۆدا

خۆر لەسەر ناوچەوانم ماوەتەوەو هەزار جیهانی تۆدا درەوشاوەیە

هەزاریش شاراوە

هەموو خواستێکی خۆم لەبیرکردووە

تەنیا بیر لەئەستێرەگوڵایەکانیتێ دەکەمەوە

لە زاتتدا بوێر دەژیم و مەسیقای تاسەم لێ دەتکێت

مەیەکم ناسی و خواردمەوە

واتای تاهەتایی دامێ

تاهەتایی تەواوی هەقیقەتەو نەناسراوم پێ دەناسێنێ و خۆم تۆدا زیندوو دەکاتەوە

ئیزنێك مۆم لەسەر سینی ماڵ دادەگیرسێت

مۆم دێی دەهێنێتەناو دڵمان و خوماری هەمووانە

ئاداری 2019 هەولێر

**نزایێك بۆ دیدار**

بای چاوسووربوو زۆری بریندار دەکات

هەڵکەش لە هەڵانەی خەشنوود دەتروکە

باڵندە لە هەوای پاراودا باڵی تەواو دەکاتەوە و بانی خەشی خودا چاوی گەورە دەکات

گوللەش لە ئاسمان ووەو ناپاکی دەوا

زەوی بریندار چاوەوانی قوربانییەکانییەتی

گوللەی ناپاکیش ووەسمی چاوەوانی نازانەت

چی چلچرا لە ناوچەوانی کەشك هەواسراوە فریودەر

چاو دادەخەم گوە و خەون دەسووتەن

چاوی ووونی پەغەمبەر لە خووهەسا و نەرم و سووك پەنجەبە پەووومدا هەنا

چاوی گوەبەژەی لەچاومدا چاند و بە هەموو دەنگەك لەگەم دوا

شاعیرەکی شەهید بەسەر زینی ئەسپەکەیەوە دەتەوە

دەت خوەنم بە کەکردنەوەی پەراوەزەکان بەکاربهەنن

حیکمەتی بەکارهەنان هەزار و یەك جەزبەی هەیە

یەکەمینیان نزا و نوەژی منە بە دیدار و بانی خەشی خودا

تا زووە کەشتییەکەم دەخەمە ئاوەوە

وەك نائومەدی بەپەلە دەگەمە قووڵایی

قووڵایی لەگەە تەگەیشتن لەجیهان و زەمنناسین بەرانبەرە

نیسانی 2019 هەولەر

**جەللاد**

بە کراسەکی سووف و چاوی خومارەوە

لە جەستە و گیانی خەمدا خەوتم

کوشتمی و خەنجەرەکەی لەسەر کتەبەکانی دانا

لە کتێبخانەی لەیادچووەوە

لە هەواڵەکە بپرسن و خەنجەرەکە ببێنە پزیشکی دادوەری

کەسێك لە بیرەوەریيە سەرپێەکان مابێتەوە و لە گەرانی سەرچاوەکاندا ئاواز بێت

بە گەرمایی نیگایەك بەهرەی بە شاخی کێوێکەویی وەبکات

پیت لە حیکمەتی ناوی ئەو پاراوتر نییە بە ناوەکی بەختیار

دەبینین لە ئاوی دووپشکەکوژیی دێتەوە

دەچێت ژەر کووپەی غەزەل دەشێنە

لە مەیخانەی مەحوی مەزەکی تاکییم خەمانداوە

پیاوێ ئەی ئاگری گەورەی ڕێبواری تەنیا لە دەوڵەمەندی

بە پێ نابی

تکایە دەڵاگرییم بکە

تا لێت نەژێ ناتخەمەوە

* * .

تاوانبارم داوای پێقرێجکی کرد ئازاد نەمشت و جێنیم نەکوتا

چووم لە ڕووناکترین شوێنی جیهان

لە پەنا شیعردا وەستام

* * .

هەموویان هەتاوی پێی سەر شووشەی کتێبخانە دەناسن

تەنیا لەگەڵ دەی خەم دانیشتووم و زەر بیردەکەمەوە

شیعر ژیانی ڕووناك کردم بینیم

ڕوخساری لێبیرناکەم

مانگ لە ڕوخسارێ لێبیرنەکراوەکان پشکووتووەو پەڕەی نەزری بەستووە

نیسانی 2019 هەولێر

**پرسیاری سپی**

لە هەموو جەنگەکاندا جەنگام و لە ناوی سەرکەوتووی تەم پرسی

گەیشتمە خەونی جوانکردنی جیهان

ناشمەوێ ناوی پاشاکان بزانم

وەڵامدەر خاوەنی هیچ زمانێك نەبوو

شکەی چاوەوانی بەڕاندم

تکایە بەردەوامبە

لە ماندووبوونی خەم نزیك بووموە

بەهاوتایی هەموەڕۆژە لە دایك نابێت

نازانم چارەگە هاوڕێی بایە یان بەگژیدا دەچێتەوە

وریابە ئەی پرسیارکار

قەقنەس قەتاوقەت لەوە بە گومان نییە کە نافڕێ

باڵندە لەئاسماندا خاچی بە دەنووکەوەیە

هەڵانەی زەینی پە دادەنێ

نامەردان سێ و داماو دەبە چاویان بشکێن

ئاویش لە حەوز و گەزیان نییە

ئایاری 2019 هەولێر

# فیلمەکانی خەکناسیی وەاتی ئازەربایجان لە فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی وارش نمایش دەکرێت

مەنووچەهر جیهانی ـ بە مەبەستی پەیوەندیی و هاوکاریی زیاتر لەگەڵ سینەماکارانی وەاتانی بەشی ناوچەی دەریای کاسپیەن، فیلمەکانی خەکناسیی وەاتی ئازەربایجان لە نەهەمین خولی فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی "وارش" نمایش دەکرێن.
بە پێی ڕاپۆرتی لێژنەی پەیوەندییەکان و ڕاگەیاندنی فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی "وارش"، نەهەمین خولی ئەم ڕووداوە فەرهەنگییە بە ئامانجی بەهێزکردن و پاڵپشتی کردن لە بەرهەم گەلێک بە تەوەری بابەتی خەکناسی، جەخت کردنەوە لەسەر فەرهەنگ و کەلەپووری گشتی و پەیوەندیی و هاوکاریی زیاتر لەگەڵ سینەماکارانی وەاتانی بەشی ناوچەی دەریای کاسپیەن و بەستێنی شارستانییەتی میراتی کلتووریی هاوبەش، فیلمەکانی خەکناسیی وەاتی ئازەربایجان نمایش دەکات.
نەهەمین خولی فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی "وارش" Varesh هەروەها بابەت گەلێکی وەکوو؛ دابونەریت و سونەتەکانی هەسوکەوت و کرداری، گوتاری و ژین و ژیاری خەک لەخۆ دەگرێت.
بەپێی بانگەوازی ئەم فێستیڤاڵە، دابونەریت و سونەتەکانی هەسوکەوت و کرداریی خەک پێکهاتووە لە؛ فیلم گەلێکی سینەمایی و بەگەیی سەبارەت بە بانە و ڕووەسمەکان، شێوازەکانی ژیان، دابونەریت و ڕەسەنایەتییەکان، هەگری و خوو خدە و عادەتە باوەکان، جەژنەکانی نەتەوەیی و مەزهەبی، یارییەکانی گشتیی و خەمائی جەماوەری و هتد.
فیلم گەلێک بە تەوەری چیرۆکەکانی گشتیی خەک، چیرۆکەکانی ئەخلاقی، پەند و نەسیحەت ئامێز و ئەوێندارانە، لای لایەکان، سێز و دەنگ و ئاوازەکان، بەستە و مەقام و گۆرانییەکانێ، شینگێڕییەکان، هۆزان و شیعرەکانی خۆجێیی و خەمائی، ئەفسانە کۆنەکان و پەند و مەتەڵ و تەمسیل و هتد دەچنەڵ دەستەی نەریتە ڕەسەنەکانی گوتاری و ئاخاوتنی و هەروەها بەشی ڕەسەنایەتییەکانی ژیان پێکهاتووە لە فیلم گەلێک بە تەوەری بیناسازیی خەمائی، شێوازەکانی بەرهەمهێنان لە ژیانی کشتوکاڵی، ئاژەڵداری و ڕاوکردن و کەڵک وەگرتن لە جەنگەڵ و دارستانی چڵ، پیشە دەستییەکان و مافووڕە و دەستچنەکان و جلوبەرگ، فەرهەنگی چێشت و خواردنەکانی خەمائی، بازاڕ و ئاڵوگۆڕ کردنی

شتومەک.
نەهەمین خولی فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی "وارش" بە دەبیری و بەرپرسایەتی "مەهدی قوربان پوور" لە مانگی ئەپێلی 2019 ڕێکەوتی گوڵانی 1398ی هەتاوی لە هەندێک لە شارەکانی پارێزگای مازەندەران لە باکووری وڵاتی ئێران بەڕێوەدەچێت.

---

# جوگرافیای شۆن و ئێدبی نائومێد … نیهاد جامی

شۆنەکان لەخەیاڵی مرۆڤدا زادەی فانتازیان، شارەکان هێندێ دوورن مەودای نێوان ئێمە و شارەکان هووبڕی خەیاڵین، گەیشتن بەشارەکان ڕزگاربوونە لەبەمانایی ئێرە، ئەو بیرکردنەوەیە لەکوێوە هات کەوا خۆرئاوا شۆنەکە بە ڕزگاربوونی مرۆڤ؟
هەر چۆشنە پرسیارێکی لەم جۆرە کاتێک لەساتەوەختێکی بڕایی تەمەن داگیرمان دەکات، وابەستەی یەکەم ساتەوەختەکانی خۆمان بینینە، کتێبێک یا فیلمێک بەسە بە ئەوەی لەناوەوەی خەیاڵەوە بفڕین و سەفەر بکەین بە دوورترین شۆنی دنیا، ئەوە گەڕانەوەیە بە نێو منایی، هەڵدانەوەی لاپەڕەی لەیادکراوی تەمەنە، بە ڕاڕگارێک کە خۆمان بینین بە پایتەختەکان هێندە فانتازی بوون، کاتێک دەچینە ناو شارەکان تەدەگەین، لەنێوان فانتازیاکانی ئێمە و جوگرافیای شۆن، جیاوازیەکی گەورە هەیە، ئەوە ئێمە بووین شارەکانمان هێندە جوان کردبوو، دنا شوین چێندە هەڵگری مانای ئازادی و جوانی بێت، هەشتا ئەو مانا فانتازیە ناخوەقنێت کە لەزهنی ئێمەدا بوونی هەیە.

ئەوە خوێندنەوەی کتێب و سێرکردنی فیلمەکان بوو وای لەشارەکان کرد وێنەی فانتازیمان بە بخولقێنن، دنا لەواقیعدا شوینێک نیە هەڵگری فانتازیا بێت، دەبێت خۆمان فریوو نەدەین، شارە خەیاڵیەکان زادەی ناو ئەدەب و هونەرە، لەدەرەوەی بونیادە خەیاڵیەکەی، شۆن هەڵگری بونیادی جوگرافی خۆیەتی، وێناکردنی خۆرئاوا وەک شوێنی خەیاڵ پێویست نیە بە شوێنەوە، بەڵکو زادەی دەخی کەمایەتی و سیاسیە، ئەوە گۆشەسەندنی کولتوور وئازادبوونی فەردە، وایکردووە تەکەبوونی مرۆڤ بە شۆن وێنەی دنیایەکی نوێ بخوەقێنێت، دنیایەک

لەدڕاوەی فیکری توند وتیژی بژیت.

کاتێک لەناو دەی خڕئاوا ڕووبڕووی پرسیار دەبیتەوە، شوێن بەتەنیا شتێک نیە، ئەوە مرۆڤ وای لێشوێن کردووە، وەک چۆن بەمانایی ژیان لەخڕهەڵات و تراژیدیە بردەوامەکانی، دیسان ئەوە مرۆڤکانن بە خەیان شڕعیەتێکی دواکەوتویان بە ژیان وەناکردووە، تۆندو تیژی دینی و ئازادنەبوونی تاک و بڕپرسیاربوون لەیەکتری، بنەمای وڕانبوونی دنیایەکە وایکردووە خڕهەڵات و دنیای ئەمە وەک دەزخ ببینرێت، لەکاتێکدا پێویستە ئەو وێنەیە بخەینە ئاستی گومانەوە و بپرسین: کە ئەو دەزخەی خولقاند؟ چۆن دەزخ لەژیان بکەینە دڕاوە؟
پرسیاروگومان سڕەتای کەتایی هاتنە بەڵژیکی بە دەزخبینین، بۆیە چیتر ناکرێت لەترسی وننەکردنی شوناسی کەمەایەتیمان بەدەنگی لەو بیرکردنەوەیە بکەین، کە خولقێنەری تراژیدیایە، ئەوە بەمانایی ژیانی ئەمەیە لەخڕهەڵات وای لەخڕئاواکردووە، خەی وەک نمونەی باڵا بخاتە ڕوو، ئەوەش جێندە دنیای ئەوانیتر درژیان پەداوە، بەڵام گاڵتەجاریەکی ئەوەیە کەمەگای کوردی درژکراوەی ئەوان بێت، ئەمە گەر نیشتمان بخەینە ناو گومانەوە، ئەو گومانە پاککردنەوەیەتی لە وێنەی دەزخ، کە وێنەیەکی دینی و عەرەبیە، پەیوەست نیە بە ئەمەوە، بەڵکو وابەستەی عەقڵیەتی ئەویتری عەرەبیە، ئەو دەمەی بە پەژڕای ستراتیژی ویستمان گەڕان بخولقێنین، تەدەگەین نیشتمان چۆن وێنای بەهەشتی بە دەکەین، دەتوانین وەک ئەویتری خڕئاوایی ببینە جێ سڕنجی ئەوانیتر.
دیارە لەو نەوەندەدا پێویستە ئاماژە بە ئەو بکەین ئەمە ئەدەب و هونەرەکەشمان هەر زادەی ئەو دەخەی کولتووریمانە، کەشەی کولتووری ئەمە ئەوەیە نەمانتوانیووە کولتوور بەشداری لەگەڵانکاریە عەقڵیەکانمان بکات، تەکستە ئەدەبی و کارە هونەریەکانمان دەیژەی بە دەزخ بینینی کەمەگای کوردیە، بۆیە نەمانتوانیووە ئەو وێنەیە لەزهنی مرۆڤی کوردیی بگەڕین.

نیشتمان لەئەدەبی نوێی ئەمەدا چیتر خاکی گەوهەر نیە و ئاوی کەوسەر نیە، نیشتمان شوێنکە بە نائومێدی مرۆڤی کوردیی، ڕژە بڕایەکانی ناپەرین سڕەتای تەگەیشتنی ئەدەبی ئەمەیە لەو نائومێدیە، ئەوە لەدانە لەگەشبینی ودەڵاوکە خستنە ناو خوێنە، کاتێک بەختیار عەلی لەدیوانی گوناه وکەرنەڤاڵ دەمانخاتە بەردەم وێنەیەکی جیاوازی نیشتمان، دواتر ئەو وێنەیە لە "ئیشکردن لەدارستانەکانی فیردەوس و کتێبی پیاو کوژان" تەماندەگەینت،

شۆن ئەو هەوبەرە جوگرافیەی ئەمە تیایدا دەژین، هەوبەرێک نیە بە ژیان، ژیان لەدەرەوەی ئەریە، لەرەوە نیشتمان دەبەتە شوێنی خائین و پیاوکوژکان، ئەو نەوە نوێیە کە ئەدەبەکەی و دەنگی نەوەکەی رووبەری دەخێکی تاریکی نێو ژیانی دەکاتەوە، زادەی دەخە کولتووریەکەی کەمەگای کوردیە، کەمەگایەک کولتوور ناتوانێت بەشداری لەبەرەو پێشچوونی بکات، هەموو گەانەوەیەک بە نیشتیمان گەانەوەیە بە سەر خاکێکی سووتاو، وەک لەلای شەرزاد حەسەن لە مانای "تەمی سەر خەرەند" هەموو گەانەوەیەک تەنیا سەزکە بە ابردوو لەناو منالی کوژراودا، چوونەوەیە بە سەر خاکێکی سووتاو، سرووشتی کوژراو لەلای شەرزاد حەسەن و شەرکە بکەس وێنەیەکی دیاری ئەدەبی نوێی ئەمە پێکدێنێت، سرووشتێک گەر لای شاعیرێکی وەک گەران مانای جوانی بگرێتە خۆی و بکەوێتە ستایشکردنی، بەلام لەلای شەرزاد سروشتێکی کوژراوە بەهەی دەخی سیاسی لەلایەک و لەلایەکیتریش کولتوور هەکارەکیتری ئەو مەرگەیە، چونکە نایەوێت بەسەر خەیدا بکرێتەوە، وەک لە چیرۆکی "تەکئانان" سەرەنجام دوو عاشقەکە دەگەینەوە دەی سرووشت، ئەو بەئومەدیە وابەستەی داخرانی کولتووریە، وەک چۆن لەلای شەرکە لە "دەربەندی پێپوولە" خودی سرووشت خۆی کوژراوە، بەیە گەانەوەی شەرکە بە نیشتیمان گەانەوەیە بە ناو سرووشتی کوژراو.

ئەوە تەنیا شیعر و ەمان نین وێنای نیشتمان لەو فەمە دەخنە هوو، فیلمی "ساتێک بە مەستی ئەسپەکان" ی بەهمەنی قوبادی وێنەیەکی تری شۆنە وەک هووبەری نائومەدی مرۆڤ، جیتر ئومەد خاەک نیە ئەمە لەی بەینە ناو ژیان، بەکو ئەوە ئازار وکارساتەکانن، خەونی ئەمە لەژیاندستیەوە دەگەن بە خەونی مانەوە لەژیان، ئەوەی هەیە خەون نیە، بەکو هەوەکە بە نەمردن، دووبارەکردنەوەی هاوارەکیتری دەداری شاعیرە بە ئەوەی کەس بەئەمە وەک نەتەوە نەت مردووین، بەکو زیندووین، بەام بەاست ئەمە زیندووین؟ ئاخە جەهەشتنی نیشتمان هەیەکە و گەنجان پەی هەدەستن؟ لەکاتێکدا نیشتمان وێنەیەکی نێو کولتووری ئەمەیە بە جەهەشتن، ئەوەش دەرگا لەنووسینیتر و قوبونەوە دەکاتەوە کە بچینە نێو بابەتی تریەوە، هەوە دەدەین لەداهاتوودا سەر لەنوێ بگەینەوە سەری، تاوەکو لەوێنەی نائومەدکەوە سەیری ئومەدێک بکەین لەدەرەوەی ناشۆن.

بە تاریکردنی وێنەی ئومەد سەختە بتوانین خەون ببینین، ئەوەی ئەمە لەبەردەم نائومەدی ادەگرێت، ئەو وێنەیە نیە، بەچی سەریاسی سوبحدەم لەدواهەمین هەناری دونیا وەک نەوەیەک نێک هەر خاکێکی سوتاوە، بەکو خۆشی سوتاوەدا امانبگرێت، بەکو ئەو پرسیارەی

گرنگر ئەوێ، ئایا ئەم وەک موزەفەری سوبحەم لەدەریادا هەوداوەکان دەگەینەوە، نیشتمان جەدلین و هەوەو دەریا هەنگاو دەنین، ئەوانەی لەو دەمەنەوە کێن؟ ئاخۆ ئەم ئەدەبکمان هەیە وەنەی نیشتمان وەک شوێنی ئومێد بخاتە هەوو؟ کاتێک باس لەئومێد دەکەین، قسەمان لە ئومێدە وەک خەونی مرۆڤ، نەوەک فریودانی مرۆڤ بێت، بەوەی جوانی نیشتمان بە ئاستێکە لەدەرەوەی ستایش ناتوانین شتێکیتری لە بکەین.
کێشەی ئەم ئەوێ ئەدەبی ئەم وەنەیەکی بە نیشتمان خستە هەوو، هەوبەرێکی بە ئومێد نەهێشتەوە، ئەو نائومێدیە وایکرد "جوگرافیای شوین ببێت بە منداڵدانی ئەدەبی نائومێد"

**نیهاد جامی/ پەندا**

---

# سارا، ساڵا یان ساڵا؟ تێبینییەکی زمانەوانی لەکەینەوە: زانکۆ یاری...

**پێشەکی**
زمان لەدوای پشکەوتنکی دوور و درێژ و دەنگانە پکەهاتووە و هەر نەتەوەیک زمان و ئەدەبی نەتەوایەتیی خۆی بپارێزێ، بە نەتەوەیکی زیندوو دەژمردرێ.(۳) وادیارە کە ئاخاوتن واتا توانایی مرۆڤ بە قسەکردن کە هەوداوکی لە نەکاو و کتوپڕی نییە، سروشتیە و لەگەڵ ئەودا پگەیشتووە.
سەبارەت بە هەی پیدابوونی زار و سەرهەدانی زمان، زۆر شت هەوون کراوەتەوە. هەندێ کەسش دەڵێن کە لە سەرەتاوە بە جیاوازی دەربڕین و کەکردنی دەنگەکان و وشەکان دەستپدەکات و لەگەڵ بابوونەوە و فراوانبوونی سنووری بکارهێنانی زمانەکە گەشە دەستێنێ.(۱) کەینەوە لەسەر مێژوو و هەوتی پکەهاتنی وشەکان (کە لەرەدا زمانی کوردی مبەستێ) زۆر شتمان بە دەردەخات.

**تێبینی**
لەرەدا بە نموونە بکورتی باسک لەسەر وشەیەکی هەسەن و

سەرنجڕاکێش دەخەینە ڕوو کە لە بنەڕەتدا بۆ کوێستانێکی ناوچەیەکی کوردستان (باشووری ڕۆژئاوای شاری دیواندەرە) گوتراوە؛ بەڵام سەردەمانێک بە سێ شێوەی جیاوازی ساراڵ، ساڵا یان ساڵا دەنووسرێت. لەو ناوچەیە لە وەرزی بەهاردا کوێستانەکانی سەرسەوز و پێگۆ و کانیاو لێوەدا، دیمەنێکی جوان پێکدێنن و هێروها لەو ناوچەدا ئاسەوارە زێر کێن و مێژوویەکان وەک: تەپێکە کێنە و شێوەکارییە بەردینەکان دەزراوەتەوە.
ئێستا دەمانەوێ درووستیی پێکهاتنی ناوی ئەو ناوچەیە (واتا "ساڵا/Saral") پشتڕاست بکەینەوە.
1-ساڕا: ساڕ-Sar (ن/پ)، لێرەدا وشەیەکی فارسییە و لە فەرهەنگەکاندا بە واتای باڵندەی هەشیلە-گاوانی هاتووە(٢) کە پێکەوە دەبن بە "گاوانیی [هەنگ] سووری گەش". کە هیچ پەیوەندییەکی بەوەو نییە.
2-ساڵا: ساڵ-Sal (پ)، کە لێرەدا بەرانبەری "سال"ی فارسییە کە پێکەوە دەبن بە "ساڵی سووری گەش!". کە دیسان ئەمەش بۆواتایە و پەیوەندییەکی بە هیچ شتێک نییە.
3- ساڵا: تێکەڵ-لێ دو وشەی ساڵ و ئا [ساڵ+ئا] پێکهاتووە(٤).
(3-1): ساڕ-Sar' (ئاوەناو)، ئەم وشەیە لە زاراوەکانی کورمانجیی ژووردا واتا "سارد" (٥) و بە شوێن یان مێبەندێکی فێنک و سارد کەڵکی لێ وەردەگرن. لە فەرهەنگەکانی: "کانی، فەرهەنگا کورمانجیی پاکسرشت-عومەرزادە و هەنبانەبۆرینە"شدا بە واتای سارد هێنراوە. هەروەها لە فەرهەنگی شێخانی(٦)، دوو وشەی "سارد" و "شوێن" لەبەرانبەریدا بۆ نووسراوە.
(2-3): ئا-al: ئاوەناوە و واتا هەنگی سووری گەش یان کا. "ئا" لە پاشگرە ناسراوەکانی زمانی کوردییە کە لە زۆربەی وشەکانیشدا بە ناوەوە دەلکێت و واتای وێکچوونی و ڕۆژەیی لێ زیاد دەکات و دەیکاتە ناوێکی نوێ. وەکوو: هەرزا-قرژا-چەنگا و هتد.
نموونە واتاکانی: "دەنکی هەنار ئاە.."
یان:
لە ئەشکی خوێن بەیادی لێوی ئاێت
کەنارم بوو بە کانی لەعل و یاقووت.. (دیوانی سالم)

بەس دەبۆ بەوەش ئاماژە بدەم کە وشەی "ئا"، لە زمانی کوردیدا بە چەند جۆری تریش تێکەڵ دەکرێ و زۆرجاریش هەنگە هەمان واتای هەبێ؛ میناک:
1-ئایی/al'ayî: [ئا+ئایی]، شتی هەنگاوەهەنگ.
2-ئابوونەوە/albûnewe، (ئا+بوون+هەوە).(٧)

مەتەڵی کوردی: "هەموو کەس ددانی بە تورشی ئاڵ دەبێتەوە، قازی نەبێ بە شرینی.."

**دەرەنجام**

هەروا کە دەزانن زمانی کوردی پێە لە پێشگر-پاشگری ڕێسێن یان نێناسراو کە دەبێ بدزرێتەوە و لێکڕێنەویان لێسێر بکرێ؛ لەم باسەدا وشەکانی ساراڵ و ساڵاڵ هیچ پەیوەندییەکی مۆژوویی-زمانی ـیان بەو ناوچە و کۆستانەوە نییە و دروستی وشەکە دەبێتە "ساڵاڵ". واتا: "دەشت و کۆستانی فێنک و [پڕ لێ گوڵ و کانیاوی] سووری گەش". مەولەوی کورد (1806-1882) لە شێعرێکی دیوانەکەیدا ئاماژە بەم جوانییە دێدا و دەفەرموون:

هەر ساڵاڵ وە خوسووس وەتەن بێ
ئەرچی سەفای ڕێح، ڕاحەتیی تەن بێ
بەڵام دووری تێ یەند زێر ئاوەردەن
دەردێ وە دەروون هامدەردان بەردەن
وە هەرجا تەشریف تێ ئەرزانییەن
هەر دیدە پەی تێ هەزار کانییەن..

---

**سەرچاوەکان**


١- د. شوانی، چەند بابەتێکی زمان و ڕێزمانی کوردی، ٢٠٠١.
٢- فەرهەنگی فارسی-کوردی کاوێ.
٣- د. کاکل تەفەق، ئاسایشی نەتەوەیی و پلانی زمان، ٢٠٠٧.
٤- ح، کاکەوەیس، لسان الکرد، ١٩٨٧.
٥- هێژار، هێنبانە بۆرینە.
٦- فەرهەنگی فارسی-کوردی زانستگای کوردستان.
٧ـ فەرهەنگی کوردی-کوردی درنج-Dirinc.


---


ئەم نووسراوە، لە ڕێکەوتی 1ی گوڵانی 2719دا ئامادە کراوە.
zanko.yari@yahoo.co.uk

# منداڵانی تۆخمی پیاوە داعشییەکان بە تاوانن.. جیهاد موحەمەد

لە ناو کولتووری ئیسلامدا، قسەیەک هەیە، دەڵێت"بزەرگاین لەش پیس ناکات"، لەم ئیدیۆمەوە دەموەت بچمە ناو بابەتەکەوە!
پێش هەموو شت، ئەم ئیدیۆمە، تەنها بە قسەیە و بە کردەوە جێبەجێ ناکرێت، ئەوتاوەک چۆن ئەو ژن و کچانەی لەسەر خۆشەویستیی و عەشق دەکوژرێن، بە هەمان شێوە ئەو کچ و ژنانەشی، کە دەستدرێژیی سێکسیان دەکرێتە سەر، ئەگەر نەشکوژرێن، چ لای خێزانەکی بگانە، چ لای کەسوکاری خۆیان، بە چاوێکی نزم تەماشا دەکرێن، واتا تیرەی کەسایەتیان دەکرێت.
ئەم کولتوورە باو و ناشیرینەی کۆمەڵگای ئیسلامیی لە ناو ئێزیدیەکانیشدا هەمان کولتوورە، لە بیرمان ناچێت، چۆن دەعایان بەردباران کرد. ئێستاش بەرامبەر بە ژنە ئێزیدییە سکپەکانی پیاوە دەندەکانی داعش و ئەو ژنانەی منداڵیان لە داعشەکان بووە، ئێزیدیەکان هەمان هەڵسوکەوت دەکەن.

داعش، لەسەر بنەمایەکی زەقی ئیسلام، کە هەموو سەروەت و سامان و کچ و ژنی ئێزیدیەکانی حاڵ کرد و بە دەستکەوت(غەنیمە)ی دانا. کارەسات و تاوانێکی هێندە قێزەون و گەورەیان ئەنجام دا، هیچ مرۆڤایەتی و هەموو ئەو دین و بیروباوەڕ ئایدۆلۆجییەی دژی ئەم بڕوشتیی و ئاژاوەیە نەوەستانەوە، هەڵەش کرد. هەرچ کەسیک و هەرچ ئایدۆجیی و دین و ئایینزایەک لایەنگری ئەم کارە قێزەونە بووبێت، بە دڵنیاییەوە ئەو پێی دڕندەیی و بە ویژدانییە.
ئایا تەنها داعش، یان ئەو گروپە تووندڕەوە تیرۆریستییە ئیسلامییانە خاوەنی ئەم عەقڵیەتە دڕندەیەن؟ یان لای ئێزیدیەکانیش هەمان دڕندەیی و عەقڵیەت هەیە. بە بۆچوونی من لای زۆرێک لە دین و ئایدۆلۆجییە دوگماتیزمییەکان، لای هەموو گروپە تیرۆریست و سیکتاریزمیەکان هەمان عەقڵیەت هەیە، بڕوا بە جێبەجێکردنی و جێبەجێنەکردنی کەوتوەتە سەر ئەوەی تا چەند ئەو دینە، یان ئەو گروپە تیرۆرستی و سیکتاریزمیانە دەسەڵاتیان هەیە. هەرچ کات دەسەڵاتیان هەبوو لە هیچ جۆرە ستەم و تاوانێک بەرامبەر بە دین و بە بیروباوەڕکانی دیکەی خۆیان سەناکەنەوە.
دڕندەیی و تاوان لای هەرچ گروپێکی سیکتاریزمیی، لای هەرچ

نەتەوەیەکی نەژاد پەرست، لای هەرچ ئایینزایەکی وەک سوننیەکان و شیعەکان بەرامبەر بە یەکتری، لەسەر کات و دەستەات وەستاوە، هەرچ لایەنەک لەم لایەنانە دەستاتی هەبوو، هەستی بە هەز کرد، سە لە هیچ نامرۆقبوون و تاوان و دڕندەییەک ناکاتەوە بەرامبەر بەوی دەروەی خۆی، تا دەگاتە ئەوەی کە تاوانی پاکتاوکردنیش بکات.

داگیرکارییەکانی ئیسلام، هەر لەسەر دەمی پەیامبەر(محەمەد)ەوە تا دەگات بە ٦٠٠ ساڵەی تەمەنی عوسمانیەکان، جگە لەوەی سەدان وڵاتانیان داگیرکرد، دەیان دین و ئایینزایان پاکتاو کرد، دەیان گروپ و نەتەوەیان پاکتاو کرد، هەزاران مەکتەب و شوێن و پەگەی خوێندنبیریان سوتاند، بە هەزاران و دەیان هەزار ژن و کچیان حەڵاڵ کرد بە خۆیان و کردیانن بە کەنیزەک، یان بە گوڕەی شەرعەکەی خۆیان مارەیان بڕین. ئەمانە هەمووی لەو کاتەوە بووە کە دەسەاتیان پەیدا کرد، پێش ئەوە نەرم و نیان بوون و داوای پێکەوە ژیانێکی دیموکراتیانەیان دەکرد و ڕێزیان لە هەموو دین و بیروباوەڕێکی دیکە دەگرت.

کاتێکیش دەوڵەتگەلێکی عەرەبیی ئیسلامیی و دەوڵەتی سەفەویەکان و فارسەکان و تورکەکان دروست بوون و هەڵگری دینی ئیسلام بوون، ئەمانیش هەر یەکەیان لای خۆیەوە و لە ژێر قەڵەمڕەویی خۆیدا دەیان نەتەوە و کەمەنەتەویەیان پاکتاو کرد. کورد یەکێک بووە لەو نەتەوانەی هەمیشە لە ژێر هێرشەی پاکتاوکردندا بووە، بە چەندین جار لەڕ و لەوش گروپی گەورە و ژمارەی گەورەی لە پاکتاو کراوە، تەنانەت زمانەکەی لە قەدەغە کراوە، تا ئێستاش تاوان بەرامبەر بە گەلی کورد نەوەستاوە. کەمەنەتەوایەتی عەرەب لە ئێراندا بەردەوام لە ژێر هێرشدایە، ئازەریەکان کە نەتەوەیەکی گەورەن لە ئێراندا بەردەوام لە ژێر هەرشە و چەوساندنەوەدان، لە تورکیادا چەرکەسەکان پاکتاو کران، ئەرمەنیەکان بە سەدان هەزاریان لە پاکتاو کرا، گەلی کورد نەک چەندین جار پاکتاو کراوە، تا ئێستاش لە ژێر هێرشی پاکتاوکردندایە.

سوننیەکان و شیعەکان، کە دوو ئایینزای ئیسلامن و یەک خوا و یەک قورئان و یەک پەیامبەریان هەیە، ١٤ سەدە زیاتر لە شە و پێکدادانداون و تیرەر و پاکتاوی نەک زیندووکانی یەکتری دەکەن، تیرەری کەسایەتی ئەوانەی چەندین سەدەشە مردوون بەردەوامە.
فینیقیەکان و کلدانیەکان و ئاشوریەکان و قبتیەکان و ئەماغیزیەکان، بە تەواوەتی لە لایەن داگیرکاریی ئیسلامەوە پاکتاو کراون.

ئەگەر تەزەک وردبینەوە لە مێژووی خوێناوی دینەکان و نەتەوەپەرستەکان، بە چاوکی بە لایەنیەوە سەیر بکەین، هیچ نەتەوە و دین و ئاینزایەک، چ وەک خەیان دژمن ئاسمانی بێت یان زەوینیی لە کاتی دەسەلاتیدا سەی نەکردوەتەوە لە تاوان و دڕندەیی بەرامبەر بەوی دەروەی خەی. کەواتە ئەم عەقڵیەتە بەردەوام بێت، دڕندەیی و سەینەوە و پاکتاوکردن و تاوانی مرۆڤیی بەردەوام دەبێت.

زەربەی خەک، وا سەیری ئێزیدیەکان دەکەن، کە گوناح و بە تاوانن، وەلە ئەگەر لە سەنگەیەکی عەقڵانیەوە سەیری تاوان بکەین، سەیری کەمەگە و گروپی مەدەنیی بکەین، سەیری عەقڵیەتی مرۆڤبوون بکەین، هەستەنگاندنمان لەسەر بنەمانی مرۆڤبوون و عەقڵانیی و پێکەوە ژیان بێت، ئێزیدیەکانیش هەر ئەوەندە ستم و زوڵم ناکەن، کە دەسەلاتیان نییە، بەڵام کە دەسەلاتیان هەبوو ئیسلام چیی دەکات، ئەوانیش کەمتر ناکەن. لایەنداریی ئێزیدیەکان و هەرچ دین و ئاینزا و گروپ و نەتەوەیەک، دەبێت لەسەر بنەمای دژایەتی چەوساندنەوەیان بێت، نەک لایەنداریەتیەکە سەرمان لە بشۆنێت و ئەم دین و ئاینزا و گروپە سیکتاریزمیی و نەتەوە پەرستییانە بڕەو پێ بدات. ئازادیخوازان، ئەوانەن کە بە بیرکردنەوەیەکی مرۆڤییانە و عەقڵانییانە دژایەتی هەرچ جۆرە چەوساندنەوە و تاوانێک دەکەن، نەک لایەنداریەتیە کە ئەوە لە بیر بەرێتەوە، کە لە ئێستیدا،عەقڵیەتی هەموو ئەمانە، یەک عەقڵیەتە،لە کاتی دەسەڵات و هەزیاندا هەمان شتن.

بیروباوەڕێکی دینیی وەک ئێزیدیەکان، ئەگەر دەی نەسوتێت بەو کەسانەی لە گەشت و ئەسکی خەیین، دەی نەسوتێت بە جگەرگۆشەکەی خەی وەک ئێزیدیەکان، ئەبێت چۆن جگەی بەوا و متمانە بن کە دەسەلاتیان هەبوو لە داعش خراپتر ناکەن؟
ئاخر وەک ئەو ئیدەمەی ئاماژەم پێدا: "ئەوی بە زەر بیگۆن لەشی پیس نابێت" لەو ڕووەوە زەر ڕاستە، کە کەسانێک بە زەر دەستدرێژی سێکسی بکرێتە سەریان، بە زەر دزیی پێ بکرێت، بە زەر سوالی پێ بکرێت، بە زەر هەرچی پێ بکرێت گوناحبار و تاوانبار نییە. کچ و ژنێکی داماو و بە دەسەڵات کە کەوتوونەتە دەستی داعش دڕندەکان، بە زەر سکیان پێکردوون، کردوونیان بە ژنی خەیان، ئەبێت چ تاوانێکیان هەبێت، ئەستا بە چاوکی قەزەوەنەوە لە لایەن دایک و باوکیانەوە سەیر دەکرێن و وەریان ناگرنەوە. ئەم تاوانە بە بەوای من هیچی کەمتر نییە لە تاوانی داعشەکان، هیچیش کەمتر نییە لەو منداڵانەی لە پیاوە ئەمانیاکان لە دایک بوون لە وڵاتانی داگیریان دەکردن،

بەرام کەمەنگا و وەاتانی ئەوساش بە منداڵی"نەشیاو" دایان دەنان و وەریان نەدەگرتنەوە ــ لە بابەتکی دیکەدا باسی کەمەنگ لەو منداڵانە دەکەم ــ .

ئەوەی ئەمڕە ئەزیدیەکان دەیکەن بەرامبەر بە کچ و خوشکەکانی خۆیان، کە منداڵە باوک داعشکانیان پێ فڕۆ دەدەن گەورەترین تاوانە، ئەم تاوانە لە سەربڕینی منداڵ و ژن خراپترە. ئەم تاوانە دەمکە ساڵە دەگوزەرێت و هەکارەکی سەرکیشە بە چاندنی دڵڕەقیی و نامرۆڤیی لە هەموو جیهاندا.

**جیهاد موحەمەد/ نەرویج**
٢١/٤/٢٠١٩

---

# نەڤلەتی "من لەمانی سەرک بووم" ... نیهاد جامی

**نەڤلەتی "من لەمانی سەرک بووم" لەئەستادا لەسەرجەم کتێبفرۆشیەکانی کوردستان دەست دەکەوێت لەداهاتووشدا وەک کتێبی ئەلکترۆنی لە دەنگەکان بلاو دەبێتەوە .**

---

# پەریا … ئەحمەدی شاملو … و: نەژاد عزیز سورمێ

یەکێ بوو ، یەکێ نەبوو
لەژێر گومبەزێکی شینا
با نگی شێوان
ێووت و قووت
سێ پەری ێونیشتبوون
بە کۆێ دەگریان پەریەکان
وێنەی هەوری بەهاران
فرمێسکیان هەێدەباران
کەزیەکانییان ، قەدی کەوان ، ێەنگی شەبەق
شکێفەیان لە دارکەموون زیاتر دەرکردووە
لە ێەنگی شەبەق تێخترن
بەرەو ێوویان ،

ەك شاری كەیلەی دیلە
پشتەوەشیان سارد و سۆ قەڵای ئەفسانەی پیرە .
لە ئاسۆوە زرینگ زرینگ ، زەی زنجیر دەهاتە گوێ
لەو دیویشدا ، لەناو قوللە ، ناڵە ناڵی ئێشكچێ .

- فریشتەكان برسیتانە ؟!
فریشتەكان تینووتانە ؟!
فریشتەكان ماندوو بوون ؟!
یا باڵندەی پەڕبەستەن ؟
چییە ئەو هایهایەتان ؟
گریان و وای وایەتان ؟
فریشتە چییان نەدەگوت هەر دەگریان
وێنەی هەوری بەهاران
فرمێسكیان هەڵدەباران ..
- فریشتە نازەنینەكان !
چیتانە ئاوەها دەگرین ؟
لەم بیابانە دوورەدا
ئا بەم بانگی شێوانە
ناڵێن بەفر دەكەوێ ؟
ناڵێن بارانێ دەبارێ ؟
ناڵێن گورگ دێ و دەتانخوا ؟
ناڵێن دێو دێت و دەتانكا بە یەك پاروو
ئێوە ناترسن پەرییەكان ؟
نایەن بۆ شارەكەمان ؟
شاری ئێمە دەنگی دێ ، زەی زنجیرەكانی دێ ..

فریشتەكان
باڵای ڕەشكی من ببینن
ئەسپی سپیم ببینن
ئەسپی سپی ناڵ زیوین
كلك و بژی ڕەنگی هەنگوین
تیژڕەوو و خێشبەزەكەی من
ئاسكی دەمارئاسنی من
پەڵ و گەردن
با ی تفنكانی ببینن ..
ئەمشەو لە شار هەرایە
مەڵگەی دێوان داخ كراوە

ئادەمیی میوانمانن
بە بەزم و هەرا دێنە شار
دێ و زوێنایێ لێ دەدەن
دەلەیزێنن و دەلەیزێنن
خونچەی پێکەنین پەرش ئەکەن
نوقڵی بیابان دەژەن
های دەکێشن ، هێی لێ دەدەن :

- شار بووە جێگای خەمان
جەژنی ئادەمییانە ، دڵو بەگلەیین
دونیا دونیای خەمانە ، دڵو بەگلەیین
سپییەتی پاشایە ، دڵو بە گلەیین
ڕەشایی ڕووسیایە ، دڵو بە گلەیین .

فریشتەکان
ئیتر ئەوا خەڵە ئاوابوونداید
دەروازەی قەڵا داخراوە
بێیە تا زووە هەستن
سواری ئەسپی من ببن
دەگەینە شاری ئادەمییان
سەیر کەن دەنگی دێ
قێ قێ پچڕانی زنجیری کێیلان دێ
ئەدی زنجیری گران و ستوور ، ئەڤقە بە ئەڤقە لا بە لا
هەڵدەوەرێن لە دەست و پا
ڕزیو لە باڵ یەکدی دەردێن
دڵو و درنج بەدبەخت دەبن .

سەر بە دارستاندا بکەن ، دارستانێ بە دێکستان دەبینن
سەر بە بیاباندا بکەن ، تراویلکە و( شەرەزارێ) دەبینن
لە باتی وەش لە شاری ئێمە ، ( ئاخ فریشتەینە نازانن )
دەرگای قوللان دەکرێنەوە
کێیلەداران ڕیسوا دەبن ، کێیلە ئازاد
ئاوا دەبنەوە وێرانە
هەر کەس خەمێکی هەبێ
خەمەکەی لە بن گێ دەنێ
حەسیر دەبن بە مافوور
دیل ئازاد
دیل داخ لە دڵن

دەست بێ داسەکانییان دەبەن
دەبنە لافاو ، شێ شێ شێ
دەبنە ئاگر ، گێ گێ گێ
لە دڵی شەوا کە ناشیرنە
ئاگربازی چەند جوانە
ئاگر ئاگر ! چەن چاکە
ئێستا کە بانگی شێوانە
چی وا بە شەو
بە جێشی گەرمی نەماوە
های ئاپەرین
لە حەوزی زێرین دەرقولین .

ئێستا کێلەکان وەستان ، ڕووی چرایان وەربگێڕان
لە گیانی شەو بەربن ، دێ بە تاریکایی بدەن
مامێ زنجیران دەچنێ ، با ئاپۆرەی خەڵکی بێ دەن(1)
بیهێننە مەیدان و
لە جێی هەڵیپەڕنن
بیکەنە بایی یەك پوول
دەست لەناو دەستی یەك بنێن
لە دەوری یار بکەونە سەما
(( حەماماك مڕوولەی هەیە ، هەستن و دانیشن ))(2)
لاسایی بکەنەوە
(( سندووق و قفڵیان هەیە ، هەستن و دانیشن ))
لاسایی بکەنەوە
فریشتەکان
ئیدی بەسە های هایتان
گریان و وای وایتان
هیچیان نەگوت ، بە کوێ دەگریان فریشتە
هەوری بەهاران ئاسا ، فرمێسکیان هەڵدەباران ..

فریشتە خەت خەتییەکان(3)
ڕووت و قووت و پا پەتییەکان
شەوانی چلەی بچووك
لە ژێر کورسیدا قرچ قرچ
برێشکەمان دەقرتاند و بارانیش دای کردبوو
لە سولاوکەوە دەنگی دەهات
نەنەگیانیش هەقایەتی دەگێڕانەوە

قسەی پێ لە نهێنی
چیرۆکی فریشتەی سەوز و فریشتەی زەرد ..
چیرۆکی خاتونی شای پەرییان
ئەوە ئێوەن فریشتەکان
هاتونەتە دونیای ئێمە
ئێستا تەماح گرتوونی کەف و کوێتانە
کێ کێ بەدەنگ خەم دەخۆن
دنیای ئێمە خاڵ خاڵییە ،
دەرد و خەمی تێدا نییە
دنیای ئێمە چیرۆك و سەربردە نەبوو
پەیامێکی سەرەڕ نەبوو
هەر کەس بییەوێ بزانێ
دونیای ئێمە ئاشکرایە .

دنیای ئێمە دۆکاوییە
بیابانی پڕ لە مار
هەر کەس کاری بەویدییە
دڵی باخەبەر ئاگادار ..
دنیای ئێمە بوزورگە
پڕ لە چەقەڵ و گورگە
دنیای ئێمە – هێ هێ هێ
ئەودیو ئاگر – لێ لێ لێ
ئاگرت دەوێ – لە باڵا گرمێڵە بووە
تا پاژنەی پێت دەستت لەخۆ شوشتووە
دنیای ئێمە ئەوەیە
بتانەوێ و نەتانەوێ هەر ئەوەیە !

باشە فریشتەی چیرۆکان
باڵدارە باڵ شکاوەکان!
ئاوتان نەبوو ، چایی و نۆرگلەتان نەبوو؟
کێ پێی گوتن بێ دونیای ئێمە بڵێن ؟
دنیای واوەیلای ئێمە
کێ پێی وتن قەڵای چیرۆکتان وێڕان بکەن
کێشە بێ خۆتان دروست کەن
هیچیان نەگوت ، بەکوێ دەگریان فریشتەی
وێنەی هەوری بەهاران ، فرمێسکیان هەڵدەباران
دەستم برد بێ شانیان یەکاڵایان بکەمەوە

قیژاندیان ، هاواریان کرد
جادووگەر بوون ، بوون بە دووکە
ژەرداچوون تاریك بوو
ژەرداگەان ، درەوشانەوە .. پیر بوون
بوون بە گریان ، بوون بە ەح ، بە زەردەخەنە
بوون بە خان ، بە زیندانی ، بە کەەشری سەرکەندە
بوون بە میوە ، بە دانی میوە ،
بوون بە هەناری سەربەستە ،
بە ئومەد ، بە یەئس
بوون بە ئەستەرەی نەحس ..
وەختە دییان ئەستەرە
کاری بە منەوە نییە
دەبینم و حاشا دەکەم
تەماشای گەمەیان دەکەم
سەرسام و گژو وە نابم
بە جادووگەر نابم بە بەرد ..

یەکە بوو بە گزەی شەراب
یەکە بوو بە دەریای ئاو
یەکەکیش بوو بە کەوی برنگ و
چەقیە ئاسمان ..
شەرابەکەم هەقواند
کەوشەکانم توند کردن
لە دەریام دا تە بووم و پەیمەوە
ام کرد ، ام کرد
گەیشتمە سەر چیا
لەوبەری چیا ، ساز و ئاوازیان لە دەدا :
( ترینگ ترینگ شاد بووین ..
لە دەست ستەم ئازاد بووین ..
خەرەخان تاوی هاوت
فەردەی برنجی دە ئاوە کرد )

خەرەخاتن بفەرموو
لەو بەرزاییە وەرە خوار
ئەمە زوەم و زەرداریمان تەکشکاند
( ئازادی)مان کرد بە قیبلە ..

لەو دەمەی خکی اپەین

ژیان بووەوە هی خۆمان
لە شادی بۆزار نابین
چیتر بەندە و دیل نابین

بەرز و نزم بووینەوە
لە حەوزی زیوین کەوتین
سۆوی ئاتونمان ۆنی و
بە ماڵی خۆمان گەیشتین

سەرکەوتین دۆ بوو
چیرۆکی بۆ ترس درۆ بوو
ژۆرداگەڵاین ماست بوو
چیرۆکی ئۆمە ڵاست بوو
چیرۆکمان گەیشتە سەر
مۆردەزمە نەگەیشتەوە ماڵەکەی
هەڵبەزین ، دابەزین
زنجیرەکانمان هەمووی پۆچایەوە .

ئاماژە و سەرچاوە
(1)مامۆ زنجیران دەچنۆ ، کەسییەتیەکی دژمنانەیە لە یارییەکی منداڵاندا.
(2)حەمامۆك مۆرووڵەی هەیە ، ئەوە لە یاری نا ، بەڵکو جۆرە ئاگادار کردنەوەیەکی سادەدڵە کە لە ناو هاوتەمەنانداباو بووە ، ئەوان دەستیان
لە نۆو دەستی یەکتر دەنا و دەستیا تۆك دەگرت و حەڤەیەکیان دروست دەکرد و لە کاتی وەرچەرخاندادەیانگوت :
حەمامۆك مۆرووڵەی هەیە ، ئەوانی دیش دەنگیان لە دەنگی دەدایەوە و دەیانگوت : هەستن و دانیشن .
بۆ دۆری دووەمیش ، هەر بەو جۆرە کە هەندۆ دەیانگوت
سندوقۆکە و قفۆیان هەیە .. ئەوانی دی لۆیان دەگۆڕانەوە :
( هەستن و دانیشن .. ) ئەوەش وەك وتمان ئاگادارکردنەوەیەکی پاکدڵانەیە .
(3)پەریییە خەتخەتیەکان: ڵاستیی ئەوە دەستەواژەیەك بوو ، کۆە بچکۆلەکەم لە کاتی نووسینی ئەم شیعرەمدا دووبارەی دەکردەوە منیش بە تەواوی پەسندم کردکە ئەو بە چەندخەتۆك تەعبیری لۆ دەکرد ، دوایش بەکارم هۆنا .

- ئەم قەسیدەیە لە ئەسۆی فارسییەوە کراوە بە کوردی

بەرهەمی : احمدی شاملو – هەوای تازە ( کۆمەڵە شیعرێکی هەڵبژاردە ) – بڵاوکردنەوەی ( نیل ) تاران چاپی پێنجەم 1355ی هەتاوی لاپەڕە 172- 182
شاملو شیعرەکەی پێشکێشی ( فاتی ئەلبەتحی ) کردووە .

□□

□

---

# دەوڵەت*: .. نوسینی جزیف پرۆدۆن

**نوسینی جزیف پرۆدۆن، P. J. PROUDHON**
**وە: زاهیر باهیر**

**بابەتی دەوڵەت، سروشت و ئایندەی:**

شۆڕشگێڕی مانگی شوبات[ پرۆدۆن مەبەستی شۆڕشی شوباتی 1848 – وەرگێڕ] دوو پرسیی سەرەکیی وروژان: یەکەم ئابووریی: پرسی کار و موڵکییەت، ئەوی تریان سیاسییە: پرسی حکومەت یاخود دەوڵەت-ە

لە پرسیی یەکەمدا، پرسە ئابووریییەکە، سۆشیالیستە دیمۆکراتەکان لە جەوهەردا تا ڕادەیەکی زۆر هاوڕان و لە تەك یەکدیدا دژنەوە، ئەوان دان بەوەدا دەنێن پرسەکە داگیرکردن و بەشکردنی موڵکییەت نییە، بگرە کێبڕکێیشیان نییە . تەنانەت پرسیاریی دانانی باجی بە ئابوونەی زیادەش لەسەر چینە ساماندار و خاوەنموڵکەکانیش نییە کە لە کاتێکدا تەجاوزی بنەماکانی ناسینی خاوەندارێتییان، کە لە دەستووراسەراوە ، کردووە، کە ئەمەش تەنها خزمەتی ئاوەژووکردنەوەی ئابووریی گشتی دەکات کە بارودۆخی پڕۆلیتاریا خراپ دەکات. ئیفڕەم ئابووریییەکە لە لایەکەوە پێکهاتووە لە مونافەسەکاریی و سەرنجامیش زیانگەیاندن بە سەرمایە [کاپیتاڵ] بە لادەستدانی داهاتەکەی، بە واتایەکی دیکە بەم ئیفڕەمە چونێککردنی توانای هەموو کەسەکان بە هەمان ئاستی کار و توانای کرێکار لە ناوی داهاتیانەوە، لە لایەکی دیکەشەوە، هەوڵشاندنەوەی سەراپای سیستەمی

هەبوونی باجگەکان ، کە تەنها لەسەری کرێکاران و پیاوانی هەژارادا دەشکێنەوە ئەمەش بە شوێنگرتنەوەیان بە تاکە باجێك لەسەر سەرمایە کە لە قیستی بیمەی تەئمین، دەچێت.

لای Louis Blanc و Pierre Leroux بە کردنی ئەم دوو چاکسازییە گەورەیە، ئابووریی کۆمەڵایەتی لە سەرەوە بە خوارەوە لەکدەخرێتەوە، پێوەندی نێوان بازرگانی و پیشەسازیی پێچەوانە دەبێتەوە، قازانجگانیش کە ئێستا بە سەرمایەدارێ بە کرێکاران دەگەیێتەوە. مونافەسەش کە لە ئێستادا بە سەروبەر و تێکدرانییە، دەبێتە ئامرازێکی بنیاتنەر و بەردار، چی تر بازاڕ پێویست نییە ، کەسانی کارگەر و خاوەنکار بەیەکەوە بە خێشییەوە پێوەستدەبنەوە، ئیدی لەمەولا ترسەك لە داکشان [رکود] و هەڵپەساردن نابێت و نامێنێت. ژەمەکی نوێ بنیاتدەنرێت، دامەزراوە کۆنەکان یا هەدەوشێنرێنەوە یاخود دروستدەکرێنەوە.

بەم شێوەیە هەوتی شەشگەڵانە دیاریکرا و مانا و ئامانجی بزوتنەوەکەش زانرا. هەرچییەکیش کە هەنگاوە کردییەکانا [عەمەلی] دەرکەوێت، چاکسازییەکە چارەسەریدەکات. بە گوێرەی ئەم پرنسپانە و لەسەر ئەم بنەمایانە ئیدی شەشکە هیچ پرسەکی دیکەی نابێت و دواتر کێشەی ئابووریی هەنگاو ئاوا حسابی بە بکرێت کە لابەلاکراوەتەوە.

هەرچی سەبارەت بە کێشە سیاسییەکەش، لەتەك کێشەکەی پێشترا، 'ئابووریەکە '، دوورە لەوەی وەکو یەك بن، کە زگاربوونە لە حکومەت و دەوڵەت لە ئایندەدا . ئا لەم خاڵەدا تەنانەت باسی حکومەت و دەوڵەت، لای ئەوان نەکراوە، ئەم گرفتە لە لایەن ویژدانی گشتییەوە و زیرەکی و هۆشیاریی جەماوەرەوە لەبیرکراوە، یاخودهەر تێبینی نەکراوە. بەو شێوەیەی وەکو بینیمان شەشی ئابووریی تەواوکرا، بەڵام ئایا حکومەت، دەوڵەت دەتوانێت لە بوونیا بەردەوامبێت؟ پێویست بە بەردەوامبوونی دەکات؟. لەردا هیچ کەسەك نە لە دیمەکرات و نە لە دەرەوەی ئەوان زاتی [ جورئەت] ئەوە ناکات پرسیاریی بکات، کەواتە ئەوە هەشتا کەشێیە، گرفتە ، ئەگەر ئەمە توانیمان لە کارساتە نوێیەکان قورتاربین، دەبێت ئەوەی ئایندەش لابەلابکرێتەوە.

ئەمە پەداگریی لەسەر ئەوە دەکەین، هەر تەنها ئەمەشین کە دنیایی دەکەینەوە کە لە شەشی ئابووریدا، ئەوە لەلای ئەمە بەاوەتەوە، کە دەوڵەت بەتەواوی دەبێت وجودی نەمێنێت، ئەم لەبەینچونەی دەوڵەتیش

بڕەنجامی زەروورەتەکە لە ڕەکخستنی سیستەمی پشتیوانە " ڕەسید" (credit ) و چاکسازی سیستەمی باجگرێی کە کارایی لەسەر ئەم جووتە نەژەنکردنەوەی [ ئابووریی و سیاسیی ] حکومەت دادەنێت،[ سیستەمی باجگرێی و پشتیوانە "کرەدت" لەو سەردەمەی فەرەنسەدا قورسایێکی یەکجار زۆری لەسەر خەڵکی دانابوو و سزادانی جێبەجێنەکردنەکەی زۆر سەخت بووە، هەبوونی ڕەسید گرنگ بووە کە بوونی دارایی بووە لە شەوەی جیادا، بە بوونی ئەم ڕەسیدە نە مافی دەنگدان و نە مافی تر هیچیان نەبووە – وەگەڕ] ئیدی یەکەم، حکومەت دەبێتە ناپەویستیی [ بە کڵک] دواتریش بوونی مەحاڵ دەبێت، هەر ئاواش هەمان شت بە تۆژاڵە خاوەندارە فیودااڵەکان، سووخۆرەکان، دەستوری پاشایەتی ڕەها، دەزگە قەزاییەکان،…تد پێشبینی دەکرێت، ئەمانە هەمووی لەژێر ناوی ئازادیی لە پەروەردە و ڕەشنبیرییدا ناونووسکراون، بەڵام کاتێك کە خودی ‘ئازادیی’ دەگات، هەموو ئەوانە بە تەواوی دەکەون و لەبەرچاو ونەبن.
بە پێچەوانەی ئەوانی دیکە، کە لە یەزی پێشەوایان ئەمە جیایان دەکەینەوە،Louis Blanc و Pierre Leroux ن، کە لە دوای شۆڕشە ئابووریێکەوە، مانەوە و بەردەوامبوونی دەوڵەت بە زەرووری دەزانن، بەڵام لە فەرمکی ڕەکخراودا، بینای بکەنەوە، کەچی لەگەڵ ئەوشدا لە لایەن ئەمانەوە نە پرنسیپێك هەیە و نە پلانکێش بە ڕەکخستنەوەی دەوڵەتەکە.

پرسی سیاسیانە لای Louis Blanc و Pierre Leroux لەبری لەناوبردنی دەوڵەت لە یەشەوە و دیارکردنی و بەستنەوەی بە پرسی ئابوریەوە کە پرسەکە و تا ئەڕەش هەر پرسە، ئەوان داکۆکی لە فراوانکردنی بەرتەڵکانی دەوڵەت، دەسەڵاتداریتی، حکومەت، دەکەن. ئەوان تەنها ناوکان دەگۆڕن، بە نموونە لەبری دەوڵەتی سەروەر[master-State ] دەڵێن دەوڵەتی خزمەتکار [servant-State ] وەکو بەڵێی گۆڕینی وشکان کافییە بە گۆڕینی شتەکان! سەرەڕای ئەمەش، دەربارەی ئەم سیستەمەی حکومەت هیچ شتێك نازانرێت وەك سیستەمێکی دینی لە بەشایی ئاسمانا خەی ڕادەگرێت و هیچ دەربارەی نازانرێت، تقوسە دینییەکەی و ڕواڵەتی لەسەر زەوی و لە بەهەشتا، نزانراوە.

لەئەستادا پرسیارێك هەیە کە لە هەنووکەدا سۆشیالیست دیمکراتەکانی لەم مەسەلەیە و لە کۆشکانی دیکەدا دابەشکردووە وەکو ئایا دوای حەڵبوونی بکردەوەی پرسی کار و سەرمایە، دەوڵەت هەر دەبێت بمێنێتەوە و بەردەوامبێت ؟ بە مانایەکی دیکە ئایا

دەبێت هەر دەوڵەتمان وەکو ئەوەی کە ئێستا هەمانە ببێت، ئایە دەستورەکی سیاسی بۆجیا لە دەستورە کۆمەڵایەتییەکە دەبێت؟.
وەڵامی ئەمە پێچەوانەیە، ئەمە پەداگریی لە سەر ئەوە دەکەین هەر کە کار و سەرمایە دیاریکرا و کێشەکە لابەلاکرایەوە، کۆمەڵ لەسەر پێی خۆی ڕادەوستێ، ئیدی چی تر پێویستی بە حکومەت نابێت. ئەمە لەبەر ئەوە زیاتر لە جارێك بانگەشەی ئەنارشیبوونی خۆمانمان کردووە. ئەنارشیزم هەلومەرجی بوونی کۆمەڵکی پێگەیشتوە [ ەوشدە]، هەر وەك چۆن قوچکەیی/ هەرمیی هەلومەرجی کۆمەڵی سەرەتایی بووە[ پەردەن لەڕەدا مەبەستی سەرهەڵدانی قوچکەیی پێش بەرەوچوونی کۆمەڵی سەرەتایی بە کۆمەڵی چینایەتیی- وەرگێڕ]، بەردەوام پێشەوچونێك، بەردەوام وەرچەرخانێك لە کۆمەڵی مرۆڤایەتییدا لە قوچکەییەوە بە کۆمەڵی ئەنارشیی هەیە.

**درێژی هەیە.**
**.....**

**لەم نامیلکەیەدا پەردەن ڕەخنەگرنگەکەی دژ بە پێگەی سۆشیالیستە دەوڵەتیەکانی / دەوڵەتخوازەکانی وەکو Louis Blanc و Pierre Leroux دەخاتە ڕوو کە لە ژێر وەهمی گواستنەوەی دەوڵەتی- سەروەردا بوون کە سیحراویانە لایەن ئەوانەوە دەکرێت بە دەوڵەتی – خزمەتکار کە لە خزمەتی خۆکدایە، بگرێت. بە بەدبەختی، ئەم وەهمە بە فراوانی و بە زۆری باوبووەوە و تا ئێستاش وەکو هەموو وەهمەکانی دیکە هەر لەگەڵمانایە ، ئەگەر بمانەوێت مرۆڤگەلێکی ئازاد و پێگەیشتوو و بەرپرسیار بین، ئەم وەهمە پێویستە ڕەتبکرێتەوە.**
**پەردەن ئەم تێکستەی لە ساڵی 1848 دا بە فەرانسی نوسیوە و Benjamin R. Tucker لە ساڵی 1960 دا وەریگێڕاوەتە سەر ئینگلیزی. منیش لە دەقە ئینگلیزیەکەیەوە گۆیومە بە زمانی کوردی.**

**خوێنەر لە خوێندنەوەیدا پێویستە ئاگاداری ئەوە بێت کە هەندێك بۆگوڕستە و وشە کە هاتون، هی خودی دوو نیارەکەی پەردەنە و پەردەنیش بە تووسەوە بەرانبەریان، Louis Blanc و like Pierre Leroux ، بەکاری هێناونەتەوە. گەر خوێنەر تێبینی ئەوە نەکات ئەوە ڕەنگە تووشی سەر لێبشێواندبێت کە لە کاتێکدا هەمان تێگەیشتن و چەمك لە لایەن خودی پەردەنەوە و نیارەکانیشیەوە بەکارهێناون. لە وەها حاڵەتێکدا خوێنەر وا حاڵی دەبێت ، کە جیاوازییەك لە نێوانی ئەم دوو لایەنەدا نییە .**

لە کۆتاییدا دەبێت ئەوەش بڵێم ئەم تێکستەی پێدەن بە دیدی ئەنارکیستەکانی ئێستا خاڵی نییە لە سەرنج و تێخنە کە ئەمەش لای ئەنارکیستەکان شتێکی ئاساییە، هاوکاتیش بەوونی ئەو تێخنە و سەرنجانە لە ئەنارکیستیبوونی پێدەن کەم ناکەتەوە. بناخەی بیری ئەو و دژایەتیکردنی بە دەوڵەت و دەسەڵات و داکۆکیکردن لە خودی خەباتەوەبەریی و کاری هەرەوەزیانە و گەلکاریی و مافی تاك، تێسقاڵەك لە بایاخی نوسینەکانی پێدەن سەبارەت بەو پرسانە، کەمناکەنەوە. وەرگێڕ.

---

# ئەرکێك لە یادی 104 ساڵەی تاوانی کۆمەکوژی ئەرمەنییەکاندا ..عەلی مەحمود محەمەد

**ئەرکێك لە یادی 104 ساڵەی تاوانی کۆمەکوژی خوشك و برا ئەرمەنییەکاندا**

ڕێگات بکەوێتە مەنمەنتی جینۆسایدی ئەرمەنەکان لە شاری یەریڤانی پایتەختی ئەرمینیا, تژییە لە وێنەی سەرێك عەشیرەتە کوردەکان بەشەوەی دەندە دڕدەکەون یان وێنا کراون کە بەشدار بوونە لە جینۆسایدکردنیان, ئەم وێنانە بونەتە بەشێك لە زاکیرەی ئەو گەلە, وێنەی دڕەبەگ و سەرۆك خێڵ و شێخە کوردەکان کە هیچ پەیوەندییەکان بە خێڵەکە عامییەکەوە نییە, ئەم زاکیرە ڕەشە بە سانایی ناسڕدرێتەوە, بە دیدار و مجامەلەی کاتی دوژمنی دوژمنەکەم دەستمە کۆتایی نایات, لەبەردەم هەوەستدا ڕامان دەگرێت, لە بەرامبەردا نابێت تا کۆتایی سەرمان لە ژێر لمدا بشارینەوە لە ترسی هەوەست دڕبەین, باجی دەندەیی و تاڵان و بڕی ئەو ئاغاو دڕەبەگ و سەرۆك خێڵانە دەبێت عامیەی خێڵك بیداتەوە, پەویستە هەنگاو بنێین بە سینەوەی شوێنەوارەکان ڕابردوو, ئەویش دانانە بە ڕاستیەکان وەك ئەوەی لە حەقیقەتدا هەیە نەك وەك ئەوەی دەمانەوێت و پینەو پڕەی

بکەین, یاخود ناسیۆنالستە تونددەوەکانی ئەوان دەیانەوێت بیسەپێنن, یان ئەوەی ناسیۆنالستەکان هەردوولا کردویانە بە مەیدانی شەڕی موقەدەسە پوچەکانیان, دەبێت رێگا لە ناسیۆنالیزمی هەردوولا بگرین نەوت بە ئاگری رابردووەدا بکەن, ئەوان لە پاڵ تورکیا سەرەك عەشیرەتە کوردەکانی باکور و سەرەك عەشیرەتە عەرەبەکانی سوریا بە هاوبەشی تاوان دەزانن، ئەدی ئەمە وەڵامەمان چییە لە کاتێکدا وێنەو دەکۆمێنتەکانی ئەوکات ئامادەن.

نکۆڵیکردن بەخێی درۆدانە بە تاوان, ڕێگە گرتنە لە سارۆژ بوونی بیرینەکانی رابردوو, درۆدانە بە شەڕی باوباپیران بە نەوەی نوێ, گاڵی کورد بەرپرسیارێتی یاسایی هەڵناگرێت بەرامبەر بە تاوانی جینۆسایدی ئەرمەنەکان, بەڵام دەبێت بەرپرسیارێتی تاوانی هەندێك لە هاووڵاتیانی بگرێتە ئەستۆ, کە هاوکاری سوپای عوسمانی بوونە لە تاوانەکە, دەبێت دان بە حەقیقەتی یاسایی تاوانەکە بنێت وەك چۆن ئەمە داوادەکەین کەسەکانی جینۆسایدمان بە جیهان بناسرێت, پێویستە لە بری ئەو کوردە خەفرەشانەی بڕشدار بوونە لە تاوانەکە بەرپرسیارێتی ئەخلاقی هەڵبگرێت, دەبێت جگاو ڕێگای مرۆڤکان لە مژوودا وەك خێی نیشان بدرێت, ئیتر سەردەمی بە پیرۆزکردنی پاشا کەرکان بە کۆتا گەیشتووە, ئەستا سەردەمی دادگاییکانی تاوانکانی رابردوو و داوای لێبوردنکردنە لە دەندەیێکان نەوکان پێشوو.

نابێت هاشا لە بڕشداری هەندێك لە سەرەك عەشیرەتە کوردەکان بکرێت لە تاوانەکە, کە هەندێکیان تاوانی قڕڕونیان ئەنجامداوە وەك بڕشێك لە سواڕی حەمیدیە, بەڵام بڕشەوەی سستامتیك وەك بیاردەر کوردەکان بڕشداریان نەکردووە لە تاوانەکە, چونکە دوڕمنەکانیان نەبووە و بیار لای ئەوانەوە دەرنەچووە, ئەوەی کراوە وەك نەکەری بووە و هاوبەشی تاوانە, یاخود لە ژێر کاریگەری بیری ئاینیدا وەك بڕشێك لە خەلافەت ئەنجامدراوە, بیە پێویستە تاك لایەنە نابێت سیەری روداوەکان بکرێت, نابێت هەوەستی ناسیۆنالزمە راستگڕاکانی پەندا و فەرەنساو …هتد دوبارە بکرێتەوە, لە کاتێکدا خەمان قوربانی جینۆسایدین, دامەزرێنەری بەڕی نیشتمانی فەرەنسی ئینکاری هەڵەکەست دەکات,د ەێت بە بڕشێك لە وردەکاری جەنگی جیهانی دووەمی دەزانین, تەنانەت لە یاداشتەکانی بە تۆندی داکۆکی لە فلیپ بیتان سەرەکی حکومەتی فیشی پاشکۆی هیتلەر دەکات لە فەرەنسا, حکومەتی راستگڕای پەندا بیاری 3 ساە زیندانی بە ئەوانە دەرکردووە کە هەندێك لە هاوکارانی پەندی نازیەکان بە هاوبەش دادەنێن لە

تاوانی هەڵەکەست, ئەمەش وەک داکۆکیکردن لە کرامەتی نیشتمانی دەزانن, ئەمە بەخۆی نکۆڵی تاوانی هاوبەشانی نازیيەکانە و داکۆکیە لە هاوبەشانی تاوانکانی نازیەت, دەسەڵاتی شاری سربرنیتشا بەرزترین ڕێز لێنانی بەخشی بە میلواراد دودیك سەرۆك ئەرکانی سوپای بەسنە کە نکۆڵی کەمکۆزی سربرنیتشا دەکات, ناسیۆنالیزم ئەمەی دەوڵەت, لە کوردستانیش بهانە بە تاوانکانی پاشای کۆن دەهێنەتەوە بەرامبەر بە ئێزیدیيەکان , تاوان لە چ ژینگەو بەهانەیەك ئەنجام بدرێت تاوانە, دادپەروەری مامەڵە لە گەڵ ئەنجامکان دەکان نەك بهانەکان.
نکۆڵیکردنی تاوان, بەخۆی درێژە دانە بە تاوان بەشێوەی نەرم, مرۆڤایەتی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دەگات بە حەقیقەتکانی رابردوو, سسەردەمی شاردنەوەی زانیاری و حەقیقەتکان بەسەر چووە, پیرۆز کردنی دەندیی لە هیچ چوارچێوەیەك ئاینی یان ناسیۆنالستی جێگای نەماوە, بەیە ڕۆژەك زووتر دان نان بە حەقیقەت , ئارام بەخشترەو جوانکردنی سیمای گەڵ, کریس ئەندرسن سەرنووسەری گۆڤاری وایەرد رایگەیاند "زانیاریيە زەرو زەبەنەکان لە سەردەمی ئینتەرنێت, هەموو راستیەکان ئاشکرا دەکات, پێویست بە زانست و تیەری ناکات", بەیە نکۆڵی کردن وەك سەرکردنە ژێر لمە لە سەردەمی ئینتەرنێت و زانیاریيە بە کۆتاکاندا.

نەتەوەپەرستی و ئاین پەرستی چاوی مرۆڤکان لە ئاست دانان بە ڕاستیەکان و حەقیقەتی مێژویی کوێر دەکات, مرۆڤایەتی لە بیرکردنەوەدا دەکوژێت , هەوەدای پاکیزەیی نەتەوەو ئاینە, بەیە بە نەنگی دەزانێت دان بە ناشرینیەکان رابردوودا بنێت, با ئەمەش نکۆینە داوی ناسیۆنالیزمی تورك موتوربە کراو بە ئاینەوە, سەیری هەوەستە شەرمەزاریيەکانیان بکەن نەك لە شاری قەنیای بگرە لە لاهای و بڕکسل,لە 2ی حوزەیرانی دا2016, بەندستاغی ئەڵمانیا دانی نا بە تاوانی جینۆسایدی ئەرمەنەکان, پێشتریش بەلجیکا هەمان هەنگاوی نابوو, ئەوەی لای من گرنگە لە پرسەی دان نان بە تاوانی جینۆسایدی ئەرمەنەکان لە پەرلەمانی ئەڵمانیا و بەلجیکا, بەچونی دوو پەرلەمانتاری تورکە لە پەرلەمانی ناوەندی ئەڵمانیاو پەرلەمانی هەرێمی برکسل لە بەلجیکا, هەردووك بە پاشناوی ئەزدەمیر ناوکانیان هاتووە, یەکیان پیاو چەپی ژینگە پارێز و ئەوی دیکە ژنی حیجاب لەسەر نەتەوەیی ئیسلامی, هەردوکیان لە دایك بووی دەرەوەی تورکیا و پەروەردەی ژینگەی ڕۆژئاوا, ئەم دوو ئەزدەمیرە بە دوو هەوەستی پێچەوانە سەبارەت بە دەسیەی جینۆسایدی ئەرمەن دەناسرێنەوە, یەکیان پشتنگ لە بواری ناساندنی,

بیرکردنەوەیەکی مرۆڤدۆستانەی ئینتەرناسیۆنالستانە, ئەوی دیکە سەرسەخت لە ئاست رەتکردنەوەی حەقیقەتەکان, بە بەچونی ئاینی و ناسیۆنالیزمەوە لە ئاست ئەو هەموو وێنە پە تاوانە قێزەون و ئەسك و پروسکە هەوەست وەردەگرێت, چاو دادخات و کاروانی قوربانییەکان نابینێت.

جیم ئەزدەمیر لە دایك بووی 21ی دیسەمبەری 1965ی شاری باد ئەراخی ئەڵمانیا, بنەچە چەرکەسی تورکیا, سەرەکی لیستی سەوزەکان لە پەرلەمانی ئەڵمانیا, کە پێشتر لە ساڵی 2007 بە پێی بڕگەی 301ی دەستووری تورکیا سزا درابوو, بە تاوانی پێشێلکردنی ( یاسای سوکایەتی بە ناسنامەی تورکی) بە پێی یاساکە تاوانە دان بە کەمەکوژی لە تورکیا بنرێت وەك ئەوەی لە پەیامندای ناو یەکێتی ئەورووپا پەسەندکرا, ج ئەزدەمیرو و چەند پەرلەمانتارەکی پارتەکەی تەمەتبارکران بە پێشێلکردنی ئەو بڕگەیە لە دەستووری وڵات, بەهەی هەوەستیانەوە لە سەر دەزی ئەرمەن و عەلەوییەکان کە هەیانبوو, کە پێشتر بەهەمان تاوان و پێشێلکردنی هەمان بڕگەی دەستووری تورکیا نووسەری گەورەی ئەرمەنی هرانت دینك سزا دراو دواتر تیرۆر کرا, هاوکات رۆمانووسی ناسراو ئەرهان بامەك هەڵگری خەباتی نەبەی ئەدەب بەهەمان بڕگەی دەستور سزادراوە, واتا ئەوەی جیناتی مرۆڤبوونی هەڵگرتبێت دەبێت سزاکەی بخوات, ج ئەزدەمیر پارتەکەی بە بۆنەی یادی 101 ساڵەی وەبیرهێنانەوەی تاوانکاریە لە 24ی نیسانی 2016 دا, پرۆژەی ناساندنی تاوانی کەمەکوژی ئەرمەنیەکانی لە تورکیا بە جینۆساید پێشکەش بە پەرلەمانی ئەڵمانیا کرد, لە ڕۆژانی پێش دەنگدانەکە جیم ئەزدەمیر بەهەی هەوەستە شێلگیرانەکەیەوە لەسەر دەسیەکە, دەکەوێتە بەر هەڕەشەی تورکە ئیسلامی و ناسیۆنالیستەکان, لە گوێی نەدا بە هەڕەشەکان لە وتەکەیدا لە پەرلەمان لە چرکە ساتی پێش دەنگدانەکە وتی: ( 80-90%ی سەرجەم هاووڵاتیانی ئەرمەن, 98%ی پیاوانیان,100%ی پیاوانی ئاینیان لەناو براون لەو تاوانە) هاوکات لە بەشێکی دیکە لەدوانەکەی هەمان ڕۆژی لە پەرلەمانی ئەڵمانیا وتی: هەموو ئەو تاوانانەی ئەڵمانیا بەرامبەر بە گەلانی ئەورووپا ئەنجامی داوە دەبێت بە جینۆساید بناسرێت , ج ئەزدەمیر لە درێژەی بەچونەکەیدا رایگەیاند گرنگە دان بە رابردووماندا بنێن, نابێت تورکیا شانازی بە رابردووی خەیاڵی بکات, دەبێت رابردوو قبوڵ بکرێت وەك خۆی.

تەواو دژ بەم هەوەستە ئەخلاقیانەیەی ج ئەزدەمیر بەرامبەر بە کەمەکوژی گەلەکە گەلەکەی خۆی ئەنجامی داوە, خاتوو ئەزدەمیر لە

دایك بووی 7ی دیسەمبەری 1982 ی شایربەکی بەلجیکا, یەکەم پەرلەمانتاری حیجاب لەسەر لە ئەوروپا, پەرلەمانتار لە پەرلەمانی هەرەمی بەکسل لەسەر لیستی پارتی ناوەندی دیموکراسی مرۆڤایەتی CDH, هەوەستەکی دژ بە هەوەستەکی ج ئازدەمیر وەردەگرێت, نکەی تەواو لە بووونی تاوانەکە دەکات, ئەو لە یادی 100 ساڵەی ئەم تاوانە قەزەوندا, لە بەرامبەر ئەوەی رێتی کردەوە وەڵام بە پرسیارەکانی کەناڵی ئاڵ تی ئێ ی تایبەت بداتەوە سەبارەت بە پرسی جینۆسایدی ئەرمەنەکان لە تورکیا, لە بەرواری 29ی ئایاری 2015 لە پارتەکەی دەرکرا, ئەمەش روداوێکی گرنگ و هەنگاوێکی ئەخلاقیانەی گرنگ بوو, لیژنەی ئەخلاقی پارتی ناوبراو نای.
هاوکات لە بەرواری 24ی نیسانی 2015 کە یادی 100 ساڵەی تاوانی کەمکوژی ئەرمەنەکان بوو, 6 پەرلەمانتاری بەلجیکی بە ڕێگەز تورك ئەو ڕۆژە ئامادەی پەرلەمان نەبوون, بە ئەوەی بەشداری نەکەن لەو خولەکە بەدەنگیەی لە پەرلەمانی بەلجیکا راگەیەنرا بە گیانی پاکی قوربانیانی ئەرمەنی لە یاداوەری 100 ساڵەی تاوانەکە, بەیە خەیان دزیەوە, ئەمە چ کارەکی نا ئەخلاقیانەیە, سەیر کەن ئاین شەو ڕۆژ ئیدعای ئەخلاق دەکات, کەچی هەندك جار دەبێتە فاکتەر بە کاری نا ئەخلاقانە.

بە دوای دەرکردنی خاتوو ماهینەر ئازدەمیر لە پارتەکەی تورکە ئیسلامی و ناسیونالستەکان لە بەکسل و ئستەمبوڵ خەپیشاندانی ناڕازایەتیان بە پشتیوانیکردن لە هەوەستەکەی بەرەوبردو وەك قارەمان ناساندیان, زەر لەو قارەمانانە کە پیرەز کراون لەسەر هەوەستی شەرمنانە بە پیرەز کراون لە مێژوودا, تەنانەت ئەردەگان و کچەکەی سومەیە هاتنە سەرخەت بە توندی ڕەخنەیان لە دەرکردنی ناوبراو لە پارتی ناوەندی دیموکراسی مرۆڤایەتی CDHگرت, خەپیشاندەران لەسەر لافیتەکانیان نوسیبویان ماهینەر ئازدەمیر شەرەفمانە, شەرەف لای ئەوان داکەکیکردنە لە دەندەیەکانی رابردوو.

هەر لەم بارەیە وە ڕۆژی پێنج شەممە 22ی شوباتی 2018, پەرلەمانی هەنەدا بە زەرینەی 142 دەنگ لە کەی 150 دەنگ , بەیاری بە جینۆساید ناسینی کەیسی جینۆسایدی ئەرمەنی دا, هاوکات بەیاری دا وەزارەتی دەرەوە 5 ساڵ جارەك بەشداری مەراسیمی ساڵوگەڕی تاوانەکە بکات.
لە دەنگدانەکە 3 پەرلەمانتار دژ بە بەیارەکە وەستانەوە, ئەوانیش هەر سەکیان بە ڕەگەز تورك بووون" Farid Azarkan, Tunahan Kuzu, Selçuk Öztürk" لە پارتی " DENK ", ئەمە لە کاتێکدا پارتی

ناوبراو خۆی بە چەپ و سۆسیال دیموکرات دەزانێت و لە 9ی فیبریوەری 2015 لە پارتی کاری هەڵبژاردندی جیابووەوە, ئێدی دەبێت هەواڵدەرێکی ناسیۆنالست و ئیسلامیەکان چۆن بێت؟.

ساڵی 2015, 49 پەرلەمانتاری کورد, لەسەر پێشنیاری ڕێکخراوی کوردستان بۆ جینۆسایدی وەک دەستپێشخەرییەک, جینۆسایدی ئەرمەنی وەک جینۆسایدی ناسی, کە نامەکە دراوە بە چالاکوانانی بواری جینۆسایدی ئەرمەنی, وەک هەنگاوێکی سەرەتایی بۆ ساڵۆکردنی ئەو زامە قوڵەی هەندێک دەربەگ و سەرۆک عەشیرەتی کورد ئەنجامیان داوە, وەک بەشێک لە دەزگا سەرکوتکەرەکانی عوسمانی, هاوکات لە ڕۆژی سێشەمە 17ی یەنایەری 2018, پەرلەمانی ئەرمینیا دانی نا بە جینۆسایدی ئەزیدیەکان, دەکرێت ئەم هەنگاوانە بکرێنە سەرەتایەک بۆ دان نان بە حەقیقەتەکانی ڕابردوو و سارێژ کردنەوەی بریندە قوڵەکان.

ئیتر ئەمە ئایا سێیری هەواڵدەستە لەسەر جینۆساید و تاوان بەرامبەر بە گەلان, وەک هەواڵدەستی ئێخلاقانەی مرۆڤ دەستانە دەکەین, یان بەرچاو تەسکانە, لە ڕوانگەی نەتەوەپەرستی و ئاینی و نکۆی کردن لە ناشرینیەکانی ڕابردوو تەی دەوانین, وەک ئەو سیاسی و ڕۆشنبیرانەی نەتەوە سەردەستەکان کە نکۆی لە حەقیقەتی تاوانەکانی دەوڵەتەکانیان دەکەن بەرامبەر گەلەکەمان, یان دەماندەوێت ببین بە ئیسماعیل بەشکچی و هادی عەلەوی و کازم حەبیب و ئەحمەد تورک…, یان باخچەلی و میشل عەفلەق…و نموونەکانیان, مۆژوو پڕە لە هەواڵدەستی بەشی دووەم, وەلە داهاتوو بە نموونە دگمەنەکانی بەشی یەکەم, لە کردنەوەی گرێکانی گرێ کوێرەکان مۆژوو, زۆر لە مرۆڤ موقەدەسەکانی ڕابردوو وردو خاش دەکات, مرۆڤ پیرۆزەکانی ڕابردوو زۆریان وەک پاشای کۆرێ لە ئاست گەورەیی تاوانی کەمەکوژی ئەزیدیەکان لە پیرۆزی دادماڕەن و چاوەوانی دادگایی دەکەن, بۆیە با چاوەوان بین مۆژووش خوێندنەوەی تازەی بۆ بکرێت و سەرلەنوێ بنوسرێتەوە, با ئەمەش بچێنە پاڵ فەرەنسیەکان, وەاتی فەیلەسوف و دەستپێشخەرە مۆژویەکان کە سبەی دەکەنە ڕۆژکی نیشتمانی.

# سێ هەمانی عومەر سەید، ئەنفال لە نەستی تاکی کورددا … محەمەد سەرابی

ئاگەر لە مێژووی هەر نەتەوەیەک، یان هەر کۆمەڵگایەکی دونیا بڕوانیین، ئەوا دەکرێت لە فۆڵکلۆری جیاوازدا مێژوویەیان پەیدا بێت لە کارەساتی گەورە، پەیدا بێت لە جەنگ کاولکارییەکان، لە داگیرکاری و کارەساتی سروشتی و جینەسایدو سیناریۆی نەتەوەیان. بەهەمانشێوە ئاگەر بڕیارێکی دیکەدا لە مێژووی ئەدەبیاتی ئەو نەتەوانە بڕوانیین، دەبینین ئەم دوو تەوەرەیە، واتە مێژووی کارەسات و هەوداوە گەورەکان، لەگەڵ مێژووی ئەدەبیاتدا پەیوەندییەکی تووندیی کارو کارتێکردنیان بەیەکتریەوە هەیە، کە تێیدا مێژوو وەک کارتێکەرێک کاریگەری و هەنگدانەوەی گەورە لە ئەدەبیاتدا دەنێتەئاراوە. بەچەشنێک دەکرێت گەلانکاری گەورە لە هەوت و قوتابخانەو هەبازە ئەدەبییەکاندا دروستبکات و تەنانەت هەوت و قوتابخانەو هەبازی نوێی تاقینەکراوە بنەتەکایەوە. بە مانایەکی تر، هەوت و ئاراستەی هەوداوە مێژوویەکان، دەکرێت هەڵکی گەورەی هەبێت لە گەینی ئاراستەی هەوتە ئەدەبی و هونەرییەکان.

لە دونیادا هەنگە بەگەنەویست بێت، کارەساتکی وەکو هەڵکەست، جینەسایدکردنی هەگەزی جوولەکەکان لەلایەن پارتی سیاسیستی کرێکارانی ئەڵمان، ناسراو بە نازییەکان و بە سەرکردایەتی "ئادەلف هیتلەر" لە ماوەی جەنگی جیهانی دووهەمدا، پاش ئەو هەوداوە چی کاریگەرییەکی گەورە لەسەر ئەدەبیات و هونەرو سینەمای نە تەنیا هەر جوولەکەکان دادەنێت، بەڵکو کاریگەری گەورە دەکاتە سەر بەرهەمە ئەدەبییەکانی بەشکی زۆری ئەورپا بە گشتی. هەڵکەست، ئەو کارەساتەی ژمارەی قوربانییەکانی بە یانزە ملیەن کەس مەزەندەدەکرێت. هەرچەندەک بێت، دواجار ئەم کارەساتە دەبێتەهەی ئەوەی سەدان تەکستی ئەدەبی لەبوارەکانی شانۆ، یاداشتنامە، چیرۆک و هەمان و فیلمی سینەمایی و…هتد، لەبکەوێتەوە. بەگومان ئاگەر باس لەوەش بکرێت، کە دواجار ئەم کارکردنە لەم بوارانەدا بەتایبەت لەلایەن جوولەکەکان خۆیانەوە، چی دەرئەنجامکی هەبووە، ئەوا هەنگە بە دیکەمۆنتکردن و پاراستنی بەگەی مێژوویەکان، ناساندن و نیشاندانی ئەو کارەساتە بە نەوەکانی خۆیان و هەموو دونیاو بەکارهێنانەوەی بە وەرگرتنەوەی ماف و پاراستنی حەقی مرۆیی و

سیایی گۆڕی خەیان، بەزیندووهێشتنەوەو ڕەگری لە دووبارەبوونەوەی ئەو کارەساتە، بە جوولەکان کەمترین بایەخی ئەو بڕوایەمانە بێت، لەپاڵ دڕئەنجامە گرنگەکانی دیکەدا، ئەگەر لەکێنەوەی تایبەت لەوبارەوە بکرێت، کە لێرەدا مەبەستی سەرەکی من نییە.

ئەوەی لێرەدا بە من گرنگەو دەمەوێت بە کورتی ووەامی بدەمەوە، ئەو پرسیەیە کە ئەگەر پەیوەندی کارەساتە گەورەکانی دونیا، نێتەوەو کەمەگا جیاوازەکان لەگەڵ ئەدەبدا پەیوەندییەکی تووند هەبێت و بەو چێشنەی هەیەکەست کاریگەری لەسەر ئەدەب دابنێت، ئەی کاریگەری ئەنفال و جینەسایدی بەشەکی گەورەی میللەتی کورد لەلایەن دەسەاتی بەعسەوە، کە پەیوەندییەکی تەواو لاوازە، بە چێشنەک لە بەدەنگیەیەکی تەواو ترسناکی ئەدەبی و هونەری دونیای کوردیدا فەرامشدەکرێت و کەمترین دەقی ئەدەبی لە بوارەکانی شیعرو ژانرە جیاوازەکانی دیکەی پەخشانی لەدەکەوێتەوە، بەچی دەگەڕێتەوە؟ هەر لەم لایەنەشەوە، یەکەک لە هەرە خاڵە گرنگەکانی بایەخی سەرەمانی "عومەر سەید"، کە سێ ڕەمانن لەناو ئەو بەدەنگیەیە ترسناکەدا لەبارەی کارەساتی ئەنفالەوە نوسراون، ئاماژەپێبدەم.

زەرن ئەو سەرچاوەنەی دەکرێت هەکاری ئەم بەدەنگیەیە بە هەست و سەزو هەڵچوونە دەروونیەکانی شاعیران و نووسەران بگەڕێننەوە، بەاڵم ئەگەر ئەمە وەاڵمە بنەڕەتیەکە بێت، هەکار چییە شاعیرو ئەدیبانی سەر بەم نێتەوە کارەساتبارە دەکەونە بەشایەکی وەهاوە؟ لەکاتێکدا لە قۆناغەکانی (شەڕش)و بەرەنگاری نێتەوەی ئەمەدا، بێتەواوی خواستەکانی بەرەی (شەڕش) بەسەر ئەدەبیاتی دوانیای ئەمەدا باڵدەکێشێت و تەنانەت ئەو تەمایانە درێژدەبێتەوە بە قۆناغەکانی دوای ڕاپەڕین و تاوەکو ئێستاش بەردەوامی هەیە. ئیتر چی ئەوەبێت لە قۆناغەکانی پەش ڕاپەڕیندا ئەدەبیاتی ئەمە بچێتە سەنگەری بەرگری و خواستەکانی بەرەی (شەڕش)ەوە، یاخود لە قۆناغەکانی دوای ڕاپەڕینەوە ئیتر ئەو مەڕووە ببێتە ئەوداوەک هەوەستەی لەسەر بکرێت و شیکاربکرێت، وەک ئەوەی "هیوا قادر" لە لە ڕەمانی (منداڵانی گەڕەک)و "جان دەست" لە ڕەمانەکانیدا کاریان لەسەرکردووە، یان بە دیدەکی ڕەخنەئامێزەوە لێیبوانەڕێت، وەک ئەوەی "بەختیار عەلی" زەرترین ڕەمانەکانی خەی بە تەرخانەدەکات، بەتایبەت درێژترین ڕەمانی لە سێ بەرگدا (کەشتی فریشتەکان).

لەڕەوە ئەگەر ئەم دوو لایەنە جیاوازە بەراورد بکەین، واتە ڕەنگدانەوەو باکەشانی (شەڕشی کورد) لە ئەدەبیاتی کوردیداو ئەو بەدەنگیەیە فراوانەی جینەسایدو ڕەوی بەکەمەڵ و ئەنفال و کەمەکوژی

هەڵبجە، ڕەنگە کەمێک لە وەڵامی هەڵکاری ئەو بدەنگییە نزیکمان بکاتەوە.
ئەنفالی سەدو حەفتاو دوو هەزار کوردی ناوچەکانی کوردستان و کەمکۆژی پێنج هەزار مرۆڤی بە گوناهی هەڵبجەو هەوڵی پاکتاوی تەواوی کوردو سەینەوەو کاولکاری چوارهەزارو پێنجسەد گوندو بەتەعریبکردنی شارو ڕانکردی خاکی کوردستان، بە بەهاکردن و قەدەغەکردنی زمانی کوردی و تەواوی هەوڵ و دەرئەنجامەکانی دیکەی شاڵاوی ئەنفال و پاکتاوی مرۆڤی کورد، نەبوونەتە ڕووداوێکی وەها کە ببێتە بەشێک لە نەستی مرۆڤکانی دوای ئەو کارەساتگەلە بە گشتی و نووسەران و ئەدیبانی کورد بەتایبەتی. لەحاڵێکیشدا ئەگەر بووبێتە بەشێک لە نەستی پاشماوەکانی ئەنفال، ئەوا ئەو بەشە لە مرۆڤی کومەڵگای ئەمە؛ نوخبەی ئەدیبان و نووسەران نیین، تاوەکو ئەو ڕووداوە بگەنەوە بیگواسنەوە ناو ئەدەبیات. "تەیمور"و پیرەژنەکی قوربانی دەستی ئەو غەدرە، نە تەنیا خاوەن زمانێکی گەلانەوەی هونەری نیین، بەڵکو خەیان ئەنفالن و پەویستیان بە ئەوە هەیە ئەدیبەک ئازارو چاوەنییەکانیان بە دونیا بڵێنبکات و بگێڕێتەوە.

نەست ئەوەندەی لەردا بەمانا سایکۆلۆژییەکەی گرنگە، کە بریتییە لە عەقڵی پەنهان(باطن)ی مرۆڤ و پێکهاتە خودی و زاتییەکانی مرۆڤ دەگرێتەوە، ئەوەندەش بەمانا لۆکەسیکۆلۆژییەکەی گرنگە، کە بریتییە لەکەسێکەنی مرۆڤ و کەی زانیارییەکانی مرۆڤ بە گشتی و تایبەتییەکانییەوە لەخۆدەگرێت. بەم مانایەش بە شێوەیکی گشتی دەکرێت بڵێین؛ نەست بریتییە لە بوونی مرۆڤ. بایەخی ئەم دوو پێکهاتەیە بە ئەدەب لەرەوایە، چونکە ئامرازی سەرەکی و بنەڕەتیین بە بەرهەمهێنانی هەر بەرهەمێکی هونەری لەهەر بارێکدا بێت. ئەوەش لەو سەنگەیەوە، کە لایەنە سایکۆلۆژییەکەیەوە "سیمگوند فرەید" لە تیۆرییەکانی ئاماژەی بە ئەوە کردووە، کە چەندە چپاندە سایکۆلۆژییەکانی مرۆڤ، کە لە زاتی مرۆڤەوە سەرچاوەیانگرتووەو لە نەستیاندا کۆپتدەکرێن، دەشێت لە ئاستێکی دیکەدا سەرهەڵبدەنەوە، وەک ئەوەی لە ئاستی هونەرییەدا دەشێت بەرهەمێکی هونەری لێبکەوێتەوە. هەرچی بەمانا لەکسیکۆنییەکەشییەتی، بەگومان ناکرێت نووسەر بەبێ گەلانەوە بە زانییاریییە فەرهەنگی و ئاوەزمەندییەکانی هیچ تێکستێک بەرهەمبهێنێت. ئەوەشی لەم ئاستەدا بە گەلانەوەی دەڤێکی هونەری گرنگە، زانیارییە تایبەتییەکانی نووسەرن لە هەمبەر بابەتی دەڤەکەیدا، بەتایبەت لە بەرهەمهێنانی دەڤێکی هونەری ئەدەبیدا. زانیاری تایبەت بەمانای ئەزموونی

تایبەتی مرۆڤ لەگەڵ چەمک، یان هەر دیاردەو ڕووداوێکی دیارکراودا کە مرۆڤ ڕووبەڕووی دەبێتەوە.

ئیشکال و بەشایی گۆڕکێی ئەنفال بە تاکی کورد لەڕووی دەستپێدەکات، ئەنفال وەک کارەساتێکی گەورە نەبووەتە بەشێک لەو پێکهاتە سایکۆلۆژییەی نەستی مرۆڤی کورد پێکدەهێنێت. بەمانایەکی تر وەک وتمان، نەبووەتە بەشێک لە بوونی مرۆڤی کورد. ئازارو نەهامەتییەکانی کورد تاوەکو ئاپۆینی نەوەدو یەکی سەدەی ڕابردو درێژدەبێتەوەو لەوەدا دەوستێت. لەوەدا ئیتر دیوارێک لەنێوان قوربانییەکانی ئەنفال و نەوەی دوای ئاپۆیندا دورستدەبێت، یاخود دروستدەکرێت. بەپێچەوانەی سەردەمی (شەش)ەوە، لە دەیان کەناڵی جیاوازەوە (شەش) دەخرێتەوە ناو نەستی مرۆڤی کورد. (شەش) قەدەغەدەکرێت و ئەو قەدەغەکردنەش دووبارە دەبێتەوە پاڵنەرو پاوەری ئەو کەناڵانە، بەڵام ئەنفال تەواوی ماناو هاڵە بنەڕەتییەکانی خۆی لەدەستدەدات و ماناو هاڵەی دەستکردی دیکەی دەدرێتەپاڵ کە لە ئەنفالبوونی دادەماڵێت. مینۆی ئەنفال دەشوێندرێت و دەمامکی ساختەی بەبەردادەکرێت. ئەنفال لە تراژیدیاو کاراساتێکی نەتەوەیی گەورەوە دەکرێتە ئامڕازێکی کڕستەیەکی کەسابەتی حوکمی. لەڕشەوە ئەنفال وەک پێکهاتەیەکی گەورە لە پێکهاتەی گشتی کوردبوون جیادەکرێتەوە.

بەدیوەکەی تردا، ئەنفال وەک چەمکێک کە خاوەنی دەلالەتی مۆرۆویی و وجودی خۆیەتی، لە پرسی (ئەنفال چییە؟)ەوە، بچوک دەکرێتەوە بە پرسی "کە ئەنفالی کردو کە ئەنفالکراو کەی ئەنفال ڕوویدا؟" وەڵامی کە ئەنفالکرا؟ بەتەواوی جیاکردنەوەی ئەنفالە لە جەستەی (من). وەڵامی کەی ئەنفال ڕوویدا؟ دابڕانی ئەنفالە لە ئێستاو ئایندەو جەهەشتنەتی لە ڕابردووەوە. بەم مانایە، ئەنفال نابێتە ڕووداوێکی تایبەتی کە تاکی کورد ئەزموونی بکات، ڕووبەڕووبێتەوەو بێتە زانیارییەکی تایبەت و لە لیکسیۆنیدا تەماریبکات. بەڵکو تەنها زانیارییەکی گشتی ئەزموونکراوەو دەکرێت کەمترین کات لەیادیبەرێتەوە. لەوشەوە ئەنفال لە نەستی تاکی کوردیدا هیچ ئامادەییەکی نییەو نابێتە جووینەری مرۆڤی ئەمە لە هیچ ڕوویەکەوە.
تەواو پێچەوانەی ئەو دەخی ئەدەبی ئەمە دەرگیرە لەگەڵ ئەنفالدا، لەپاڵ دەقی شیعری (گۆرانی چراکان)ی "شەرکە بکەس"دا، ئەنفال دەبێتە ماتریاڵی بنیاتنانی سۆ ڕۆمانی "عومەر سەید"، (بازنە ئاخراوەکانی بابل، سەرزەمینی زیکزیکە، ئەسپەرە).

من لەردا باس لە گۆڕانی پێکهاتە هونەرییەکانی ئەم سێ ماناە، ئەندێشەکاری، ڕووداو و کەسێتی، کات و شوێن و تەکنیکی گۆڕانەوەیی، وەنەو ئاوازەندی باسناکەم و دەکرێت هەر یەکێک لەو لایەنانە لەژێر تیشکی میتۆدو تیۆرێ جیاوازەکاندا لێیبکۆڵمەوە، کە بەشێوەیەکی گشتی "عومەر سەید" هونەریانە کاری لەسەرکردوون و سەدقی سەرکەوتووی ئەدەبی لەبەرهەمهێناون. خاڵێک کە لەردا بەمن جێگەی بایەخ و لەسەروەستانە، گۆڕانەوەو هاتنی ئەنفالە لەو بەدەنگیەوە ترسناکەی ئەنفالی تێدا جێماوە. پێش ئێوەی ئەم سێ دەقە بەندگەیەک بن و بەیانکردنی ئەنفال بێت بە گوێی دونیادا، نیشاندانی ئەو کارەساتە بێت بە ڕووی دڕندەی کورددا، بگوێدادان و نیشاندانی ئەنفالە بە گوێ و ڕووی ناوەی کورد خۆیدا. چیتر لەم سێ دەقەدا، ئەنفال لەودیو دیوارەکانی پێش ئاپۆینەوە نامێنێتەوەو لە چرکەساتێکی دیاریکراوی مێژوویی، دێتەدەرێ و لەدەرەوەی زەمەن خۆی مانیفێستدەکاتەوە. ئەنفال لە نێستی "عومەر سەید"ەوە دێت و بەر نێستی وەرگرەکانی دەکەوێت. واوەتر ئێوەی گرنگە چی دیکە زانیارییەکی گشتی نییەو بەڵکو وەرگر دەکەوێتە ئەنفالەوەو ئەزموونی دەکات. من وەک نموونەیەکی دوای ئاپۆین، لەناو ئەو سێ دەقەدا، سێ هەناسە وەردەگرم و دەیاندەمەوە، هەناسەیەک وەک هەناسەی ساردی چاوەڕوانییە بەکۆتاییەکانی میمکێکی گەرمیانی، لە (سەرزەمینی زیکزیکە)دا، هەناسەیەک وەک دوا هەناسەی تاساوی منداڵێک کاتێک لە گەڵەکی بەکرەجێدا، لە (بازنە داخراوەکانی بابل)دا زیندەبەچاڵدەکرێت، هەناسەیەک وەک دوا هەناسەی سەربڕاوێکی ئەزیدی دەستی جەللادێکی داعش، لە (ئەسپێرە)دا.

کاتێک ئەنفال وەک زانیارییەکی مێژوویی نموونەکانی دوای ئاپۆین لە دڕندەی خەیاندا وەریدەگرن و وەک بەشێک لەخەیان درکیناکەن، وەک ئاماژەمان پێدا، دەکرێت لە هەر چرکەساتێکدا بێت فەبدرێتەوە دڕندەی لەکسیکەن و لەیادبچێتەوە. ئەمانەکانی "عومەر سەید"، بەرگریيە لەو فەدانەوەیە، درکردنی ئەنفالە وەک بەشێکی دانەبڕاو لە پێکهاتەی بوونی ئەمە، وەک کورد. کاتێک ڕووداوێکی مێژوویی وەک زانیارییەک لەدڕندەی خود-ەوە مامەڵەکراو فەرامۆشکرا، دەکرێت لە هەر چرکەساتێکی دیکەدا بێت خۆی دووبارەبکاتەوە. خەدووبارەکردنەوەی کارەساتێکی وەک ئەنفال بەرگری مانەوەی خۆیەتی، کاتێک کورد لە ئێستادا جێدەهێڵێت و وەک بەشێک لە مێژووی ئابردووی مامەڵەی لەتەکدا دەکات و لەدەڕوانێت.

بەڵام ئەنفال وەک چۆن لە واقیعدا ئەو دەمامکە ساختەیە فەدەدات،

بەهەمانشێوەش لە هەمانکانی "عومەر سەید"دا هەوتی واقیعی خۆی وەردەگرێتەوە. کاتێک عومەر سەید لە هەمانکانیدا بوونی ئەمە، کە بەشێکی گەرەی بریتییە لە ئەنفال، لە سێ هەماندا دەگێڕێتەوە، خانەویستانە ئەنفال وەک خۆی، وەک ئەو هەوتی وەریگرتووە خۆی بەیاندەکاتەوە. ئەگەرچی لە فەرمی هەمانکاندا هەرسێ بەرهەمەکە سێ تێکستی سەربەخۆن، بەڵام ئەنفال هەڵی گشتی بەیەکتربەستنەوەی هەرسێکیانەو دواجار دەبنەوە بەسێ بەرگی کتێبێک، کە ئەنفالمان بە دەگەنەوە. لە (سەرزەمینی زیکزیک)دا ئەگەر دەستپێکی ئەو پەسەیە بگەڕێتەوە، ئەوا هەمان ئەو بەسەروشوێنانەی دەخرێنە زیلێکەوەو بەرەو بیابانەکانی بابل دەبرێن، لە (بازنە داخراوەکانی بابل)دا لە گەڕەکی بەکەمەدا دەدەزرێنەوە. تەواو لەو چرکەساتەی نەوەکانی دوای ئەو کارەساتە پێیوایە ئەنفالی جەهشتووە، لەئێستاو ئایندەیدا دەردەکەوێتەوەو لە (ئێسپێر)دا عومەر سەید بەماندەگێڕێتەوە، گەانەوەی ئەنفال لە ئایندەی ئەمدا.

بەکورتی هەمانکانی عومەر سەید، ئەو دەنگە بەندەی ئەنفالە، لەو بەدەنگە ترسناکەوە دێت، کە باڵیکشاوە بەسەر نەستی تاکەکانی کەمەگای ئەمدا بە گشتی و دونیای ئەدەبی بەتایبەتی. لەدان و نەشتەرکارییەکی تووندە بەووی ئەو وەهمە ترسناکەی لە نەستی مرۆڤی کورددا ئامادەیی هەیە؛ کە ئەنفال وەک هەوداوەکی مێژوویی لە هابردووەدا سەیردەکات و پێیوایە جەهدراوە. هەوەکە بە هەناوەی ئەنفال بە ناو ئێستا، بە ناو نەست و بوونی ئەمە وەک کورد کە ئەنفال بەشێکی پێکهاتەیی وجودی ئەمەیە. بایخی ئەم بەرهەمانە چەندە بەیانکردنی بەووی دونیای دەرەوەی ئەمدا گرنگە، زیاتر لەوە بەووی ناوەوەی خەماندا گرنگی و بایخی هەیە. سێ گورزن نە تەنیا بە ئەو بە دەنگیە فراوانەی ئێستای دونیای ئەمە، بەکو سەداو کاریگەری خۆی دەگەیەنێت بە ئایندەش.

---

# وەامێك بە نووسینە

# چەواشەکارییەکەی عەبدولڕەحمان فەرهادی!.. سەدیق سەعید رواندزی

ماوەیەکە لەمەو بەر، وتارێکم لە بارەی کتێبێکی نووسەرێکەوە نووسی و چەند ڕەخنەیەکم لە کتێبەکەی گرت و لە ڕۆژنامەی هەولێردا باسمکردەوە. کەچی دواتر عەبدولڕەحمان فەرهادی کە خۆی پێ ئەراگەیاندبوو کوردییە!! بەبێ ئەوەی هیچ پەیوەندی بە کتێبەکەوە یاخود نووسینەکەی منەوە هەبێت، بە داخەوە لە فەیسبووکی خۆی ئەو ناپەڕەیەی کە وتارەکەمی تێدا باڵاوبۆتەوە، هاتووە سکانی کردووە و هەموو وتارەکەی بە قەڵەمی سوور نیشانە کردووە.کە گوایە ڕەخنە لە من دەگرێت و وا خوێنەر چەواشە دەکات کە من هیچ لە زمان و نووسین و ڕەخنە نازانم.
لە ڕاستیدا، بە هیچ شێوەیەك مەبەستم نەبوو وەڵامی فەرهادی بدەمەوە،چونکە کاتی ئەوەم نییە بە نووسینی بێ مانا خۆم سەرقاڵ بکەم و ئەگەرکات قەرزکرابایە، قەرزم دەکرد بێ ئەوەی فریای خوێنەوەی کتێبی زۆرتر بکەوم. وەڵێ چونکە بەشێك لەو کۆلکە نووسەرانەی من پێشتر ڕەخنەی لێژیکیم لەکتێبەکانییانەوە گرتووە و خۆیان بوێری ئەوەیان نەبووە وەڵامم بدەنەوە ، بەدەرفەتیان زانیوە وهاتوون بەو نووسینە چەواشەکارییەی فەرهادی شاگەشکە بوونە (وەك ئەوپەندە کوردییەی دەڵێت: دوژمنی دوژمنم دۆستمە) کەوتوونەتە نووسینی کۆمێنت لە دژی من و بە داخەوە هەندێکییان پەلاماری کەسیەتیشیان داوم، ئیدی بە پێویستم زانی کورتە وەڵامێکی بدەمەوە بێ ئەوەی واز لەو چەواشەکارییانە بێنێ، لەخوارەوەش سەرنجەکانم دەخەمەڕوو:_

1_ فەرهادی وتارەکەی لە فەیسبووکی خۆی نووسیوە، چونکە دەزانێت بە ئاسانی بۆی دەچێتە سەرو تێدەپەڕێت،خۆزگە کەمێك ئازایەتی و بوێریی ئەوەی هەبووایە،لە ڕۆژنامەی هەولێر سەرنجەکانی بنووسێ!!!.
2_ لەگەڵ ئەو پەیڕەوی ڕێزو خۆشەویستیم بێ هەموو ئەوانەی فەیسبووکییان هەیە و بەکاری دێنن، بەڵام سێ بەشی ئەو نووسینانەی لە فەیسبووك باڵاودەکرێنەوە،لای من بەهایان نییە.چونکە فەیسبووك سەکۆیەکی بێ دایك و باوکە و هیچ فلتەرو سانسۆرێکی نییە و هەموو کەسێك دەتوانێت چەواشەکاریی، تەشهیر، جوێن،ڕەتکردنەوە، وتاری بێ مانای لێ باڵاو بکاتەوە.

بەنموونە: من لە فەیسبووك دەنووسم( شەرزاد حەسەن چیەكنووس نییە، بەختیار عەلی ەماننووس نییە، مەریوان قانع ەوناكبیر نییە، ئازاد عەبدولواحید ەخنەگرنییە، عەبدولموتەلیب عەبدوڵا لەكەەر نییە، عەتا قەرەداغی نووسەر نییە…تد كە دەتوانێت ەگریم لە بكات؟ بەڵام ئاخۆ دەتوانم ئەوانە لە ەژنامەیەك یان گۆڤارەك بنووسم؟.
3_ خۆزگە فەرهادی بوێری ئەوەی هەبووایە لە ەژنامەیەك وتارەكەمی شەن و كەو بكردایە و خاڵ بە خاڵ هەڵەكانی دیاربكردایە، نەك بە چەواشەكردن، هەمووی بە خەتی سوور وەك قوتابییەكی قۆناغی بنەەتی تەوەربدات.چونكە ئەو هەڵی بە ژێر وشەی وەها داهێناوە، كە هیچ هەڵەیەكییان تێدا نییە.

4_ خودی فەرهادی، بە واژەی خۆی دیوانە شیعرێكی بە ناردووم بە بۆ ئەوەی بیناسم. من ئەگەر لە بارەی دەردە دڵەكانییەوە نەك شیعرەكانی، وتارم نووسیباو بەشان و باڵی ئەوەم هەبدایە،دڵنیام ئەگەر هەموو نووسینەكانیشم هەڵە بان بە دەنگی لێ دەكردم.

5_ من تا ئێستا كەم ەژنامە و گۆڤار هەیە، وتارم لە باو نەكردبێتەوە. تۆبەڵێی فەرهادی لە ستافی ئەو باوكراوانە ەشنبیرتروبە توانا ترو زمانزانتر بێت؟ەڵێی تۆ دەچێت كەسێك هیچ لە زمان و ەنووس نەزانێت و بەسەدان وتاریشی باوكردبێتەوە؟

6_ فەرهادی لە كاتێكدا ەخنە لەلایەنی زمانەوانی و ەنووسی وتارەكەی من دەگرێت، بەڵام هەر خۆی لە چەاوی تریفەدا، وشە هەیە بە دوو شێوە و بە دوو ەنووسی جیاواز نووسیویەتی.

7_ لەاستیدا، لە هەرێمی كوردستان زمانێكی ستاندارو یەكگرتوو نییە تاكو وەك فەرمێكی جێگیری نووسین هەموان پەیڕەوی بكەن، بۆیە هیچ كەس ناتوانێت ەنووسی خۆی گشتاندن بكات بە سەر نووسەرێكی دیكە. تەنانەت بەشێك لە چەمك و دەستەواژەكان،لە ناوچەیەكەوە بۆ ناوچەیەكی تر دەگۆڕێت.بەنموونە: ئەمە لە واندز دەڵین:(تەنشت) واتا پیتی(ی) تێدانییە.

8_ فەرهادی بە لایەوە سەیرە كە من فەیسبووكم نییە و دەڵێت:_ چۆن دەبێت نووسەر فەیسبووكی نەبێت!! ئەو بەڕاستی، بە داخەوە هونەر بە ئاگایە لە دنیا، نازانێت دانان و دانەنانی فەیسبووك، بەشێكن لە ئازادیی و ژیانی كەسی و تایبەتی هەر مرۆڤێك. وەك چۆن ئەو فەیسبووكی هەیە و چەواشەكاری تێدا باو دەكاتەوە،بەهەمان شێوە دەبێ باوەیشی بەوە هەبێت كەسانێك هەبن فەیسبووكییان نەبێت.

بەڕام من ئەو هەڵوێستەی فەرهادیم بەلاوە ئاساییە، چونکە دەزانم بەشێکی زۆری بەناو نووسەران و بەناوبانگە ئاکبیرانی کورد، هەموو سمێڵ سوورێك لایان هەمزە ئاغایە،بۆیە لاشیان وایە ئەگەر کەسێك فەیسبووکی نەبوو ئیدی نووسەر نییە بەتێگەیشتنی خۆیان!!..

9_ لە ڕاستیدا، نووسینەکەی فەرهادی نیگەرانی نەکردم، ئەوەندەی کۆمێنتی بەشێك لە کۆمێنتچییەکان( هەبەتە هەموویان نا)ئازاریان دام. چونکە ئەوان بەبۆ ئەوەی نووسینەکەی منیان بینیبێت و خوێندبێتەوە، بە بەغایانە(لەگە عامێ بێ شامێ) کەوتوونەتە ستایشکردن و دەستخۆشانە لە فەرهادی، کە باش دەزانم ئەمانە شینەکەیان بۆچییە. لەوکۆمێنتچییانە هەیە شاعیر نییە، هەیانە پەنجا ساڵە چیڕۆك دەنووسێت، بەڵام لە هەوڵێر کە شارەکەی خۆیەتی کەس ناینасێت!!هەیانە پسپۆرییەکەی بواری بەرەنگاربوونەوەی تووندوتیژی دژی ژنانە و فێی بە سەر ئەدەب و زمان و ڕەخنە و ڕێنووسەوە نییە، کەچی نووسیویەتی سەدیق هیچ لەزمان نازانێت. من لە ئێستادا، هیچ قسەیەکم بۆ ئەوان نییە، بەڵام لە داهاتوودا خوا یاوەرم بێت یەك بەیەك نووسینەکانییان شڕۆڤە دەکەم،ئەو کات بە بەڵگە بۆ هەموو لایەك دەردەکەوێت و ساغ دەبێتەوە، کە کێیە لە نووسین و ڕەخنە نازانێت؟ من یان بەشێك لەو کۆمێنتچییانە؟

10_هیوادارم فەرهادی، ڕۆژ لەکاتی من بگرێت و سەرقاڵم نەکات بەوەڵام و وەڵامکاری،چونکە ئەو هەرچییەك بنووسێت، ئیدی لای من وەڵام نادرێتەوە.چونکە (حەمە سەعید حەسەن) کە ڕەخنەگرێکی هەرە بەتوانای کوردە و فەرهادیش چاکی دەناسێت! بەو پێیەی پێشتر لە بارەی شیعرەکانی ئەو نووسیویەتی، قسەیەکی جوانی هەیە و دەڵێت: (نووسەرانێك هەن وتارت لە سەر دەنووسن، باست دەکەن، ناوت دەهێنن، بۆ ئەوەی تۆش وەڵامیان بدەیتەوە و لە نووسینەکانتدا ناویان بهێنی، تاکو لە پەراوێزی ناوی تۆوە بناسرێن)..
لەگەڵ ڕۆژم بۆ خۆنەران و داوای بەخشین دەکەم ئەگەر لەشونکدا کاردانەوەیەکم هەبووبێت، چونکە بڵێسە لەگڵهەڵدەستێت!!!…

# خەتەنەکردن بەشێوەیەکی بەرچاو کەمیکردووە … شەماڵ رەئووف

**پێویستە گۆڕانکاری لە یاساکان بکرێت ، تابتوانرێت بەتەواوی ئەو دیاردەیە بنبڕبکرێت**

بەپێی ئەو ئامارانەی بەردەستن، دیاردەی شێواندنی ئەندامی مێینە یان خەتەنەکردنی ژنان بەشێوەیەکی بەرچاو لەکوردستان کەمیکردووەو حکومەت و ڕێکخراوە مەدەنییەکان هاوشانی یەکتر کار بۆ نەهێشتنی ئەو دیاردە خراپ و ناشارستانییە دەکەن.
خەتەنەکردنی مێینە دیاردەیەکی لەمۆزینەی کۆمەڵگاکانە ، هەردوو ڕێکخراوی تەندروستی جیهانیی و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ منداڵان (UNISEF) لە ساڵی 1997 بەیاننامەیەکی هاوبەشیان لە دژی شێواندنی ئەندامی مێینەی ژنان دەرکردوو بەتاوان دژی مرۆڤ ناساندیان. بەپێی ئامارێك کە لە 2016 دا لەلایەن ڕێکخراوی تەندروستی جیهانییەوە ئامادە کراوە نزیکەی 200 ملیۆن ژن بەدەست شێواندنی ئەندامی مێینەیانەوە دەناڵێنن ،عێراق و هەرێمی کوردستانیش لەم دیاردەیە بێبەش نییە.

لە ساڵی 2004 ڕێکخراوی (وادی ئەمانی) لە میانەی سەردانی تیمە گەڕەکانیان بۆ چەند گوندێکی گەرمیان بۆیان دەرکەوت کە ژمارەیەکی زۆر ژنانی ئەو ناوچەیە ئەندامی مێینەیان شۆڕندراوە. بەپێی ڕاپرسی ڕێکخراوەکە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ نزیکەی 1500 ژن و کچی ئەو ناوچانە کردووە، بۆیان دەرکەوت 907 ژن و کچیان ڕووبەڕوی ئەو بارودۆخە ببونەوەو دواتر لەبەدواداچون لێکۆینەوەیەکی هاوشێوە لەسەر هەمان دیاردە لە سنوری پارێزگای هەولێر دەرکەوت لە 440 ژن 380 یان خەتەنەکراون! ئەمەش ڕێژەیەکی ئێجگار بەرز بوو .
لە هەرێمی کوردستان ئەو زانیاریە مەترسیدارانە کاردانەوەی زۆری دەسەڵاتداران و ڕێکخراوە جیهانیی و ناوخۆییەکانی بەدوای خۆیدا هێنا، دوای ماوەیەك (ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان) و ژمارەیەکی زۆر ڕێکخراوی ژنان کەوتنە جوڵەو کارکردن لەسەر ئەو پرسە، هەرچەند ئاماری نوێ و وورد بەردەست نییە، بەڵام بەقسەی ڕێکخراوە مەدەنیەکان و چالاکوانان، ئەو دیاردەیە لەم چەند ساڵەی دوایی لەپاشەکشەیەکی گەورەدایەو کەمیکردووە.

دکتورە سەنا ڕەشید پسپۆری نەخۆشیەکانی ژنان دەڵێت ” خەتەنەکردنی

مێینە دیاردەیەکی ناشارستانیەو ژیانی ژن دەخاتە مەترسی گەورەوە ، وا دەکات نەتوانێت سەرکەوتوو بێت لە ژیانی هاوسەریدا ، چونکە بەینی بەشێك لە کێئەندامی زاوزیی ژن راستەوخو کار دەکاتە سەر ژیانی ، لە لایەك شیوەکەی ناشیرین دەکات ، لە لایەکی تریشەوە هەستی سێکسی کەسەکە کەم دەکاتەوە ، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی هەر لەسەرەتای پرسەی هاوسەرگیرییەوە پەیوەندیەکانی نیوان ژن و مێرد لاواز بکات، زۆر جار کۆتاییەکەی جیابونەوە دەبێت .
دکتۆرە سەنا دەشێت " بەداخەوە چارەسەری ئەوتو بەردەست نیە تا ئەوانەی خەتە کراون چارەسەریان بۆ بکرێت، گرفتی گەورەش ئەوەیە زۆرینەی ئافرەتان ناتوانن گوزارشت لەو تاوانە بکەن کە بەرانبەریان ئەنجام دراوە"
ن.ع ژنێکی جیابووەوە لە مێردەکەی لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی رابردوو لەگەڵ کچانی گەڕەکەکەیان خەتەنەکراوەو کاریگەری خراپی خستووەتە سەر ژیانی ، ئەو بەم شێوەیە دوا " تەمەنم نزیکەی 12 ساڵ دەبوو لە ماڵێك کێیان کردینەوە لە بۆنەو ئاهەنگ دەچوو ، هەستمان دەکرد لە ژورێکی بەرانبەرمان خەڵکی تری لێیە، ئێمەیان ریز کردبوو هەر جارەو یەکێکمانیان دەکردە ژوورەوە ، کە چوومە ژورەوە بینیم ژنێکی پیر دانیشتووە ، دوان بە توندی دەیان گرتین و ئەویش کاری خۆی دەکرد ، کە تەواو دەبوین توانای ڕۆکردنمان نەبوو ئەوەندە ماندویان دەکردین و ئازاریان دەداین "
ئەو سەبارەت بە کاریگەریەکانی خەتەنەکردنەکە لەسەر ژیانی گوتی " من لەو تەمەنە منداڵیە هەستم بە هیچ نەدەکرد ، بەڵام کە گەورە بووم و هاوسەرگیریم کرد و تێکەڵ بە خەڵك بووم زانیم کە من جیاوازترم لەوان و حەزی سیکسیم کەمە ، هەر ئەوەش وای کرد نەوانی من و مێردەکەم پر بێت لە بێشایی و هاوسەرگیریمان بە جیابونەوە کۆتایی هات .

س.ع ژنێکی خەتەنە کراوە ، تەمەنی لە نیوان 50 – 60 دەبێت ، ئەو بە سوعبەتەوە باسی خەتەنەکردنی خۆی بۆ کردین و سور بوو لەسەر ئەوەی کە ئەو کلتورە دەبێت بەردەوام بێت ، ئەو دەڵێت "من لە پێلی 3ی ناوەندی بووم هەموومانیان کۆکردەوە و نزیکەی چل منداڵ دەبووین ، هەموومانیان لەماڵ دراوسێیەك کوکردەوە ، دەرگاکەشیان داخست تا کەس رانەکات ، هەموومانیان خەتە کرد ، زیەو گریانی منداڵ ئەو ناوەی گرتبوو ، هەبوو رای دەکرد و دەیان هێنایەوە ، بە بیرم دێ خوشکێکم هەرچەن هەوڵیان لەگەڵدا نەهات ، بابم زۆری لێدا سودی نەبوو هەر نەهات "
ئەو بە سوربونەوە لەسەر دیاردەکە گوتی " ئەوە عادەتێکی

کەمەایەتیەو شتێکی باشە دەبێ هەموو کچێك بۆی بکرێت ، من خۆم لە ساڵانی نەوەدەکان لە نەخۆشخانەیەکی هەولێر کچەکەی خۆمم خەتەنە کرد ، هیوادارم ئەو کەلتورە هەر بمێنێت و رۆزی لێ بگیریت "

لەیلا ئەحمەد والی کارمەندی تیمی گەران لە رۆکخراوی وادی ئەمانی وتی " رۆکخراوەکەمان ساڵی 2004 یەکەم رۆژەی شۆواندنی ئەندامی مێینەی بلاو کردەوە، هەر ئەو کات کەمپینێکمان راگەیاند دژ بە دیاردەکەو تا ئێستاش بەردەوامین " لەیلا دەڵێت " خۆشبەختانە ئاماری نوێی ئەمە ئەوە روون دەکەنەوە کە دیاردەکە بەڕۆژەیەکی بەرچاو کەمی کردووە، ئەوەش دەگەڕێنێتەوە بۆ وشیاربونەوەی کومەڵگا، کە بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ چالاکی رۆکخراوەکانی کەمەڵگای مەدەنی لە هۆشیاریی تەندروستی تا دەگاتە هۆشیاریی یاسایی بەشۆوەیەکی گشتیی "
لەیلا باسی ئامارو زانیاریی نوێی رۆکخراوەکەیانی کرد" ئەمە لە ساڵی رابردوو بۆ ماوەی 10 مانگ لە کوکردنەوەی زانیاریی، شۆوازێکی نوێمان پەیرەو کرد، ئەویش ئەوەیە کە ژنانی بەتەمەن یان ئەوانەی لە رابردوو بەو دیاردەیەدا تێپەڕون نەمانخستە ناو ئامارو زانیارییەوە، بەکو لە منداڵی ساواوە تا 14ساڵیمان وەرگرت، دوای وەرگرتنی زانیارییەکان بۆمان دەرکەوت کەمترین دیاردەکە بەشۆوەیەکی زۆر کەمیکردووە، بەپێی ئەوەی بینیمان زۆربەی ئەوانەی پێشتر واقعە تاڵە تێپەیون نایانەوی نەوەکانیان توندوتیژیان بەرانبەر بکرێت" ئەو دەشڵێت " لە ئیدارەی گەرمیان دیاردەکە تەواو کەمبۆتەوە، ئەو رۆژەیە زۆر کەمبۆتەوە، بەپێی ئامارو زانیاریی ئەمە کەکراوە لەتەمەنی یەك ساڵییەوە تا 25 ساڵی دەرکەوتووە تەنها لە 5%ی ژنان یان کچان بەرامبەریان کراوە "

بۆ دڵنیابوون لەو زانیاریی و بەراوردکردنی ئامارو زانیارییەکان، چوینە لای ئەنجومەنی باڵای خانمان کە فەرمانگەیەکی تایبەت بەداکۆکی کردن لەژنان-ە لەحکومەتی هەرێمی کورستان، دەرکەوت ئاماژەکان لەیەکتریەوە نزیکن. پەروین حەسەن ئەندامی ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان پێی وتین " ئەمە لە ساڵی 2015 بەهاوکاری هەردوو رۆکخراوی یونسێف و هارتلاند کە رۆکخراوێکی تایبەتمەندە، ئامارو لێکۆڵینەوەیەکی وردمان کرد کە شەش هەزار کچ و ژن وەرگیران و لە 2016 تەواو بوو، لە کۆتاییدا دەرکەوت کە رۆژەی شۆواندنی ئەندامی مێینەی ئافرەت زۆر کەمیکردووە "
ئەو لێپرسراوەی ئەنجومەنی باڵای خانمان وتی "بەشداربوان لە تەمەنی 4 ساڵ بۆ 14 ساڵی بوون، جگەلەوەی کە روپێوی دایکانیشمان

وەردەگرت تا بزانین جیاوازی نیوان ئەوان و کچەکانیان چەندە تا بڕمان دەرکەوێت دیاردەکە زیادی کردووە یان کەمی کردووە. لە کۆتاییدا دەرکەوت دیاردەکە زۆر کەمی کردووە، واتە جیاوازییەکی ئەجگار زۆر لەنێوان ئامارو زانیارییەکانی پێشوو ئێستادا هەیە.

لێکۆڵینەوەکەی ئەنجومەنی باڵای خانمان بە ناميلكەيەك لە ژێر ناوی (پوختەی راپۆرتی روپێوی رۆژەی باڵاوی خەتەنەکردنی مێینە لە هەرێمی کوردستان – عێراق 2015-2016 باڵاو کراوەتەوە ، تێیدا هاتووە لەنێوان ئەو ژنانەی زانیارییان لێوەرگیراوە44,8 % خەتەنەکراون ، لەبەرانبەردا کچ و نەوەکانیان کە زانیاریان لی وەرگیراوە رۆژەی خەتەنەکردنیان 10,7 % ە ، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کەمترین رۆژەی دیاردەکە گواستراوەتەوە بۆ نەوەکان .
لە لێکۆڵینەوەکەدا جیا لە وەرگرتنی داتای دروست، بەراوردیشکراوە لە نێوان دایکان و کچان، واتا لەبەدواداچونەکەدا لێکۆڵینەوە لەگەڵ هەردوکیاندا کراوە، لە لایەك ژنانی بەتەمەن، واتە ئەوانە وەرگیراوە کە لەرابردوو کراون، هاوکات ئەو کچانەش کە تەمەنیان لە 4 – 14 ساڵیە، بەم شیوەیەی خوارەوەیە:
پارێزگای سلێمانی 60,3%ی دایکان و ژنانی بەتەمەن بە خەتەنەکردندا تێپەڕیون، بەڵام 11,8 %ی نەوەکانیان خەتەنە کراون.
پارێزگای هەڵەبجە 40,0% ی دایکان و ژنانی بەتەمەن خەتەنەکردندا تێپەڕیون بەڵام 1,1%ی نەوەکانیان خەتەنەکراون.
پارێزگای هەولێر 67,6%ی دایکان و ژنانی بەتەمەن خەتەنەکردندا تێپەڕیون ، بەڵام 16,7%ی نەوەکانیان خەتەنەکراون .
لە پارێزگای دهۆك 7,4%ی دایکان و ژنانی بەتەمەن خەتەنەکردندا تێپەڕیون بەڵام 4,1%ی نەوەکانیان خەتەنەکراون.

بۆ روبەڕوبونەوەو هەوڵدان بۆ نەهێشتنی ئەو دیاردەیە هەم حکومەت و هەمیش رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان وەك خۆیان دەڵێین نەوەستاون، ئەنجومەنی باڵای خانمان لەگەڵ رێکخراوی سندوقی نەتەوەیەکگرتوەکان بۆ دانیشتوان UNFPA کار لەسەر بنبڕکردنی دیاردەکە دەکەن . پسپۆری تایبەتمەندیان هێناوەو بەردەوام دەبن لە هەوڵەکانیان .
لەپاڵ گرفتی کەمەڵایەتیدا هاوکات، بەشێك لە دەزگاکانی حکومەت و رێکخراوەکانی کەمەڵی مەدەنی گلەیان لە یاسا و کاراکردنی یاساکان هەیە، کە نەیتوانیوە ببێتە رێگرو لەمپەر لەبەردەم ئەو دیاردە خراپە.

پەروین حەسەن ئەندامی ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان گلەیی هەبوو ، ئەو گوتی" گرفتی گەورەی یاساکە ئەوەیە تاوانی

خەتەنەکردنی نەکردووەتە مافی گشتیی، بۆیە دەبێ ئەو کەسەی تاوانی بەرانبەر کراوە سکاڵا بکات یاخود کەسێك لە خزانەکەی سکاڵا بکات، کە ئەمە زۆر قورسە کەسەکە خۆی بتوانی ئەو کارە بکات. یاخود زۆر جار خودی خیزانەکە خۆی ئەو تۆندوتیژییە کردووەو بەشکە لە تاوانەکە، ئیتر چۆن دەچێتە دادگا و سکاڵا تۆمار دەکات؟! بۆیە ئێمە وەك ئەنجومەنی خانمان داوامان کردووە کە یاساکە هەموار بکرێتەوە، یاخود یاسایەکی نوێی تایبەت بەو دیاردەیە دەربکرێت، بۆ ئەمەش دیسان ئێمە بە پرۆژە کارمان لەسەر کردووە "
رازاو محمد چالاکوانی بواری ژنان و ئەندامی پێشوی پەرلەمانی کوردستان لیژنەی بەرگری لە مافی ئافرەت لە خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان، ئەو خولەی کە یاسای بەرەنگاربوونەوەی تۆندوتیژی خزانی تیا نوسراوەتەوە دەڵێت "خەتەنەکردنی مێینە دیاردەیەکی زەق بوو، ئەم دیاردەیەو تەواوی دیاردەکانی تر لە پرۆژە یاسای (تۆندوتیژی دژ بەژنان) کۆکرایەوە، دواتر کە لە لایەن لیژنەی بەرگری لە مافی ژنان و لیژنەی کار و باری کۆمەڵایەتی پەرلەمان کاری تێدا کرا ، گەشتینە ئەو دەرئەنجامەی کە بەهۆی ئەوەی تۆندوتیژیەکان لە چوارچێوەی بواری کۆمەڵایەتی و خیزانن، پرۆژەکە بگۆڕدرێت بۆ (بەرەنگاربوونەوەی تۆندوتیژی خزانی) و لە ساڵی 2011 بوو بە یاسا "

رازاو پسپۆرە لە یاسای باری کەسێتی بە گلەییەوە گوتی " یاساکە کەموکورتی زۆری تێدایەو دەبێ دەستکاری بکرێت، لایەن هەیە پێی وایە دەبێت ئەو یاسایە نەمێنێت و یاسایەکی نوێ دابنرێت، ئەمەش بۆتە ترسێکی گەورە لە بەردەمماندا. دەترسین بەدیلی باش نەبێت، بۆیە لە دوێیاندا ماوینەتەوە " . ئەو گلەیی لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن هەبوو " لە سەرەتاوە لایەنی جیبەجیکار کەمتەرخەمبووە لە جیبەجێکردنی برگەو مادەکانی قانونەکە، بەڵام دواتر لەسەر داوای پەرلەمان کارا کرایەوە"
بەقسەی زانایانی ئاینی ئیسلام، هیچ پاڵپشتییەك یان دەقێکی ئاینی نییە رێ بەم دیاردە خراپە بدات. بەکو بەشکی زۆر لە زانایانی ئاینی خۆیان شانبەشانی رێکخراوەکان بەشداربوون لە رۆشنبیرکردنی کۆمەگا دژ بەدیاردەکە، وەك چۆن مامۆستایەکی ئاینی ئیسلام پێمان دەڵێت ئەوەی زانست دەریبخات زیانی بۆ مرۆڤ هەیە ئاین دژی دەوەستێتەوە.

مەلا ئیدریس زاهیی مامۆستای ئاینی و بەرپرسی ئەوقافی گەرمیان دەڵێت " لە کاتی خۆیدا عورف و عادەت هەبوو بووە لە هەندێك لە

وەتانی روژهەڵاتی ناوەڕاست ، بەڵام فەتوای ئاینی پیرۆزی ئیسلام بەپێی سەردەم و قۆناغەکان گۆڕاوە، ئاینی ئیسلامیش لەسەر بەرژەوەندی مرۆڤ بیناکراوە. هەرشتێك دژی مرۆڤ بێت ئەوە ئاینی ئیسلام دژی دەوەستێتەوە، بۆیە دڵگرانین کە زۆر جار خەتەنەکردنی مێینە دراوەتە پاڵ ئاینی ئیسلام، لە کاتێکدا جگە لە عادەتی کۆمەڵگا هیچی دیکە نەبووە "

---

# گۆڕدوونناممەی پێشەوا کاکەیی

**دووەم کتێبی بەناوکراوەکانی نووسیار بەناوکرایەوە.**

بەناوکراوەکانی نووسیار لە یەکەمین دەرکەوتنیدا، لە زنجیرە کتێبی «خەرمانەی نووسیار» کتێبی «گۆردوونناممە»ی پێشەوا کاکەیی چاپ و بڵاو دەکاتەوە.

ئێم بڕهەمە: لە ماوەی ساڵانی ٢٠١٥ بۆ ٢٠١٨ نووسراون، پێک هاتووە لە ١٠ شیعر، لە دووتوێی ١٠٨ لاپەڕەدا. کە کاری هونووس و هەڵچن: وشیار عەلی، بەرگ و نەخشەسازی ناوەوە: محەمەد زاری ئەنجامی داوە، هەروەها لە چاپخانەی کارۆ لە سلێمانی چاپ کراوە.

ئێم بڕهەمە: ئۆزمووندکی نوێی شاعیرە، کاکەیی لێم بارەوە دەڵێت: ئێم بڕهەمەم: لەمڕ دونیای فیزیکی و میتافیزیکییەوەیە، لە لایەکەوە خەدانەوەیە بەر حیکمەی بوون و لەلایەکی دیکەشەوە زمان چۆن دەڕوانێتە ئەو دوو دیوە، چۆن زمان دەخاتەوە نێو ماڵی بوون. ئەوەی من گرنگمە بیکەم، ئەوەیە هاوسەنگییەک بە وشە بگەمەوە و چیدی وشە لە خودێتیی مرۆڤدا قەتیس نەکرێتەوە. قووبوونەوە لە شەو، یان تەنیاییی چکچکیلەیەک، سڤڕکردن بە نێو جیهاندا یان چوونەنێو-جیهانەوە بچووک نەکرێتەوە بە خودێتی(ـی من و تۆ و ئێمە)، بەکوو کارکردن بێت لەسەر شەو، گۆردوون وەک هووبڕی گشتی، ئەستێرە، یان هەرهەسارەیەکی دیکە، بگرە گەمەی مەیموون، هوانین لە گیاندار، جوانیی هووک، هامان لە باڵندە و... تا دوایی. لە هووبڕکی گشتیدا خەی وەک خەی بناسرێت و خەی لە کایەی شیعریدا وەک خەی بەشدار بێت، نەک ببنە کڕێستەیەکی شیعری بە خودێتیی شاعیر. هاوکات، گفتوگۆیەک لە نێوان «یاسین حوسێن و پێشەوا کاکەیی،» لەمڕ «شەونامە، بە تامی هەشنایی» ئەنجام دراوە، کە شیعرە دەپاڵ گۆردوونناممەدا. هەروەها، «شێنیار جەلال» خوێندنەوەیەک بە نێوی: «ئەدەبی زانستییانە و زانستی ئەدەبییانە» بە کتێبکەی نووسیوە.

«شەنیار جەلال» لە بارەی دەقی شۆنامەی نۆو گەردوونناما، دەڵێت:
ئەدەبی زانستییانە ناونیشانەکە بە هۆکانی «پشوا کاکەیی»ی دانام، کە لە دەقکانیدا تەقەڵای ئاشتکردنەوەی سروشت و مرۆ دەدات. ئاخر هەر لە ئزەڵەوە مرۆ وای ڕوانیوە کە خۆی لە گەردوون قەبەتر و چەن «بوون»ی لە خزمەتدایە، بۆ چەشنە لە دەقکانیشدا خۆی بەسەر سروشت و گەردووندا دەسەپێنێت. هەروەتر لەرە و لەوە قامکبەدەستی چوون کاکەیی دەخوێنینەوە، دەروونمان گەواوپژەن دەکات. ئاخر گرنگیەکەی لەوەدایە بەسەر تەختەشانەی تاریکییەوە سەمای ڕووناکیمان نیشان دەدات. ستەرکی وێنەکەشمان نیشان دەدات بە تروسکەبەیەی دەست و قامکی.

«یاسین حوسەن» لەبارەی دەقی شۆنامەی نۆو گەردوونناما، دەڵێت:
ئەم هۆکارەی تە جەی دەستخەشیە کاکە پشوا، بە تایبەت لەگەڵ ئەو هەستیدەدام، کە دەڵێت: «چیدی شەو تاریک نیە.» ڕۆژ ڕووناکیەکی نیە، ئەگەر شەو ڕەشنی نەکات، گەشاوەیی ڕۆژ گەشاندنەوەی شەو، دەزینەوەی ڕووناکیی شەو کارەکی گرنگە، چونکە ئەگەر لە شەودا نەبینیت، بینینی ڕۆژ مانای نیە. لە شەودا تاریکیەک نیە، جگە لەو نابینایەی مرۆف کە بەسەر شەودا سەپاندوویەتی. پرسیار ئەوەیە ئەگەر چاو و زمان نەبەت، مرۆف چەن ڕووناکی و تاریکی بە وشەکانی وەسف دەکات، بەڵام ئەگەر ئاگاهیی مرۆف کار بکات کە سروشتی بوونە، ئەوا لە شەودا باشتر دەبینەت و لە بەدەنگیدا باشتر دەدوەت. ئاگاهی واتە دەزینەوەی تەواوی بوونەکان لەناو خوددا.
پشوا کاکەیی، خاوەنی چەند کتەبەکی شیعرییە، هەروەها خاوەن پەڕەی شیعرییە، بە نەوی: «شعرە/ەە» کە کارنامەکەی لە هەشت پەڕە پێک هاتووە، ئەوانیش:

١- ئەفریقانامە، بە تامی شیعر.
٢- زەمیننامە، بە تامی شیعر.
٣- ئەمریکای باشوور، بە تامی شیعر.
٤- ئەمریکای باکوور، بە تامی شیعر.
٥- زەریا و بەستەەکی باشوور، بە تامی شیعر.
٦- ئەقیانووسیا، بە تامی شیعر.
٧- ئاسیانامە، بە تامی شیعر.
٨- ئەوروپانامە، بە تامی شیعر.
شاعیر، لە ساڵی ٢٠١٦ەوە تاکوو ئێستا، چوار پەڕەی نووسیوە، ساڵی ٢٠١٨، لە دوو کتەبدا بە چاپی گەیاندوون، بە نەوی: «ئەفریقانامە و زەمیننامە، بە تامی شیعر» و «ئەمریکانامە، بە تامی شیعر»

پارچە شیعرێک لە کتێبەکەوە:
شەو لەوەتی چووەتە دونیای مەدەرنەوە،
مانگ تووشی نەخۆشیی لەبیرچوونەوە بووە؛
لە نەخۆشخانەی گەردووندا پاک کەوتووە و
یەک ئێستێرەش ناناسێتەوە.

بڵاوکراوەکانی نووسیار Nûsyar Books

لە هەوڵێکی نوێ و لەژێر ئاو کەلێنێ زەرەی دونیای چاپ و بڵاوکردنەوەدا، «نووسیار» هەوڵ دەدات ببێتە دەروازەیەک بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب بە چەندین زمانی جیهانی. ئەم خانەیە دەبێتە پردێک لە نێوان هێژەهێنات و هێژاوا و چەندین کتێب بۆ زمانی کوردی و زمانەکانی تر بڵاودەکاتەوە، هەروەها جەخت لەسەر کاری وەرگێڕانیش دەکات لە زمانەکانی تر بۆ کوردی و بۆ پێچەوانەوە. خانەیەکی سەربەخۆیە و تەنها ئامانجی گەیاندنی هێشنبیرییە و ئیشکردنە لەسەر بەدەرخستنی هێشنبیری و دیدی جیاواز و دونیای جوانییەکان.

وەک کارێکی نوێ بڵاوکراوەکانی «نووسیار» هەڵدەستێت بۆ دابینکردنی ژمارەی پێناسەی هەر کتێبێک کە بۆ ژمارەی ISBN ناسراوە یان ژمارەی نەودەوەتی کە نووسینگەی تایبەتی خۆی هەیە کە سەر بە هێکخراوەکی نەودەوەتییە بۆ سپاردن و پێدانی ئاو ژمارەیە، هەتا لە زەربەی تەکنیکانی نێت یان فرۆشگاکانی کتێب و کتێبخانەکان کتێبەکە پێناسەی خۆی هەبێت. بڵاوکراوەکانی نووسیار لە ئێستادا ئاو کەدەی دەستبەر کردووە لەلایەن سەنتەری کتێبخانەکانی دانیمارک و هەروەها کتێبەکانی نووسیار لە ئەرشیفی کتێبخانەی شانشینی دانیمارک پارێزراو دەبن.

سەرەتا بۆ دوو پرۆژە دەتە مەیدانی چاپ و بڵاوکردنەوە:

- پرۆژەی زنجیرە کتێبی «خەرمانەی نووسیار» کە تایبەتە بۆ بڵاوکردنەوەی کتێبی شیعریی و دەق و چیرۆک و کورتە هەمان.
- پرۆژەی «نووسیار» بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەی چەندین کتێبی جیاواز لە زەربەی بوارەکانی هێشنبیری و فەلسەفە و هونەر و وەرگێڕان.

بڵاوکراوەکانی نووسیار لە کۆتایی ساڵی 2018 دامەزراوە.

# دەسەڵاتی چوارەم ... ئاری زەندیقی

زاراوەی دەستەڵاتی چوارەم بۆ هەموو کەرەسەکانی ڕاگەیاندن دەبژێن بۆ گشتی و ڕۆژنامەوانی بۆتایبەتی لایەکی تریەوە ئاوەندەی ئەم زاراوە بۆ کاریگەری لە سەر ڕای گشتی چ بۆ گۆڕینی و یان زەمینە سازکردن بۆ خوڕقاندن و ڕازیکردنی وەرگر واتە کەمپەڵاتی خاڵک بۆ بابەتێک کە ئامانجێکی گرنگی لە پشتەوە بێت بۆ ڕۆشنوبنی و هاندانی ڕای گشتی ، ئاوەندە پەیوەندی بە بوواری ڕۆشنبیری هەشیاری مەعریفەوە نیە هەرچەندە بیر و بۆچوونکان جیاوازان لەسەر ناونان و سەرهەڵدانی ئەم زاراوە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمەوە دوای ئاو پێشکەوتن و بازدانە خێرانەی کە ڕۆژنامەوانی بە خێرایەوە بینی هەندێک بە وەی دەبەستنەوە کە ئەمیش دەستەڵاتی چوارەم دوای دەستەڵاتکانی یاسادانان و جێبەجێ کردن و دادوەری بەو پێ یەی کە کاریگەری و زەری لە سەر خەڵکی هەیە کە کاریگەرییەکەی لە حکومەت دامودەزگاکانی تر کەمتر نیە .

لایەکی تریەوە ڕاو بۆچوونی جیاواز هەیە لە سەر سەرهەڵدانی ئەم زاراوەو کە بووە
یەکەم جار بەکاری هێناوە.
ڕایەک هەیە کە یەکەم جارەژوونووسی ئسکتلەندی(توماس کارلیل) بەکاریهێناوە لە کتێبی (پاڵەوانەکان و پەرستنی پاڵەوان ) ساڵی ١٨٤١ زاینی
کە چەند ڕستەو دەستواژەیەکی لە بیرمەندی ئەرلەندی( ئیدمەند بیرک ) وەرگرتبوو کە باسی سێ پارتەکە یان سێ چینەکە
کە حوکمەانی وەاتیان دەکرد ئاو سەردەمە واتەپیاوانی ئایینی و دەوڵەمەندەکان و ڕۆشنبیرەکەکە (گەل) کە وتوویەتی پەیامنێران و ڕۆژنامە نووسانیش چین و پارت و دەستەڵاتی
چوارەمن و کاریگەری زەریان هەیە لە سەر کەمەگا بگرە لە سەر چینەکەی دی زیاتر.
ئەمە لەم سەردەمی پێشکەوتنە خێرایانەی زانست و تەکنەلۆجیادا کە جیهان بووەتە گوندێکی بچکۆلانە و لە هەمانکاتدا سیستەمی دیموکراسی چ بەڕاست وچ بە درۆش
بە ئاست و ڕادەی جیاجیا لەرەو لاوە پیادە دەکرێت هەموو ئەمانە بە چی پێوانە و هۆسەنگاندنی بە دەکرێت کە کە دیموکراسی و دیموکراسخواز و لەکو
مافکان پێشێل دەکرێت ئاگەر میدیا و ڕۆژنامەنووسان نەبێت.

لەبەرئەوە بۆ بە میدیا و ڕۆژنامە نووسان و ئاگایاندنەکان زۆر ئاستەم دیموکراسی جێبەجێ بکرێت و لەبەرئەوە میدیا و میدیاکاران کەمکەو بنەماو ڕگزکی زۆر کاریگەر و پێکهێنەرو خوڕهنری سیستەمی دیموکراسین و بۆیە میدیا ستەم باس لە دیموکراسی بکرێت تەنانەت بۆ نموونە هەڵبژاردن کە سەرەتاو دەستپێکی سیستەمی دیموکراسیە بۆیە میدیاو ئاگایاندن بەڕەوناچێت چ لە هاندانی خەڵک بۆ بەشداری چ بۆ بانگەشەی لیست و کاندیدەکان دواتر چۆنێتی بەڕەوچوونی هەڵبژاردن و ئاستی پاکی و بگەردی پرسەکە کە میدیا ڕۆڵی چاودێری کردنی لە گەڵ داموودەزگاکانی تردا دەگرێتە ئەستۆ. بۆیە لە ساڵی ۲۰۰۵ دا کۆنگرەی نێو دەوڵەتی ساڵانەبۆ ئازادی ڕۆژنامە نووسی لە ئاگەیەندراوەکدا ئایگەیاند ( کە میدیای ئازادو سەربەخۆ و فرە ڕەنگ فاکتەرێکی بنەڕەتیە بۆ مسۆگەرکردنی لێپرسینەوەو شەفافیەت و بۆ بەشداریکردن وەکو ڕگزکی بنەڕەتی بۆ حوکمانیەکی ڕەشید وە گشەکردن لەسەربنەمای مافەکانی مرۆڤ ).

بۆ ئەوەی میدیا ڕۆڵی ئاستەقینەو کاریگەری خۆی ببینێت پێویستە لە ئاستێکی باڵای بەرپرسیارێتی دا بێت بۆ تەواوی پیشەیی و ورد بین و ئاستگە و بڵایەن بێت لە ڕووماڵەکانیدا بۆ ڕووداوەکان و ڕاگرتن لە یاساو پاراستنی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی چونکە وەکو پێشتریش ئاماژەم پێدا ئەمڕۆ بۆ هەی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیاوە میدیا کاریگەری ئاستەوخۆ و خۆرای لەسەر ڕووداوەکان هەیە هەر سەرپێچی یەک یان گواستنەوەی هەر بابەت و مەسجێکی نابەرپرسانە و ناپیشەیی بۆی هەیە کارەسات و ڕووداوی نەخوازراوی لێبکەوێتەوە بۆیە دەبێت میدیاکاران لە ئاست ئەو بەرپرسیارێتیە مێژوویییدا بن و لە هەمان کاتدا پێویستە مافی میدیاکاران پارێزراو بێت بۆ یاسا و ئازادی و نان و سەرچاوەی هەواڵ و زانیاری پێویستیان بۆ فەراهەم بکرێت.

---

# بریقەی شۆ ... شیعر: شەهیار قنبری وەرگێڕانی : پشکۆ ناکام

" شبتاب"

دەی خەیاڵاویی ، چ مەتەکیەکە ، مەگەر نا
نە جەواڵی ، نە ئەسپی
نە فانەسی ،مەگەر نا
نە دەسکە گوڵ، نە سەکەی نوێژ
نە زەنگی ، مەگەر نا
نە طاووسی
لەم عەرشی شکەنجەیە ، مەگەر نا
لەم خەوە شیرینە
من و تۆ ، باشی "باش"ین
من و تۆ ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژ ئاوایین
باکوریین و باشووریین

چ خەیاڵێکی سەیرە
هەموو بە سەر ، مەگەر نا
یەکە لە ئەرزا
بووە بە باڵی کەتر ، مەگەر نا
گوڵی فەرشی سەردار
سیس بووە ، مەگەر نا
چڵی ساختە
چیرۆکێکی
تراجیدیایە ، مەگەر نا

لەم تاریکیانە مەترسە
تۆ بریقەی شەوی ، مەگەر نا
تۆ خەت ئاوی ، مەگەر نا

ئەستا دەستی تۆ
بە تەنها خود کارە" دەستی خەتە " ، مەگەر نا
بە تۆ هەینی دەگیر
چ دە فەنە ، مەگەر نا
ئەم خەوی خەجاڵەتی ڕۆژ هەڵاتیە
چەن نەرم و نیانە ، مەگەر نا

لەم تاریکیانە مەترسە
تۆ بریقەی شەوی ، مەگەر نا
تۆ خەت ئاوی ، مەگەر نا

# لە ساڵیادی نووسەرو ڕۆشنبیری تیکۆشەر دانا جەلال … ئەحمەد ڕەجەب

دانا جەلال ئەحمەد موفتی لە ساڵی 1957 و لە ناو خێزانێکی شیوعی ناسراو لە خانەقین چاوی بە ژیان هەڵهێناو پاشان بە هۆی ئەوەی باوکی فەرمانبەر بووە لە گەڵ خێزانەکەیان چوونەتە ناحیەی مقدادییە (شارەبان) و لەوی نیشتەجی بوون و هەر لەوێ دەستیکردووە بە خوێندن و خیزانە تیکۆشەرەکەیان وەك هەزاران خێزانی شیوعی دووچاری گرتن و تەهەدان بووە بە تایبەت لە پاش ئەوەی باوکی چووە ڕیزی پێشمەرگەکانی حزبی شیوعی عێراق.
دانا دەرچووی کۆلیجی ئیدارەو ئیقتیسادی زانکوی المستنصریە بوو.
ساڵێك پێش ئێستا ولە 24/4/2018 بەداخ وبەژارەیەکی دڵهەژێنەوە هەواڵی کۆچی نووسەرو ڕۆشنبیری تیکۆشەری کورد دانا جەلال ئەحمەد موفتی گەیشت و، ستەمە بە وشەو نووسینی چەند دێرێك باسی ئەو مروۆقە خۆنەویست وسادەو پاك و ئازاو چالاك وگوێ رایەڵ و خۆشەویستە بکرێت و،
ئەو هاورێی ڕۆژانی سەخت و دژوار بوو، هەر ئەوان بوون بەخێزانەوە لە ریزی پێشەوەی خەبات و تێکۆشان لە پێناو گەل و نیشتمان و کوردایەتی و حزبی شیوعی و شیوعییەت خۆیان و ماڵ و سامانیان بەخت کردو، دانا جەلال کوردێك بوو بە عەرەبیئەینووسی و بەکوردی قسەی ئەکرد، ڕاستگۆ بوو لەگەڵ بیروباوەڕی خۆیدا، کەسێك بوو بۆ خۆی نە ئەژیا بەڵکو بۆ دەوروبەرو هاوڕێکانی.

بەڵێ خێزانە سەر بڵندەکەیان، باوکی جەلال ئەحمەدموفتی و مامیان قادر ئەحمەد موفتی بوون بە چرا، بە مامۆستا بۆ هەموو شیوعییەکان و دۆستانیان و هاوڕاتیان و، بە شانازییەوە لە فێرگەکەی ئەوان دەیان و سەدان کەس فێری شیوعییەت و تێکۆشان بوون و، ئەوان بەبۆ وچان بە گوروتێنکی گەرم و ئازایانەو دوور لە ماندوو بوون پەرەیان بە خەبات و تێکۆشاندا لە پێناو: نیشتمانێکی ئازادو گەلێکی بەختیار.
دانا جەلال نووسەرو ڕۆشنبیروو چالاکەوانی مەدنی و سیاستمەدار لە

ڕی نووسین و وتارەکانی داکۆکی لە هەژاران و چینی چەوساوە ئەکردو، هەروا وەك شیوعی و کەسایەتییەکی چەپ بەرگری لە مافە رەواکانی گەلی کوردستان و نەتەوەی کورد ئەکرد.
بەڕێ هاورێ دانا : ئێوە دەڵێکی فراوانتان هەبوو، کەسێکی لێبوردوو بوون و، ، پیاوێکی مەردو بە شەهامەت ولێهاتوو راستگۆ بوون و، هەموو کات دژ بە کردەوەی ناپاك و ستەم وەستان و بەرگریتان لە هەژاران وبۆ مافەکان کردو، لە تافی لاوێتیدا لە گەڵ دڵێری براگەورەتان تێکەڵ بە کاری سیاسی بوون و، دەستان کرد بە جموجۆڵ لە ناو ڕێکخستنەکانی لاوان و قوتابیانداو، پاشان چوونە ناو حزبی شیوعی عێراق و، سەربەرزانە لە دژی ڕژێمی خوێناوی دیکتاتۆر سەدام حسەین و حزبی بەعسی عەرەبی درێژەتان بە تێکۆشاندا.

لەنێوان فرە تێگەیشتنی پیاوەکان بە ڕەزینا، کچی هەزینا لەئەنجامی خەوتن لەگەڵ بارتلیف تەدگات، دنیا پەناو یەک پیاو کە نەبەتەوە، ئەوەتا لەسەکسکردنی لەگەڵ بارتلیف دەزانێت سەرباری جیاوازی تەمەن کچی گەیشتووە بە چێژ و شادیەکی ڕاستەقینە، ئەوەش وایکردووە کندێرا مەتیفەکی فرەیی بە تێگەیشتنی مرۆیانە لەسەر پەیوەندی و چێنیەتی ڕوانین بە ژیان بخاتە ڕوو.

کاتێک پێشبینیەکان کە دەڵێن دواتر لەشوێنکیتر سەر

هەددانەوە، کە دەبنە مەرگی ڕەزینا، لەڕوە نووسەر وەزیفەی هەمانووس بەتەنیا لەناوکەیی تێکست ناهێلێتەوە، بەڵکو دەیهێنێتە قسەکردن، لەڕدا ئەو هووەی دستەفسکی بەووونی لەلای کەندەرا دەبینینەوە، هەبەت کەندەرا لەوانینە تیەریکانی بە هەمان ئەو باسەی کردەتەوە کە چۆن ئەو هووبەرە کراوە بە تێکستی هەمان ببەخشێت، لەو هەمانشدا تێکست وەک هووبەری ئاخاوتنی مرۆڤ لەژیان دەبینین کە چۆن ئاگایی مەعریفی کارەکتەر وەک زهنیەتی خەی هەوداوەکانی ژیانی پێ دەخوێنێتەوە.
لەڕوە تەدەگەین کەوا میلان کەندەرا دەیەوێت وەک هوویەکی ئەخلاقی کارەکتەر دیوی دووەمی دستەفسکی بنووسێتەوە، تەنانەت کارەکتەری ئەلگا کە ناوەکی هووسیە وەک دەنگی ناو تێکستی دستەفسکی و کولتووورەکەی هاتەتەوە، کە ئەویان لای میخائیل باختین بە ئیدیەلەژیم ناو براوە.

مرۆڤی هاوچەرخ لەهووی سایکەلەژیەوە مرۆڤێک نیە خاڵی لەو وەنە ئەخلاقیەی دستەفسکی وەنای کردووە، سەرەنجام کلیما چەندە هونەرمەندێکی بەتوانا و ناسراو بێت، هەر وەک هاسکەلینکەف هەوایەتی بە کوشتن دەدات، بەیە دەخشە بە مەرگی هەزیناو تەنانەت بەو تەمەتە ئەخلاقیانەی کە دکتەر سکریتا دروستی کردووە، لەڕدا دەردەکەوێت دامەزراوە فەرهەنگی و ئەخلاقیەکان بەپێی ویستی خەیان دەسەلات بەرهەم دەننەوە، کلیماو سکریتا دوو نموونەی زیندووی ئەو دەسەلاتەن.

ئەوەش دەرخەری ئەو هاستیەیە کە پیاوێک نیە بەگوناه بێت، گوناهبار نەبێت، هەمویان کە دەمامکی عاشق بوون و مرۆڤی مەدەرنیان لە هووخسارە کەچی لەبنەتەدا هووی شاراوەیان وەنەی گوناهباربوونیانە، وەنەی دووەم کە وەنە هاستەقینەکەیە وەنەیەکی شاردراوەیە لە ژنەکان، بەیە ژنەکان عاشقی وەنەی یەکەم بوونە، کە وەنە ساختەکاریەکەیە. وەنەیەک کەندەرا هەمان وەک تێکستێک دەخاتە هوو، کەتەنیا تێکستێکی ئەدەبی نەبێت، بەڵکو تەوژینەیەکی کەمەناسیانە بێت لەهووی پەیوەندی کولتووریی مرۆڤەکان بە هەکەمەگاوە.

لەڕدا پەیستە ئەوە فەرامەش نەکەین، کە کارەکتەری ئەلگا لەو هەماندا بەتەنیا ناوەکی هووسی نیەم بەقەد ئەوەی گەانەوەیە بە ئەو پەڕە کریستیفیە، کە تێکست هووبەرەکی زانستیە بە ناو پەیوەندیە کەمەایەتیەکان، لەهەمان کاتیدا یادەوەری ئەمە بەشداریەکت پێو دەکات لەناو تێکستدا، ئەویش بەگەانەوەی

دستەفسکی لێگەی ئەلگا و ئەو گۆانکارییەی لەناو تەکستدا خولقاندوویەتی، دستەفسکی دەبتەوە بشک لەناو زانستی تەکست.

---

# تارمایی دیکتاتەر لەچیەکی پەیکەرەکانی سەلاح زەنگەنەدا … سەدیق سەعید ەواندزی

یەکێك لەو سیما سیاسییانەی لە سەردەمی دیکتاتەردا لە عەراقدا بوونی هەبوو، ئەو پەیکەرانەی خودی سەدام بوون کە هەموو شارو لە شارەکانیشدا، زەربەی شەقامەکانی تەنیبوو. بە ەادەیەك مرۆڤ بەهەر لایەك ەووانیبای ئەوا پەیکەرێکی دیکتاتەری دەکەوتە بەرچاو.بوونی ئەو ژمارە زەرانە لەپەیکەرەکان، گەرچی بەقەبارەو شێوە و شوێنی نماییشکردنیان جیاوازبوون لە یەکتری، وەلێ هەموویان یەك ئاماژەیان دەگەیاند کە ئەویش دیکتاتەر ئەگەر خۆشی لە هەموو شوێنەکان نەبێت، ئەوا تارماییەکەی وەك هەمایەك بێ ترس و تەقین، بوونی هەیە.لە هەموو ەووبەرە جیاوازەکانی ژیان دەبینرێت و بینینی ئەویش واتە ترس و سەمینەوە و کوشتن و خوێن.واتە ئەگەر پەیکەر وەك هونەرێك هەمایەك بێت بێ ژیاریبوون و هونەرێکی بەرز، ئەوا پەیکەرەکانی دیکتاتەر سیمبولی ترس و بە سیخوێکردنی کەمەگە و چاودێریکردنی تاکەکان بوو. لەاستیدا، لە ژیانی هەموو دیکتاتەرەکانی دنیا خاەکی هاوبەش هەیە، ئەویش نەرجسیەت و شەیدابوونە بە خود.

ئەوان دەیانەوێت لەێی بیناکردنی ئەو پەیکەرانەوە، خۆشەویستییەکی ساختە ببەخشنەوە بەوەی کەگەلەکانیان ئەوەندەیان خۆش دەوێن، پەیکەریان لەهەموو شوێنێك بێ دروست کردوون. کاتێکیش کۆتایی بە ستەم و دەسەاتەکانیان دێت، ئەوا پەیکەرەکانیان بەرلە هەموو شوێنێك زووتر دەکەونە بەر ەووخاندن و ئەتککردن. وەك ئەوەی لە مەیدانی فیردەوس بەرامبەر پەیکەری زەبەلاحی سەددام کرا، کاتێ بینیمان لە گەەپانی فیردەوەس منداان یارییان بەکەلە

سەرەکی نکریتییەکەی دەکرد. ئەو پەیکەرە زەبەلاحەی سەردەمانێك هەمای تارمایی دیکتاتۆرو ترس و تۆقین بوو بە هەمووان. چیی کی(پەیکەرەکان)هەگری ئەو گوتارەیە کەباسمان کرد. ئەویش ئامادەیی دیکتاتۆرە لە ژیانی عێراقییەکان لەهەموو شوێن و جگەیەکدا. چ بەشێوەیەکی ئاستەوخۆ، یان لە گەی سێبەری پەیکەرەکانییەوە بێت. ئەم چیی کە باس لە تەنینی هەموو شوێنێك بە پەیکەرەکان دەکات. تا ئەو ئەندازەیەی دواجار پەیکەرەکان دەبنە مرۆڤی ئاستەقینە و هاوشێوەی هەموو مرۆڤێك، قسە دەکەن و دەی ن.

پاڵەوانی ئەم چیی کە، کە کەسی یەکەمی تاکە ڤۆکی زۆری لە پەیکەرەکانە. بۆیە هەر کاتێك بەلایاندا ەت دەبێت و سەیریان دەکات، تفێك دەکاتە پەیکەرەکان. ژێکییان کاتێ هەمان ەفتار بەرامبەر بە پەیکەرەکە دووبارە دەکاتەوە و بە خێرایی دەگەی تەوە ماڵەوە، واهەست دەکات پەیکەرەکە لە سەکەی دێتە خوارەوە و لەماتریاڵکی بێ گیان وجوڵە، دەبێتە مرۆڤ و دوای دەکەوێت. پاڵەوانی چیی کەکە کاتێ دەگاتەوە ماڵەوە، دەیەوێت پشووێك بدات، لە وکاتەدا لەدەرگا دەدرێت. ئیدی ئەو واخەیاڵ دەکات ئەوە پەیکەرەکەیە دوای کەوتووە، بۆیە داوا لە ژنەکەی دەکات دەرگاکە نەکاتەوە، بەڵام ژنەکەی گوێ بەو داوایەی ئەو نادات و دەرگاکە دەکاتەوە،دواتریش پەیکەرەکە دێتە ژورەوەو بە بەرچاوی ئەو،دەستی ژنەکەی دەگرێت و لەگەی جووت دەبێت. دوای ئەمەش منداڵیکی لە شێوەی پەیکەرێکی بچووك لە ژنەکەی دەبێت. ناچار ماڵ جێدی ت و خێشی دەبێتە پەیکەر. ئەمجارەیان پاڵەوانی چیی کەکە، دەیەوێت وەك حەزرەتی ئیبراهیم هەرچی پەیکەر هەیە بەدەستەکانی وردوخاشییان بکات.

چونکە خۆی وتەنی هەر لە منداڵییەوە ڤی لە پەیکەرەکانە. بۆیەی ژێك تەورێك هەدەگرێت و بە گژپەیکەری ئەلسعدون دادێتەوە، بۆ ئەوەی وردوخاشی بکات، بەڵام پەیکەرەکە لێی دێتە قسەو پێی دەی ت:( ).(هەی کۆی سزانی)دیسانەوە بەترس و دڵە اوکەوە واز لەپەیکەری ەسافییش دەهێنێت، کاتێك لە شەودا بەرەو ماڵ دەبێتەوە پەیکەرەکەی شا فەیسەڵی یەکەم دەبینێت،هەوڵدەدات بەتەورەکەی دەستی ئەویش بووخێنێت، بەڵام دیسانەوە شا فەیسەڵیش پێی دەی ت:(

□□.□□□□□ □□□□□ □□□□□□□□ □□□□□□□ □□ □□□□□ □□□□□□ □□□□□
□ □□□□□ □□□□□ □□□ □□□□□□□□□□□□ □□□□ ,□□□□□□□□ □□□□□□□□□□□□□□□□ □
□□ □□□□.□□ □□□□□□□□□□□□□□□□□□ □□□□□□□□ □□□□□□ □□□□□□□□ □□□□□ □
□□□□□□□□□□□□ □□□□□ □□□□□□□□ □ □□□□□□□□ □□□□□ □□□□□□□□□□□□□□□□
□ □□□□□ □□□□□□□□□□□□□□□ □ □□□□□□□□ □□□ □□ □□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□ □
□□□ □□□□□□□□ □□□□ □□□□□□.□□□□□□□□□□□□ □□□□□□□□ □□ □□□□□□□□□□□□□□□□□
□□□□□□□□ □□□□□□□□□□□□□□□ □ □□□□□□□□□ □□□□□□□ □□□□□□□□□ □□□□□□□□
□□□□ □□ □□□ □□□□□□□□□ □□□□□□□ □□□□ □□□□□□ □□□□ □□□□□□□□ □□□ □□□□□□□
□□□□□□□ □□□□□□□□□ □□□□□□□ □□□ □□□□□□ □□□□ □□□□□□□□ □□ □□□□□□□□□□
□□□□ □□ □□□□□□□□□□□□□□□□□□□□

# لەنێوان زەمەنی داخراو و زەمەنی کراوەدا...عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا

گفتوگۆی برگسۆن* و ئاینشتاین* لە بارەی زەمەنەوە گفتوگۆیەکی سایکۆلۆجی/ فیزیاییە، بەڵام هەندێ لە فیزیاییەکان دەیانەوێ تێگەیشنەکی تاکەهەند بە زەمەن ببەخشن و ئەو کەلێنە دابخەن، کە ئەپیکۆرییەکان بە کراوەیی جێیانهێشتووە! لێرەدا گرفتی قسەکردن لە سەر زەمەن لە لای برگسۆن قسەکردنە لە زەمەن وەك مەسەلەیەکی خودی، وەك مەسەلەیەك کە بە مرۆڤەوە بەندە، بەڵام لای ئاینشتاین و قسەکردنە لە سەر حەقیقەتێکی بابەتی کە بە دەرەوەی مرۆڤەوە دەلکێ. زەمەن چییە؟ ئەو پرسیارە دێرینەی، کە (ئۆگستین)* ی مەزن بەرزی کردەوە، وەك دەبینین لای برگسۆن لە دەیموومەدا خۆی دەبینێتەوە... برگسۆن رەهایی لە بەردەوامییدا دەبینێتەوە، پێیوایە بەردەوامی زەمەنی حەقیقییە.. ئەو زەمەنەیە کە مرۆڤ تێیدا دەژی، بۆیە دەبێ مرۆڤ لە جیهانی دەرەوە دوور بکەوێتەوە، بەرەو ناوەوە، چونکە هەر لە ناوەوە هەست بە هەڤوێینی زەمەنی حەقیقی دەکات، زەمەنێك کە رابردوو و ئێستا لەیەك باردا کۆدەکاتەوە و سەر لە نوێ بەرەو داهاتوو پاڵی دەنێت. برگسۆن دەیەوێ (بوون) لە سەر دەیموومە وێنا بکات. لەبەر ئەوەی (دەیموومە-بەردەوامی) دێ و دەڕوا، بۆیە قبولی دابەشبوون و بەش بەشبوون ناکات.. بەردەوامی پێشکەوتنی رابردووە، کە داهاتوو بەرهەم دەهێنێ، هەرچەندە پێشبکەوێت گەورە دەبێت. هەر لە سەر ئەو بنەمایەش (من/الانا) لای ئەو یەکێتییەکە دابەش نابێت. ئازادیش بە دەیموومەوە بەند دەکات، دەیموومەیەك کە جیابوونەوە ناس ناکات، یەکێتییەك پێکدەهێنێ کە ناشێ بە سەر ساتەوەختدا دابەش بکرێت. بەمجۆرە ئازادی تەعبیر لە کەسێتی دەکات. هەبەتە برگسۆن بۆ جەختکردن لە تۆزەکەی مۆزیکا و شێوازی ئاگایی وەك نموونە دەهێنێتەوە..* کەواتە لای برگسۆن جەوهەری ئێستا، رابردووە.

**زەمەن لە چەندین وێنەدا**

کتێبی (جدلیه الزمن)ی باشلار* دیموومەی زەمەن بەو مانایەی کە لای برگسۆن هەیە، رەتدەکاتەوە و دەڵێت زەمەن بەیەکەوەلکاو نییە، بەڵکو بەیەکەوەنەلکاوە (متصل نییە، منفصله).. هەروەها دەڵێ بە هۆی فیکری بەیەکەوەنووساوەوە (متصل) ناتوانین بە شێوەیەکی

جەوهەری بەرەو یەکێکی دیکە بگوازینەوە.. ئەگەرچی دەیموومە پێدراوی راستەوخۆی ئاگایە، بەڵام ئەو دیموومەیە دەستەمۆیە، کەواتە ئاگایی لە شارەزایی دەرەکی وەرگیراوە، چ بە هۆی (دابڕان یان بەردەوامی) بێت. بەو مانایەش لای باشلار ئاگاییمان بە زەمەن، ئاگاییە بە ساتەوەخت: زەمەن واقیعی نییە تەنها لە چرکەساتدا نەبێت. کەواتە باشلار لەگەڵ تێزی فەلسەفی (ساتەوەخت/چرکەسات-اللحظە-Instant) و کتێبی (Siloce)ی (گاستۆن ڕۆبنار- Gaston Roupnel) یەکدەگرێتەوە و لە تەواوی کتێبی (حدس اللحظه) پشتگیری لە تێزەکەی ئەو دەکات. (ڕۆبنار-Roupnel) پێیوایە واقیعی زەمەن تەنها لەو چرکەساتەدایە، یان بە مانایەکی دیکە زەمەن واقیعێکە بە چرکەسات ئابووقەدراوە و دەکەوێتە نێوان دوو عەدەمەوە. کەواتە زەمەن لە نوێوە دەژی، بەڵام بەر لەوە بژی، دەبێ بمرێ، چونکە ناتوانێ خۆی لە ساتێك بێ ساتێکی دیکە بگوازێتەوە، بێ ئەوەی ببێتە دەیموومە.*

لە رستەیەکی فەلسەفیدا باشلار دەڵێت: من هەموو شتێکم ونکردووە بێ ئەوەی هەموو شتێ بەدەستبهێنم. بەمجۆرە لای باشلار هونەر، دابڕان لەگەڵ بەردەوامی ژیانی ڕۆژانەی باو دروست دەکات. چونکە بەردەوامی ژیان نابەردەوامی لەدایکبوونە.* ئێمە لەو ساتەوەختەدا دەژین، هەر لەو حاڵەتەدا هەستدەکەین هەین، واتە لەو ساتەوەختە و بە هۆی ئەو چرکەساتەوە هەست بە بوونی خۆمان دەکەین. لە نێوان هەستکردن بە ئێستا و هەستکردن بە ژیان هاویەکییەکی (وەکیەکی) ڕەها هەیە. لێرە لە دیدی ژیانەوە دەتوانین هەوڵدەین بە هۆی ئێستاوە لە ڕابردوو بگەین، بەبێ ئەوەی بەردەوام هەوڵدەین بە هۆی ڕابردوو ڕاڤەی ئێستا بکەین.

زەمەن چییە؟ دەتوانم بڵێم لە کۆی گۆڕانەوەکانی (عەتا محەمەد)دا مرۆڤ لە چەندین وێنەدا بە زەمەنی ساتەوەختەوە دەلکێ، بەردەوام زەمەن بە کراوەیی بەجێدەهێڵێ، بەو مانایەش وێنەکانی عەتا محەمەد ناڕاستەوخۆ دەکەونە ساتەوەختەوە، لە ڕەمانی پاسەوانانی خودا-مۆزوویەکی تر بۆ بینینی خۆمان (لە ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەری ئەندێشە چ 2 ساڵی 2016 پێدراوە) وێنەکان بە دوای خەلق کردن و عەشق و عەدەمەوەن، کۆی ڕووداوەکانی ئەو ڕەمانە لە ساتەوەختێ لە دایك دەبن، کە دەیموومەی نییە، وەك چۆن هێل لە خاڵ پێکهاتووە، ئەو ڕەمانەش لە کەمەڵ ڕووداو پێکهاتووە. (هیچ ئەسڵەك بوونی نییە، ژیان بریتییە لە ژیانی وێنەکان… ئەوەی پێشیدەوترێت ڕۆح یان جەوهەری مرۆڤ، هیچ نییە جگە لە هەوڵێك بۆ دەربازکردنی مرۆڤ لەو

وێنە سەرەتایییەی درێژی و پانی و بەرزی، بێ ئەوەی رەهەندێکی تری بداتێ، کە قوڵاییە، بێ ئەوەی لە گیاندارەکانی تری جیا بکاتەوە. پاسەوانانی خودا ل153).

زەمەن چییە؟ دەتوانم بڵێم کاراکتەرەکانی پاسەوانانی خودا بەردەوام بایەخی کردەی ئاگایی لە ئەزموونی ساتەوەختیدا تێمار دەکەن، چونکە هیچ حەقیقەتێکی بەگەنەویست بەبێ ویست (ئیرادە) و بێ هەستکردن بوونی نییە، هەر ئەوە درێژ دەبێتەوە تا بێیار لە سەر کردە بدات. بەمجۆرە خودی گەڕەوەکانی عەتا محەمەد تەنها وەك بکەرێکی زەمەنی نەبێ، ناتوانن بڵێن هەین. زەمەنیش بوونەوەرە، چرکەساتە، جیابوونەوەیە، دابڕانە، داهێنان و خەلقکردن و عەشق و کردەی چوونە ژوورەوەی لەپڕە…

کەواتە زەمەنی گەڕانەوەی ئەو ڕەمانە دەلالەت لە جەوهەری گەڕاو، مرۆڤی خاوەن قاچ… دەکات، کاراکتەرەکان هەموو شتێکیان ونکردووە، بێ ئەوەی هەموو شتێ بەدەستبهێنن، بێیە قبوڵی دابەشبوون و بەش بەشبوون دەکەن، چونکە زەمەن بەیەکەوەلکاو نییە، بەکو بەیەکەوەنەلکاوە، بەو مانایەش وێنەی کاراکتەرەکانی ئەو ڕەمانە بە گەڕانەوەی زەمەن و جەوهەر و سەر… ناناسرێنەوە؟! پرسیار ئەوە نییە مرۆڤ وەك کۆپیکەری شتەکان، ئەو چیەکە خەیاڵیانە وەك سروشتێکی خولقێنەر یان دروستکەر بەرجەستە دەکات… قسە ئەوەیە کە زەمەنی سروشتی خولقێنەر کراوەیە و زەمەنی سروشتی دروستکەر داخراوە! بەو مانایەش زەمەنی داخراو وێنەی گەڕانەوەی زەمەن دەکۆشێ، زەمەنی کراوە وێنەی زەمەنی گەڕانەوە دەنەخشێنێ…

مرۆڤی دروستکەر هەر تەنها بە خاکەوە پەیوەستە، بەو شوێنەوە کە لێی لە دایکبووە، هەر تەنها بە نشتیمان، ڕەگەز، نەتەوە، ئایین، کلتور… پەیوەستە، سەرچاوەی جەوهەر نەگەڕێ مرۆڤی دروستکەرە… بەڵام کاراکتەرەکانی ڕەمانی پاسەوانانی خودا وەك مرۆڤی خولقێنەر پێیەکانیان ئامرازی بێینی ریگا دوورەکانە و هەنگاو دەنێن و سەری خۆیان هەدەگرن و لە ڕەگ و ریشە و ڕەچەڵەکی خۆیان هەدێن! مرۆڤی خولقێنەر دەستکاری بوونی خۆی دەکات، ناسنامەی خۆی دەگۆڕێت، سەرچاوانەش لە جەوهەری نەگەڕێ دەبێتەوە… ئەو دەڵێ من کێم؟ وێنەیەکێت، وەك من کە تەنها وێنەیەکم… پاسەوانانی خودا، ل206.

**مۆژووی فیکری پاسەوانانی خودا**

ڕەمانی پاسەوانانی خودا- مۆژووییەکی تر بێ بینینی خۆمان، لە

ڕەگـای زەمەنـەوە کـەمـەکـانـەوە بـابەت دەخـاتە ژێـر لـێکـۆڵـینـەوە و چارەسەرییەوە، وەك گیروگرفتەکانی ئازادی، پەیوەندی نێر و مێ، کێشەی یادەوەری، کێشەی مردن و بوون، کێشەی زمان… عەتا محەمەد پێیوایە مێژووی مرۆڤ وەك مێژووی ململانێی نێوان نێر و مێ خۆی دەنەخشێنێ! ئەو پێیوایە تەنانەت داگیرکردن و ئیمپریالییەت، ململانێی نێوان ڕەزهەڵات و ڕۆژئاوا، دەستگرتن بە سەر سامان و سواربوونی ئۆتۆمبیل و جنێودان و سیستمی زمان… لە مێژووی ململانێی نێوان نێر و مێدایە! ئەو دیدەی عەتا محەمەد بێ کێشەی ئافرەت و کێشەی بوون و مردن و کێشەی خەرهەڵات و خۆرئاوا، دروستکردن و خەلقکردن، عەشق و خۆشەویستی… و هەموو ئەو کێشە مرۆییانەی لە ڕەگای ئەفسانە و گێڕانەکانەوە بە ئێمە گەیشتوون… هەموو ئەو کێشە مرۆییانەی لە چیرۆك و ڕۆمانەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە، هەموو ئەو کێشە مرۆییانە بێ ململانێی نێوان نێر و مێ دەگەڕێتەوە، بڕوانە ل107.

ئەو بۆچوونەی عەتا محەمەد بێ مێژووی ململانێی مرۆڤایەتی لەو قسەیەی (جان بیار بریسە 1837-1923 زانای زمانەوانی فەرەنسی) نزیك دەبێتەوە، کە پێیوایە مێژووی مرۆڤایەتی لە ناوەڕۆکی زماندایە… بەڵام هەر تەنها لە وشەوە -word-ەوە نییە، بەڵکو لە جیهان -world- ەوەیە! وشە مێژووە، ئەو مێژووەش ڕەنگدانەوەی مێژووی بەدواداگەڕانە، وشە وەك زانستی ڕزمان لە ناو هەڵنجراوە، هیچ شتێکی نوێ و سەیری تێدا نییە… بە کورتی ڕەنگدانەوەی مێژووی مرۆڤایەتی ڕەنگدانەوەی زمانە لە جیهاندا… بڕوانە: عنف اللغه، جان جاك لوسیرکل، ترجمه وتقدیم/ د. محمد بدوی، المنظمه العربیه للترجمه، بیروت، گ2، 2006، ص133. 137. دەشێ ئەو تێوانینەی بریسە بە جۆرێ لە جۆرەکان پەیوەندی بە کتێبی (دی مایستر) ئۆگستینەوە هەبێت، کە بەگەی بوونی خودا بە زمانەوە پەیوەست دەکات و دەڵێت خودا لە دەروونی مرۆڤ دایە و لە ڕەگای زمانەوە دەردەکەوێت.
جوانی لە ناکامێدایە

ئێمە لە ناوەوەی خۆمانەوە جیهانێکمان ((world)) هەگرتووە، وەك چۆن لە جیهانێکدا (word) نیشتەجێین کە زمانە.* گێڕانەوە هەوڵێکە بۆ ئەوەی لە نێوان جیهان و زمان جۆرێك لە ئاوێتە بوون و هاوگونجان دروست بکات! هەر لەوێشەوە (خودی مرۆڤایەتی) پێگەیەکی سێنترالیانە لە کردەی گێڕانەوەدا وازی دەکات، وەك ریکۆر* دەڵێت:- ژیانی مرۆڤ چیرۆکێکە لە حاڵەتی لە دایکبووندا.*
تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانی پاسەوانانی خودا پەیوەندی بە زەمەنی

گۆڕانەوەوە هەیە، نەك گۆڕانەوەی زەمەن! دەمەوێ بڵێم زەمەنی گۆڕانەوە پەیوەندییەکی راستەوخۆی بە خەلق کردنەوە هەیە، بەڵام گۆڕانەوەی زەمەن بە دوای دروستکردندا دەڕوات، یەکەمیان دەکەوێتە نێو زمان و دووەمیان جیهان! زەمەنی گۆڕانەوە دەکەوێتە نێو زمان و گۆڕانەوەی زەمەن دەکەوێتە نێو جیهانەوە. خەلقکردن دەکەوێتە نێو زمان و دروستکردن دەکەوێتە نێو جیهان، عەشق دەکەوێتە نێو زمان و خۆشەویستی دەکەوێتە نێو جیهان، مێ دەکەوێتە نێو زمان و نێر دەکەوێتە نێو جیهان… جوانی زمانیش لە ناکامێیدایە، مرۆڤیش هەوڵدەدات هەمیشە جیهان جوانتر بکات، چیرۆك و کاراکتەرەکانی عەتا محەمەدیش لەو هاوگونجانە ناکەون ؟!

لێرەوە پرسیسەکردنی گۆڕانەوە دەکەوێتە دووتوێی ئەو ماوە شاراوەیەی، یان ئەو بۆشایی و خەیاڵەی، کە لە نێوان زمان و جیهاندا هەیە، ئەوەش واتە ئاشنابوونی خود (کە لەو ڕەمانەدا لە کاراکتەری سەرەکی ڕۆبواردا دەیبینینەوە) لەگەڵ جیهانی شتەکان و دیاردەکان لە ڕێگای پرسەی خەڵقکردنی مانا و دەلالەتەکانی ئەو دیاردانە و بردنیان بۆ بواری ئاگایی فەردی و پاشان ئاگایی دەستەجەمعییەوە! بەو مانایەش خودی گۆڕەوە لە میانی زەمەنی گۆڕانەوەدا بوونی هەنووکەیی خۆی بە مانا هایدیگەرییەکەی لە ڕێگای زمانەوە واڵا دەکاتەوە.*

**زەمەنی زمانەوانی**

ئەوانەی بە ئاڵاستەی (ڕەمانی نوێ) کاریان دەکرد, واتە (ڕۆب گرییە و میشیل بۆتۆر و ناتالی سارۆت و کلۆد سیمۆن و جان ریکاردۆ) پێشبینی و تیۆرەکانیان لە بارەی تەوزیفکردنی زەمەن, لە ئاماژەی زمانەوانی بە زەمەنەوە وەرگرتووە, وەك چۆن (لاینس) ڕوونی دەکاتەوە و دەڵێ: خەسڵەتی بنەڕەتی گوتەزای زەمەن خۆی لە پشت ساتەوەختی ڕووداو لە رستەدا دەبینرێتەوە, واتە لە (هەنوکەی) بەزاردا هاتندا خۆی هەڵدەگرێتەوە.

ڕەمانی پاسەوانانی خودا لە زەمەندا وازی دەکات، بۆیە ڕووداوەکانی قسە لە کۆشەکانی سەردەم دەکات، هەموو شتێکیان، هەموو کۆشەکانیان لە ئێستاوە نزیکە, ڕابردوو, داهاتوو هەر تەنها دەبنە کۆمەڵە لقێکی بەرهەمهاتووی ئەو زەمەنەی کە ساتەوەخت بەرهەمی هێناوە. لە ڕەمانی پاسەوانانی خودا (زەمەنی زمانەوانی) زەمەنێکە خۆی بە گوتنەوە پەیوەست دەکات, بەو مانایەش سێنتەری ئەو زەمەنە لە بەرهەمهێنانی گوتندایە. زەمەنی زمانەوانی کردە/ چالاکییە

(فعل/فعالیه: Acte). نەك كار) عمل: (Actio ئەوەی دووەمیان بەردەوامە و دەكەوێتە نێوان بۆیار و ئامانجی دەیموومەوە، چونكە كار هەر دەبێ سەرەتای هەبێ و هەر دەبێ وەك بنچینە رووداوی هەبێ. بەڵام كردە/ چالاكی ساتەوەختییە، جگە لە ئەبستراك هیچ واقعێكی نییە. كار بە پشتبەستن بە حاڵەتی چەسپاو نەبێ وێنا ناكرێت.* بەڵام كردە بەر لە هەموو شتێك بۆیارێكی راستەوخێی هەنووكەییە، پێشكەوتنێكی داهێنەرانەیە رووداوەكان فەرامێش دەكات.

كەواتە سەرچاوەی زەمەن ئێستایە و هەنووكەی زمانەوانیش بنەمای هەموو رووبەروو بوونەوەیەكی زەمەنی زمان لەخێ دەگرێ. زەمەنی زمانەوانی هەر یەك لە (رێبوار، نیان، سنور…) لە سەر ئەو بنەمایە بەردەوام لە بارەی ئێستا دەنووسن. بەو مانایەش ئیشكالیەتی گێانەوە لای عەتا محەمەد لە جەوهەردا ئیشكالیەتێكی زەمەنییە, ئیشكالیەتی زەمەنی وەك رووئمان كردەوە گێانەوە لە فرە زەمەنیدا هەدەگرێتەوە.

**مێژووی زەمەن/ مێژووی هەڵە**

بە گەیانەوەمان بۆ چیێكی ئادەم و حەوا، دەتوانین ئەو تایبەتمەندییەی مرۆڤ بدزینەوە، كە بوونەوەرێكی هەڵەكەرە، ل115. ئەو رستەیە مێژووی ململانێی هەڵە و راستی وێنا ناكات، بەڵكو هاوگونجانی زەمەن و زمان دەكێشێ، دەمەوێ بڵێم هەڵە پێیەكانی زمانە و سەری زمان دەكەوێتە نێو زەمەنەوە، بەڵام زمان و زەمەن بەیەكەوە نالكێن، زەمەن و زمان رووبەرووی یەك نابنەوە، بەڵكو زمان زەمەنی خێی رادەنێت، زەمەنیش زمانی خێی هەیە! بەو مانایەش بەردەوام (رێبوار) كاراكتەری سەرەكی رەمانی پاسەوانانی خودا وەكو زمان لە چاوەوانی خوێنەردایە، نەك وەك زەمەن! خوێنەریش دەسەاتی زمان لە شێوەی گێانەوە دەگرێ، دەسەاتی زەمەنیش لە شێوەی ساتەوەخت! كەواتە وەك چێن ناتوانین هەڵە بخەینە دەرەوەی زمانەوە، ناشتوانین كاراكتەرەكانی عەتا محەمەد بخەینە دەرەوەی زەمەنەوە.

كاراكتەرەكانی عەتا محەمەد (بە مانا لاكانییەكەی) دالی زمانن، زەمەنی گرانەوەش لە كارەكانی سەرگەورەی هەڵەن، زەمەنی گرانەوە لە رەمانی پاسەوانانی خودا هەڵە رێكدەخات، بەو مانایەش كاراكتەرەكانی عەتا محەمەد لە هەڵە دروست كراون، كەواتە كاری كاراكتەرەكان ئاگایانە نییە، وەك زەمەنی گرانەوە دەیكێشێ، بەڵكو لە خێوەیە و دەكەوێتە ژێر زمانەوە یان ملكەچی زمان دەبێ! هەموو ئەو قسانەش تەرجەمەكردنی جیاوازبینی نێوان (فرێید)* و (لاكان)* لە

بارەی سوبەکت و نەست لە لایەك و ئیگۆ و نەست لە لایەکی دیکەوە. هەموو ئەو جیاوازییانەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە لای فرۆید ئیگۆ سەرگەورەی نەستە و نەست ڕێکدەخات، نەستیش عەقڵ بەرەوە دەبات، کەچی لای لاکان زمان نەست بەرەوە دەبات و ئەوە زمانە قسان بە نەست دەکات.
بە کورتی عەتا محەمەد لە کێی کاراکانیدا بە دوای زماندا دەڕوا، بۆ ئەوەی زەمەن بۆ بەگە نەکەوێتەوە… گۆڕانەوە زمان بەرەوەی دەبات، بۆ ئەوەی کاراکتەرەکان ڕێکبخات! کەواتە مۆژووی لە دایکبوونی کاراکتەرەکانی عەتا محەمەد مۆژووی هەڵەکانی زمان دەگەیەنێت و دەکەوێتە نێو چرکەساتەوە.

**زەمەنی نێر یان مێ**

ئەگەر زەمەن بە ڕەگەزی مێ دابنێین، ئەو مانا ئایینییە زاڵ دەبێ، کە بە ڕەگەزی مێی دەفرۆشنەوە؟ ئایا سەرکەوتن نێر ە و دۆڕاندن مێ، ڕەشبینی نێرە و گەشبینی مێ، دۆزەخ/ ژیان، تاریکی/ ڕوناکی… ئایا لە هەموو ئەوانە دەبێ تێواینمان بۆ هەڵە بە نەگۆڕی بمێنێتەوە؟ ئەو هەموو تێگەیشتنانە لە بڕچوونی نێر و نێرسالاری هاتۆتە ئاراوە، کە پێیوایە ئافرەتان لەپاش پیاوانەوە دێن، چونکە وشەی (Female-مێنێ) لە وشەی (Male- مژکر) وەرگیراوە.. یان لە وشەی لاتینی (Femina) هەڵهێنجراوە، مانای وشەی (Femina)ەش بە (أدنی ایماناً) دێت!*
ئەو دوالیزمە هەر تەنها لە زماندا بەرجەستە نییە، خودا لە سەرەتادا ئادەمی دروست کردوە، کاتێك ئادەم لە تەنیایی خۆی وەس دەبێت، خودا لە پەراسووی چەپی ئادەم حەوا دروست دەکات… ئەوەش دواتر لە دەقە ئایینییەکان زۆر جوان ڕەنگی داوەتەوە. لە بەرانبەر ئەو بیرکردنەوەیە، فیکری مۆدێرنەیە بە شێوەیەکی گشتی پشتگیری بزاڤی ئافرەتانی کردووە، بۆ نموونە ئەگەر سەیری وشەی (woman – اِمرأە) بکەین، دەبینین لە دەستەواژەی (Woe to man- الویل للرجل) هەڵهێنجراوە.*
دەمەوێ بڕۆم ئەگەر دوێنێ گوتاری فیکری، بۆ تەماشاکردنی (جەستە) کەوتبێتە نێو سیستمی ئەخلاقییەوە، ئەوە ئەمڕۆ قسە لەوە دەکرێت، کە جەستە وەك شتێکی ماددی لە بنەڕەتدا لە هەموو بەها ئەخلاقییەکانەوە دوورە، نە پیرۆزە و نە پیس، بەڵکو ئەوە بەهای ئەخلاقییە خۆی بە جەستەوە هەواسیووە، بگومان ئەوەش بۆ سرووشتی کۆمەگا و ڕشنبیریی نێرایەتی باو دەگەڕێتەوە.

کەواتە دەبێ واز لەو حوکمانە بهێنین کە جەستە دەخەنە نێو جیهان و

بینین دەخەنە نێو جەستەوە، یان بە پێچەوانەوە، چونکە هەر یەك لە جیهان و جەستە بەنێویەکداچوونە، یەك لە نێو ئەویدیکەدا دەبینرێت.* بەو مانایەش وەك رەمانی پاسەوانانی خودا جەختی لێدەکاتەوە، ئەستەمە وێنای زەمەن بکرێ، بەوەی زەمەن نێرە یان مێیە... وەك چۆن ئەستەمە کە تەنها بێوامان بە یەك رووی مرۆڤ هەبێت... زەمەن لە هاوگونجانی هەردوو رەگەزەوەیە، مرۆڤ چەندان رووی جیاوازی هەیە، ئەو رەمانە پێمان دەڵێ زەمەن هەردوو رەگەزەکەی لە خۆیدا هەڵگرتووە، بەڵام سەردەمێ رووە نێرەکەی زاڵ دەبێ و سەردەمێکی دیکە بەشە مێیەکەی...

**زەمەنی خوێندنەوە**

بۆگومان زەمەنی گێڕانەوە, زەمەنی رووداوەکانی گێڕانەوەیە، کە لە پەیوەندی بە کەسێتیەکانەوە خۆی دەنوێنێ، بەڵام زەمەنی وەرگر (خوێندنەوە) واتە زەمەنی تەلەقیکردنی دەق لە خوێنەرەوەیە, زەمەنی وەرگر زەمەنی خوێندنەوەیە, ساتەوەختێکە لە هەموو زەمەنەکانی دیکە جیاواز دەکەوێتەوە, ئەوە جیاوازییە زەمەنی خوێندنەوە تەواو دەکات! بۆگومان بە لکاندنی (زەمەنی خوێندنەوە و زەمەنی خوێنەر) زەمەنی دەق- واتە زەمەنی دەلالی دێتە بەرهەم.
(تزیڤیتان تێدۆرف) زەمەنی نوسین (گوتن بە زار) و زەمەنی خوێندنەوە (درککردن)، لێکجیا دەکاتەوە، زەمەنی نوسین هەر لەو ساتەی کە زەمەن دەخرێتە دووتوێی گێڕانەوەوە، ئیتر زەمەنی نوسین دەبێتە رەگەزێکی ئەدەبی, واتە لەو کاتەی کە گێڕەوە قسەمان لە بارەی گێڕانەوەوە بێ دەکات! بەڵام زەمەنی خوێندنەوە, زەمەنێکی بێ رەنگدانەوەیە, زەمەنی خوێندنەوە درککردنمان بەرامبەر کەمەك دەق دیاری دەکات, بێ ئەوەی زەمەن وەك رەگەزێکی ئەدەبی لە ناو دەقدا دەربکەوێت، دەبێ دانەر لەناو گێڕانەوەدا حیسابی بێ بکات، لە بەرهەمەکەیدا بەرجەستەی بکات.
رەمانی پاسەوانانی خودا دەنگی ئەوانەیە کە دەنگیان نییە، رەمانی پاسەوانانی خودا تەعبیر لە جیهانێکی دابەشبوو دەکات, بەو مانایەی کە دابەشبوون مەرجی جێبەجێکردنی دنیابینییەکی جیاوازی لەخۆدا هەڵگرتووە, بەو مانایەی کە دابەشبوون ئازار بە دنیاوە دەچێژێ, هەرگیز رەمانوس بە یەك بۆچونی دیاریکراوەوە مەحکوم نییە, بەو مانایەش رەمانی پاسەوانانی خودا تەعبیرکردنێکی نادیار و فرە و کراوە و نیگەرانئامێزە... هەموو ئەو دابەشبوونانەش رۆڵی زەمەنی گوتار دەنوێنن...
زەمەنی گوتار زەمەنێکی خەتییە و رێکخستنێکی بەندە بە رێکخستنێکی بە

دوایەکدا هاتوو، کە یەکێك لە دوای ئەویدیکەوە دێت, بەڵام خۆنەر لە پێناو ئیستێتیکا و چێژ وەرگرتندا، پشت بە گێڕینی زەمەنەکان دەبەستێ، وەك چۆن لە پێناو گوتاردا پشت بە زەمەنی بە دوایەکداهاتوودا دەبەستێ، کەواتە لەو ئەو ڕەمانەدا خۆنەر لە پێناو دنیای جوانی و چێژ، لە پێناو فرە زەمەنیدا، دنیای پێناسە و حەقیقەت جێ دەهێڵێ… وەك چۆن لە پێناو دنیابینی سەردەم و پاش و پێش خستنی زنجیرەی ڕووداوەکاندا زەمەنی گوتارە جیاوازەکان بەیەکەوە دەلکێنێ…

-_____

**سەرچاوە و پەراوێزەکان:**

*- هنری برگسۆن لویس لە 18 ئۆکتۆبەری ساڵی 1859 لە(1859/10/18) پاریس- فەیەنسا لەدایکبووە ، لە 4 ینایری 1941 واتە لە(1941/01/04) (81 ساڵی) لە Paris, Franc پاریس- فەیەنسا کۆچی دوایی کردووە. لە ساڵی 1927 خەڵاتی نۆبلی ئەدەبی وەرگرتووە.
*- ئاینشتاین، ئەلبیر (1879-1955) فیزیایی ئەمریکی، لەدایکبووی ئەڵمانیا. بە یەکێك لە بەناوبانگترین زانایانی بواری زانستی تەواوی سەردەمەکان دێتە ژماردن. لە ساڵی 1933 بۆیاری دا حوکمی نازییەکان جێبهێڵێ و لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نیشتەجێ بێت. تیۆری ڕێژەیی داناوە. لە ساڵی 1921 خەڵاتی نۆبلی لە زانستی فیزیا بە دەست هێناوە.
*- (سانت ئۆگستین saint Augstine) لە جیهانی فرە کلتووری ئیمپراتۆری ڕۆمانی لە دایکێکی باوەڕ مەسیحی و باوکێکی بێ باوەڕ لە ئەفریقیای سەروو، شاری تاگاستە (Thagate) واتە (ئەهراس)ی جەزائیری ئێستا چاوی بە دنیا هەڵناوە. زمانی فینیقی زانیووە و ئاشنایی بیرۆای سامییەکان بووە، لە (9) ساڵان پەیەوی ئایینی (مانەوی) کردووە و هەر لەو ڕۆگایەشەوە کلتور و شارستانیەتی ئۆرانی کۆنی ناس کردووە، ئەدەبیاتی یۆنانی و ڕۆمانی خوێندۆتەوە و شارەزایی لە بەرهەمە شیعرییەکانی (فێرجیل) هەبووە، لە تەمەنی (30) ساڵیدا هەر لە شاری (تاگاستە) دەبێتە مامۆستای ڕەوانبێژی، بەڵام دواتر ئەو پیشەیە واز لێدەهێنێ و لە سەر دەستی (ئەمیرزا) لە تەمەنی (32) ساڵی واتە 387ز باوەڕ بە ئایینی مەسیحی دەهێنێ، چونکە پێیوایە هونەری ڕەوانبێژی بە ماناکانی ڕاستی ناگەیەنێت، ئەویش لەوەوە کە ئەفلاتوون دەڵێت هونەری ڕەوانبێژی ڕاستی پێچەوانە دەکاتەوە و دەیشێوێنێ و ناتوانێ بە یەقینمان بگەیەنێت. هەبەتە کۆی ئەو قسانەی ئەفلاتوون بە دژی سۆفیستەکان دەکەوێتەوە. ئۆگستین

لە ساڵی 395ز بە پلەی (ئەسقەف) دەگات. لە تەمەنی (76) ساڵیدا واتە ساڵی 430ز کۆچی دوایی دەکات.
*- گاستۆن باشلار، حدس اللحقه، ترجمه، رچا عزوز و عبدالعزیز زمزم، بغـــداد، گ 1، 1989، ص 81. – [illegible] *27/6/1884* [illegible] *(*[illegible] [illegible] *(*[illegible] [illegible] *1962* [illegible] *16* [illegible] *1962* [illegible] *(*[illegible] *(*[illegible] *(*[illegible] [illegible] *1992* [illegible] *.38* *(*[illegible] [illegible] *Siloce* [illegible] *saidboukhlet@hotmail.com* [illegible] –جاستون باشلار، حدس اللحقه، ترجمه، رچا عزوز و عبدالعزیز زمزم، بغداد، گ 1، 1989، ص 22.
-* ه.س.پ. ل114.
*- پۆل ریکۆر لە 27ی شوباتی ساڵی 1913 لە شاری "فالنس"ی فەرەنسی لەدایك بووە، لە دوای شەش مانگ دایکی کۆچی دوایی کردووە، بەڵام باوکی کە مامۆستای زمانی ئینگلیزی بوو لە ساڵی 1915 لە بەرەکانی جەنگی جیهانی یەکەم کوژراوە، بۆیە ئەرکی بەخێوکردنی خۆی خوشکەکەی دەکەوێتە ئەستۆی مامییەوە. خوێندنی دواناوەندی لە "رین" تەواو کردووە، پاشان چێتە زانکۆو بەوانامەی ماجستێری لە فەلسەفە بەدەست هێناوە، ئینجا چووە بۆ زانکۆی "سۆربۆن" لە پاریس و لەوێ نیشتەجێ بووە. بۆ زێتر شارەزایی بۆِوانە: بول ریکور، فلسەفە الارادە، الانسان الخگّاو، ترجمه: عدنان نجیب الدین، دار البیچاو-المغرب،گ1 2003، مقدمه.
*- جاستون باشلار، حدس اللحقه، ص29.
– [illegible] *(Freud Sigmund (1856_1939* [illegible] [illegible] [illegible] *.(Psychoanalysis)* —— ژاك لاکان لە 13ی ئەپریلی 1901 لە فەرەنسا شاری پاریس لە دایکبووە و لە 9ی سپتەمبەری 1981 لە تەمەنی 80 ساڵی هەر لە پاریس بە نەخۆشی سەرەتانی قوڵان کۆچی دوایی کردووە.
*- بۆ زێتر شارەزایی بۆوانە (جان جاك لوسیرکل، عنف اللغه، ترجمه و تقدیم: د. محمد بدوی، النقمه العربیه للترجمه، بیروت-لبنان، گ2

2006، ص100-101.
*- ه.س.پ. ل101.
*- بونتی، موریس میرلو ، المرئی واللامرئی ، ت. د. سعاد محمد خچر، دار الشؤون الپقافیه العامه ، بغداد ، 1987 ، ص126.

---

# لەپەراوێزی نمایشی شانۆیی کۆشەکانی ژیانی هاوسەری ... بازخەمجەزا

**ناوی نمایش / کۆشەکانی ژیانی هاوسەری**
**نووسینی / ئێریك ئیمانوئێل شمیت**
**وەرگێڕانی / مەریوان هەڵەبجەیی**
**سینۆگرافیاو دەرهێنان / جەبار محەمەد**
**نواندنی / شایی نەجار ، زمناکۆ کەریم**

نەریتم نییە لەبارەی هەموو بەرهەمێکی شانۆییەوە بنووسم یان قسەی لەبارەوە بکەم ، بەڵام لەبەرئەوەی هەندێك بەرهەم کەزیندوون یان قسە کردن دەربارەیان قورس و زەحمەتە ، دەبینین بۆدەنگی لێدەکرێت یان زۆرکیش لەو باسانە دەچنە خانەی ڕوپامایی و پیا هەڵدان وە یان پیا هەڵشاخان ..بەهەرحاڵ من لێرەدا وەکو بینەرێکی شانۆ سەرنجی خۆم دەربارەی ئەو بەرهەمە دەخەمە ڕوو کە بەباوەڕی من بەرهەمێکە شایستەی ئەوەیە قسەی جددی تر و زیاتری لەبارەوە بکرێت بۆئەم بۆنەیەو لێرەدا من تەنها بەم جۆرە دەدوێم .
گرنگترین شت بۆتێگەیشتن لە شانۆ کارکردنە لەناوسیستەم و بەرنامەیەکی تونڊ وتڵ و بووننی پێشینەی تیۆری و مەعریفیە دەربارەی بەرهەمەکە ، بەکورتی : شانۆ لەڕووی تیۆریەوە لە دوو شەق پێکدێت و لە دوو هێڵی گشتیدا بەیان دەبڕێت : "هونەری ژیانکردن و هونەری نمایشکردن " دواتر ئەمانەش ورد دەبنەوە بۆئاستەکانی خوارەوە و قوتابخانەو میتۆدی هەمە جۆری جیاوازی یان لێ دەبڕێتەوە .. بەهەرحاڵ کاتێك بەرهەمێکی شانۆی دەکەوێتە دەرەوەی ئەم دوهێڵە تەریب و جیاوازە مل ملانێی فیکری و فەلسەفی دروستدەکەن

وەنگ دەدەنەوە لەتەواوی نمایشی شانۆییدا و دەچنە ناو ستیل و شۆوازەکانی کارکردنەوە ..

دەمەوێت بڵێم : ئەمە کاتێك دەتوانین ، شانۆ لەووی کەلتوریەوە بخوێنینەوە کە توانیبێتمان چێژ و مەعریفەی هەمەجۆرو جیاواز بەرهەم بهێنین نەك لەدۆخێکدا زۆرێك لەبەرهەمەکان هاوچەشن بن و لەیەك بچن و فرەجۆر نەبن ، ئەوکاتە لە گرنگی خوێندنەوە ی بەرهەمەکان تێدەگەین ، جاگرنگ نیە لەووی تیۆریەوە بروامان بەچیەو چۆن کاری تێدادەکەین !! واتە ناکرێت بەرهەمەکان بە یەك جۆر و بەیەك شێوە بخوێنینەوەو لێکبدەینەوە بەئەندازەی پێویستی و شێوازی ئەوەی کاری تێدا کراوە نەك ئەمە چۆن تێدەگەین وچی دەکەین ؟
ئیریك ئیمانوئیل شمیت : نووسەری (کێشەکانی ژیانی هاوسەری)لەدایکبووی 28ی مارس 1960 ڕۆمانووس وشانۆنامە نووس و دەرهێنەرێکی فەرەنسی بەهۆچەك بەلجیکیە چەندین بەرهەمی جیهانی هەیە ناسراوترینیان : " مسیۆ ئیبراهیم و گوڵەکانی قورئان " و شانۆنامەی :" دانپێدانە کانی ژن و مێردێك "(1) و ئەم دەقەی کە ئەم ستافە کاریان لەسەر کردووە سەربە قوتابخانەی "تەعبیری " یەو لەووی تیۆریەوە سەربە قوتابخانەی " ژیانیە" و توانیویەتی سیستم و نۆرمی دیاریکراوی خۆی هەبێت و بەشێوەیەکی سایکۆلۆژی کاری تیاکراوە و لێرەدا خوێندنەوەیەکی پانۆرامی بنمایش دەکەم لەسەر چەند ئاستێك بەم جۆرەی لای خوارەوە :

**دەق و نووسەر سینۆگرافیا نواندن دەرهێنان**

قسەکردن لەسەر بەرهەمێکی شانۆیی لە ڕووی تیۆری و زانستیەوە، پێویستە لە دەقی شانۆنامەکەوە بێت چونکە بنچینەی بەرهەمەکە پێکدێنێت و دەیکات بەبەرهەمێکی سەرکەوتوو هونەری یان بەرهەمێکی لاواز و نا هونەری بۆئەوەی بەوردی لەو پرسەیە بکۆڵینەوە لەنمایشەکەدا دووئاست دیاری دەکەم کە پەیوەست بەم قسەکردنە پەنا بۆدەقی نمایش دەبەم نەك دەقەکانی تر کەئەوانیش بریتیتن لە : یەکەم /ناسینی نووسەر دووەم / دەق لەنمایشدا چونکە شۆوزاو جۆری مامەڵەکەمان بۆدەستنیشان دەکات واتە کە زانیمان نووسەر چۆن هاتۆتە ناو نمایش بگومان کارئاسانی مان بۆدەکات تاپێگەی نووسەر بدۆزینەوە لەنمایشدا کە بەپێی سیستمی ئەم بەرهەمە بەم جۆرە دەیخوێنمەوە :

- دەق و نووسەر لەنماشی شانۆیی : (کێشەکانی ژیانی هاوسەری) دا :

ناسینی باکگراوندی نووسەر : بریتیەلە قوتابخانەی تەعبیری و کاریگەری ( فەلسەفەی کانت) چۆن ؟ گەرکەمێك بابەتەکە سادەو ڕونتر بکەمەوە کەدەڵێن کاریگەری قوتابخانەی تەعبیری واتە لەڕووی ئەدەبی و هونەریەوە دەکەوێتە کۆی ئەم دەقە نمایشکراوەوە یان چۆن تەعبیری لێکراوە ؟ لەڕووی فەلسەفەی کانت زیاتر لەڕووئیای هاوبەشدا بەدیاردەکەوێت کەروئیای ئەم بەرهەمە بریتیەلە بوونی : ( بیری فەلسەفی و بیری سەرەکی و بینای درامی ) کەبەشێوەی جۆراو جۆر بەیان کراون . تەعبیریەت چیە؟ و چۆن هاتە ناو پرسەکەوە؟
( تەعبیریەت غەریبایەتی مرۆڤ لەجیهانی سەرمایەداریدا دەردەبڕێت . ئەومرۆڤەی لەناو هەزاراندا دەژیا بەڵام غەریبە لێیان … زۆری خەڵك و جەنجاڵی شار ، پتر نامۆیی دەسکێنێت .. مرۆڤیش دەبێتە بەشێشتێك لەشتەکان ، تەنانەت بۆ هێزترینی شتەکانیش ) (2)گەر لەوچەند ستەیە ورد بینەوە هەردووکارەکتەری ژن و پیاو لەم دەقەدا غەریبیان بەیەکتر لە ئاستێکدایە کە مرۆڤ سەری دە سوڕمێت لەو پەیوەندیە تاڕادەی زۆربەی کات دەکەوێتە گومانی ئەوەی بەڕاستی ئەم دوانە چی یەکترن ؟ لەناو خەڵکی زۆرەوە بۆ گۆشەی ماڵێك و لەوێشەوە بۆخواردنەوەی مەی و تەنانەت یەکتر بەکارهێنانیش بۆ ئەوەی بۆوا بەیەکتری بهێنن ئەمە ئەو دۆزەیەکە ئیبازی نووسەر لەئەدەبدا دەکاتە ئامادەبوویەکی گرنگ و کاریگەرو بەجۆرێك هەست نەکەین نووسەر لەنمایشدا بوونی نییە .

- کە باس لە ڕوئیاش دەکەین بۆهەرسێ دێخەکە بەبێ تێگەیشتن لە فەلسەفەی کانت کەمێك بابەتەکە ئاڵۆز دەکات ئەوەی من مەبەستمە لێرەدا بیڵێم بەهیچ جۆرێك قسەکردن نیە لەفەلسەفەی کانت بە ئەندازەی ئەوکاریگەریانەیە کەلەدەقدا بەدی دەکرێت بۆنمونە : (کانت لەبابەتەوە دەست پێدەکات و ئاوەز دەکات بە پێوەر بۆ توانای هەستەنگاندن و حوکمدان ئەوجا ویست و توانای تاکەکەس بۆ تێگەیشتن و خەمڵاندن ، دواتر هەبژاردن و بیاردان (3)گەرلەم تێگەیشتنەوە بۆوانینە باسەکە دەبینین لەناو بازنەی ناسینی نووسەردا بەتەواوی لەهەریەکە لە کارەکتەرەکانی (ژن وپیاو ) دابەدی دەکرێن و هەمووئەوەی کەباسم کرد دەی سەلمێنێت کە دەقی نمایش لەسنوری بازنەی نووسەردا و لەفەلەکی نووسەر دوورنەکەوتێتەوە .

سینۆگرافیای نمایشی شانۆیی : (کۆشەکانی ژیانی هاوسەری):

- نەخشەی هونەری یان تەقنی (4)بەکوردی دیمەنسازی، سینۆگرافیا بە ئینگلیزی – Scenography

مەبەست لە هەموو بەشکانی پێکهاتەی دیمەنێکی شانۆیە هەرلە "دیکۆر ، رووناکی ، ئارایشت ، جل وبەرگ ، ئێکسسوار، موزیك وهتد " گەرتەماشا بکەین ئەم بەرهەمە بەشی زۆری پێکهاتەکان لە ناو دیکۆردا بەدی دەکرا لەگەڵ ئێکسسوارات وکەل و پەلەکانی تر و بەشێوەیکی کەمتر بووناکی و کەمتریش بە موزیك و جل و بەرگ و ئارایشت و هتد سادەو ساکار بووك وەکو ئەوەی لەژیانی ئاسایی و کەتوار –واقع- یدا هەیە وبێگومان من وەکو وەرگرێك هەستم کرد ئەوە بووك ئەکاردانەوەیەکەلە ئەنجامی ژیانی رۆژانەوە بەدەست دێت و هەستم نەکرد شتێکی تر هەبێت کە زەرور بێت لەنمایشەکەدا و زیانێکی بەکەش و بارودۆخە دەرونیەکە گەیان بێت هەر لە مزاج و بیرو بۆچونی کەسەکان و سروشتی ئەم ماڵە و هەواسین و شێوازی دانانی تابلۆکان و پەرت و بڵاویەکەی و کۆکردنەوە و کتێبخانەو پەردەو هتد کە بەبۆچوونی من ئەو پەرتەوازەیی و نارێکیە دەگەیتەوە بۆئەو ژینگەیەی پێشووی ئەوماڵە کەبەو جۆرە بەجێیان هێشتووەو چونەتە دەرەوەو لەگەڵانەوەیاندا هەوڵی یەکخستنەوەی دەدەن بەگشتی پێم خۆشە لەسەردوو ئاست سینۆگرافیا بخوێنمەوە .

سینۆگرافیای نمایشی شانۆیی : (کێشەکانی ژیانی هاوسەری):

تەعبیریەت : هەموو ئەو مانیفێستوو بەرنامە تیئۆریانەی لەتەعبیریەتەوە دەرچوون هاوبەشن : لەوانگە هەمەلایی یەکەیان بۆئادەمیزادی خاوەن رۆح و لەش و دەروون و هەست لەیەکتدا … لەبەر ئەمە هەر لە سەرەتاوە بەرهەستی ئەوتە فۆرمالیست و ئیستاتیکی یە پەتیانەیان کردن کەتەنها بۆ بەدی هێنانی فۆرمی تەواو(…) ئازادکردنی واقیع لە چوارچێوەکانی ، ئازاد کردنی ئێمە لەواقع وەتێپەکردنی نەك بە پەنا بەر ئامێازە تایبەتی یەکانی (5) ئەمەش بەونی لە سینۆگرافیای نمایشی شانۆیی کێشەکانی ژیانی هاوسەری دا بینراون و هەستم پێکردوون .

سایکۆلۆجیا

بەلای یەنگەوە کاری هونەری دیاردەیەکی سایکۆلۆژی ، رەنگە زۆر هۆی کەسی و هۆگەزی بۆ ئاگایی ووون بکاتەوە (…) قوتابخانەی فرۆید، هەموو هونەرمەندان بە(نەرجسی) دادەنا ، واتە پێگەیشتنی سایکۆلۆژیان تەواو نەبووە (7) ئەمە دەمانبات بەرەو ئەوەی خوێندنەوە بۆ بارستەو هێنگ و شێوازی دانان وپەرت و بڵاوی ئەو سینۆگرافیایەو دواتر هەوڵدان بۆ بووکخستنەوەی ئەو شپرزەی و

دەخەسایکەلەجیەی بەتایبەتی لە تابلۆکاندا تەواو کەشکی دەروونی هەموارکراوی هونەریمان پێدەبەخشن و دەخی مزاجی بۆ نمایشەکە ئادەگرت و یارمەتیدەرێکی باشی بەهامیزاجی و دەروونیەکانی نمایش بوو .

نواندن لە نمایشی شانۆیی : (کێشەکانی ژیانی هاوسەری):
یەکێك لەتوخمە جددی و کاریگەرەکانی نمایش بریتی بوو لەو نواندنە قوڵ و سایکەلۆژیەی هەریەك لەئەکتەرە بەشداربووەکانی نمایش کەلەووی ڕیتم و دەنگ و جەستە وتەکنیکی نواندنەوە لەئاستێکی باڵاو بەرزدا دەبینرا بەجۆرێك کرداڕەکان هەستێکی قوڵ و ناوەکی و جوانیان پێشکەش دەکرد دەتوانم بەم هێلکاریە نمایشەکە لەووی نواندنەوە بخوێنمەوە :
کردار + هەست) بە یارمەتی سایکەلۆژیا (نواندن + ئیستاتیکا ) )
کرداڕەکانی نواندن لەناوەوە بەدەرەوەو نەرم و ناسك و هەندێکجار تووندو پێبەجۆرێك من وەك بینەرێك هەستم نەدەکرد ئەوە نواندنە بەکو دیالۆگ وتنەکان و ددان پێدانان و دەرچەی پیتەکان و هێزی دەنگی ئەکتەرەکان لە ووی چینەکانی دەنگ و دروست بەکارهێنانیان وای دەکرد زیاتر چۆڕ لەو شوازە پێشکەشکردنەوەربگرم ، بەئادەیەك هەندێك جار ئەوەندە تێکەڵ بەنمایش دەبووم بەدیار ئەو دەخە سایکەلۆژیەوە خەنی و ئاسوودەبم کە نواندێکی ئاستگیانەو ئیستاتیکی و پڕلە چۆژبوو بۆ من .
دەرهێنان لەنمایشی شانۆیی ( کێشەکانی ژیانی هاوسەری):
ئەگەر چی بنەما سەرەکیەکانی کاری دەرهێنان لەم نمایشەدا بوونیان هەبوو بەڵام لەئاستیدا وەکو کاری دەرهێنەر ودەرهێنان وون بوو بەئادەی ئەوەی نمایشەکە کەوتبووە سەرپێکهاتەکانی تری نمایش بەنمونە : ( پێکهاتن و تصویرو ئیقاع و پانتۆو جولَە ) وەربگرین دەبینین وەك هەگەزێك کاری وردی تیانەکرابوو ئەوەی تری کەهەبوو لە ڕێی سینۆگرافیاو نواندنەوە بەرجەستە دەبوو نەك وەك پسپۆیەك کەلەئاستیدا بۆی هەبوو چەند ڕیسکێك –مجازفە- یەکی هونەری بکردبایە لە بەرکارهێنانی جوگرافیاو پانتایی نمایش و ڕێتمی نمایشەکەدا بەڵام بەگشتی وەك نمایشێکی هونەری شایستەو سەنگین بووکە دەکرێت مرۆڤ بەو جۆرە بەرهەمانە ئاسودە بێت .
لەکۆتاییدا دەمەوێت بڵێم ئەم سەرنجانەی من تەنها وەکو بینەرێکی ئاسایی و ستادەی شانۆ وەربگرن ، لەبەر گرنگی بەرهەمەکە بەشایستەی قسەکردنم زانی و ئومێدی بەردەوامی وکاری زیاتر بۆستافی نمایش و سوپاس بۆئەوەی کەچۆژو هونەریان پێداین .

سەرچاوەکان :

(1
https://ar.wikipedia.org/wiki/%D8%A5%D8%B1%D9%8A%D9%83_%D8%A5%D9%8A%D9%85%D8%A7%D9%86%D9%88%D9%8A%D9%84_%D8%B4%D9%85%D9%8A%D8%AA
2)کەمال میراودەلی ، فەلسەفەی جوانی وهونەر (ئیستاتیکا) لەباوکراوەکانی زانکۆی سلێمانی ساڵی 1979 3) کەریم مستەفا ، فەلسەفە بەمندالان P4Cزنجیری کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ،کتێبی سەردەم ژمارە(583) ل45 4)
https://ar.wikipedia.org/wiki/%D8%B3%D9%8A%D9%86%D9%88%D8%BA%D8%B1%D8%A7%D9%81%D9%8A%D8%A7
5) کەمال میراودەلی ، فەلسەفەی جوانی وهونەر (ئیستاتیکا) لەباوکراوەکانی زانکۆی سلێمانی ساڵی 1979 6) هەمان سەرچاوە ل329

---

# دەرسەکانی ناڕازایەتی سودان و جەزائیر … نوری بەشیر

پێشڕەوەکان و لاوازیەکان

ناڕازایەتی و خرۆشانە جەماوەریەکان لە هەردوو وڵاتی سودان و جەزایر لەگەڵەک ڕووە لەکچونیان هەیە، چ لە ناڕازایەتی و داواکاریەکانیان چ لە چوونە پێشەوە بەردوامی بوونداو چ لە زوعف و ناڕۆشنیکاندا.

ئەم وڵاتانە وەک دوو لە وڵاتانی سەرمایەداری و کۆمەڵگەی چینایەتی کە دەسەڵاتی دیکتاتۆرو عەسکەرتاریەتی بوتەفلیقەو عومەر حەسەن بەشیر کە هەر یەکەیان بە چەند دەیە دەسەڵاتدار بوون و سەرچاوەی نەهامەتیەکان بوون کە کۆمەڵگەیان نوقمی سەرکوتی سیاسی و بێکاری و برسیەتی و کوشتار کردووە، بەڵێ ناڕازایەتیەکان ڕاستەوخۆ لەخوارەوەی کۆمەڵگەوە لەبەرامبەر دەسەڵاتکی سەرکوت و تاڵانکاری عەسکەریدایە و داواکاریەکان بە نان و ئازادیە.

پێشڕەوەکان لە ناڕازایەتیەکانی ئەم دوو وڵاتدا

خاڵی بەرجەستەی ئەم ناڕازایەتیانە بەردەوامیەتی لەدوای دەست

لەکارکەشانەوەی هەریەک لە عەبدولعەزیز بوتەفلیقەو عومەر حەسەن بەشیردا، لەوەش واوەتر داواکاری دەست لەکارکەشانەوەو زیندانکردن و دادگاییکردنی هەموو کەسایەتیەکانی سەر بەو دوو دیکتاتۆرانەن کە ئێستا دەیانەوێت ببنە جێگرەوەیان، وەک ئەوەی لە جەزایر دژی دەسەڵاتی عەبدولقادر بن ساڵحن کە سەرکەی ئەنجومەنی گەل دەڵێت تا ماوەی ٩٠ رۆژ بەشەوەی کاتی بکرێتە سەرکەی وەزات، بەڵام خەپیشاندەران کە داوای ئاوگۆڕی ریشەیی دەکەن و دەڵێن ناوبراو دەستوپەوەندی رژێمەکەی بوتەفلیقەیەو دەڵێن دەبێت بڕوات.
بەهەمانشێوە لەسودانیش بەدوای ئەوەی دەست لەکارکەشانەوەی عومەر بەشیرداو وەرگرتنی پێستی سەرکەی ئەنجوومەنی سەربازی لەلایەن عەوەز بن عەوفەوە، ناڕەزایەتیەکان دانیشتووانی سودانی گرتەوە کە بن عەوف رەمزی دەسەڵاتی عومەر حەسەن بەشیرەو دەبێت لاچێت و وەک ئەو دەبێت زیندان و دادگایی بکرێت، بەیە هەر بەزووی پاش رۆژێک لە سویند خواردن دەستی لەکار کەشایەوەو ئێستا کەسێکی تریان داناوە بەناوی فەریقی یەکەم "عبدولفتاح البرهان" کە کەمێک وەعدەو بەڵێنی داوە، بەڵام خەپیشاندەران بەردەوامن و داوای دەسەڵاتی مەدەنی دەکەن .
خاڵیکی پرشنگدار لە ناڕەزایەتیەکانی ئەم دوو وڵاتەدا بەشداریکردنی ژنان و لاوان و زەربەی جەماوەری چەوساوەو کەمدەرامەتی کەمگەیە، هەروەها لەسودان بەشداریکردنی حزبی شیوعی سودانێ "بەجیا لەوەی من هەر تێبینیەکم لەسەر ئەم حزبە هەبێت، بەشداریکردنیان لەناو ئەو هەزگەلە قەومی ئیسلامیانەدا لەپاڵ ژنان و لاوانداگرنگە" لە ناڕەزایەتیەکاندا کە داواکاری ئاوگۆڕی ریشەیی و حوکمی مەدەنی دەکەن لە وڵاتدا.
لاوازیەکانی ئەم ناڕەزایەتیانەی سودان و جەزائیر
ناڕەزایەتی و داواکاری سودان و جەزائیر، هەروەک ناڕەزایەتیەکانی عێراق، کوردستان، ئێران و زەریک لە وڵاتەکانی تر دژی دەسەڵاتدارانەکی سەرکوت و مافیاو عەسکەرتاریەت و میلشیایی و بنەماڵەییەو بە داواکاری نان و ئازادی و خۆشگوزەرانیە.

ئەوەی ناڕەزایەتی ئەم دوو وڵاتە لە خرۆشان و ناڕەزایەتیەکانی وڵاتانی تونس و میسرو لیبیا و یەمەن و سوریا جیادەکاتەوە ئەویە، کە داواکاری رۆشتنی هەموو… دەستوپەوەندەکانی دەسەڵاتەو لە جێگەیدا داوای دەسەڵاتێکی مەدەنی دەکەن، بەڵام هەموو ئەو رووداوانەو، بەم رووداوە تازانەشەوە ناڕەشنیەک هەیە کە دەیانەوێت دەسەڵات بەوخەنن، بەڵام بەدیلێکی چینایەتیان نیە کە بە قازانجی زەربەی خەڵکی بەشمەینەت بێت کە هاتوونەتە مەیدان.

لەبەرئەوەی بەرژوەندی لەهیچ وەختێکدا تەنیا نییە، رەشتی ئەو سەرکەوتنانەی ئابووری کە چەندین دەیە دەستەبژێری گەندەڵ و دکتاتۆریان هەبوو دەکەنە قوربانی کە نوێنەرکەیان عومەر حسن بەشیرو بەتەفلیقە بوو، بەڵام سیستەم و دەستەبژێک کە بەرژەوەندی هەمووان دەپارێزێت دەستبەرداری نابن.
بەتەفلیقە نەک تەنیا کەیسی کوشتاری ناوخۆی جەزایری هەیە، بەڵکو کەیسی گەندەڵبوونێشی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێستا دەیانەوێت وەک ئەوکاتی علی عبدوڵا سالح و بەشار ئەسەد بیپارێزن و زەمانەتیان بە شەوێک بە بکەن هەتا ئەگەر ئەمانەش بکەنە قوربانی و لەدەستەبژێر لایان بەرن ئەوە دەستەبژێرێکی خزانی بەرژوازی دەپارێزن و نایانەوێت دەستەبژێرێکی دەست خەڵک و نوێنەری خەڵك.

بە عومەر بەشیریش بەهەمانشێوەیەو لە ژێر دەستەبژێری خیانەتدا هەشتیانەتەوەو دیانەوێت فریوکارێک بکەن، لە کەیسی ناوخۆو دەرکی تاوانکارانی دەربازی بکەن لەدادگایی و هەم بەشەک لەدەستوپێوەندی بهێنەوە بە پارێزگاری لە ستەم و دەستەبژێری بەرژوازی سودانی و سەرمایەدارانی ناوخۆو دەرەوە.
ناڕەزایەتیکانی کوردستان لە ٢٠١١ دا هەمان نموونەیکی تری لەناوچەکەدا بە رزگارکردنی دەستەبژێر و خزانی بەرژوازی کوردی کە ئێپزسیۆنی بەرژوازی گەندەڵ توانی پێی هەستێت، باشترین ناڕەزایەتی لەم سالانەی رابردوودا کە وەک تەجروبەیەک سەیری بکرێت ناڕەزایەتیکانی کرێکارانی حەوت تەپەی ئێران، بەڵام لەبەر سەراسەری نەبوونەوەی ئەم ناڕەزایەتیانە بەرژوازی جمهوری ئیسلامی ئێران بە فریوکاری و سەرکوت و زیندان پاشکەشێیکی بەسەردا سەپاندوون.

نەبوونی بەدیلی دەستەبژێری شورایی لە ناڕەزایەتیکانی سودان و جەزایردا !
ئەم ناڕەزایەتیانە راستەوخۆ داواکاری خواستی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش و ژنان و لاوانی کەمگەیەو دیانەوێت دەستەبژێری سەربازی و سەرکوت و دیکتاتۆری بڕوات و لە جگەیدا دەستەبژێری مەدەنی بێتە سەرکار، بەڵام ئەمە هەموو خواست و دواکاریکانی خەڵک ناهێنێتەدی، لەبەر ئەوەی هەر لەسەرتاوە دیانەوێت دەستەبژێر بڕوخێن و بەڵام بەدیلکی جیاوازیان نییە لە جگەیدا.
لە زەرەک لەوەتانی دنیادا دەستەبژێر مەدەنیە، هەتا لە ئەورووپادا زەرەک لەمافە مەدەنیەکان پارێزراوە، بەڵام دەستەبژێر سەرمایەدارێو لەبەرژەوەندیکانی چینی بەرژوازی سەرمایەداران دەستەبژێر دەکەن و

پەیوەندی وەاتانیش لەسەر ئەمە دادەمەزرێنن.

بەیە ئەم خەپیشاندانانەی ئێستای سودان و جەزایریش لە غیابی دەسەڵاتی شورایی و جەماوەریدا، لە غیابی چینی کرێکارو حزبی چینایەتی کرێکاری و کۆمۆنیستی کە نوێنرایەتی بەرژەوەندیەکانی ژنان و لاوان و کەمدەرامەتی کۆمەڵگە بکات، لە ناو زەلکاوی وەاتانی کۆنەپەرستی ناوچەکەو جەنگی ترسناکی لیبیاو دەسەڵاتی سەربازی و ئیسلامی و قەومی ناوچەکە و زەرەک وەاتانی تردا بەبە بەدیلی چینایەتی و گرتندەستی دەسەڵات لەرگای شوراکانی خەڵکەوەو لەناوبردنی سەرجەم دەسەڵاتی دیکتاتاری وعەسکەرتاریەت و میلیشیایان، ئەوا لەباشترین حاڵەتدا چەند ریفەرمێکی بەرژوازی بە پاشکۆی بەناڵەزایەتی و داواکاریەکان سەرەنجام خەڵک رەوانەی ماڵەوە دەکەن و جارێکی تر دەسەڵاتی بنەماڵەی بەرژوازی بەشەویەکی ترو رەنگێکی ترەو شەخسێکی تر بە سەرکایەتی بەردەوامی بەدەسەڵات دەدەن.

ناوەڕاستی ئەپریلی ۲۰۱۹

---

# ئایا مەسرور بارزانی هەڵکانی نێچیرڤان بارزانی دوبارە دەکاتەوە ؟ … عەبدولڕەحمان مەولود

کاتی پێکهێنانی حکومەتی مەسرور بارزانی نزیك بێتەوە. گەلان ئازیەو یەکێتیش لە ئازیبوون نزیك بێتەوە؛ یەکگرتوو لە گیرفانی پارتیەو کەسیش لەسەر ئازیبون و نەبونی کەمڵ ناوەستی. هەر بۆیە، بەم نزیکانە مەسرور بارزانی حکومەتی نوێ پێك دێنێت.
بەڵای من خالی هەرە گرنگ لەم حکومەتە نوێیە کە پێویستە چاودێری بکریت ئەویە: ئایامەسرور بارزانی هەڵکانی نێچرڤان دوبارە دەکاتەوە؟
لە کەس شاراوە نیە کە نێچیرڤان بارزانی پیاو یەکەمی تورکیایە لە

کوردستان. لە بیست ساڵی ڕابردو نێچیرڤان بارزانی لە ڕووی ئابوری و سیاسی پشتوانی بێنسوری ئوردوگان و حیزبەکەی بوو.
نێچرڤان بارزانی، لە باری ئابوریەوە:
١. کوردستانی کردە بازاری تورکیا و شوێنی ساغکردنەوەی کاڵوپەڵی تورکی. ساڵانە تورکیا بای چەندین ملیار دۆلار کاڵا لە بازاری کوردستان دەفرۆشت.
٢. هەرچی داهاتی نەوت و داهاتیتری کوردستانە خستە بانکەکانی تورکیا و ئەوان سودی ئاژانە لەو پارانە وەردەگرن.
بە نمونە، ئەگەر تورکیا لە ساڵێکدا بە هەر سەد دۆلار قازانجی سە دۆلار بکات، ئەوا لە ئاژێکدا زیاتر لە ٨٢ هەزار و ١٩١ قازانج دەکات بە هەر ملیارێك دۆلاری کوردستان لە بانکەکانی تورکیا بێت (1,000,000,000*0.03/365).
٣. ئەو کاتەی نەوتی کەرکوك لە ئاگای کوردستان دەفرۆشرا، پارەی ئەو نەوتەشی لە تورکیا دانا.
٤. نەوتی کوردستان و کەرکوکی هەرزان فرۆش دەدا بە تورکیا و کەمپانیەکانی گواستنەوەی نەوتی تورکی.
لە باری سیاسیشەوە:
١. دژایەتی بەکەتایی پارتی کرێکارنی کوردستانی کردوە
٢. دژایەتی بە سنوری ئاژاوای کوردستانی کردوە.
٣. کەلان بە کەلان لە کوردستانی باکور دەگەڕا دەنگ بە ئەردوگان بکاتەوە لەسەر حیسابی هەدەپە.

نێچیرڤان لەبەرامبەر ئەم خزمەتی بە تورکیا چی دەست کەوتوە ؟
تەنها شتێك نێچیرڤان لە بەرامبەر بونی بە پیاوی یەکەمی تورکیا دەستیکەوت پشتیوانی ئەردگان بووە لە پگەی نێچیرڤان بارزانی لە ناو پارتی و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا.
با بزانین بە پشتیوانیکردن تەنها شتە نێچیرڤان بەدەستی هێناوە:
سەیرکە، سەرای ئەو هەمو خزمەتەی نێچیرڤان بە تورکیای کرد، لە ئەستاشدا ئای گشتی تورکیا سەبارەت بە کەشتی کورد زەر لە دوای ئای گشتی عەرەب و فارسیشە.
لەسەرو بەندی ئیفراندەم کەباس لە پکهێنانی دەولەتی کوردی دەکرا، ژمارەیەکی زەر لەسەرکردە عیراقیەکان، لە نەویان کەنە سەرکی پەرلەمانی عیراقی و سەرۆك وەزیرانی ئەستاش دژایەتی دوژمنکارانەیان نەکرد. ئەوەی یەکەم(مەحمود مەشهەدانی ) پشتیوانی دەکرد و ئەوەی دواییش (عادل عەبدولمهدی) پێی باش نەبوو. بەگشتی، ئای گشتی عەراقی و عەرەبی سەبارەت بە کوردستان بە ئیجابیانە گەانکاری گەورەی بەسەردا هاتووە . لە ئەرانیش هیچ نەبەت ولایەتێك

هەیە بۆناوی کوردستان و دژایەتی ناوی کورد و کوردستان ناکەن.
تەنها شونێك لە گەی زەوی کە خەلك و حکومەت دژایەتی کورد بکەن تورکیایە؛ حکومەت ئاگری ئەم دوژمنکاریەش دژی کورد ەەژیش خەشتر دەکات.
ئەگەریش دەڵێن تورکیا لە کوردستان بیناسازی کردوەو فرۆکەخانەی کردەتەوە، ئەوا جگەلەوەی بەپارەی خەیالی کراون، پاش چەند سالی تەری بیناکان لە نەبوونی خزمەتی بەردەوام (Maintenance) دەبنە بارگرانی (Liability) و فرۆکەخانەش هەرکاتێك تورکیا ئارەزوی لە بەت دایدەخات، وەك ئەوەی سەبارەت بە فرۆکەخانەی سلەمانی کردویەتی.
تورکیا نێك چارە نییە بۆ کێشە سەرکیەکانی کوردستان وەك کارەبا و بەپیشەسازیکردنی کوردستان، بەڵکە ەەگەر لە چارەکردنی هەر کێشەیەکی کوردستان. تورکیا خوازیاری ئەو بوو هەرەمی کوردستان گەگان خواردوی داعش بکرێت بە ئەوەی بەیەجارەکی دەست بەسەر هەرەمدا بگرێت
هەر بۆیە، بەەای من هەرکەسێك بێتە سەر کار دەبەت خەی دوور بخاتەوە لە ەابردووی (Legacy) نێچیرڤان بارزانی. سەردانەکەی مەسعود بارزانی بۆ لای عادل عەبدولمەهدی لە دوای ەیفراندەم ئەگەر مەبەست لێی گەرانی سیاسەتی پارتی بەت بۆئاراستەی ەاگرتنی پارسەنگی هەز لە نێوان عیراق و تورکیا کارەکی باش بوو.
هەرەمی کوردستان پێویست ناکات لە نێوان عیراق و تورکیا یەکێکیان هەلبژێرێت وەك نێچیرڤان تورکیای هەلبژارد. هەرەمی کوردستان پێویستە بە هاوسەنگی پێیوەندی لەگەل هەموان ەاگرێت.
هەرەمی کوردستان پێیوست ناکات دژایەتی تورکیا بکات، بەڵام ناش بەت ئەوەی لە بەرژەوەندی تورکیا بەت بۆ لە بەرژەوەندی کوردستانی بزانێت.
ئیستا کە تورکیا ناهەڵەت پارێزگارەکی کورد بۆ کەرکوك دابنرێت، دانانی پاریزگارەکی کورد لە کەرکوك نیشانەی سەرەتای کۆتایی دەسەلاتی تورکیا وسەردەمی نێچرڤان بارزانی دەبەت بەسەر حکومەتی هەرەمی کورستان. پێویستە ئەم کارە زوو یان درەنگ بکرێت. مەسرور بارزانی پێویستە لەم بابەتە تێبگات و یەکێتیش نیبەستەتەوە بەمەسەلەی پێکهێنانی حکومەت، بەەام پێویستە بکرێت و مافی هەلبژاردنە.
سەردەمی شەو حکومرانی تورکیا هاوشیوەی سەردەمی ئەتەمبیلی لادا و مەسکەفیس بەسەرچوە. تورکیا نایەوێت بگەریت و دژایەتی گەانکاری دەکات. تورکیا دیەویت لە ەەگەی کرینی سیستەمی دژە فرۆکەی (S-400)ی دژی گەرانکاری حەتمی تورکیا بوستێتەوەو دریژە بەم شەوە

حکومرانیە ناسردەمیانەی ئەستای بدات کە لەسەر بنەمای هالاواردنی نژادی (apartheid) وەستاوە.
بەڵام، چەن بەرنامە ئەتەمیەکەی ئێران ناتوانیت ڕێگای بە روخانی حەتمی ئێران بگرێت، ئاواش کرینی سیستەمی (S-400)یش دادی تورکیا نادات، . تورکیا دەروخێت و هەلدەوشێتەوە، تەنها مەسەلەکە کاتە. هەرەمی کوردستان پەویستە خۆی بە ئەو گەانکاریە گەورانە ئامادە بکات.
تورکیا تاکو ئیستا دەستی لە نەچیرقان بازانی بەرنەداوە، بە ناراستەوخۆش دژایەتی حکومەتی مەسرو بارزانی دەکات. ئەوەندە بەسە وتارەکانی ڕیبوار کەرەم وەلی لە ڕوداو بخوێنیەوەو بە ئەوەی لەم ئاراستەیە بگەیت.
پەویستە هەموان لە بیری ئەوە دابن، کە حکومەتی نوێی کوردستان کار بە بەرژەندیە بالاکانی کوردستان و خەلکی کوردستان بکات و سیاسەتێکی هاوسەنگی لەگەل عیراق و هاوسەکانی هەبێت. بە پارتیش پەویستە کەشە سیاسەکانی لەگەل هەزە سیاسەکانی ناوچە (پەکەکە) بەڕێگای دانوستاندن چارسەر بکات. پەویستە هەموان بگومان بن کەوا کەشە گەورەکە تورکیایە، هەموو کەشەکانیتر بەبەراورد بە دژایەتی تورکیا بە کورد لاوەکین.
تە سەیرکە، بزانە ساانە نەچیرقان چەند سەردانی بغدا، سلەمانی و کەرکوك دەکات بەبەراورد بە ئەنقەر و ئەستەمبەل ئینجا لەوە دەگەی کە تورکیا لە کەوە گوێی لە کوردستان کردوە؛کەتایی هەنان بژەردەستی تورکیا و حوکمرانی هەرەمی کوردستان لە لایەن تورکیا پەویستی بەکاری هاوبەش و هاوکاری هەموانە.

**عەبدولڕەحمان مەولود**
**پرۆفسۆری یاریدەر/ زانکۆی لۆریە**
**واترلو/کەنەدا**

---

# فەرهاد پیربال، جیاواز و

# ڕاستەقینە … ئاری ژندینی

فەرهاد پیربال , نووسەروشاعیرومامۆستایی زانکۆ یەك لەو نووسەرانەی دوایی ساڵی 1991 لە باشووری کوردستان بە ستایلکی نوێ لە کۆمەگەی کوردی و ئەدەبی کوردی خۆی نیشانداوهاتە مەیدانی ڕۆشنبیری وفەرهەنگی کوردی, فەرهاد پیربال تەواو جیاوازو ڕاستەقینە بە ویژدانەوە بۆ پیشەکەی کە ڕۆشنبیرە لە بەرهەم و هەڵوێستەکانی دەردەکەوێ دوور لە ریکلام وقازانجی شەخشی بەرهەمە ئەدەبی و ڕۆشنبیری و هەڵسوکەوتەکانی شاهێدی 90% ژیانی ئەو نووسەرەیە.

فەرهاد پیربال جیاوازو ڕاستەقینە بۆ ئەدەب و هونەر خۆقاوە ئەدەب و هونەر ئەوی جوانکردووە ئەویش ئەدەب و هونەری جوانکردووە, ئەم نووسەرە یەك لەو نووسەرانەیە ژیانی خۆی وەك پێشمەرگەیەك تەرخانکردووە بۆ خزمەتی میللەتەکەی هەردەم خەمخۆری ئەوەیە کۆمەگە هوشیاروچاوکراوەو ئازاد وشتی نوێ وەدەرن تا ئاستی داهێنان کۆمەگە پێشبخات, بە پێی پێوەری ڕۆشنبیر ڕۆشنبیرە هەڵوێستی مرۆیی و مرۆڤایەتی و نیشتیمان پەروەری نواندووە و بوەر بووە لە قسەو ڕفتارەکان و ئەو قەیرانانەی بەسەر کۆمەگە داهاتووە لە رابردوو و ئێستادا,لە زربەی هەڵوێست و بواری ڕۆشنبیروئەدەب و هونەر جێگایی سەرنجی گەنج و لاوان و تاکی کورد بووە نزیکەی چارەگە سەدەیەکە بەردەوامە وەك ئەستێرەیەکی درەوشاوە لە ئاسمانی ئەدەب و ڕۆشنبیری و کۆمەگەی کوردی درەوشاوەیە .

ئەو فەرهاد پیربالە زۆر پێویست بوو لە دوایی ساڵی 1991وە خۆیشی دەزانی کەسانیکیش دەزانن ڕۆلی کاریگەرووروژێنەری هەبووە لە دەرخستنی ڕاستیەکان و ڕاشکاو ئاسا وەك سیمبولێك بۆ ئاشتی و هۆشیاری کۆمەگە و هەڵوێست .

فەرهاد پیربال لە ڕۆی کتێبە ناوازەوبە پێزەکانی توانیویەتی فەرهەنگ و ئەدەب و کایەی ڕۆشنبیری کوردی دەولەمەند بکات و بگەشێتەوە قۆناغێکی نوێ و بە نرخ دەسپێبکات و بخوێنێ لە خەباتی ڕۆشنبیری و هونەری وەك ئەدیبێك و نووسەرێکی پرۆفیشنال وئەکادیمی و دوور لە لۆکالی و جیهانی خۆی پیشانبدات, فەرهاد پیربال توانیەیەتی پرس و کێشە بوروژێنی وگەم بشێە قۆنی بوەرانە ڕووبەڕوویی نەهامەتیەکان دەبێتەوە چونکە فەرهاد پیربال بۆ ئەوە خوێقاوەو ڕاستەقینەیە گەر نا فەرهاد پیربال نییەونەبووە, قسەورەفتارەکانی نزیکە لە هونەرەکانی ەوانبێژی و هونەری ریالیزم

و هونەری سوریالیزم و هونەری سیمبۆلیزم ! , قسەو رەفتارەکانی هونەرە شیعرە وچیرۆکە و ڕۆمانە وشانۆیە ! تەبیعەت و خوڵق و زەوقی فەرهاد پیربا شەکر نییە بەکو هەنگوینە!

دنیام ئەم نووسەرە جیاوازەوا استەقینە تادوا هەناسەی هەر بەم شێوەیە دەمنێتەوە تا رزگاری و سەربەخێیی ڕشەنبیری و ئەدەب و هونەروکامەگە ! هەردەم مایەی دڵخۆشی و بزوێنەری گەنجان و لاوانە کامەگە بە گشتی , وەك ئەستێرەیەکی درەوشاوە لە ئاسمانی باشووری کوردستان, گەر فەرهاد پیربا نەبووایە دەبووایە ئەم بۆ شایە لە ئەدەب ورشنبیری وهونەری کوردی هەر بە بەتا دەمایەوە چونکە وای دەبینم ئەم نووسەرە خەق نەکراوە بەکو دروستکراوە بۆ خزمەتی نەتەوەکەی !
فەرهاد پیربا دەتوانێ وەك کەسانك کە ڕشەنبیرن و نووسەرن بە کێیی و ماتی و بێدەنگ بنووسێت و قسە بکات و گیرفانی خێیی گەرم بکات ژیانی تایبەتی خێیی بپارێزێ بەام بە پێچەوانەوە وای نەکرد ئەوە جیاواز و ڕاستەقینەیە ئەوە ڕشەنبیرە .

---

# نامەکانی ئیشق … 12 …سەردار جاف

**هەموو بەیانییەك**

27 – بەیانیەك بە جۆەی شنە تەنگبوونی دم هەوەرنە، خەندە و بزەیەك بە دیاری ەاون بکە با کەنەفتی دوو ژی بووریم لە هەگبەی سەفەری بۆ گەانەوە بنم ، جارکی دی ئەو متەکە سپە و وەیشوومە نەك دەرگای ناخمان گوزەری هاموشۆی ئەویندارێشمان پەی پێ نەبا، ئەمە بە باوەشك بخچەی پۆ موژدەوە بگەوە، خانمە ئەویندارەکەی سەر بەەی ئیشقی کەمانجەژەنینم ئەم دوو ژە قەەمی سم تەزیوی زویر بوون نییە وا نامەکانی ئیشقی بۆ بەر کانی بەر نیگاکانت نەنوسیوە، ئەزیزەکەم وەك هەر پشوویەك هەفتانە دوو فرسخە ڕ دەکانم دەبنە چینی بەر مەرقەدەکانی حەوانەوەی خشەویستیمان خێی لە هەگبە دەخزنێ و زەنگی مبیلەکەم بە نامەی تۆ وەئاگام

دڵنۆ ، هۆشتان شەوشاتاێی پڕخەفمان نەپڕچاوەتەوە لە ئامێزن و دەنگەکانمان ئاوگێ دەکەین، هەستەکانی یەك لە نامەی بەیانیانمان جوانتر دەکەین، نەورێز بە جوانتر دەبینین، دڕاندڕمان دەکەین بە گۆ گوێەکەم لە گۆ گۆتر…25 / 3
28 – بە نێو کارێزی سپێدەما هەنگاو بنێ جەستەم زیغ و چەوی هەنگاوەنگی بن ئاوە و پێی لێبنێ با ئەو تابلێ جوانە بێ کە هۆشتان فڕچەی هیچ هونەرمەندێ سکڕچی نەکێشاوە، وەرە و پڕم لێبنێ با ئەوین فڕی گەنجان بکەین، تەلیسمی کەڕچەێی نیشتیمان تێك بشکێنین، ئیرەیی لە بەردەرگای ئەویندارانی ئەوێ بچنینەوە، نەستەلەی شیرینی ڕاستگێیی ئیشق ببارێنین، هەتا بە چڕێ چەشەی ئیشقەوە وەئاگا بێینەوە، تێ ئەو ژنەی وانەی ژیانت بێ وتمەوە، با کیژانی وڵاتم لە تۆوە فێر بن پەیامی جوانی ناخ توۆشبەرەی سەفەری ژینیان بێ بەر لە جوانی ستایل، شکڕمەندی باڵابوونی ژن پەخش بکا بەر لە پرچ و بسك ڕووسووری هاوتایی دابنێ بەر لە سوورکردنی کوڕم و لێو، جوانی مەعریفە بێ پاشان فڕمەلەکردنی جەستە وەك ژن ، تێ ژنێکی لە گۆ گۆتر … 29 / 3
29 – ئەم بەیانییە هەستی بیستنت بجوڕێنە گۆ بێ دەنگی دەف و تەهلیلەی ئەوینم هەڕخە ، لە ئای ئای و قەتار ئەڵا وەیسی ئیشقم ڕامێنە، تێ ئەو ژنە تەژیەی لە من، منیش کتێبێکی موحیبەت کە تا ئێستا بێ هیچ ژنێك نەنوسراوە و نەگوتراوە، تێ ئەو دەریا شین و قووڵە جوانەی تا ئێستێ هیچ پیاوێ نەیتوانیوە لە ڕڕختا سەوڵی کەشتی تاو بدا، ئەو شەپۆلە بە لرفەی کەناری لماوی ڕادەماڵی و بێ ئامێزی ئیشقتی پەلکێش دەکەی، زریان و تۆفانی تووڕەیی ژنب وونت مرۆڤگەلێی وڵات شەرمندە و خەجاڵەت دەکا، تێ ژنێکی کەس لە ئۆقیانوسی ئیشقت ناگا، ئەو کتێبە جەنجاڵ و ئاڕڕسکاوییەی هۆشتان جگە لە من هیچ پیاوێ حەرفێکتی نەخوێندڕتەوە، تێ وشە و ڕستە و نوسینە جوانەکانی منی، هەر منیش دەزانم چیت …… ؟ تێ لە لە گۆ گۆترى.. 28 / 3
ئەڕمانیا.

# تەنیا پێش پێنج چرکە … هونراوەی: نەوال شەریف … وەرگێڕانی: ئاری بابان

نا، نا تەنها پێش پێنج سانیە
لە بەهەشتەکی دوورودرێژ
رزگارم بوو،
ئاسواری لق وپۆپی لێشم مابوو.
جەستە ئایرسیەکەم
وەک دارستانی چڕ دەسووتا و
چاوکانی ناو بەدەنم
نهێنی بەسەروشوێنی ئازدیهایەکی دەندەبوو.
ئێستا من وەک کەنغەرەک دەنوسم
ئەو گیرفانەی بەچوکانی تیاهەڵدەگرم
لەت لەت بوون و
شتەکانم لەکوێ کەوتوون؟
دوای پێنج چرکە،
لەناو چوارگۆشەیەکدا
جەستەم دەبەتە مەمەکی بەهەست و
گشت چالەکانی جەستەم لەشوێنی خۆی نامێن و
ئاخزێن و ئاتوێنەوە
چێشنی کانی بەرد دەردەن
جەستە گۆی لەزەتی نامێنێ و
وەک مەیمونێک خەم ئەبینم
توکڵە مەز کە ئاکاتەوە و
ئاسودەیی لەژێر پێ جیهاندا بخلیسکێنێ و
بە هەتا هەتایە
فەنابەت

# ئەنفال … پشکۆ ناکام

ـــــــ.لەسەر ئەنفال زۆر ئەووترێت ، هەمووی قسە و پەخشان و موزایەدە و فرەسکی تیمساحە ، تا ئێستا جگە لە تاوانباری بریاردەر کە " بەعس" بوو ، کوردە جە بەجەکارەکانی ئەو جینۆ سایدە لە ناومانا، لە گەڕەکەکانمانا ، لە شارەکانمانا موعەزەم موکەڕەم ئەژین ،،!! بەڵێ باشترین یاد کردنەوە ئەوەیە کە لە هەڵەبجەی گەورە هەرچی جاش و موستەشاری بەشداربووی ئەنفال هەیە بە نان خواردنەکی شایستە ، بانگ بکرێن و مناڵان و کەس وکاری ئەنفال کراوەکان خواردنی دەعوەتەکە حازر بکەن و بیخەنە بەر دەم میوانەکان … هەڵەبجەش بە دوو تابڵۆی گەورە بەرزنرتەوە ، تابڵۆی یەکەم " سورەی ئەنفال" و تابڵۆی دووەم وەنێ " پورترێت" ـکی فرەکەوان " تاریق ئەمەزان" دیواری هەڵەبجەکە داپۆشن ، کەتایی دەعوەتەکەش بە پشکۆش کردنی گوڵەکی زەرد و گوڵەکی سوور بە میوانە خۆشەویستەکان کەتایی پێ بێ.....

---

# کۆرکووک بەتۆ قوربانیی ناکۆکییەکانی پارتی و یەکێتی … رزگار شوان

نیگەرانیەوەی کۆرکووک بە سەر کوردستان و هەموو ئەو نەهامەتییانەی کە بەسەر خەڵکی کورد لە کۆرکووکدا هاتوون، هەموویان دڵگەرانەوە بە ململانێ و ناکۆکییەکانە نێوان پارتی و یەکێتی لە پێناوی بەرژەوەندیی تەسکی حیزبایەتی و کەسایەتییان. ئێگەرچی هەر ئەو رژێ کۆرکووکیان دەرانەند کە سەرکردە نەزانەکانی ئەم دوو حیزبە بە راپەرسی لەسەر کوردستانیەتی کۆرکووک رازیبوون. ناسیاسییەکانی ئەم دوو حیزبە لە گەمە و هونەری سیاسەتدا، زۆر کەمەوار و نەزان و هیچ لەبارن.. یاریزانانی نەزانن و هەمیشە گەیان لێکردوون و لێیان دەکەن.. لە گفتوگۆ و لێگەڕانی سیاسییەکاندا دەرانەدوویانێ.. خەبات

و قوربانیدانی چند ساڵی گەلەکەمانیان هەناوەتەوە سەر سەفەر. بۆ ئەوەی کە شەرمەزاربن و وازبهێنن و سەری خۆیان هەڵبگرن. کەچی ئەم میراتە شەرمەزاریانەیان بۆ شووریی بە وچە و بنەماڵەکانیان بەجێهێشتوون.
تا ئەمڕۆش پارتی و یەکێتی و هەموو ئەو پارتانەی لە کوردستان دان، ستراتیژیەتێکی سیاسی و نەتەوەیی یەکگرتوویان نیە، نەخشەڕێگایەک و پلانێکی تەکنیکی داڕێژراوی سیاسی و نەتەوەیی کوردیان نیە، لاوازن و نایان توانیوە ژیرانە پێشبینی و دووربینی و وردبینی بکەن و هەموو گریمانە و ئۆگەرێگانی داهاتوو لەبەرچاو بگرن.. ئەوەی بە دەریایەکی فرمێسک و خوێن و بە کیمیاباران و ئەنفال و هەزاران شەهید و وێرانکردنی کوردستان هاتنەدی. سەرکردەکانی ئەم دوو حیزبە دەسەڵاتدارە بە ئاسانی لەسەر مێزی گفتوگۆدا دەڵێندوویانە.. تا ئێستاش بە هیچ کلۆجێک پێنەدەن و وانیان لە شکستی و لە نەهامەتییەکانمان و لە هەڵە مێژوویەکانی رابردوومان وەرنەگرتوون. ئۆگینا بە جاری دووەم و سێیەم کەرکووک و ناوچە داگیرکراوەکانی تری باشووری کوردستانیان نادەڵێندە.. لە ڕۆژی (١٦ی/ ئوکتۆبەری/٢٠١٧) دا لە سەدا پێنجای خاکی باشووری کوردستانیان لە دەست دان.. لە ئێستاشدا کەرکووکییەکان باجی ناپاکی و ناکۆکی و ململانییەکانی و رقەبەرایەتیی ئەم دوو حیزبە دەسەڵاتدارەی کوردستان دەدەنەوە.
ئۆگەر پارتی و یەکێتی بیان ویستایە ماددەی (١٤٠) جێبەجێ دەکرا، بەڵام لە ماوەی شانزە ساڵدا چ فشارێکیان خستە سەر حکومەتی عێراق تا ئەم ماددەیە جێبەجێ بکات؟!
بەڵام هەردوو لایان لەبەر بەرژەوەندیی حیزبییان نەک نەتەوەیی، نایان ویست کە ماددەی (١٤٠) جێبەجێ بکرێت. تا ئێستا بە جدی دوای جێبەجێکردنی ئەم ماددەیە نەکەوتوون.. تەنها لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا، بە بەدەستهێنانی دەنگەکان دروشمی بریقەداری (کەرکووک دڵی کوردستانە) و (کەرکووک قودسی کوردستانە) و (کەرکووک هەڵەی سوورمانە) و(سازشکردن لەسەر کەرکووک ناپاکییە)، ئەی کوا دە و قودستان؟؟ لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی (٢٠٠٥) دا، کە شەڕێ پێشمەرگەی زەرد و سەوز بوو لە کەرکووک. دکتۆر مەحموود عوسمان وتی:"کەرکووک دڵە مەڵە.. قودسە مدسە.. گرنگ ئەوەیە کە لە دەستمان نەچێت" بە داخەوە کە کەرکووک و خانەقین و خورماتوو و دووبز و پێردی و مەخموور و شەنگال و قەرەتەپە و جەلەولا و چەندین شارۆچکە و شوێنی تری باشووری کوردستانیان لەدست دادین.. وەکوو

بەرزەکی بانیش بۆی دەرچوون. وەک ئەوەی کە نە بایان بینیبێت نە باران.. ئێستا تەنانەت لە دووریشەوە، ناوی کەرکووک ناهێنن و ناوێرن بە قسە و لە راگەیاندنەکانیشیانەدا ئاو دروشمە بریقەدارانەیان دووبارە بکەنەوە.
دەپرسین لە دوای داگیرکردنی کەرکووکەوە، کام سەرکردە و کام دەسەڵاتداری باڵای حکومەت و حیزبە کوردستانییەکان سەردانی کەرکووکیان کرد؟! بە ناوێرن بچن بە کەرکووک؟ چەن لە رووبان دێت کە لە هەڵبژاردنەکاندا داوا بکەن دەنگیان پێبدەن؟ ماوەیەکی زۆرە کەرکووک بۆتە گرێ کوێرەی نێوان پارتی و یەکێتی، نەک لە پێناوی گەلانەوەی بە سەر کوردستان، بەڵکوو لە پێناوی سەپاندنی حیزبایەتییان. تا ئاوتی کەرکووکیان دەدەزی و دەفرۆشت، گەورەترین هەزی تایبەتییان لە دەوروبەری بیرە نەوتەکانی کەرکووک دامەزراند. کە نەوتی کەرکووکیان لە سەندنەوە. پاشکۆیان کرد و کەرووکیان بە گورگان خواردا.. ئەمە هەمیشە ڕەو و قارەمانێتی پێشمەرگە دەسەزکانمان لەبیرناکەین. کە کوردانە و مەردانە سنگیان کردن بە سوپەر و قەڵغان، سەرسەختانە بەرگریان لە کەرکووک کرد، بە سەدان ڕەی دڵێر و بەجەرگمان شەهیدبوون.. گەر بەرگری و بەرخودانیی پێشمەرگە نەبوایە لە کەرکووک، داعش نەک هەر کەرکووک، بەڵکوو هەولێر و سلێمانی و دهۆکیشی داگیردەکرد.
لە ئێستادا پارتی و یەکێتی کەرکووکیان کردووە بە دووبەشەوە. لای زەربەی خەنجەری کوردستان ئاشکرایە، کە ئاوان حیزبایەتی دەکەن نەک کوردایەتی.. ئاگینا پێستی پارێزگاری کەرکووکیان نەدەکرد بە کەشە و بە گرێ کوێرەی ناوانیان، دوای دیان کەبوونەوە تا ئێستا ڕەکنەکەوتوون.. کەشەی کەرکووک لە کەشەیەکی نەتەوەییەوەیی
و کوردستانییەوە، لە کەشەی گەلانەوەی گەورەترین شاری داگیرکراوی کوردستان بە سەر کوردستان.. هەندە بچووکیان کردەنەتەوە.. لە دانانی پارێزگارێکی کورد دا بچووکیان کردەنەتەوە، پارێزگارێک کە تەشیەڵەس و ئەقەڵەگۆی کام لایان بێت.
پارێزگارێکی کورد لە کەرکووکێکی داگیرکراودا، لەژێر دەسەڵاتی عەسکەرتاری و حەشدی شیعی دا بێت و زەربەی بەڵوبەرکان و پستە باڵاکان، لە لایەن کونە بەعسییە جبوریەکانەوە قورخ کرابن.. دەبێت پارێزگارێکی کورد چ دەسەڵاتێکی ببێت؟ چ بڕیار و فرمانێکی جێبەجێ بکرێت؟ هەر بە قەدەر (تەها محەدین) ی جیگری سەرکۆماری گەبەگە سەدام حوسەن دەستی دەڕوات ! دەی باشە ئەمەش وەکوو کەرکووکیەک، پەمان خۆشە

کە پارێزگاری کەرکووک کورد بێت، گەر موقەبایەکیش بێت. ئەی لەسەر چی رەک ناکەون؟ ئایە لە پارێزگای کەرکووک دا کوردەکی دەسەز و کوردستان پەروەری لەهاتوو نییە کە شایەنی پێستی پارێزگاری کەرکووک بێت؟ با پارتی و یەکێتی و حیزبیش نەبێت؟ یان بە لای ئەوەوە ئەوەی حەپە زەرد و سەوزەکەی قووت نەدابێت بە کورد و بە دەسەزی نازانن؟ ئەوە لە چیدا رەککەوتوون تا لەسەر ئەم پێستەش رەکبکەون؟ ئەوە لە دوای چەندین کەبووندە و دانیشتن.. هاتنەوە سەر خاڵی سفر. چونکە بەوا و متمانەتان بە بەیارەکانی یەکتری نییە.. تەنها لەسەر ئەوە (رەکەوتوون کە رەکنەکەون) ئەوەی پارتی و یەکێتی هەکار و بەرپرسن لە باری ناسەقامگیری و لە دەڵاوکی و ترسی کەرکووکییەکان و لە چارەنووسی کەرکووک.
گەلان و پارتە ئیسلامییەکانی کورددستانیش، لە بردنی کەرکوک بەم دەردە و بەم رەژە
ناهەموارە، ئەوانیش خەتابارن و بەرپرسن و پشکیان هەیە، ئەگینا دوورپەرێزی و بەدەنگی و قسوقەپیان و هەڕەشەدەبژارد و هەڕەشەست و قسەی خەیان دەبوو. چونکە
کەرکووک کەشێکی نەتەوەییمانە، گەلانەوەی کەرکووک و ناوچە داگیرکراوەکانی ترمان بە سەر کوردستان، ئەرک و داوا و خواستی هەموو کوردەکە.
عەرەبەکانی کەرکووک بە سوننە و شیعەوە، بە کۆنە بەعسی و تازە بەعسییەکانەوە، یەک هەڵوەست و یەک وتارن، هاوکار و هاوەان، لەسەر پرسی کەرکووک. هەروەها تورکمانەکانیش کە چەند پارتەکی سیاسییان هەیە ئەوانیش هاوەا و یەک هەڵوەستن. ناکۆکییەکان و رەنەکەوتنی ئەوییان قەستوونەتەوە.. لە دژی کورد لەگەڵ عەرەبەکاندا، راو هەڵوەستیان یەکخستوون، دژایەتی کورد دەکەن لە کەرکووک.. راکان جبوری کە بە وەکالەت پارێزگاری کەرکووک، کە کۆنە بەعسییەکی شۆڤێنیی رەگەزپەرستە، بە ئۆپۆزسیۆنی دەسەڵات و توانایەکییەوە، دژایەتی کورد دەکات لە کەرکووک، بگومان حکومەتی عەراقیشی لە پشتە و بە ئاگانین لە رەفتارەکانی لە دژی کورد.. خەریکە بارودۆخی کەرکووک بگەڕێتەوە بە سەردەمی رژەمی بەعس و لە کەرکووکدا تەنگ بە کورد هەڵبچنن.. بە شێوازێکی تریش دژە بە بەعەربکردنی کەرکووک دەدەن و کورد لە کەرکووکی زێدی هەزاران ساڵەی باب و باپیرانیان دەربکەن و ماڵ لە خاوەن ماڵ حەرام بکەن.. دەست بە سەر زەوی و زاری کورد و تورکمان دا بگرن و لەسەر عەرەبە شیعە و سننە هاوردووەکان تاپۆیان بکەن.. ئەوەتا زیاتر لە پێنج سەد پارچە زەویی کورد و تورکمانیان بەسەر

حەشدی شیعی لە کەرکووک دا دابەش کردووە.
بە هاندان و کارئاسانیی راکان جبوریش، عەرەبەکانی حەویجە و ریاز بە تایبەتیش جبوریەکان دژی خانووی زیادەی لە کەرکووک دروست دەکەن و فەرمی خەراک و تەماری خەزانییان دەگەڵزنووە بە کەرکوک، راکان جبوری دیاوەت کەرکووک بکات بە جبورستان و دیموگرافیای کەرکووک لە بەرژەوەندیی زیادبوونی رژێی عەرەب لە کەرکووکدا بگەن و کورد و لە نەتەوەیەکی زەرینووە بکەن بە کەمینەی کەرکووک.
تا ئێستا نە پارتی و نە یەکێتی هیچ هەوڵستێکی کرداریان نەبووە لە درژدان بە بەعەرەبکردنی کەرکووک و لەم ستەمانەی کە لە کورد لە کەرکووکدا دەکرێن.. نە لە نەو پەرلەمانی عەراقیشدا باسیان نەکردوون.. یادداشتێکی ناڕازایشیان نەداونەتە حکومەتی عەراق کە داوابکەن تەعریبی کەرکووک رابگرن و درژە بە بەیار و پیلانە گاوکانی سەردەمی رژمی بەعسی شۆڤێنیی رەگەزپەرستی عەرەبی نەدەن و رایان بگرن. سیاسەتی درژدان بە بەعەرەبکردنی کەرکووک لە لایەن دەسەڵاتدارانی شیعەوە، ئەوە راستییەکە دەگەیەنێت کە شیعەکانیش رەگەزپەرست و مەزهەبپەرستن.
نیاز و پیلانیان لە داگیرکردنی کەرکووک بە عەرەبکردن و بە شیعەکردنی کەرکووکە. درژە بە پرژەی رەگەزپەرستیی بەعسییەکانن دەدەن.. ئەمانیش هەڵگری قایرەسی رەگەزپەرستین.. ئەمەو گەمانیش لەوەدایە کە پارتی و یەکێتی گوڕاییەی تورکیا و ئێران بن و بە ویست ئەوان داوای گەڕانەوەی کەرکووک بە سەر کوردستان نەکەن. نەشوێرن بەبێ ئەوان پەنجە بنێنە ناو ئاو.. نەباکا دەسەڵات و بەرژەوەندییە حیزبییەکانیان بکەونە مەترسی و لە دەستیان بدەن و سە و تریان ئاشکرا ببن.

لە دوای (١٦ی/ ئۆکتۆبەری/ ٢٠١٧) وە، چەند جارێک دەسەڵاتدارانی حکومەت و ئەندامانی باڵا و سەرکردەی حیزبە کوردستانییەکان چوون بۆ بەغدا و لەگەڵ حکومەت و کاربەدەستانی عەراقدا دانیشتن، بەڵام هیچیان باسی داگیرکردنی کەرکووک و ناوچە داگیرکراوەکانی تری باشووری کوردستانیان نەکرد.. تەنیا لە پەناوی پەست و پاردا چوون و باوشیان بە داگیرکەرانی کەرکووک دا کرد و ئەملا و ئەولایانن ماچکردن.
ئەودوای قسە و بەیار و حوکمی مەژوو، بە ئەوەی خوننەرانی دەسەز بەجەدەهەم.

# مـــرواری … محەمەد بەرزی

دایـــکم بـــەبـــەیـــەکی بـــوو
شـــەوەی هـــەر لـــە مـــن دەچـــوو

ووماتـــەکـانی ئـــابـــوو
قـــژە خـــاوەکـــەی کـــابـــوو

هـــەمـــوو بـــە نـــاو دەگـــەران
نـــاوە وەکـــو بـــەبـــە جـــوان

بـــاوکـــم وتـــی : فـــاتـــمـــە
خـــۆشـــە نـــاوی نـــەنـــکـــمـــە

دایـــکـــم تـــازە پـــێـــکـــەنـــی
گـــەایـــن بـــە نـــاوی کـــوردی

بـــەبـــەی جـــوانـــتـــر لـــە پـــەری
نـــاومـــان لـــێـــنـــا مـــرواری

٢٥ / ٢ / ٢٠١٩

---

# ئایدەلۆژی ناسیۆنالیزمی عەرەب لە خیتابی ئینفالدا! … رزگار عومەر

**ئەم بابەتە لە ئەرشیفی دەنگەکانەوە وەرگیراوە… 2005**

[بۆ خوێندنەوەی ئەم بابەتە کلیکی ئێرە بکەن …](#)

# ئ نفال برینکی به هه توان ، ئازارکی به سویه ، خمکی قوه . … ئ سرا جلیل محمد

ئ نفال بریا په له هه ورکی ر ش د بووی له ئاسمانی نیشتمان فرشراو که م به س ر س ری ج لاد کانت و ، بریا گولک د بووی به یه ق ی سزانیک ، ش رابک د بووی له س ر مزی به رپرسان ، و ر ق یه کی قومار د بووی له د ستیان تا له پش چاویان ون نه بوویتایه. خزگ فایلی ت کشکه به رزه کان و به لگ نامه نهینیه کان د بوو تا س رکردکان لپیناوتا جنگیان هل گیرسنایه. به لام ئ فسوس من چی بکم ت هیچ کام له مانه نه بوویت، ت نها برینکی له س ر دلی دایک ر ش بش کان ک چاویان به خشیه چاوانی ریشتوه کانیان ، فرمسکی مندالکی به س رپه رشت و به نه وابووی ت ، ئاهو نزول ی پیره پیاوی ماندوو بوویت . برینک بووی له س ر دلی ئ وکچان ی که له چاو روانی خش ویست کانیان به ختیان و کو جلکانیان و چرج کانیان سیا پش بوو .

ئنفال ت برینکی نه ک س د تبینت نه سارژ د بیت و نه له یاد د کریت، هه ر و ک ئ و سفیان ی که ئ شقی خودا له یاد ناکه ن ، ئنفال ت له و بالند دچوت که بالکانی خی پیشکش به فرینی نیشتمان کرد، هه ر ئ و نیشتمان ئیستا ژنه لو سوه کان و پیاوه ورگ زله کان بین باخ له به ر کان و ئ قله پوچه کان گیرفان پره کان و نه زانه به ناو زاناکان خیان کرد به خاونی . ئ نفال ت هه ر ئ و گ لا سارد و ت زیو ی پایز بووی که جوانی بهارت پشکه ش به زستانیکی سخت کرد .

به هارک که گولکانی له س ر هاوپه یمانی م رگی گ لاکان ژیان . برینه به شککه م د نگی گریانی مندال برسیه کانت نامترسنت ، د نگی تپ و بنی مردووه کانت نامترسنت ، چاو روانی دایکه پیره کان و ئاشقه ماندووه کانت نائومدم نا کات ،

بنی ئاه ق ی جله داوه کانت و ه سم ناکات، بینینی ئسکو پروسکی ژر د نکه لمه کانت نام روخنت ، من کچی خاککم به بنی

خۆن و باروت وئارەقەت راهاتووم . بە لام بریندە بەسویکە م مشە خۆری خۆلکە کە ت و بۆنی عە تری بە رپرسە کان و ئەم بازاری هاوسبازی ومە یلە و غافل بوونی خە لکە کە ت دەم ترسێنت .
ئە نفال ئە ی ئە وپرسە بەدناوی بەرمبەر میللەتیک گیراییتە بەر کە لاوکانی بە خوینی خۆیان ودلێب دلێب بارانی ئە شک سرودی خۆشە ویستیو ئازادیان دەنوسیەوە لەپیناو نیشتمانە کە یان ، بەلام ئەفسوس نەخاک تەر بوو لە خوین و نە نامەکانیش گەشتن بە بەرپرسەکان و نە بەرچاوی دنیا کەوت کەس نەی بینیت و نەی خویندیتەوە ، تە نەبوی بە بابەتی کەروو کەبونەوەی بەرپرسان و کەسیش یادی نەکردی تەنها لەم رۆژەدا نەبیت کەس تەی لەبیر نیە دەنا دەمیک بوو دەبوی بە پە لەیەکی رەش بەنیو چاوی دنیاو پەریەک لە میژووی رەشی مرۆقایەتی، ئەی نیشتیمان، ئە و شەوانە ی لاوکان لە سە ر شە قام و کۆلان و کوخە سادەو بە نازە کان خە وت بوون ئەو شەوانەی هەزاران ئازیز لە نوگرە ی سەرماو بە برسیەتی و تینویەتی مردن ، هە ر لە و شە وانە زەریک لە بەرپرسەکانت لە میوان خانە کانی دە رە وە ئا هە نگی رسوابوونی خۆیان دە گەرا ، ئەو رۆژەی کە خودایش نە فرە ت و تورە ی خۆی بە سە رتا بارانـد هە ر لە و رۆژەشدا دنیا چاوی لە ئاستی رەلەکانی نیشتیمان بەستبوو کەس بەلایانەوە نەهات ئا ئەو رۆژە هە زاران پەپولە رەحی خۆیان بەخشی و دنیایان شەرمەزار کـرد . رۆژیک دانرابـوو میللەتیک قـر بکەن و بەئەبەد بیسرنەوە لە سەر زەوی ، بە لام بە خە بە ر لە وە ی ئە م میللەتە نە سزای ئاسمان دە یوە ستێنت نە هەزی زەوی دە یروخینت وە بە هەمیشە دەمینیتەوە ،

نووسینی : ئە سرا جلیل محمد

---

# نامەکانی ئیشق … 11… سەردار جاف

**هەموو بەیانییەك**

25 – لە دەفتەری ئەم سپێدە سپییەی ئەندێشەمەوە لە دەوری باڵات

دەگەڵم، هەسە بەدەم ئەو تاقگەی خەیاڵەوە پیاسەیەکی نەورۆزانە بکەین، لە مەلا ئەمەرەوە پڵکەوە چاو دەبڕینە تونڵە داخراوەکەی پیرمام و بە نیگایەکیش لە نەینکەکەوە دەڕوانمە ئەو ئاپۆڕا و حەشاماتەی لە پیرە هەولێرەوە هەساوە و بۆ توانەوەی بەستەڵەکی زمستانەی ناخیان بەرۆ کەوتوون و کەفو کوڵی بە جۆشیان تاو داوە بۆ شایی لێغانی ئەم نەورۆزە، سنەوبەرەکانی خانزاد جوانی رۆژئاوای بە نیگای هەردووکمان نیشان دایەوە، هەر کە داگەڕینە خوارەوەیش لە سیدی ترومبێلەکەوە باکووری دەنگە بە سۆزەکەی لێ هەڵبڕی ....

هەسە هەسە کیژی جوان ..... بە هارەو کاتی سەیران

درەنگە خۆت بگەیەنە ..... با بڕۆین بۆ بەستارە

گوێ مەلە دەنگە ناسکەکەتە بە چرپەیەکی بەیانیانەت دەڵێی بشێ بە هەورازەکەی پیرماما هەڵزنێین یا تونڵەکە دەبڕتە ڕێمان، ئیدی قەدەری من و تۆی دوورە وڵات وابوو بە پیَچاپێچە کەمکراوەکانی چیای پیرمام هەڵگزاین، لەو دیویشەوە بۆ کۆێ و شارەسوار ملمان نا، ئیدی تا حاجی بایيز گرانیە خرۆشەکانی ناو ترومبیلەکە هەر وەك شەوانی ڕابردوو مەست مەستی نێو نەورۆزی کردین، بەیانیت هەنگین وەك ئەو دەشت و دەرەی کوردستان گوێەکەم لە گوێ گوێتر ...

3 / 21

26 – بەیانیت جوان، بەیانیت روحی من ، بەیانیت خەیاڵدانی ڕۆژ و شەوانم، جوانیت ئیلهامی شیعرم، هەناسەت نوکی قەلەمم، روحت دەفتەری نوسینەکانم، سینکت کتێبخانەی کتێبم، جوانەکەم، دوو ڕۆژە ئافاتی مەرگ تەم ئاڵاوە نازانم ئەو زویر بووە لە کام یاخی بوون و هەڵەوە ئیلهامی وەرگرت، لە کام ژیلەمۆی منەوە پێیەکانتی ئەزیەت دا و لە دڵەوە داخورپای و ئەو ئازارە بە دڵی میهرەبانت گەیشت، پەنجەکانم هەوەرێن کە بۆ ڕێزیان نواند و خەمیان کردە دیاری ، لە بری نوقڵانەی خۆر ئاتەشگای لە دڵی من بەردا، شیرینەکەم گەر نیازت هایە لە دەرگای دڵتەوە سنوورداشی ئەودیوی ئەوینم بکەی ئەوا من لە پەنجەرەی چاوەکانتەوە ئاوێتەی ئیشقت دەبمەوە و لە خەوەتی ئەبەدییەتت هەگر دەبم، تۆ ئەو جوانەی گوڵت پێ ناگا، دەڵێم داڕێژە ئەو پەنجانەم نمەك حەرامی دەرهەق بە بوونت بکەن..... 12 / 4

ئەمانیا

# جەللاد … سەباح ەنجدەر

**بۆ بوختانچی ترین ناسیار: ئا**

بە کراسێکی سووف و چاوی خومارەوە خەوتم
کوشتمی و خەنجەرەکەی لەسەر کتێبەکانی دانا
لە کتێبخانەی لەیادچووەوە
لە هەواڵەکە بپرسن و خەنجەرەکە ببەنە پزیشکی دادوەریی
کەسێك لە بیرەوەرییە ناوازەکان مابێتەوە و ئایەکی بە سێبەر و هەتاو بێت
پیت لە پیتی ناوی ئەو پاراوتر نییە بۆ ناوکی بەختیار
دەبینین لە ەاوی دووپشك کوژیی دێتەوە
دەچێت ژێر کووپەی غەزەل دەشێنێ
لە مەیخانەی مەحوی مۆزکی تاکییم خەماندووە
پیاڵە باش و لە دڵەوە دەمناسی
بۆ پێ نابی
تکایە دڵاگرییم بکە
تا لێت نەژێ ناتخەمەوە

* * .

تاوانبارم داوای پەقرەجکی کرد نەمشت
نیسانی 2019 هەولێر

---

# شاعیری ئەرمەنی ئاودیك ئاساکیان بە گۆچانی دەستم … و: نەژاد عزیز سورمێ

بە گۆچانی دەستی لەرزکم
خەمبار ، پشت کەم ، داماو
دوای ساانکی دوور و درژ
وەامکی نیوەچێ دەگەڕەمەوە ،

نهالی ئازیزمان دەبینم ..

حەفت چیای سەرکەشم بڕین
لە حەفت دەریای قووڵدا پەیمەوە ..
هەموو شتێکم لەدەست دا
سواڵکەرێکی غەریب ، لەم وڵاتەوە بۆ ئەو وڵات
بەڵام ئەوەتا ئاکام
بە پێیان دەگەمەوە وڵاتەکەم
بە دڵێکی تژی خەم ،
لە گوندی نزیك دەبمەوە :
گەیشتمە برادەرێك لە برادەرانی منایم
لە کۆگەڵا ،
لەو دیو پەرژینی گوندییەوە بانگم کرد :

- ( هێ برادەری دێرین ، خوا قەوەتت بدا …
نامناسییەوە ؟ زۆر گۆڕاوم ها ؟ )
برادەرەکەم تەمەوە ڵاماو هیچی نەگوت ..
ئەوسا چووم بە گۆچانەکەم شەقام بپێوم ،
ئا ئەوەتا کێنە پەرژینی دارینەی خۆشەویستەکەم
ئەوەتا ئەویش لەبەر دەروازەکەیدا
بە گوێی بۆنداری دەستییەوە ..
- ( سڵاو خوشکۆڵە !
خوا حەزی کرد جارێکی دی پێك بگەینەوە .. )
سەری دانەواند و
دەربەدەر و غەریبی بەجێهێشت …

بە پشتی کێماوەوە ژێرداگەڵام ،
کێخەکەمانم بە کێنەپەرژینی دارینەوە
لێ دەرکەوت ..
لە وڵدا
پیرەدایکم وەستاوە

- ( ئەی خانەخوێ ، ئەمشەو میوانێکتان هەیە! )
دایکم هەڵدەلەرزی ، بە دەستیش پەکوپەکوی بوو:
- ئەوە تۆی لێرە ؟!
بە ماچ و فرمێسك لە ئامێزی گرتم :
( ئای کوڕی خۆشەویستم ، کوڕە داماوەکەم ..! )

# بۆ یەکەمجار ئۆرکێسترای سیمفۆنی تۆرنتۆ مۆسیقای کوردی دەژەنێت … ئامادەکردنی: ئاسۆ جەبار

ئۆرکێسترای سیمفۆنی تۆرنتۆ یەکێکە لە ئۆرکێسترا گەورەو شایستەکانی ئەکادیمیەکانی جیهان لەئاستی ئۆرکێسترا بۆ نەوبانگکانی ئەمریکا و کەنەدا دایەو ساڵانە بەبەشداری چەندین موزیکدانەرو کەمپۆزەرو موزیکژەنی بۆ توانای کەنەدی و جیهانی چالاکیەکانی هونەریەکادیمیی و جیهانییەکان بەرزەکانی پێسکەشدەکات.
لە درێژەی چالاکیەکانی هونەرمەندی مۆسیقادانەر و پیانۆژەنی کورد نەوروز تەنیا، ڕۆژی 27 ی ئەپریل لەسەر شانۆی Roy Thomson Hall سەمای کوردی ژمارە 1 ی نەوروز تەنیا لە نەو کەمەک کاری جیهانی پێشکەشدەکرێت.
لەم کۆنسێرتەدا ستایلە جیاوازەکانی سەما لە جیهاندا پێشکەشدەکرێت. ئەم پڕۆژە هونەریەیە پێشتر لە ئۆرکێسترای بەناوبانگی سیمفۆنی نۆڤاسکۆشیا پێشکەشکرا و لە هەمان کۆنسێرتدا داواکرا بۆ جاری دووەەم پێشکەشبکرێتەوە.
لەو مۆسیقادانەرانەی ناویان لەم کۆنسێرتە دەبینرێت Dvorak, Schostakovitch, Tchaikovsky و چەندین دانەری دیکە لەپاڵ ناوی نەوروز تەنیای موزیکدانەری کورد دەبینیت.

نۆرۆز تەنیا وەک تەنیا موزیکدانەرێکی ئەکادیمی کورد لەپاڵ ناوە دیارەکانی موزیکدانەراکاندا ریزبەندی چالاکییەکی ئاست بەرزی ئەکادیمی و جیهانی دەبێت.

Daniel Bartholomew-Poyser کە مایستری ئەم کۆنسێرتەیە؛ مایسترییەکی بە نەوبانگی جیهانی و کۆنديیە و شانازی بەبەشداریی کورد و موزیکدانەرێکی وەک نۆرۆز تەنیاوە دەکات و دەڵێت:

“کارێکی گرنگە لە کۆندا بەرهەمی هونەرمەندێکی کورد بژێرێت بەمشیوەیە، ئێستا تەنیا بە نوسینی وشەی کورد و ئەرکێسترای تەرەنتە ڕاستەوخۆ لینکی ئەم کۆنسێرتە دەبینرێت. پێشتر لەم ئەرکێسترایە مۆسیقای ئەرکێسترالی کوردی پێشکەش نەکراوە.”

بایەخ و گرنگی بەشداری کەمپۆزەرو موزیکدانەرێکی کورد لە ئاوەها ئەرکێستراییەکی گەورەی جیهانیدا رامانێدەگرێت لەبەردەم بەرپسیارێتییەکی ڕاستەقینەی ئەکادیمیدا؛ کورد خاوەنی چەندین ئەکادیمیست و هونەرمەند و پێکەرساز و نوسەر و نیگارکێش و ڕەمانوسی بە توانایە؛ بەشداریی و شاکارە هونەری و ئەدەبی و ئەکادیمییەکانی کورد لەدەرەوەو ناوەی کوردستان شایستەی ئاوەتەبوون و بەرجەستبوونن لە دنیای هاوچەرخدا. ئەوەی شاکارییەکی موزیکی و ڕەمانێکی گەورە و شاکارێکی هونەریی دەتوانێت لەدنیای مەدەرندا بە داهێنان و جوانیی و ئەکادیمیبوونەوە کورد وەک کەمەگەیەکی زیندوو بە جیهان بناسێنن هەرگیز سیاسەت و سیاسەتمەندارو ململانێکان ناتوانن ئەو هەنگاوە جیهانییە هەببەهێن.

شایانی وتنە نۆرۆز دەرچوی زانکۆی ویلفریردە و چەندین خەاتی لە کەنەدا و چەندین وڵاتی دیکە بەدەستهێناوە، ساڵی 2019 بە نوێنەری کەنەدا هەبژیردرا لە نمایشی سەمای جیهانی. بە هەچەەك خەکی کوردستانە و ساڵانکە لە کەنەدا دەژی، وەک بەڕێوبەری کارەکانی ئەرکێسترای شاری گوڵف لە ئۆنتاریۆ کاری کردوە. هاوکات چەندین

شاکاریی جیهانی و کوردی لە کوردستان و ئەوروپا و کەنەدادا پشکەش کردووە.
کەنسەرتەکە ڕۆژی 27 مانگی چوار پشکش دەکرێت. دەتوانرێت لە ڕێگای ئەم لینکانەوە تەواوی زانیارییەکان ببینرێت:

https://www.tso.ca/sites/default/files/fact_sheet_april_10_1.pdf
https://www.youtube.com/user/Nawrozmusic
https://www.tso.ca/concert/relaxed-performance-let%E2%80%99s-dance#performance-2291

---

# ئۆکاتی حەقیقەت دەگەڕێت بەگومان گەیانکاری ئامادەیە..! سەروەرکەریم …

ئیشکردن ،لەسەرچەمکی حەقیقەت ومانەوی بەڕەهایی کەیلەیەتی بەردەوام بەرهەم دەهێنەت و هیزی بیرکردنەوەگەیانکاری لەناودەبات و کەمەگاو مرۆڤی بە ئیرادەو دەستەمە دروست دەکات و هەمووەیگاکانی پرسیاروگومان دادەخات.
هەمیشە دەسەاتەکان کاریان لەسەرفرێشتنی حەقیقەتی ڕەها بەکەمەگاو مرۆڤکان کردووەو مانەو ووجودی خەیان بەحەقیقەتی ڕەها داناوە.لەڕێگەی ئایین و پیرەزیەکانی تری نیشتیمان و سەرکردەی پیرەز قبووە کردنی دەخی مەووجود ،بەوەی ئەوە حەقیقەتی میژووە ،کەئەوانی کردوەبەسەرداروسەروەری کەمەگاو دەبەت ڕێزلە پیرەزیەکانیان بگیرێت.
کاتێک دەسەاتەکانیان دەکەوێتەبەرمەترسی و گومانی خەڵک و هەنگاو بەرەوگومانکردن ،لەحەقیقەتی تاڵی ئەوان دەنەن ڕاستەوخە دەنە وەڵام باسی ئەوەدەکەن نابەت خەڵک دەست بەپیرەزیەکان بگرێت وهەوەی شکاندنیان بدات چونکە ئەوە حەقیقەتە .لەڕێگەی ئایینە وە سەرتاهەوە دەدەن گومانی دەخی خراپ بەوەنەوە بەوەی ،هەژاری و دەوەمەندی لەلای خوداوەیەو دەبەت هەمووان بەبەشی خەمان ڕازی بین

،ئەگەر ئەمش نەیتوانی گومانی هاوڵاتیان بەوەنەتەوە لەجەبروتی حەقیقەتی زاڵمانەی دەسەڵات و کاری هەڤیانەیان بەسەرمافەکانیان ،ئەوا دەست بە هەستی نیشتیمانی و پیرۆزی سەرکردە دەبەن و دەیانەڤێت لەبەگەی نیشتیمان پەروەری و پیرۆز ڕاگرتنی سەرکردەکانیان ،کەبەقەولی دەسەڵات داران لەخزمەتی ماف و ئازادیەکانی خەڵک دابوون .گومانی خەڵکی بەوەنەوە ڕیگای کۆتایی هەنان بە حەقیقەتی زاڵمانەیان نەگرنەبەر.
هەموو دەسەڵاتە دیکتاتەرو شمولی و فاشستەکان ،لەسەر هەمان تیئۆر ئیش دەکەن ،کەمانەوەی کەمەگا بەمانەوەی ئەوانەوە بەندەو دەبێت ئەوە ،وەک حەقیقەتی ڕەهاقبوو بکەن وەڕز لەسەروەری و سەردار بوونیان بگرن و ،وەک کەیلەیەکی گوڕایە ئەو دەسەڵاتە ناحەقیقیەی بەزۆر سەپێنراوەو پیرۆزکراوە قبوو بکەن پێنا بگومانکردن نەبن و بەڕکو ملکەچ بن .
گومان نەکردنی کەمەگا و بەدەنگ بوون ،لەتاوانەکانی سەرانی دەسەڵات هەمیشە ترس و تەقاندن بەرهەم دەهێنێت و کەمەگا بەروملەکەچ بوون و مۆگەل بوون دەبات .تائۆکاتەی گومان لەحەقیقەتی دەسەلات نەکەین ناتوانین تاوانەکانیان ببینینن ،لەوکاتەی گومان لە حەقیقەتی دەسەڵات و سەرکردەمافیاکانیان دەکەین ،ئەوکات ڕاستی دەسەڵاتی هەڤیانەیان دەبینین و دەتوانین هەنگاو بنەین بۆئاستەی گۆڕانکاری .زانینی جەبری دەسەڵات بەرەو ئیختیارمان دەبات و هەنگاوی سەرتای گومانکردن ،لەحەقیقەتی جەبری دەسەڵات ئیختیارمان نیشان دەدات.
هەروەک ئەنگڵس دەڵێت جەبرکوێرە ،تابەئیختیارمان نەزانی و ئیختیاریش.بریتیە لەپەزانینی جەبر،خەڵکی کوردستان زیاتر لەچارەکەسەدیەکە دەست وپەنجە لەگەڵ دەسەڵاتی سەرانی مافیای کورد نەرم دەکات و ئەوانیش ئەویان بەحەقیقت بەخەڵکی کوردستان فرۆشتوە ،کەئەوە حەقیقەتی مەژووە ئەوانی کردووە بەحاکمی هەها بەسەریانەوە و دەبێت خەڵکی کوردستان ملکەچی ئەو حەقیقەتبێت و نابێت هیچ گومان بکات ،لەوی ئەو دەسەڵاتە مافیاگەریە .(تەوای دەسەڵاتە دیکتاتەرکانی شیوەی دەسەڵاتی مافیای کوردی هەمان قسەو گفتاریان هەبووە ،لەشیوەی دەسەڵاتکانی موبارەک و سەدام و قەزافی و زەین بن عابدین و بەتەفلیقەو بەشیروبەشار …هتد) .دەسەڵاتکی هەڤی ناحەقیقین ،چونکە مانەوەی خەڵکی کوردستان پێوستە بەمانەوەی ئەوان و دەسەڵاتیانەوە .
هەبێت ماوەی زیاتر لەچارەکە سەدیەکە خەڵکی کوردستان تاوەی ئەو دەسەڵاتە فاشیەی سەرانی کورد دانەشێت بەناوەی حەقیقەتی مەژووە ،کەمترین گومانیان خستوەتەسەرابوروو ئەستایان و هەوەشاندنەوەی

حقیقەتی وەهمیانیان .
دوای ئەوەی ڕژانە دیکتاتۆرکان ،کەدەستاتیان بەحقیقەت بەسەرخەڵکدا سەپاندوە هەڕەشەوەرن کەتایبەت دەت ،ئایاخەڵکی کوردستان ،کەی دەست بەرداری ئەوناحقیقەتە دەبن و بەدەستاتی حقیقی خۆیان کەتایبی بەمافیاگەری دەهەنن و ڕووەوی مەژووی ناحقیقی دەستاتیان هەڵدەگرنەوەو دەبنە خاوەنی خۆیان و ماف و ئازادیەکانیان.
هەڵەبجە
١١/٤/٢٠١٩

---

# چەند سەرنج و خوێندنەوەیەک بە کتێبی: پارتی سیاسیستی کورد ـ پاسەک ١٩٧٥ ـ١٩٩١

**هەڵەبجە بەرزنجەیی ١٤/٤/٢٠١٩**

کتێبی: پارتی سیاسیستی کورد ـــ پاسەک (١٩٧٥ ـــ ١٩٩١) … لەکەینەوەیەکی مەژوویی سیاسییە.
پێشکەش، پ.ی.د.یاسین سەردەشتی چاپی یەکەم،٢٠١٨…٢٧٢ لاپەڕە و نزیکەی ٣٤ بەڵگەنامەی دانسقە. نووسینی: زانا فەقێ
لەدەرەوەی مەودای وتار و بابەتی سیاسی حیزبایەتی دا, بۆیەکم جار کاک "کاوە ئەمین" بە بابەتکی زانستی لەسەر پاسەکی نووسیوە. بەناونیشانی" ناسیونالیزمی کوردی، خەبات بۆ دەوڵەتکی نەتەوەیی، کاوە ئەمین/٢٠٠٦ کوردستان".
ئەم کارەی ئێستای کاک زانا فەقێ لەسەر پاسەک، وەک ماجستەرنامە لە زانکۆی سلێمانی پێشکەشکراوە، بە دووەم سەرچاوە و هەوە دادنرێ، وەک کارێکی زانستی و بەرهەمی قوتابییەکی زانکۆ. هەبەت لەڕدا جێی ڕێزکی زۆرە، دەستخۆشی لە کاک زانا بکەم، بۆ هەبژاردنی ئەم بابەتە بۆ ماستەرنامەکەی. گرنگییەکە لەوەدایە، بەتایبەت لاوکی گەرمیانی،نزیک گەی نەوتە تانکراوەکەی کەرکووک، بابەتکی وا تایبەت و قورس و هەستیار و پڕ لە سەختی و کەم سەرچاوەی

هەبژاردووە، کە بەجۆرێک لە جۆرەکان مژووی ژووداوەکانی دوای ئاپۆرین و میدیای بە ڕوحمی کوردی، خۆرا و دوور لە بەرپرسیارێتی و لەبەرچاوگرتنی مژووی هاوچەرخ، لەبیری کردووە.
ئاخر کەسێک نەزانێ پاسەک بە چ نانەسکی و زەحمەت و ئازرک گرانییەک، تێکۆشانی کردووە، وا سەرپەی سەیری ئەم کار و حاڵەتە دەکات. بەڵام ئەوانەی خەیاڵان سووتەمەنی ئەم خەباتە ساختەن، و وردتر و بەویژدانتر و ئەقڵانیتر، خوێندنەوەی بە ژووداوەکان و مژووی سەردەم دەکەن، باشتر بایخ بەم کارە دەدەن و پێیان وایە، ئەوەی کراوە، نەک هەر شتێکی ئاسایی، بەڵکو ئەوپەڕی مایەی شانازیشە.
کارەکەی کاک زانا ماندووبوون و پەرۆش و دڵسۆزییەکی بەشوماری پێوە دیارە، مەگەر هەر ئەو توانیبێتی سەراسەیی و سەراخی ئەرشیف و بەسەرکردنەوە و پێیوەندیگرتن لەگەڵ هاوبیرانی پاسەک دا بە گرانی و سەختییە بکات. هاوکات سەر بەسەر دێیان سەرچاوەی جۆراوجۆردا شڵە بکاتەوە، تاوەکو سەرەداوی باسەکی لە ژوون دەبێتەوە. هەکارەکەش لە پلەی یەکەمدا، لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، حیزبێکی وەک پاسەک بێ نەکرا، خاوەنی ئەرشیفێکی پارێزراو بێت و تەماری مژوو و ژووداو و هەواڵستەکانی لەخۆ گرتبێت، ـ ئەمەش هەوهەکاری خۆی هەیە ـ تاوەکو کەسانێکی وەک کاک زانا، بتوانن بە کارەکێیان پشتی پێ بەستن و سوودی لێوەرگرن.
کاتێک، بەندە هەواڵی لەخەبووردووییە و پەرۆشی بەردەوام و گرتنە ئەستۆی ئەم کارە سەختە و لەبەرچاوگرتنی ئەم ڕێگا پڕپێچەی کاک زانام بیست، زۆر خۆشحاڵ بووم.
ساتەوەختەکیش کاک زانا بە یارمەتی و پرسیارکردن و چاوپێکەوتن و هاوکاری ، پێوەندی پێوە کردم، بە یەک و دوو بەهانایەوە چووم و هەوەم دا، مەبەستێکی جوان و دروست و دوور لە گیانی حیزبایەتی و شێواندنی ڕاستی بخەمە سەرت خۆرمانی کارەکەی. تاوەکو ئەم هەنگاوە بەتە سەرەتایەکی باش و پێویست بە ئەو مژووی پاسەک، بە ڕووش بەدرۆزایی تەمەنی خۆی نەخشاندوویەتی. بەڕاستی کارەکەی کاک زانا، جێی دڵسۆزی و پیرۆزبایی لێکردنە.
لە ئەم هەموو ڕاستی و ستایش و ڕێز و خۆشەویستییە، بە کارەکەی کاک زانا. ناکاتە ئەوەی ڕێگرێک هەبێت لەبەردەممان دا، هەندە ڕەخنە و و باری سەرنج لەسەر ئەم کارە بەهادارەی نووسەر دەربڕین. تا ئەستاش بەدگمان نەبێت،کاری سەرەوەیی بە کۆلۆن لۆلایەن کەسەوە، پێشکەش نەکراوە. هاوکات،دەبێنی ڕەخنە و باری سەرنج و تێبینی،مەتیقگۆلکن، بە باشترکردنی هەنگاوەکانی ئایندە و فروانکردنی ئاسۆی بیرکردنەوە، پێشکەشکردنی کاری پوختتر.
لەڕاستیدا نازانم لەکوێنەوەی زانستی، تا چەند خوێندکار ناچار

دەکات چی ئامادە بکات و چۆن هەڵسوکەوت بکات؟ یاخود گرێکە چی بنووسێ و چی بڵێ!؟ .. لە ئەوە باش دڵزانم کەوا مژوو و ئاستی دەروون، چ هەوای هەق نییە منداڵی دایک و باوکێک، بە زەردارەکی یاخود مەبەست و لە نەزانییەوە، بدرێ بە باوک و دایکێکی بگانە!.
بۆیە وا لەبەرەوە لە ڕەی شنوکەوکردنی ماستەرنامەکەی کاک زاناوە، تەواوی سەرنجەکانم بۆ چەند فاکتەک، دەخەمە بەرچاو و ڕوونکردنەوەیان لەسەر دەدەم. بۆ هیوایەی کاک زانا، بۆ دڵنیکی فراوانەوە و کارەکی سوودبەخش بۆ ئایندەی خۆی لەم قبووڵ بکات.
خوێندنەری هێژاش زیاتر بەئاستییە مژوویەکان ئاشنا بێت، ئەو ئاستی و هەقیقەتانەی کەموزەر تەپوتۆزی هەمەتەکی بوێژدانانەی چەواشەکاریی و شێواندنیان لەسەر نیشتووە، تاوەکو، وەک ئەوەی کە هەن نەخشێنن بەردەست و چاو.

کاک زان لە کتێبەکەیدا، شەرشی ١٧ی تەممووزی ساڵی ١٩٥٨ لە عێراق دا، کردەتە پاشخانی ماستەرنامەکەی. لەکاتێکدا نووسەر لەسەر پارتێکی نەتەوەیی وەک " پارتی سۆسیالیستی کورد- پاسۆک"ی خاوەن فەلسەفە و ستراتیژێکی دیا و ڕوون و گۆشی بیری نەتەوایەتی نووسیویەتی.
سەرەتا:
١- بەرگی کتێبەکە جگە لەناونیشانی کارەکە، نەخشەیەکی کوردستانی لەسەرە و لەتەک ئارمەکی پاسۆک دا. لەڕاستیدا ئارمەکە هی پارتی سۆسیالیستی کورد - پاسۆک نییە. ئەو پارتەی کاک زانا لەکەلێنەوەی لەسەر کردووە، بەڵکو ئارمی "پارتی سەربەخۆیی دیموکراتی کوردستان"ە. کە لە کۆنگرەی یەکەمی پاش دامەزراندنی پاسۆکەوە لە دوای ڕاپەڕینەکەی ساڵی ١٩٩١وە، بووە ناو و ئارمی حیزبی ناوبراو. هەق نەبوو کاک زانا بکەوێتە ئێم هەڵەیەوە، چونکە باسۆکەی ئەویش باس لە پاسۆک لە نێوان ١٩٧٥ - ١٩٩١ دا دەکات.
٢- تۆژینەوەکە لە ٣ بەش پێکهاتووە. کەچی نووسەر هاتووە وەک سەرەتا و پێشخان، ئەوەی ناسراوە بە شەرشی ١٧ی تەموزی ١٩٥٨ لە عیراق دا، کردەتە پاشخان و زەمینەی لەکەڵێنەوەکەی لەسەر بیری نەتەوەیی کوردیی و لە چوارچێوەی پاسۆک دا. لەکاتێکدا بە نموونە، دەبوو لە کۆنتەکستی وا مژوویی دا حیزبی " هیوا، ژ. ک یاخود خەیبون" بکاتە پێشخانی کارەکەی. چونکە شەشی ١٤ تەموز ڕووداوەکە لەچوارچێوەی دەوڵەتێکی داگیرکەردا، بەناوی عێراق ڕووی داوە. عێراقیش چ ئەوسا و چ بە ئێستاشەوە، یەکێکە لە دەوڵەتە داگیرکەرە سەرسەختەکانی کورد و کوردستان و پاسۆک ئێم قۆناغە سیاسییە زەڕەکەی قبووڵ نەبووە و بەهی کوردی نەزانیوە و بە تێکشکاندنی

خەباتی کردووە.
پاسۆک نەک هاوڕێی بەو شێوەیە نەبووە و نییە، لەوەدا کە چ پەیوەندییەکی بە دروست بوونیەوە نییە، بەڵکو خودی عێراقیش بە داگیرکەر و دوژمن دەزانی. کەواتە گەلانەوە بە گردانی سەرهەڵدانی بزاڤی نەتەوە و کەمینەیەکی نەتەوەیی وەک " کاژیک" و پاشان حیزبێکی سیاسی وەک "پاسۆک" بەشێوەیەکی تەواو هەڵەیە و کوشندەیە.
٣ـ لە لاپەڕە/ ل ٦٥ دا، کاتێ باس لە بەرنامەی بەرەی کوردستانی پاسۆک دەکات،گوایە بەس پێشکەشی کەمینەی کردووە. لەڕاستیدا ئەو بەرنامەیە خرایە بەردەم هەموو هێز و لایەنەکان.
٤ـ لە ل ١٠٣ باس لەوە دەکات، پاسۆک تا دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ کۆنگرەی نەبەستووە. هەڵبەت هەڵومەرج و ژینگەیەکی لەبار لە ڕووی خودیی و بابەتییەوە نەڕەخسا، تا پاسۆک بتوانێ کۆنگرەی خۆی بگرێ. کۆنگرە نەگرتن لەترس و لە بەباوییەوە نەبووە، بگرە لە نەبوونی زەمینەوە بووە. بۆیەکا دەبینین لە کورتترین ساتەوەختی دوای ڕاپەڕینی١٩٩١ دا و لەسبەری ئازادیدا، پاسۆک یەکەم حیزب بوو لە کوردستان،هەمان ساڵی ١٩٩١ ، بە شەش مانگ دوای ڕاپەڕین کۆنگرەی خۆی بەست. پاشان ئەوە هەر تەنها پاسۆک نییە، کۆنگرە نەبەستبێت ، ی. ن. کوردستانیش و هەندێ لایەنیش بەیان نەلوابوو کۆنگرە بگرن.
٥ـ لە ل ١٠٤ دا باس لە کۆنگرە و گۆڕینی ناوی "پارتی سۆسیالیستی کوردـ پاسۆک" بۆ "پارتی سەربەخۆیی دیموکراتی کوردستان ـ پاسۆک " و گۆڕینی دروشمەکەی لە "کوردستانێکی ئازادـگەلێکی یەکسان"ەوە دەکات بۆ "کورستانێکی سەربەخۆـ گەلێکی ئازاد" . بنەڕەتی خاڵی یەکەم.
٦ـ لە ل ١٢٢ دا باس لە گۆڕاری سەربەخۆیی دەکات. سەربەخۆیی ڕۆژنامە بوو. تەنیا ئاماژەی سووری کوردایەتی و چریکەی ئازاد دوو گۆڕار بوون پاسۆک دەری دەکردن.
٧ ـ لە ل ١٣٢ دا باس لە داخوازییەکانی پاسۆک دەکات بۆ ئازادکردنی خوێندکارە عەرەبە گیراوەکان. ژمارەکانی هەڵەی تەدایە ڕاستییەکەی بەم شێوەیەیە:
ئازادکردنی ٢٠ خەزانی ی. ن. ک، ئازادکردنی ٢٠ خەزانی حشع ، ئازادکردنی ٢٠ پ. د. ک، ئازادکردنی ٢٠ خەزانی حسک، ئازادکردنی ١٠ خەزانی کەمینە و ئازادکردنی ١٠ خەزانی پاسۆک. جا بنەڕەتن هیچ حیزبێ هەیە لەدەستکەوتدا،کەمترین بەش بە خۆی هەڵگرێ و دانێ؟!.ئەم خاڵە شایانی ئەوە بوو، نووسەر تیشکێکی زیاتری بخاتە سەر،چونکە تاقانە و بەوەنە و تژی لە مانا و بەهای بەرزی کوردایەتییە. هەر نەبێت، پاسۆک داوای ئازادکردنی کەسوکاری هاوڕێ کەمینستەکانیشی کردووە.

٨ ـ لە ل ١٤٤ دا باس لە دروستبوونی بەرەی جوقد دەکات. لە زمانی ملازم مەنسوورەوە دەنووسێ: " گوایە پاسەک ئامادە بووە، بەتە ئەندام لە جوقد دا، بەڵام ئەوان حسابیان بۆ نەکردووە و پشتگوێیان خستووین".
ئەم باسە زۆرلەژیکی نایەتە بەرگوێ و هیچ بەڵگەیەک لەم ڕووەوە نییە، سەرەتا چونکە جوقد یەکێتی لە دژچۆ، ئەوانی تر هەمووی هەزی عەرەبی و کەس و دووکەسی چایخانەکانی دیمەشق بوون. بۆوەرگرتنی هەر کەس و لایەک نەک هەر ئامادەبوون، بگرە پاداشیشیان دەدا. لە لایەکی دیکەوە، هیچ خاڵێکی هاوبەشی نێوان ئەوان و پاسەک نەبووە. بۆیە پاسەک باوەڕی بۆ خەبوونەوەیە نەبوو. لەکاتێکدا پاسەک بۆ بوونە ئەندام لە جوددا، کە لە هەزە کوردستانییەکانی پ. د. ک، حشع و حسک پێکهاتبوو، ئەمانە هاوسەنگەر و دەست و هاوپەیمانی سەر گەڕانی کوردستانی پاسەک بوون. بۆ پارێزەوە و لەوپەڕی ناچاریدا بەتە ئەندام، ئەویش دوای تێپەڕبوونی ٢ ساڵ بەسەر تەمەنی جوددا. جود لە ١٩٨٠ دا دامەزرا، پاسەک ١٩٨٢ دوای سەرهەڵدانی کۆشکانی لەگەڵ ی. ن. ک دا و ئەقڵەت و سیاسەتی پاوانخوازی یەکێتی، ئینجا چووە ناو بەرەوە بۆ پارێزەوە. واتە گەر یەکێتی تەنگی پێهەڵنەچنییایە، پاسەک نەشدەبووە ئەندامی جود، چونکە پاسەک جەختی لەسەر یەکێتی ئیزەکان و دروستکردنی بەرەی کوردستانی و سازدانی کۆنگرەی نەتەوەیی دەکردەوە، نەک سەنگەربەندی دژ بەلایەنەکانی سەر گەڕپانەکە. ئەو دوو بڕیارە لە بنەڕەتدا سەنگەربەندیی بوون. یەکێتی لە پارتی و پارتی لە یەکێتی. وەک بەڵگەش بۆ نەت و مەرام و ئامانجی پاسەک، لە ١٩٧٦ و ١٩٨٠ و ١٩٨٣ و ١٩٨٦دا بۆ پرۆژەو بۆ یەکەیزیی دیالۆگی لەگەڵ لایەنەکان و بەرەی جوددا کردووە. جا بیهێنەرە بەر چاوت، چ لۆژیکێک دەیسەلمێنێ، کەوا پاسەک بچێتە ناو جوقدەوە، کە بەرەیەکی تەواوی عەراقی بوو.
٩ ـ لە ل ١٥١ دا لە پێناوەزی باسکردنی کۆشکانی یەکێتی و پاسەک دا، باس لە شوێنی مامۆخەلان دەکات. لەڕدا دوو هابیر(بەستون و فارس) ی پاسەک بەدەستی یەکێتی کوژراون، نەک پاسەک لە یەکێتی کوشتبێ. پاشان بەسەر ناوی بەستون دا، تەدەپێچ و پڕاوەزکی دوورودرێژ بۆ فارس دەکاتەوە. گوایە گوناحی فارس ئەوە بووە پێشمەرگەیەکی شەهید ئیلوول و نزیک لەوانشاد فەتاح ئاغا بووە. ئەوجا لە زمانی ملازم مەنسورەوە، جارێکی دیکە باس لەوە دەکات، یەکێتی گومانیان لەوە بووە، فارس بۆعسییە و هاتووە خوالێخۆش بوو نەوشیروان مستەفا بکوژێ.
بەڵاستی هەڵبەستی ئەم چیرۆکە هەر لە هونەری ئەقڵی یەکێتی دێت. چونکە فارس لە شارباژێر و نەوشیروان مستەفای خوالێخۆش بوو لە

توژینەوە و ناوزەنگ، فارس چۆنی دەتوانێ پلانی کوشتنەکێ جیهانی دەکات؟!. لەوەش زیاتر، دەبوو یەکێتی بەرگێ بدات بە پاسەکی لەمێژینەی شتەوە. پاسەکی دەبەت لەپچنەوە لە هاوبیرەکانی بکات، بە دنیایشەوە دەیکرد، نەک هەزەکی تر. یەکێتی لەو زیاتر چ مافێکی نییە دەستخاتە ناو کاروباری حیزبێ تر و چارنووسی هاوبیرێکی پاسەک بخاتە مەترسییەوە. کەچی بەداخەوە نابەرپرسانە دەت و فارس دەکوژن؟؟!!.
هەنگاوێ پاسەکیش لەسەر دەیان ئەندام و بەرپرسی یەکێتی تێبینی و گومانی هەبوو بەت. جا ئایا دەبەت پاسەک ئەوانە بگرێ و بکوژێ، وەک یەکێتی کردی!؟.

کاک زانا لەرەدا نایتوانیوە، بەلایەنی بپارێزێ و لە چوارچێوەی کارە زانستییەکەیدا بمێنێتەوە. بەڵکو جارێ پاساوەک لە دڵی ئەو چیرەکە هەبەستراوانەوە بە کارەکەی یەکێتی دەنێتەوە. ئاخر ئەو ورتە و چیرەکانەی یەکێتی باسی دەکات، بە پسپۆری زانستی ناخوەندرێتەوە و منداڵی سەر بشکێش دەزانێ وانییە. هەرچەند لە لاپەڕەکانی دیکە، نووسەر باس لە گەچەڵ و شەڕفرۆشتنێ بردەوامەکانی یەکێتی بە پاسەک دەکات. لە شەهیدکردنی بەستون و فارس، کە سەرەتا و خاڵی بنەڕەتییە، دروست نایخاتە بەردەم خوێنەر و تەمەکی گومان و ناڕوونی بەسەرەوە جێ دەهێڵت. پاشان نووسەر خۆی بە فاکتەر گرنگەکانی ئەم سیاسەی یەکێتی ماندوو ناکات. بە باوەڕی من ئەم سەرەتا تاڵە، هەکارێکی گرنگی پێکخستنی پاسەک و هەنانێ دی دروشم و ئاواتەکانی بوو.

هەبەت چ ئەو هێڕشە و چ ئەستاش، بەهەر بیانوویەک بەت کۆی کورد بەکوشتدان و کوشتن،جۆی شانازی نەبووە و نابەت. پاسەک کە مەفرەزەکی یەکێتی لەبری تۆپی خوێنی دوو هاوبیرەکەی گرتبوو، داوایان لێیان کرد بوو، وەک بارمتە لای پاسەک بن، تاوەکو سەرکردایەتی یەکێتی ، هوونکردنەوە لەسەر هوودواوەکان دەدەن. بەڵام بەداخەوە، یەکێتییەکان دەست دەکەن بە تۆقە و دڕێنجام ئەوەی نەدەبوو هووبدات، هووی دا. شایانی ئاماژە پێدانە، لە کوژراوەکانی ناو یەکێتیدا هاوبیری پاسەک (فەرهاد) هەبوو.

١٠ــ لە ل ١٥٢ دا لە زمانی فوئاد هەوەند ناوەکەوە، باس لەوە دەکات، گوایە ساڵی ١٩٨١ لە ناوچەکانی شارباژێڕ پێشمەرگەی پاسەک چاوساغیان بە هاتنخوارەوەی پێشمەرگەی پارتی کردووە.
بەڵاستی ئەم باسە نەدەبوو، لەو کتێبەدا جێی بێتەوە، چونکە پێشمەرگەکانی پارتی هەم خەڵکی ئەو ناوچەیەبوون و هەمیش بە

هەکەوتنی نەوان پارتی و یەکێتی هاتبوونە ناوچەکە. یەکێتیش مافی هەبوو بچێتە ناوچەکانی بادینان.ئەمەش بەپێی هەکەوتنی مەسعوود بارزانی و جەلال تاڵەبانی بوو لە سەرەتای هەشتاکان لە دیدارێکیان دا لە لەندەن لەسەری ڕێک کەوتبوون. ئەوەی ڕاستی مەسەلەکەیە، پارتی لە زەر شوێندا ڕازی نەدەبوو، پێشمەرگەی پاسۆکیان لەگەڵ دا بێت و زەرجار بەجێیان دەهێشتن، لەبەرخاتری ڕاگرتنی پەیوەندییەکەیان لەگەڵ یەکێتیدا.ئەو دەم یەکێتی بەس قیتەی لەسەر پاسۆک هەبوو. دیارە خودی خوالێخۆش بوو مام جەلال،بەگشتی هەوڵستێکی نەرم و ئەرێنی هەبووە بەرامبەر بە پاسۆک،لە دەروێشکانی دیکە، کە بەگژ ئەرز و ئاسمان دا دەچوون توندبوون.
هەکار بە دەرپەڕاندنی پاسۆک لە ناوچەی سلێمانی بەدەستی یەکێتی زەرە، هەر لە هەڵگیرسانی شەڕی عێراق و ئێرانەوە، پەیوەندی بە لێشاوی خێڵەک بە پێشمەرگەوە، چاوهەڵنەهاتن بە تا باڕادەستی ڕەکخستن و مەفرەزەکانی پاسۆک لە شاری سلێمانی ـ کە یەکێتی بە قەڵای خۆی دەزانی و بانگاشەی ئەوەی دەکرد حاکمی گشتی پانکەیە ـ ،ئەنجامدانی چالاکی گەورە لە ناووی چەنایەتیەوە و گەلە هەوهەکاری دیکەش. ئەم باسە جەدەلین بە دەرفەتێکی تر.
١١ـ لە ل ١٥٦ و ١٥٧ دا جارێکی تر باس لەوە دەکات، پاسۆک لە بەرەی جوودا، بەیاننامەی ناڕازایی دژ بە سیاسەتی جود دەرکردووە. جارێک لەبەر ئەوەی بزوتنەوەی کورد بە بەشێک لە بزوتنەوەی عەراقی و عەراقیش بە هی عەرەبی و دژ بە کۆلۆنیالیزم و زایۆنیزم دادەنێن . جارێکی تر لە ١٩٨٣ دا بەرەی جود بانگاشەی شەڕ دژی یەکێتی دەکەن و پاسۆک دژ دەوستێتەوە و بەیاننامە دەردەکات.
بەڵێ پاسۆک زەر بەپارێزەوە چووبووە ناو جودەوە، وەک تاکتیکێکی سەربازی لەناو جوودا بوو، بە خۆپاراستن لە هێزەکانی یەکێتی و شەڕی بە کۆمەڵی دەوڵەتی عەراق و ژەمەکەی. دەنا لەووی فکر و ستراتیژەوە،لەتەک بەشێکی زەری هەرسە لایەنەکەدا، ئاسمان و ڕێسمان نەوانیان بوو.
١٢ ــ کاک زانا لە ل ١٦١ ــ ١٦٢ دا، بە دەستپاکانە ئاماژە بە پێشوازییەکانی پاسۆک بە هەوڵەکانی حشع بە ئاشتەوایی دەکات. ئەمەش بەڵگەیەکی تری زیندووی، نیەت پاکی و باوەڕی بەرزی پاسۆک بە پاراستنی یەکێتی و تەبایی نەوان هێزەکان دەسەلمێنێ.لە سەختترین هێڵەکانی ناکۆکی پاسۆک لەگەڵ لایەنەکان،دیسان پاسۆک بەوپەڕی باوەڕ و قەناعەتەوە،جەختی لەسەر یەکێیزیی و تەبایی و یەکگرتنی لایەنەکان کردەتەوە. ئەم مەڕووە گەش و دیارە، بە هەنیەی خەباتی پاسۆک و باوەڕی کورداییتیەوە.
١٣ ـ لە ل ١٦٦ ـ ١٦٨ دا، لەسەر هەوەست و سیاسەتی پاسۆک بەرامبەر

بەشێکی یەکێتی و رێکەوتنیان لەگەڵ ژەمی بەعس دا، زەرەر شت دەدا.
من بە دەستنیشانکردن و نیشاندانی جیاوازی بیرکردنەوە و هەڵوێست و نووسینەوەی مامۆوو، تەنها ئاماژە بە دوو نووسینی خوالێخۆشبوو نەوشیروان مستەفا و شێخ محەمەد شاکەلی دەکەم و هەستنگاندنەکە بە خوێنەر بەجێ دەهێم:
" ئازاد مستەفا کەوتە نووسینی بیان و وتار دژی یەکێتی لە بواری موهاتەراتی سیاسیدا بەڵی هەموو ئەوانەی پێش خۆیدا" نەوشیروان مستەفا، پێنجکان یەکتر دەشکێنن،ل ٢١٠
" لێکاتی دانیشتنەکانی نەوان ئەمە و ی.ن.ک ، سەرکردایەتی ی. ن. ک داوایان لێکردین ناوەندگیریی بکەین لە نێوان ی.ن.ک و پاسەک، بە ئاشتبوونیان،چونکە ی.ن.ک دەیویست لە وتار و بەیاننامەکانی پاسەک ڕزگاریان بێت،کە لە دژیان دەیاننووسی، لەبەر ئەوەی پاسەک لە ڕووی نووسین و بەیاننامەوە زەر بەتوانا بوون." چاوپێکەوتن لەگەڵ شێخ محەمەد شاکەلی و لێبیرەوەرییەکانی خۆشیدا" لە بزووتنەوە وە بە حزبی سۆسیالیستی کوردستان١٩٧٦ ـ١٩٩٣" ، دا ئاماژەی بەم خاڵە کردووە.
١٤ ـ لە ل ١٩٩ دا، باس لەوە دەکات کە ئازووقە و پێداویستی پاسەک لەلایەن یەکێتییەوە دابین کراوە. ئەم خاڵە زەرجار لەڕەولەوە باسکراوە و دەکرێ. ڕاستییەکەی بەشێکی هی ئەوەیە کە پاسەک وەک هێزێک زیاتری پێ ئابووەندانەتر و شانازی پێوە دەکات، کەمێک و یارمەتی لە جەماوەر و پارتێکی کوردی وەرگرێ، تاوەکو لە سەرچاوە گومانلێکراوییەکان!!. هاوکات دیوێکی تری ئەم مەسەلە بریتییە لەوەی، پاسەک بەوای بەوە نەبووە، ئەویش شانبەشانی پێشمەرگەی چەند لایەنێکی تر، پێشمەگەیەک یان دووانی خۆی لە خاڵێکی گومرگدا دابنێ و بەشی خۆی ببات، ـ ئەگەرچی پارە هەم خۆشویست و هەمیش گرنگە بە حیزب و حیزبایەتی ـ بەڵکو دەیقەبڕاند بە بەڵگ یارمەتی دیاریکراو.
١٥ـ لە ل ٢٠٠ ـ ٢٠٦ جارێکی تر باس لە پەیوەندییە ئاڵۆزکانی نێوان یەکێتی و پاسەک دەکاتەوە تا ڕووداوەکەی پشتئاشان،کە دەست بەسەر بارەگا و ئەرشیفی پاسەکدا گیرا.. لەوەش زیاتر، کاتە بارەگای پاسەک و یەکێتی لە قەڵاچوالان نزیکی یەک دەبن و لەسەر بارەگای پاسەک ئاڵای کوردستان بەرزکراوەتەوە، خوالێخۆشبوو مام جەلال هەڵەشە و گوڵەشە لەسەر ئاڵای کوردستان لە پاسەک دەکات. کاک زانا، لەدوای درک پێکردن و هەستکردن و بینینی ئەو هەموو ڕاستییانە و زانینی خودی گوهەری کێشەکان، تاوان و گوناحەکە لەبەرامبەر پاسەک و یەکێتیدا بە کراوەیی دەهێنێ،هەروەک ئەوەی ئەو دوو هێزە لە هەڵە و گوناحەکان دا،وەک یەک بن. هەرنەبێت لە لێکدانەوەکەیدا، ئەم دژایەتییە کوڕانە و ناپێویستەی بەردەوامی

یەکێتی بۆ پاسۆک، ناکات فاکتۆک بۆ نەمانی پاسۆک، یاخود گرتنبەری سیاسەتێکی دیکە لە لایەن پاسۆکەوە، ناگونجێتەوە بە ڕیشەی کێشە سەرەکییەکان. ئاخر لە هاوکێشەی پێوەندیی و کێشەی نێوان پاسۆک و یەکێتی دا، بارستایی‌کان هاوسەنگ نین، بەڵکو کێشەکە لای یەکێتی بوو، ئەوان وا بیریان دەکردەوە، ئەوەی لەگەڵیاندا نەبێت، دژیانە. یاخود یەکێتیی هەرچی بکات، لە شت و ئاشتی، دەبێت ئەوانەی دژووبەری بۆی بسەلمێنن و لەدووی بێن. ئەمەش بۆ پاسۆک سەخت بوو.

١٦ ــ بۆ ئەوەی بۆ پشتوویەکی ئارامەوە و بۆ لەژیکەکی دروست و میتۆدیکی زانستانەوە، خوێندنەوە بۆ سەرجەم ڕووداو و پێشهاتەکان و خودی مێژووی پاسۆک بکەین، دەپرسین ئایا ئۆگر پاسۆکێک بتوانێ باشترین پێوەندی لەگەڵ حیزبێکی وەک حشع دا ڕابگرێ، لەگەڵ حسک دا نیوە تێکەڵ بێت، لەگەڵ پارتیشدا، بەهەمان شێوە، پێوەندییەکی تێندروستی هەبێت!، ئەی بۆ ناتوانێ و گرێکی نییە، لەتەک هەزکی وەک یەکتیدا، لەدۆڕی خەی پێوەندییەکی ساغەمی هەبێت!؟.

پەموایە وەڵامی ئەم پرسیارە، کەموزۆر خوێندنەری زیت و بەدیقەت، لە دووتوێی ماستەرنامەکەی کاک زانا و خەرمانی دیکەمێنت و نووسراوی پاسۆک و خەڵکانی تردا هەستی پێدەکات و هەڵی دەهەنجێنێت.

١٧ ـ پاسۆک، وەک کاک ئازاد دەنووسێ: " بەتەمەن منداڵ، بە ژمارە کەم، بە قەبارە بچووک، بە ئیمانیاتی سفر، بە ئەزموون، دەوران دەورمان دوژمن و ناحەز" ،خاوەنی نووسرا و بەاکراوەی زۆروزبەند بوو، کە کاریگەریی گەورەیان لەسەر جەماوەر هەبوو. بەداخەوە دەزگای رادیۆی نەبوو، تا دەنگی بگاتە هەر شوێنکی کوردستان. دەستکانیشی بەتابەتی پارتی، هەرگیز دەرفەتیان نەدەدا، تاکە بەیاننامەیەک، با لەسەر جەژنی نەتەوایەتی نووڕزیش بوایە، لە ئیزگەکەیانەوە بخوێندرێتەوە. لە پاسۆک توانی بە میتۆد و شێوازی دیکە، دەنگ و ڕەنگی خەی، جگە لە بەاوکردنەوەی باوکراوەکانی، لە ڕەگای پەستەرەکانی دروستی دەکرد و دروشمەکانی لەسەر دیوارەکان لەناو شار و شوێنە ئازادکراوەکان، هەڵیان دەواسی و دەیاننووسی . ئەم چالاکییەش کاریگەرییەکی بەهێز و زۆڵەی دروست کرد بوو. بۆیەکا هەق بوو، کاک زانا ئەم لایەنەشی لە خەباتی پاسۆک لە بیر نەچوبایە.

١٨ـ دەبوو کتێبی ناوبراو، هەندە وەنە و پێستاری پاسۆکی لەخە بگرتایە. چونکە ئەو دوو توخمەش مانا و سیمبۆڵی گەورە و بەهادار دەنوێنن. چونکە وەنەکان بەخێیان بە خوێنەر دەدوێن.

١٩ ــ کاک زانا لەوە ئاگادارە، پاسۆک لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستانیش بەتایبەت، هەوێی بەردەوام و زۆری بە پێکهێنانی بەرێیەکی کوردستانی سەرتاسەری، لەنێوان هێز و لایەنەکانی هەموو

پارچەکانی کوردستاندا دەدا. چەندین کەبوونەوە لە سوید و ئەمانیا و دانیمارک بە ئەم ئامانجە کراوە. بەندە وەک نوێنەری پاسەک لە چەندین کەبوونەوەدا بە ئامادە بوونی کاک ئەمیری قازی وەک پارت سەربەخۆیی کوردستان، کاک عەدنان موفتی وەک نوێنەری سەسیالیست و کاک جەلیل گادانی وەک نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستان/ شەشگەران و سەلاح بەدرەدین و چەندانەکی تر ئامادە بوون. پەشتریش کاک ئازاد و کاک ئەمیری قازی کە داینەمۆی هەسوڕێنەری ئەم بیرکەیە بوون، چەندین کەبوونەویان ئەنجام داوە. چونکە بۆری کوردستانی، کە پاسەک لایەنەکی پەکهێنەری بوو، تەنها لەنێوان هێزکانی باشوور و بە باشووری کوردستان بوو. لە پاسەک گەورەتر دیوانیە دەزە نەتەوایەتییەکە. بۆیەکا توانا و وزەیەکی زۆری بەخشی بە هەنانە کایەی بۆری کوردستانی سەرتاسەری. چەند پرۆژە و بۆرنامەیەک گەلالە کران و تەی پەیوەندی بە لایەنە کوردی و کوردستانییەکانەوە فراوان کرا. بەداخەوە هەوداوەکان هێندە بە خۆرایی هاتن و تێپەڕین، ئەم ئاواتە بەدروستی نەهاتە دی. بەداخەوە ئەم ستراتیژە پیرۆز و گرنگەش لە سیاسەتی پاسەک، نووسەر لە بەرهەمەکەی ئاماژەی پێ نەداوە.
٢٠ــ کەماسییەکی زۆقی ئەم کارە،لەودایە، پێیە و پەگرامی پاسەک،وەک گرنگترین بەگەنامە و دەکەمێنت،کە هەموو هزر و فەلسەفە و ستراتیژ و تاکتیکی پاسەکی تێدا بەرجەستە بووە، چ خوێندنەرەوەیەکی بە نەکراوە و لە هیچ هەهێند و کۆنتەکسەکی فیکری و مێژوویی و سیاسی و کەمەایەتییەوە،کاک زانا هیچ قسەیەکی لەسەری نەکردووە. لە کاتکدا پێیەوپرۆگرام ناسنامەی هەرە دیاری حیزبە و خاوەنی کارەکتەر و بەها و تایبەتمەندییەکی خۆیەتی.دیارە بە پارتکی نەتەوەیی لەو هەلومەرجەی ئوسەردەمەی کوردستان دا،چ هێزەک نەبوو، بوێری ئەوەی هەبێت لەدەرەوەی خولگەی مارکسایەتی و خەباتی کرێکاری داوای فشەمافی ئەتەنەمی قسەیەکی تری لەکایەی سیاسەتی کوردی دا پێشکەش کرد بێ و هاگایاند بێت. ئەو تەنها پاسەکە هەگری ، بیری جیاواز، ستراتیژەکی تر، هەبازێکی بە سازش، بانگاشەیەکی دیکە و ناسنامەیەکی جودا لە کەی ئەو تەز و بۆرنامانەی دیکەی حیزب و لایەنەکان بوو.

ماوەتەوە بەم، ئەم چاوپێداخشانە خۆرایەی من، بەم کارە ناوازەیەی کاک زانادا، هەنگە لەرە و لەوە شتگەلێکم بەسەردا تێپەڕی بێت، یاخود بەکورتی ئاماژەم پێدا بێت و هەندێکیش هەر بە درێژکردنەوەی باسەکان، زەر لەسەریان نەیشتووم. دەبێت جارێکی تریش جەخت لە کارە زەحمەتەکەی کاک زانا بکەمەوە و دەستی

ماندووبوونی دڵگووشم. دڵزانم بۆپارڕش بوو، بۆ بەدەستهێنانی سەرچاوەی زەر و گەیشتن بە ئاستییەکان. لەو خەرمانە پڕرشوبڵاوەی پاسەک هەیەتی، لە نووسراو و نەنووسراو و گۆرانوەی هاوبیران و گۆواهەکانی ڕووداوەکان و بیرەوەی وکەسانی هاوسەردەمی پاسەک و دەکەمەنتەکان، ،کاک زانا توانیویەتی بە شێوەیەکی سەرسووهێنەرانە، ئەم کارە زانستییەی لە بەرهەم بهێنێت.
ئەم کەمە سەرنجەی منیش، هەر دەبێتە مەیەکی تر بەسەر خەرمانی مەژووی پاسەک و ئەم بەرهەمە نازدارەی زانا فەقی. ئەو مەژووەی بە خوێنی دەستەزترین کەسانی نیشتمان تەمار کراوە و بە ڕەنجی خوێنەویستانە و خەباتی بە پسانی تەکۆشەرانی ڕەی کوردایەتی هاتۆتە بەرهەم و بە هەزر و قەڵەم و لوولەی تفەنگ لە خزمەتی بەرجەستەکردنی ناسنامەی کوردبوون دا، هەموو توانایەکی خەی خستۆتە گەڕ. تا ئێستاش لە فەرهەنگی تری دەرەوەی حیزبایەتیدا،درێژە بە خەبات بە "کوردستانێکی ئازاد،گەلێکی یەکسان" دەدات.
بەواتایەکی تر، بەو هیوایەی سەرنجەکانم، بە کارەکانی ئایندەی کاک زانا و چاپەکانی داهاتووی ئەم بەرهەمە، بەسوود بشکێنەوە.

---

---

# لە پەراوێزی فیلیمێکی دەکیومێنتاری، مندال قوربانیە گەورەکەیە! … ریبوار عارف

لەم ڕۆژانەدا کەنالی یەکی تەلەفزیونی فینلاند فلیمێکی دەکیومێنتاری بەناوی(ئەو بەزووی دێتەوە) بلاوکردەوە، کە کارکتەری فلیمەکە باوکی مندالیکی رفینراوبوو بەناوی (هێزا سادق)ەوە. بەدەر لەوەی زۆرێک لە خوێنەرانی ئەم بابەتە فلیمەکەیان نەدیوە، بەڵام ئەوەی کە بەڵای منەوە گرنگە ئاوریکی لی بدەینەوە خستنە ڕووی کەدەکانی پشت ئەم فلیمە و ماف وجیگەوریگەی منداڵ لە حاڵەتی لێکترازان و جیابوونەوەی دایک و باوکە، نەک بەدواچوون و تاوتوی کردنی چۆنیەتی فیلیمەکە. بەتایبەت ئەوەی لەردا گرنگە ناوەرۆکی فلیمەکە باس

ووداوەک دەکات کە بڕادەیەکی بەرچاو بڕەکی بە کەمەلگای ئەمە گرتووە، بەدیاریکراویش ئەو حالەت و خەزانانەی کە لە ئەوروپا ژیان بەسەردەبەن، بەیە بە گرنگم زانی لەڕدا قسەیەکی لەسەربکەین.

بە کورتی ئەم فلیمە باس لە داستانێکی واقعی ڕفاندنی منداڵێک دەکات لەلایەن دایکیەوە لە فینلاندەوە بە کوردستان؛ لەمبارەشەوە باوکی منداڵەکە لەهەوڵی گەڕانەوەی منداڵەکەی دەبێت، بە ئەم مەبەستە دەگەڕێتەوە بە کوردستان بەهیوای بەدواچون لەسەر چارەنووسی منداڵەکەی. بەڵام لە فڕۆکەخانەی سلیمانی دەستگیردەکرێ وپاش هەفتەیەک مانەوەی لە زیندان، دواتر نائومیدانە دەگەڕێتەوە فینلاندو هەوڵ دەدات لە ڕێگەی یاسایەوو بەهەی بەدواچونەکانی پەلیسی ئینترپەل منداڵەکەی بگەڕێنێتەوە. بەڵام ئەمە ماوەیەکی زۆری دەوێت و ڕووبەڕووی کەمەڵێک ڕێگری دەبێتەوە کە ئەگەری پیکانی ئامانجەکەی دووردەخاتەوە. بەیە دواتر لەگەڵ کەمەڵێک دەست وئاشنایی خەی دەکەوێتە ڕاویژکردن بەمەبەستی هەنگاو نانەکی زیاتر بە گەیاندنی دەنگی خەی بە لایەنە پەیوەندارەکانی ئەم وڵاتە، بەهیوای گەڕانەوەی منداڵەکەی.

دواتر بەڵە بەرچاوگترنی ئەوەی کەحاڵەتی منداڵ ڕفاندنی منداڵ لە فینلاندا ڕێژەیەکی بەرچاوی لە خەگرتووە کە سالانە زیاتر لە 40 منداڵ دەرفینریت بەیە سەرئەنجام کەمپەینێک بە وروژاندنی کەی ئەوحاڵەتانەی کە بەناوی ڕفاندنی منداڵەوە دەناسرێتەوو ڕاگەیەنراو کەسانیکی تریش پەوەی پەیوەست بوون. دەبێت ئاماژەیەک بەوەش بکەین کە بەشێک لەم فلیمە لە جەرگەی کارەکانی ئەم کەمپینەدابوو کە هاوکات بریاردرا کە نووسەری ئەم وتارە بکرێتە بەرپرسی ئەو کەمپینەی کە ماوەی سێ هەفتەی بە تەرخان کرابوو، بە داکێکیردن لەمافی ئەو منداڵانەو گەڕانەوەیان بە فینلاند، بەناوی(نا بە ڕفاندن)ەوە دەست بەکاربوو کە لەو ماوەیەدا گەڕتەو ڕاگەیاندنەکانی، سەدان هەزار کەس بینیان. جیاواز لەوەی کە هەزاران کەس پشگیریان دەکردو کەمینتیان دەنووسی، هاوکات چەندین کەسی تر لە وڵاتانی تری ئەوروپاو استرلیاوە هاتنە سەرخەت بەهەی ئەوەی کە بەهەمان شێوە ئەوانیش منداڵیان ڕفێنرابوو.

ئەوەی بە من زەر جەگەی سەرنج ڕاکێشان بوو تێگەشتن و لێکدانەوەی کەمەڵگای ئەمەیە سەبارەت بە ڕفاندنی منداڵ و ماف وحورمەتیان، کە بەشێوەیەکی گشتی کەمترین قسەی لەسەرکراوە. تێنانەت زەریک لەو کەسانەی کە کەمینێتیان دەنووسی زیاتر جەریک لە پشگیری یەکیک لە دایک یان باوکان دەکرد، تا بەدواچون لەسەر چارەنووسی منداڵکان.

لەو شوێنەشدا کە قسە لەسەر منداڵ دەکرا زیاتر باسکە دەهاتەوە سەرئەوەی کە ئایا منداڵ دەبێت لای دایک بێت یان باوک، ئایا دایک زیاتر دڵسۆزە بۆ منداڵ یان باوک... ئێستە ئەنجامی وئازارو معاناتەکانی منداڵ لەپرسەی جیابوونەوەی دایک وباوکدا، بۆتایبەت لەو حاڵەتانەدا کە یەکێکیان منداڵەکەیان بە بارمتە دەگرن ودژایەتی بەرامبەرەکەیان پەرەکێن، بەداخەوە کەمترین تیشکی دەخرایەسەرو نادرێت جگەی بەدواچون. بۆیە بۆگرنگمزانینی لەمبارەوە قسەیەک بکەین!

**منداڵ لە دووڕیانی مرۆڤ و کالادا**

بەداخەوە لە کۆمەڵگاکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا کاتێک باسی منداڵ دەکەین، هەشتا بەو شێوەنە نەگۆڕاوین کە بە دەر لە گرێدانەوەی بە دایک و باوک، وەک مرۆڤێک مافەکانی بە تەواوەتی بناسێریت و چوارچێوەیەک هەبێت کە تیدا بە دەر لە تاڵی دایک، باوک، ئاین و نژاد، کچ و کور بوون ماف و بەها ئینسانیەکانی پاریزراوبێت، وەک ئەوەی کە لە وڵاتانی ئەورووپادا هەیە. کەشە هەرە گەورەکە ئەوەیە کە کۆمەڵگا بەرپرسیار نیە لەبەرامبەر و ماف و تەندروستی وئاسایشی ژیانی منداڵان. هەربۆیە ئێستەشی لەگەڵدا بەیاردەری دەستپێک و کۆتا لە هەر ڕوویەکەوە دایک و باوک و بەرپرسانی ڕاستەوخۆی منداڵان خۆیانن. لەڕشەوێیە بۆ حوکمی سروشتی گەورەسالاری و کەنەپەرستی داب و نەریتی کۆمەڵایەتی و ئایینی سنورێک بۆ قەدەخەوی جوڵەی منداڵ و ئاراستەکردنی ژیانی دادنرێت.

هەر بۆیە کاتێک کە دەڵێن منداڵەکەم ئێستر کەسێک هەیە کە بریار لە هەموو مقەدەراتی ژیانی ئەو منداڵە دەدات لە دەرەوەی هەر یاساو هاوسایەک و لە دەرەوەی زەرەک لە مافە نیودەوڵەتیەکانی مرۆڤ و بەتایبەت منداڵان. دروست تراژیدیاو بۆ مافیە گەورەکە لەرەوە دەست پێدەکات، مادام تۆ باوک یان دایکی ئەو منداڵەی ئێستر بەبێ هیچ جۆرە کەنترۆل وچاودێری و لێپرسینەوەیەک، تۆ مافی بریاردانت هەیە لەسەر کەی ژیان و چارەنووسی منداڵەکەت بۆ چاک و خراپیەوە؛ بەبێ ئەوەی کە هیچ بەهایەک بە بەدواچون و داوەریکی یاسای بە مافەکانی منداڵ دابنێت کە لە دەرەوەی ویست وئارەزوەکانی تۆی دایک وباوکدایە. واتە لێرەدا تیشکی پلاجیکتورەکە بەدەوری بریارەکانی باوک ودایکدا دەسووڕێتەوە ، بەدەر لەوەی کە ئایا ئەو بڕیارە دەتوانێت چ کاریگەرییەکی هەبێت لە ئایندەی ئەو منداڵەدا، ئایا ئەو دایک و باوکە چەند شایەنی ئەوەبوون کە بتوانن بریاریکی تەندروستدارو بکەشە بدەن، ئایا ئەو بریارەی دایک یان باوک دەیدەن چەند

لەبەرژەوەندی ئایندەی ئەو منداڵدایەو چەندە توانیویەتی ئەمنیەت وئاسایش و کەرامەتی ئینسانی ئەو منداڵە بپاریزیت؟ ئایا ئەو بریارەی کە باوک یان دایک دێدات چەندە دڵوریان هەبووە لە دروستکردنی بالانیسکی تەندروستدار کە تیدا منداڵ بتوانیت لە خۆشویستی هەردوولا بەهرەندبێت... چەندە توانیویەتی کە منداڵ لەهەر جۆرە خەمۆکی و دڵەڕاوکێو دابران و ناتەبایەکی باری دەرونی بپارێزرێت.

ئەمانەو گەلێک پرسیاری تر دەتوانێت پاشکەی ئەو بریارانە بێت کە باوک یان دایک دێدات. بەڵام لە ڕاستیدا بەداخەوە زۆربەی زۆری ئەم حاڵەتانە لە بریارە یەک لایەنەکانی دایک یان باوکدا لەبەرچاو ناگریت و هیچ بەهاو مانایەک پێدا ناکات، بە پێچەوانەوە ئەوەی کە ئەَمە دەیبینین ئەوەیە بە تایبەت لەحاڵەتی جیابوونەوەی و لیکترازانی خێزاندا ئەوەی مانا پێدا ناکات، تەندروستی و بەرژەوەندی و ئایندەی ئەو منالانەو ڕاگرتنی ئەو بالانسەیە کە بەر لەهەر کەسێک منداڵ پیوستی پێەتی. ئەوەی کە لە کەمەڵگای ئەمەدا زۆر بەرجەستە دەبێتەوە ئەوەیانە کە مادام تۆ باوکیت یان دایکیت ئیترە چماقەکەت بەدەستەو چۆنی ئاراستە دەکەیت مافی خۆتانەو دەبێت هەروابێت. بەبێ ئەوەی کە تۆنیا جاریکیش لەخۆمان بپرسین کە ئایا بەراستی هەموو بریارەکانی دایک و باوک دروستە، کە ئایا باوک و دایک هەقیانە کە بەوشیوە بێپەڕ مەزاج و تێگەشتنی خۆیان بریار بدەن... لەهەموشی گرنگتر بەبێ ئەوەی کە بە تۆنیا جاریکیش لەخۆیان بپرسین کە ئایا ئەو منداڵە هیچ مافێکی بەسەر دایک و باوکەوە هەیە؟ ئایا ئەو منداڵە ئیجبارە کە لە نیوان دەساری بێ ڕەحمانەی دایک و باوکدا بهاەدرێت؟؟! وەک ووتمان کێشەکە ئەوەیە لە کەمەڵگای ئەمەدا باوک و دایک مافی خاوەنداریەتی متلەقیان هەیەو هیچ سنوریک وهیچ یاساوریسایەک وهیچ ناوەندیکی چاودیری کردن و بەدوا چوون و پلانیک نیە بە دیاری کردنی ئەو پیداویستیانەی کە دەبێت باوک و دایکیش پی هەلسن لە بەرامبەر بژیانی جگەرگوشەکیاندا و جێ بەجێ بکەن.

هەبەتە لەڕەدا نابێت چاو لەو ڕاستیەش بنوقینین کە کێشەیەکی گەورە لەم کەمەلگایەدا وەک ئەوەی کە هیچ بیمەیەکی بیکاری و پشتیوانیەکی مادی نیە، تەنانەت زۆریک لە پێداویستی ژیان وگوزەرانی منداڵانیش دەکەوێتە سەر شانی باوک و دایک کە ئەمەش هەندەی تر کێشەکان ئاڵوز ترو پێ بەربەستر دەکاتەوە. دیویکیتری ئەم گرفتانە لەوشوێنەوە سەرچاوە دەگرێت کە سەرباری ئەوەی کە لە ڕووی پەروەردەییەوە ئەم کەمەلگایە ویران بوونیکی زۆر گەورەی پێوە

دیارە کە ئەمش هەر لەباخچەی منداڵانەوە دەگرێتە خۆ تا ئاستی هەموو ئەو قۆناغانەی کە منداڵی خوار 18 سال پێدا تێپەر دەبێت، هاوکات زۆریک لە ئورگان وناوەندە هاوکارو ڕێخۆشکەرەکان بۆ بەشە، کە منداڵ دەتوانێت لە سایەیاندا ژیانێکی ئینسانی ترو ئەمنتری بۆهەمەندبیت.

لە هەر کۆمەڵگایەکی شارستانیدا چەندین بنکەو ئورگانی حکومی و نا حکومی هەیە بۆ بەداوچوون ولێپرسینەوە زامنکردنی ئەمنیەت و ئاسوودەی منداڵ هەر لەو کارمەندە تایبەتیانەی سوسیال، خستەخانە، باخچەی منداڵان، قوتابخانە، دەروونانس، تویژەریی کۆمەڵایەتی، منداڵ پاریزان، سەنتەری دژی تووندوتیژی، چەندین ئورگانی تری پەیوەندارو دەیان و بگرە سەدان پرۆژەی پەروەردەکردن وبارهینان و پاراستن و ئاسوودە کردنی ژیانی منداڵان لە گرێدایە. تیکەڵەی ئەمانە ئاگر لە یەک دوو پرۆژەو ناوەندا کەکێنەوە لە کوردستاندا هەشتا ئەوانش لە ئاست ئەم شارو ئەو شاردا کە ئەویش بەجۆرێکە زۆربەی زۆری منداڵانی ئەم کۆمەڵگایە لە بەبەشن. هەموو ئەمانە لەکاتێکدا کە کۆمەڵیک داب و نەریت و ڕەگەو ڕەوشت لەم کۆمەڵگایەدا بەرەکی بە ژیان و چارەنوسی منداڵان گرتووە کە چەند بەرامبەر ژیانیان و ئایندەیانی خەستووتە بەردەم مەترسی یەکجار گەورەو. یەکێک لەو حاڵەت و دیاردە مەترسیدارانە بەکارهینانی منداڵە لە نیوان کێشمەکێشەکانی دایک و باوکدا، بەجۆرێک وەک بارمتەیەک منداڵ لە پەیوەندیەکانی نیوان دایک و باوکدا بەکاردەهێنرین و دایکەکە باوکەکە بێ بەش دەکات لە بینین و دیداری منداڵەکەی، یان بە پێچەوانەوە باوکەکە دایکەکە بێ بەش دەکات، هەروەها بەهەردووڵایانەوە منداڵەکەش لە بینی بەرامبەرەکەیان بێ بەش دەکات. باڵەوشیان بگرین کە چۆن لەهەولی میشک شۆردنەوەی منداڵ و تێلقینکردن و بە دیوزمەکردنی دایک یان باوک لایەن ئەوییانەوە کە منداڵەکەی گرتووەخۆ. بەداخەوە زۆرجار دەبینین کەمنداڵ وەک چەکێکی کارا بەکار دەهێنریت لە شەڕەکانی نیوان دایک وباوکدا و بەرامبەرکەی پێ سزا دەدرێت. مادام تۆ دایکێکی بۆ شەو بوویت یان پێچەوانەکەی تۆ باوکیکی ئاوابوویت ئیتر مافی بینین و پەیوەندی کردنت لەگەڵەکەدا نابیت. تۆنانێت زۆرجاریش هەوە دەدرێت کە ئەو ڕاستووری و قین وبیزاریە فەری منداڵەکانیش بکەن و ئەوانیشی پی بارگاوی بکریت.

**رفاندن منداڵەکانمان دووچاری ژیانیکی پرمەترسی دەکاتەوە!**

لیرەدا کێشەیەکی تایبەت تر کە بە منداڵی ئەو دایک و باوکانە دێتە پێشەوە کە پێشتر لە هەندەراندا ژیانیان بەسەربردوە، ئەویە کە

سەرئەنجامی قول بوونەی کیشەکانی نیو خیزان و جیابوونەوەو هەندی جاریش رفاندنی ''بردن''ەوەی ئەو منداڵە بۆ کوردستان، کەجیاواز لەوەی کە ئەمە شۆک و هەنگاویکی زۆر مەترسیدارە بۆ منداڵێک کە لە ئەمنیەت وئاسایشیکی زۆر باڵاتردا ژیانی بەسەربردوە لەپێ جیگەوکێکی گەورەی نەخوازراو بۆ منداڵەکەت دەکەیت، تەنانەت زۆرجار رووبەرووی مەترسی ئەمنی و ئابوری و نائاسودەیەکی زۆری دەکەیتەوە. ئەمە جگە لەوەی کە تووشی شۆکی دابرن و دوورخستنەوەی دەکەیت لەو جۆرە لە ژیانی ئاسای و جێگەوتوانە لە کەمالگایەک کە پَیشتر ژیانی تیدا بەسەربردوە.

ئەم بریارە وادەکات کە هەموو بوارەکانی ژیانی ئەو منداڵە گۆرانی گەورەی بەسەردابێت. هەر لە باخچەی منداڵ و قوتاخانە و ژینگەو هاوری و دەستان و زمان وبۆشک لە کلتوریک کە چووتە ناحی ئەو منداڵە بۆشیوازی زۆر جیاواز سیستەمی ژیانی بارهیناوەو تە لەپر دایدەبڕیت و دووری دەخەیتەوە. بە ئەم ئالوگۆڕە زۆر جار منداڵ دووچاری باری دەروونی ئالوزو ناتەندروستدار تووشی، خەمۆکی، سترەست، نامۆبوون، پڕاویز بوون دەکاتەوەو لە پرسەیەکیدا جیاواز لە ویست و ئامانجی دایک یان باوک کاتێک کە لە یەکێکیان دوردەخرێتەوە، کەی ئەم حالەتانە ئەو منداڵە پەلکیشی ئایندەیەکی کارەساتبارو ناجێگیر دەکاتەوە. ئەمە جگە لەوەی کە هەموو ئەمانە نێک تەنیا پێشلکاریەکی گەورەیە لە مافەکانی ئەو منداڵە دەکرێت بەڵکو هاوکات ستەم و چەوسانەوەیەکی کەم وێنەیە کە هیچ پاساوێکی دایک و باوک ناتوانیت وەڵام دەرەوە بێت بۆ ناهەقیە. بەیە دەموەت ئەوە بڵەم کە پەلینکردن یا لایەنگیری کردنی دایک یان باوک و مافدان بەوەی کە ئەو منداڵە دەبیت لەڵای کامیان بمینیتەوە بەڵاریدابردن وستەمێکی یەکجار گەورەیە لە ژیان و چارەنووسی ئەو منداڵانە دەکرێ، ئەم جۆرە لە لوژیک و پشگیری کردنە ناوشیارانەو نا بەرپرسانە لە یەکێک لەو دوو لایەنە باری گران و ئایندەی ژیانی ئەوخیزانانەو بۆتایبەت ئەو منداڵانە گرانترو ناجیگیرتر دەکاتەوە.

بەیە سەرئەنجام لە جیابوونەوەی خیزاندا، ماف وحورمەت وبەهاو ژیانی منداڵمان بۆڵامانەوە پارسەنگی باشی و جوامێری و شایستە بوونی هەڵویستی دایک یان باوک بیت. دایک یان باوک چۆن بریار دەدەن لەسەر ژیان و چارەنووسی خێزان ناهەنگە تەنیا پەیوەندی بە خێزانەوە هەبێت وهیچ کەس ولایەنێک بۆی نەبێت دەخاڵەتی تیدا بکات. بەڵام هەموو ئەمانە لەکاتیکدا دەتوانرێت مەری پشگیری کردن و داد پەروەرانەو بەرپرسیارانەی لەبەدرێت کە کەی ئەو مافانەی کە

پەیوەندیان بە ژیانی منداڵانەوە هەیە پاریزراوبن. لە چەشنی پەیوەندی و دیدارو سەزو خۆشەویستی و ئامیزی هەردووڵایان، نابەت منداڵ بەهیچ جۆرێک بکرێتە ئارکتۆری نیو کێشمەکێشەکانی دایک و باوک و وەک چەکێک بەکاربهێنرێت بۆ تێڵکردنەوە لە یەک و دژیەتی کردنی یەک. نابیت حەزو ئارەزووکانمان بۆ بکەشێت بەسەر بریاریکدا کە ئاسایشی منداڵکانمان رووبەرووی مەترسی بکاتەوەو لەسەرو ئایندەیەکی ئینسانی ئەوانەوە هەنگاوبنین!

ئەوەش بڵین حاڵەتێک کە دەبێتە هۆی خڵقاندنی کارەساتێکی گەورە بۆ کەسایەتی منداڵ لەکاتی جیابوونەوەی دایک وباوکدا ئەوەیە کە باوک یان دایک بەمافی خۆی بزانن کە منداڵەکەی لەگەڵ خۆیدا بۆبێ ڕەزامەندی بڕامبەرەکەیان بڕیت بۆ هەر گەشتێکی ئەم جیهانەو لە تەواو سەزو محیبەت و لەئامیزگرتنی یەکیکیان بێبەش بکرێت. ئەم بریارو حاڵەتگەڵە ئەگەر لوتکەی بێ دەربەستی نەبێت بۆ چارەنووسی جگەرگۆشەکەتان؛ ئەوا دەبوو دنیای معاناتی ئەو منداڵە دەرفەتێ بۆ چاوگێرانەوە بەسەر بریارەکانماندا دروست بکردایە ڕێگەیەکی تر بدەڕ لە ڕفاندنی منداڵەکەمان هەڵبژاردایە. چونکە لە ڕاستیدا هەڵوێستی دروستو شایستە ئەوەیە کە ڕێگە بەو هەکارانە بگرێت کە منداڵان دەکاتە قوربانی بەیاری جەوت وجۆڵەی گەورەکان لە قوناغی جیابوونەوەدا؛ چاوەڕوانیەکە ئەوەیە ئەو مرۆڤانەی کە سالەهای سال یەکتریان خۆشویستووە لە دەورانی جیابوونەوەیاندا، ئەگەر تەنیا لەبەر ئەو بوونەوەرە هاوبەشەی نیوانیشان بوایە بەیزەو ئەو دابرانەیان دروست بکردایەو خەیان لە زەلکاوی رق وقین و تۆڵەکردنەوە بپارستایە وجگەرگۆشەکەشیان بە هەمان نەخۆشی بارگاوی نەکردایە!

دواجار ئەوەش بڵین کە وڵام نەداوەی داواکاریەکانی پڵیسی ئیتەرپۆل و نەگەرانەوەی ئەو دەیان وبگرە سەدان منداڵە داواکراوانەی لە لایەن حکومەتی هەریمەوە بە هەمان شیوە باریکی یەکجار نەریی هەبووە لەلایەن دەسەڵاتدارانی وڵاتانی ئەورووپاوە، چونکە هەرووک چۆن کوردستان بووەتە پەناگای پاراستنی ئەو کەسانەی کە تاوانی نامەسپەرستی دەکەن و لە ئەورووپاوە دەگەڕینەوە لەوي دالدە دەدرین، بەهەمان شیوە وڵام نەگەرانەوەی ئەو منداڵانە بە ئەم وڵاتانە ئاو بەئاشی هەمان پەناگادا دەکات کە کەسانیک لە دەرەوەی یاساویاساکانەوە منداڵکانیان دەرفینەوە بە کوردستان، لەوی دەپارێزرین و هیچ بەهایەک بە داخوازیەکانی ئەم وڵاتانە دانانرێت؛ کەئەمەش هیندەیتر سیمای دەسەڵاتداریەتی حکومەتی هەریم ناشیرینتر

دکات، دیو کمیدیاکی ئم پیشلکاریانە لوەدایە هرکاتیکیش هر نیهادو لایەنیکی نیودولەتی رەخنە لە پیشلیکاریکانی حکومەتی هریم بگریت دستبجی دکەونە پاکانەو پاکردنەوەی کارنامەی خیان، ئلهق پاریزگاری کردن لە جارنامەی مافی مرۆڤ هر لەخۆتان دیت!

---

# وەنەکە خەی دەدوەت، پەویست بە قسەکردن ناکات! … جیهاد موحەمەد

لە فەیسبووک، هەر ئەو ناونیشانەی ئم نووسینم دەربارەی ئەو تاوانە نووسی، بە پەویستم نەزانی زیاتری لەسەر بنووسم، بەڵام تاوانەکە هێندە ناخ هەژێنە، نەمتوانی بەدەنگی لە بکەم.
لە ڕاستیدا ئازاردان و کوشتنی ئاژەڵ بەستەزمانەکان، هیچ جیاوازی نییە لە ئازاردان و کوشتنی مرۆڤەکان، کوشتن و ئازاردانی هەرچ گیانلەبەرێک تاوانە، بە حوکمی وژیدانی زیندوو و بە حکومی یاساش لە زۆربەی وڵاتانی دنیادا، تاوانە.
من نازانم پاساو چیی بووە بە کوشتن و ژەهراویکردنی ئەو هەموو سەگەڵە، چونکە هیچ پاساوێکی تەندروستیی لە وزارەتی تەندروستی و فەرمانگە تەندروستیەکانەوە نەهێناراوەتەوە بە کوشتن و پاکتاوکردنی سەگە بەرەڵاکان.
ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر پاساوێکی تەندروستییش هەبێت، من لەو باوەڕەدام کە چارەسەری تایبەتی هەیە بە پاکتاوکردنی سەگەڵەکی بەرەڵا کە زیانبەخش بن بە تەندروستی مرۆڤەکان و ئاژەڵەکانی دیکە.
ئاخر ئەمە کەمەگایەکین پاکتاوکراوین، دەبوو زۆر سەیر لە پاکتاوکردنی گیانلەبەرەکان بکەینەوە.

ئاخر خە ئم تاوانە یەکەم جار نییە و دوا جاریش نابێت لە کوردستاندا کە دەکرێت بەرامبەر بە ئاژەڵە بەستەزمانەکان. بیرمان ناچێتەوە لە کاتی ئینفلەنزای باڵندەدا، چەند بە دڵڕقانە بە زیندووویی مریشکەکانیان فڕێ دەدایە ناو چاڵەوە و ئاگریان تێ

بەردەدان. بیرمان ناچێتەوە چۆن لەریکی پڕ لە جوجێ لەسەر ئەوەی کە گوایە قەدەغەیە بێتە کوردستانەوە ئاگریان تێ بەردا و لە جریوە و جوکە جوکی جوجێ هیچ کەسێک نەبووون ناخی نەهژێت و هاواری لە بەرز نەبێتەوە دژی ئەو تاوانە. دیسان بیرمان ناچێتەوە، چۆن چەند گەنجێکی عەرەب زەرانیان لەگێ جاشکەرێکی بەستەزماندا دەگرت و دەیان جار دەیانکوتا بە ئەرزدا و بە شەق تەیان هەدەدا.
ئەم تاوانانە، لە ڕاستیدا بەتاکردنەوەی ئەو تووندووتیژییە لە ناخی مرۆڤکاندا، لە ناخی ئەوانەدا کە بە دەربەستانە بە بەرچاویانەوە تاوانەکە دەکرێت و هیچ ڕاناچڵەکان. لە ناو کەمەگە پشکەوتوو و مرۆڤدۆست و ئازەخۆشەویستەکاندا، ئەگەر کەسانێک هەبن بە بەرچاویانەوە تاوانێک ئەنجام بدرێت یان ئازاری ئازەڵێک بدرێت و بەدەنگی لە بکەن، ئەو کەسەش وەک تاوانبارەکە سزا دەدرێت.

حەق وایە دادوەرە گشتییە بەڕێزەکان لەسەر ئەم تاوانانە بەنە دەنگ و قبووڵی نەکەن. حەق وایە مامۆستا بەڕێزەکانی زانکۆکان، مامۆستا ئاینییەکان، خوێندکارەکانی زانکۆ، مەدیاکاران و ڕۆژنامەنووسەکان، نووسەران و ئەدیبەکان، ڕۆمانووس و چیرۆکنووسەکان، هونەرمەندەکان لەسەر ئەم تاوانانە بێدەنگ نەبن و قبووڵی نەکەن.
ئاخر چۆن زانست لە ئەزموونی مرۆڤکانەوە لە تاقیکردنەوەکانی زیانەوە سەرچاوەی گرتووە، یاسا کەمەایەتیەکانیش بە هەمان شیوە دەبێت لە ویژدانی زیندووی مرۆڤکانەوە سەرچاوە بگرێت. تە بڵێی ویژدانی کەمەگەی کوردستان هێندە مردوو بێت ئەم جۆرە تاوانانە ناخی کەس نەهژێنێت؟!

سەگ، ئەو ئازەڵە بەوفاییە، کە ئەوەتەی یەکەم شارستانیەتی مرۆڤایەتی دروست بووە، سەگیش بووە بە هاوڕێ و پاسەوانی مرۆڤکان و سەروەت و سامانی خێڵەک دەپارێزیت. ئەمە ئەگەر بەرامبەر بە بەوفاترین ئازەڵە ئەمە ڕەفتارمان بێت، ئەبێت ئیترچ متمانەیەک بە یەکتری بکەین وەک مرۆڤ لە نێوان خۆماندا.
سەگە بەڕەکانی ناوشار، دیارە کارەکی خراپە، وەلێ چارەسەری زۆر هەیە بە دوورکەوتنەوە و نەهێشتنی ئەم سەگە بەڕەانە. ئاخر لە کوردستاندا بەداخەوە، سەگ یان شێت سەگی پێ دەکرێت و سەگێک بەڕەا دەکەنە گیانی سەگەکی تر بە بەرچاوی دەیان کەسەوە، یەکتری کەلەپاچە دەکەن، خوێن لە یەکتری دەهێنن، یەکتری دەخنکێنن، کەچی چەپۆی بە لە دەدەن و، کاکی مەدیاکاریش بە ئارەزووی خۆی وێنەیان دەگرێت بە ئەوەی بە ڕەخنەگرتن بێت، تەنها لە پێناوی گەرم کردنی مەدیاکەیدا.

ئەو تەماشاکەن، سەگ لە پاسەوانیەوە، لە کوردستاندا کراوە بە دەندیک، کە سەگی هەوشاری شوانێک ورگی باخەوانێکی هەڵدەی و پارچە پارچەی کرد، یان ئەوتا دەبەت سەگ بەم جۆرە ژەهروی بکرێت و بە دەیان لاشەی لەو ناوەدا بەاوبکرێتەوە. بە ڕاستی شار و شارنشینیی و شارستانیەت کەوتەتە ژێر پرسیارەوە لەسەر ئەم ڕەفتارە دڕندانە.
بەڕاستی دادوەرە گشتییە بەڕێزەکانیس کەوتوونەتە ژێر پرسیارەوە، کە بەدەنگن بەرامبەر بەم ڕەفتارە دڕندانە.
هیوا خوازم کەتایی بەم دەندەیی و دڕندەییە بهێنرێت لە کوردستاندا.

جیهاد موحەمەد/ نەرویج
١٠/٤/٢٠١٩

---

# هونەرکاری لە بەرهەمەکانی ( نەژاد عزیز سورمێ ) … ئاری ژێندینی

هونەر, بەتایبەت و بە گشتی بۆ جوانکردنی ژیانە ژیان بە بێ هونەر ماناکانی کاڵ دەبنەوە تامێکی بێ تامی هەیە جوانیەکی ناشرینی هەیە زەوقێکی کەم خایەنی هەیە بینینێکی کەم خایەنی هەیە, گۆرانی هونەرە, وەرزش هونەرە , شیعر هونەرە, ڕەمان هونەرە, چیڕۆك هونەرە, فیلم و سینما هونەرە , شانۆ هونەرە , لە هەمووشی گرنگتر کاری خودا موعجیزەی خەڵقی بنیادەم لە ڕوویی بایۆلۆجی و فسیۆلۆجی هونەرکارانەیە ! ( الله جمیل یحب جمال ) سەردەمی ئێستامان لە پاڵ داهێنانە زانستیەکان هونەرکارانە نەخشاوەوازاوەتەوە ! شەقام و قیللاو ئۆتۆمبێل و خانووباخانەوخواردن و کەل وپەلی ناوماڵ لە سایەدا مرۆڤەکان ئاسوودەو خۆشەویستی دێتە کاییەوە !

( نەژاد عزیز سورمێ ) یەك لەو نووسەروشاعیروەگەڕەژنامەنووس و خاوەنی پێنج پێشانگای کێلاژ, سەرلەبەری ئەم بەرهەمانە دەستکی باڵای هونەری و هونەرکاری زاڵە, لە شێوەی لە چاپدانی کتێبەکانی و

ڕازاندنەوەی هونەریانەی کتێبەکانی و بەکارهێنانی ڕەنگ و خشنووسی وشەوستەکانی نێو بەرهەمەکانی بەتایبەت خاوەنی پشانگەی ( کۆلاژ ) بۆ پێنج جار زەوقی هونەری ئەم نووسەرە وادەکات کە هونەرمەندو هونەرکارە, وەك لە کتێبی ( ساوی شتان ) کە تایبەتە بە زانیاری و هونەری فۆتۆگرافی وەك هونەرمەندێك و بە قەد فۆتۆگرافێك شارەزایە لە بواری هونەری وێنە گرتن خولیاو سەلیقەی هونەرمەندانەی پێوە دیارە.

گەر تەماشایی دوا دوو بەر هەمی ئەم نووسەرو زەوق هونەریە بکەین کە ئەم ساڵ بڵاوبۆتەوە بەناوی ( خەونمان بۆ زستان دی , تەلار سازو زیندەحەونەکانی ) کە هێنراوەو شیعری وەگێڕدراون خەمڵکی هونەر کاری و هونەرمەندانەی نووسەر پیشاندەدات لە چاپدانی کتێبەکە بە شێوەی سەردەمیانەو کتێبی گیرفانی بوونی وێنەو وێنەی کۆلاژی لە سەر بەرگی ئەم دوو بەرهەمە ئەمەش زەوقکی هونەری دەبەخشێتە چاووەشکی خوێنەر .

بۆیە ئەم نووسەرە پێماندەڵێ هونەر زاڵە لە هەموو کایەکانی ژیان ژیانی مرۆڤ بە هونەر جوانە هونەر لە دەرەوە ناوەوەی کتێبەکان ئامادەیی هەیە لە هەر پیت و وشەیەك کە دەنووسرێت و گۆ دەکرێت هونەرکارانە بێت ڕۆژنامەکان هونەرمەندانە بڵاوبکرێتەوە وێنەکان هونەرمەندانە بێتە چرکاندن پشانگاکان خەمی هونەرییان پێوە دیار بێت , من وای دەبینم لای ئەم نووسەرە مرۆڤەکان بۆ هونەر جەستەیەکی بۆ گیانە !

---

# ژیان دەمڵکە تەواو بووە! … وریا مەعروف

دەمڵك تەنیایی ئاو دەنێت و
دەمڵکیش لێی ئادەکەی
لەدەستی ئزگارت نابێت
دواجار تەمەن ئاو دەنێیت
ژیان دەمڵکە تەواو بووە

هەناسەکان لێدانی دڵ قورس دەکەن.
کەس لێت تێناگا
وەك غەریبەیەك هەزار جار
هەزار کەس
هەزار مەملەکەت دەبڕی و
دەرەقەتی تەنیایت نایەی
جگە لە خۆ سەرقاڵکردن
چیترت بەدەستەوە نامێنێتەوە.
خودایە
ئەو هەموو ئازارەی چەشتوومانە
بەچەند بەهەشت قەرەبوو دەکرێتەوە!
بیانووەکانمان بۆ ژیان زۆر سادەن
بەڵام هەموو شتێك دوورە .. دوور
ژیان دەمێکە تەواو بووە

**وریا مەعروف**

---

# ئەرشیف … پشکۆ ناکام

……زۆر جار بۆ پڕی هەڵکەوتەی جوگرافی، بەسەرهاتە مێژوویەکان، سایکۆلۆجیەتی خەڵکەکەی ، شارەکان جگە لە ناوە هەسمیەکانیان ناسنامەی تریان هەیە کە دربەینەکە کە گوزاشت لە شارەکە ئەکات ، " سلێمانی" یش جگە لە ناوە ڕەسمیە بابانیەکەی خۆی وەک ئیشارەتێک بۆ ئابردووە پڕ لە شانازییەکەی لە مقاومەت و گیانی نیشتمان پەروەری و ئاهاتنی ژیانی هەژانە لەگەڵ خوێن و فرمێسک بۆ شارەکەی "هەڵمەت و قوربابی " وەک ناسناوێک لە ناو مێژووا جێی خۆی گرتوە و گەرچی هەیە ئەم ناسنامەیەی پێ هەزم ناکرێ بەڵام بەم و ئەو لاناچێ هیچ موزایەدەیەکی سیاسی و یارییەکی ناوچەگەریی ناتوانێ وەک تابلۆیەک بیگۆڕێ بۆ تابلۆیەکی تر ، دیارە ناوهێنانی سلێمانی بۆ " سەری مارەکە" لە ئەدەبیاتی بەعسا زوو و فراوانتر لەو ناسنامەیە تێگەین ، لەوانیە لای هەندێ لا لەڕ و لەوێ ئەو ناسنامەیە زۆر مایەی خۆشحاڵی نەبێ ، جا بۆ مەبەستی " کاڵ کردنەوەی" و ووردە ووردە لەبیر بردنەوەی، دەسەڵات هاتوە وەک خەڕەک بۆ شارەکە ناوی

لە ناوە " پایتەختی ڕۆشنبیری"!!! مەڕامە شاراوەکانی پشتی ئەم خەر و سەدەقەیە شیاوی پێکەنینە ، چونکە بە تەبیعەتی حاڵ سلێمانی هەر لە دروست بوونیەوە شارێکی ڕۆشنبیری بوە و پێویستی بە چوونە هیچ موسابەقەیەکەوە نیە تا ببە بە پایتەختی بواری کەی خەی ،شاعیرە گەورە و ئەدیبە دیار و هونەرمەندە هەڵکەوتوەکانی خەی بە خەی باشترین و ڕاستگۆترین پشتگیریی مژووە بە شارێکە کە سالم و مەحوی و گۆران و بێکەس و..و ..و..هتد.. هەو ئێستڕانەن کە لەوە بەرزترن بتوانرێت کەس خەی لە گەل بکات ، ڕەوتی ڕوانگە و ڕەهەندیەکان دوو نموونەی زیندوی زیندوبوونی هەمیشەیی ژیانی ئەدەبی سلێمانیە، سەیرە بە سە چوار شاری هەرەم دەسەڵات وەک شەوی بەرات ناسنامە ئەبخشێتەوە، ئەم نقوە و ئەو خورما و ئەو پەنیر..!! بە ئەوەی دەسەڵاتداران ئەقڵیان بەوە بشکە کە زەر دەمەکە و ئەوکاتەی سلێمانی و شارەزوور و کەیە سەرچاوەی ڕۆشنبیری کوردستان بوون هەنگە ئەوان قەڵەمیان نەدیبە ، خە ڕۆشنبیری وئەقە و مەعریفە بە "کتابنا و کتابکم" نایێتە کایەوە گەر بناغەی دانەژرابە ، هەندەک لە ئەدیبە بلیمەتەکانی سلێمانی لە تامەزرۆیی فەربوون و شارەزایی پەیا کردن لە ئەدەبی ووڵاتانی تر سەفەریان کردوە و لەوە کەچی دواییان کردوە ، کەم نین ئەو شاعیر و ئەدیبانەی سلێمانی کە ئەوانە ئاستی ڕۆشنبیریان بەرز بوە کە بە فارسی و عەرەبیش بەرهمیان هەیە ، خە ئەمەش سلێمانچێتی نیە ئەمە واقیعەکی ڕابدوو و ئێستای سلێمانیەکە خەی هەر بە خەی نەک هەر پایتەخت نیمچە ووڵاتەکی ئەدەب و ڕۆشنبیریی بوە و هەیە ، ئەوەی ئەیەوە بە نووسراوی حکومی !! وەک نووسراوی مووچە برین یان دامەزرانن مامەڵەگەڵ سلێمانیا بکا نەک هەر بە هەڵیا چوە بە یەقینەوە فەی بەسەر هەر هیچ نە بە شارەکانی کوردستانەوە نیە، لەو سیاسەتەشا بوونی دایرەیەک بەناوی ڕۆشنبیریەوە هیچ لەوە ناگەڵێت کە سلێمانی لەکەیەوە پایتەخت و دیوانی ئەدەب و مەعریفەت بوە ، خە " سالم" فەرمانبەری هیچ دەزگایەکی ڕۆشنبیریی نەبوە..خە "گۆران" لە شەڵە حیزبایەتیەوە نەبوە بە شاعیر.. هەنگە ئەو بلیمەتانە لە ژیانا بوونایە بە دامەزرانن وەزارەتی بەناو ڕۆشنبیری داوای تەزکیەی حیزبی لەبکردنایە ، ، ئەمەیە جیاوازی لەوەی ناوچەیەک ، شارێک لەدروست بوونیەوە هەگری شانازی پایتەخت بوونی خەی بکا لەگەڵ بیرکردنەوەیەکی حیزبیانەی نا مەعریفی گوایا ئەمەیان خەش ئەوە ناویان لە ناوین پایتەختی ڕۆشنبیری!! بەکو ئەمە خوایە ئەو هەمەت و قوربانییەی هەندەک کەس و تەرەف بە بیستنی گوچکەیان ئەخورە ، لای خەک کاە ببەتەوە وبە تەنیا پایتەختی ڕۆشنبیریە ، بەهام نازانن ئێستا لای خەک شارەکەی هەمەت و قوربانی پایتەخت و

بورجە بەرزەکەی ئەدەبی کوردستانە واتا پێکەوە دووانەیەکی مەژووی سلێمانین ، مقەستی قردەلەی دەزگا بەناو ڕۆشنبیرەکانیش ناتوانە ئەو خراپ مامەڵەی دەسەڵاتی هەرێم بەرامبەر بە سلێمانی بپچڕێت بە مامەڵە ڕۆشنبیریەکانیشەوە ، سەیرم لێیەت دەزگایەکی ڕۆشنبیری هەبە زەر دەی بەوە خۆش بێت گوایا سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیریە!!و لە شارەکەیا هەڵکەسی شانەیی نەبە ، ستودیۆیەکی حکومی بە هونەرمەندان نەبە ، گەر بەهانە قەیرانی دارایی بوە و هەیە ڕۆشنبیر ئەبە جورئەتی هەبە و لەو دەسەڵاتە " نا ڕۆشنبیر" بپرسێت ئەی داهاتی خەڵک کوا. !؟
خولاسەی کەلام ، گەر هەبە بیەوە رابردووی سلێمانی وەک پایتەختی مقاومە بە ناو و ناسناوی تر تەکەبکا و بشوێنە زەر سەهوە ، چونکە پێش ئەوەی ئەم گەلە گورگەی بەربونەتە سفری بەرەوبردنی هەرێم " سلێمانی" خاوەنی ناسنامەی خۆی بوە و ئەبە ، ئەوانەش کە ئیانەوە بە خەر ئاسا بە ناسنامەیەک یەکەکی تر بسنەوە با بچن ناسنامەی رابردووی خۆیان بدزنەوە چونکە لای ئەمە هەیە و وا لە ئەرشیفا.....

---

# زیانەکانی بەراوردکردن لە نێوان منداڵان ... ڕەزا شوان

پەروەردەکردنی منداڵان بە ئەرێنی و دروستی، بەرپرسیارێتییەکی گەورە و ئەرکێکی قورس و زەر هەستیارە، لە ئەستەی خەزانەکان بە گشتی و دایکاندا بە تایبەتی. هەندە ڕەفتاری نادروست و هەڵە لە لایەن دایکان و باوکانەوە، منداڵکانیان تووشی فشار و گەلە کەشەی دەروونیی نەخوازراو دەکەن کە لە ئەمڕۆ و داهاتووشدا ڕەنگدانەوەیەکی نەرێنیان لە کەسایەتی و لە ژیانیاندا دەبن.. منداڵان باجێکی زەری ئەم هەڵانەی دایکان و باوکانیان دەدەنەوە.
بەگومان هەموو دایکان و باوکان هیواخوازی ئەوەن، کە منداڵکانیان باشترین منداڵبن و داهاتوویەکی گەش و پایەیەکی بەرزیان هەبێت و مایەی ڕەز و شانازیبابن.. بەڵام
ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە پاکانە بە هەڵە پەروەردەییەکانیان

بکەین لە پەروەردکردنی منداڵکانیاندا، هەرچەند کە ئەم هەڵانەشیان بە مەبەستبن و لە نەزانینیانەوە بن.
یەکێک لە گەورەترین ئەو هەڵە زیان بەخشانەی باوکان و دایکان لە پەروەردەکردنی منداڵکانیاندا تێکەوتوون و تێدەکەون، بەراوردکردنی منداڵکانیانە بە منداڵانی تر.
لەوانەیە ئەم هەڵەیە بەسەر کەسانێکی وەکوو ئەوەش هاتووبێت و دەرد و زیانکانی
بەراوردکردنتان بە منداڵانی تر چەشتووبێت.
بەشی زۆری دایکان و باوکان، سەرەڕای ئەوەی کە دەزانن بەراوردکرن لە نێوان منداڵاندا کارێکی هەڵە و زیان بەخشە و کاردانەوەیەکی خراپی لەدەکەوێتەوە،
کەچی درێژە بەم ڕەفتارە زیان بەخشە دەدەن، منداڵکانیان لە گەڵ خۆشک براکانیان
و لەگەڵ منداڵانی کەسوکار و هاوڕێ و دراوسێ و ناسیاوکانیادا بەراورد دەکەن.
بەراوردکردن لە نێوان منداڵاندا، هەر بە دایک و باوک و خزانکانەوە نەوستاوە، بەڵکو تەشەنەی کردووە و بەشێک لە مامۆستایانی قوتابخانەکانیش ئەم هەڵەیە دەکەن و قوتابیەکانیان بە یەکتری بەراورد دەکەن، لەگەڵ ئەوەی کە مامۆستاکان لە هەموو کەسێک باشتر ئەم ڕاستیە دەزان، کە لە ڕووی زیرەکی و بەهرە و توانا زەینی و هەشیەکاندا، جیاوازی لە نێوان منداڵاندا هەیە. پەیستە ڕچاوی ئەم جیاوزیانە بکەن و هیچ قوتابییەک بە قوتابییەکی تر بەراورد نەکەن.
هاوڕێیەکم وتی: من زۆر ڕقم لە بابەتی بیرکاریە، هەکارەکەشی ئەوەیە کە لە پۆلی
دووەمی قوتابخانەی ناوەندی بووم.. لەگەڵ ئامۆزاکەمدا لە هەمان پۆلدا بووین، ئەو بیرکاریدا زیرەک بوو. ماموستای بیرکاریمان هەموو جارێک پێی دەوتم: بەوانە کە
ئامۆزاکەت چەند زیرەکە، چەند بە خڕایی وەڵامی پرسیار و ڕاهێنانەکان دەنووسێت، ئەی تۆ بە وەکو ئامۆزاکەت نیت و ناتوانیت بە ئاسانی وەڵامی پرسیارەکان بدەیتەوە؟
ئەم بەرواردکردنەی من بە ئامۆزاکەم و دووبارەکردنەوەی چەندین جار.
تا ڕۆژێک خەم پێنەگیرا و بە مامۆستاکەم وت: مامۆستا ئەی تۆ بە وەکو مامۆستا
سامان دوکتۆرات لە بیرکاریدا وەرنەگرتووە؟ ئەم قسەیەم تەنگەی مامۆستای گرت و لەبەرچاوی هاوڕێ قوتابییەکانمدا زلێکی

مزری لەدام.. هەستی بریندارکردم.
لەو رۆژەوە رقم لە بیرکاریییە، لەو کاتەدا رقیشم لە ئامۆزاکەشم دەبۆوە.
لەکێنەوێک ئاماژە بۆ دکات، ئەو منداڵانەی کە قوربانیی بۆراوردکردنن بە منداڵانی تر، دووچاری متمانە بە خۆبوون بوونەوە. زۆر جاریش هەست بۆ دکەن، کە هیچیان لەباردا نییە و بە کەڵکی هیچیش نایەن، لە شوێنی شیاویشدا نین. ئەمەش بە شێوەیەکی گشتی لە خوێندن و لە ژیانیاندا رەنگیداوەتەوە و کاردانەوەیەکی نەرێنی
بە دروست کردوون. تا رادەیەک رەشبینیشی کردوون و هەست بە بە ئومیدی دەکەن.
بۆراوردکردن لە نێوان منداڵاندا، ئەم لایەنانە دەگرێتەوە:
١ـ بۆراوردکردن لە زیرەکی و بلیمەتی لە توانا هەشیەکاندا.
٢ـ بۆراوردکردن لە هەزی بازووکان و لە بەهرە جووڵییەکاندا لە نێوان منداڵاندا.
بە نموونە: دایکێک داوا لە کوڕەکەی دکات خۆت لە قەرەی فەانە منداڵ مەدە چونکە ئەو لە تۆ بەهێزترە.. یا ئەی تۆ بە وەکو براکەت وەرزش ناکەیت و کەشت داناگریت؟
٣ـ بۆراوردکەرن لە خوێندندا: بۆراوردکردنی قوتابییەک بە قوتابیانی تر لە لایەن دایک و باوک و مامۆستاکەیەوە.. وەکوو: تۆ بە وەکو فەانە قوتابی نمرەی بەرز وەرناگریت؟
تۆ بە بە یەکەمی پۆلەکەت دەرناچیت؟
٤ـ لەبارای توانای هونەریدا: وەکوو بەهرە و توانای وێنەکێشان، گۆرانی وتن، نواندن.
ئەوە هەڵەیە کە دوو تابلۆی وێنەکێشانی دوو قوتابی بە یەکتری بۆراورد بکەین، با لە تەمەنێک و لە پۆلێکیشدا بن، چونکە هەر منداڵێک بە شێوازی خۆی گوزارشت لە هەزر و لە خەون و لەو بیرکەیەی کە لە خەیاڵیدایە دکات.
٥ـ بۆراورکردن لە جوانی و بۆژن و باڵادا: بە تایبەتیش بۆراوردکردن لە نێوان کچاندا،
بە نموونە: کە دایکێک بە بەر چاوی کچێکی بە کچێکی تری دەڵێت تۆ جوانیت.
خوشکەکەی غیرەی لەدکات و ئەو هەستەی لا دروست دەبێت کە خۆشکەکەی لەم جوانتر و شەنگتر و باڵا رێکترە، وا دیارە من ناشیرین و باڵا ناڕێکم، ئەگینا دایکم بە منیشی دەوت جوانیت.
ئەمە دەبێتە گرێیەکی دەروونیی لای ئەم کچەی، رەنگە رقی لە خوشکەکەشی بێتە. یا لە بەردەم کچەکەیدا، ستایشی کچی هاوڕێکەی

دڵکات و دڵەت: کچی هاوڕێکەم، زۆر لێبڕان و قسە قوت و خۆش.. خۆزگە کچێکی منیش وابوایە.
بەم خۆزگەیەی کچی هاوڕێکەی لە بەرچاوی کچێکی دڵخات و رقی لێدەبێتەوە.
زیانێکانی بەراوردکردن:

زیانێکانی بەراوردکردنی منداڵێک بە منداڵانی تر زۆرن، لەوانەش:
١ــ هەستکردنی منداڵ بە خۆبەکەمترزانین: گەر بە هەمیشەیی منداڵەکتان بخەنە ژێر فشاری بەراوردکردن بە منداڵانی تر. بارگرانی و بێزاری و وەرستبوون بە منداڵەکتان دروست دەکەن. کارتێکردنەکی نەرینی لە راپەڕاندنی کارەکانیدا رەنگدەداتەوە. چونکە ئەو منداڵەی بە هاوڕێکانی یا منداڵانی تر بەراورد دەکرێت، کە نەتوانێت خەی یەکسان و هاوتابکاتەوە لەگەڵیاندا. متمانە و بەوای بە توانای خۆی نامێنێت. سەرەڕای ئەمەش هەستی رق و ئیرەیی و چکوسی بەرانبەر بەو هاوڕێ و ئەو منداڵانە لادروست دەبێت و هاوڕێتیشیان سارد و کاڵ دەکاتەوە.
دایک و باوک لە بریتیی ئەوەی کە منداڵەکیان تووشی دڵخۆکی نەخوازراوی وا بکەن.. باشتر و دروستر وایە، کە دەست بەسەر خاڵە لاوازەکانیدا بگەرن و لەگەڵیدا دابنیشن و پێکەوە چارەسەری گونجاویان بۆ بدۆزنەوە.. پێویستیشە ستایشی لایەنە ئەرێنییەکانیشی بکەن.
٢ــ کەبوونەوەی ڕۆژگەرتن لە خود: بەراورکردنی منداڵێک بە منداڵانی ئاست بەرزتر ئەو بەوایە لای ئەو منداڵە دروست دەبێت، کە هاوڕێکانی لەو زیاترن، ناتوانێت. کارێکی باشی ئەوتە ئەنجام بدات، کە بە دڵی دایک و باوکی بێت و لەی رازیبن. ئەم هەستەشی زیانێکی زۆری پێدەگەیەنێت. تەنگ بە گۆشەکردنی کەسێتی و پشکووتنی ئاکادیمیی لە خوێندندا پێ هەڵدەچنێت.
بەیە پێویستە دایکان و باوکان بڕوایان بە جیاوازیی توانا و بەهرەی تاک هەبێت، بە تایبەتیش لە منداڵاندا، کە خاوەنی هەستێکی ناسک و دڵێکی پاکن.. گەر گۆڕکان فڕیان نەکەن ئەوان رق و کینە و ئیرەیی و چکوسی نازانن.
٣ــ کەمبوونەوەی بایەخدان بە باشکردنی کارەکانیان: گەر بێت و دایک و باوک کەشس و بەهرە و کارە ئەنجامدراوکانی منداڵەکیان، پشتگوێ بخەن و بایەخیان پێ نەدەن و
بە هەندیان نەزانن، دەستخۆشی و ئافەرینی منداڵەکیان نەکەن و بە ئەنجامدراوە باشترەکانی هاوڕێکانی بەراوردیان

بکەن و بە چاوێکی کەمتر لە بەهرە و تواناکانی منداڵەکەیان بڕوانن.. وا لە منداڵەکەیان دەکەن کە ساردبێتەوە و چیتر خۆی ماندوو نەکات.. چونکە دایک و باوکی لە بەهرە و کارەکانی ناڕازین و بە هێندی نازانن.
هەستیش بە شەرم دەکات و گۆشەگیر و دوورە پەرێز دەوستێت، لەوە دەترسێت
کە دایک و باوکی بە منداڵی میوانەکانیان بڵێن بکەن و بیشکێنێنەوە.
٤ـ لەدەستدانی بەهرەی داهێنان: گەر بەهرە و خەون و توانا تایبەتمەندییەکانی منداڵەکەتان لەبەرچاونەگرن و هانی نەدەن بە درێژەپێدان و پێشکەوتن و داهێنانی
زیاتر و باشتر و، پەرپێدان بە بەهرە و ئارەزووەکانیان.
بەراوردیان بکەن بە بەهرە و منداڵانی بەهرەمەندتر و داهێنەرتر، منداڵەکەتان وا لێکیدەداتەوە کە شکستی هێناوە
و پێویست بە درێژەپێدان ناکات و حەزی داهێنانی تێدا دەمرێت.
٥ـ دابەزانی نەوان منداڵ و دایک و باوکی زیاتر دەبێت:
بەراوردکردنی منداڵەکەتان
لەگەڵ منداڵانی خزم و ناسیاو و هاوڕێ و دراوسێ، یا لەگەڵ خوشک و برا کانی، هەکارەکە بە دروست بوونی گرێی دەروونی بە منداڵەکەتان، هەست بەوە دەکات کە ئەو پەسەند نییە و خۆشتان ناوێت و لەبەردڵتان نییە و لێی رازی نین.. بۆیە حەز بەوە دەکات ماوەی دابڕان و دوورکەوتنەوەی لێتانەوە بپارێزێت و هێندە بەلاتانەوە نەیات.. ئەمەش خاڵێکی نەرێنییە و پەیوەندی و خۆشەویستیی بۆتان لاواز دەبێت.
٦ـ بەراوردکردن دوژمنایەتی دەخاتە نێوان منداڵانەوە:
بەراوردکردنی منداڵەکەتان بە منداڵانی تر، لە جیاتی ئەوەی ستایشی ئەو منداڵانە بکات، هەستی دوژمنایەتی و رقلەبوونەوەیانی لا دروست دەبێت، ئەم بەراوردە پاشەڕیشە بە ئەوەی بە نادروستی ڕەفتار و هەڵسوکەوت لەگەڵیاندا بکات. چونکە غیرەیان لەدەکات و ئیرەییان پەیدا بات، دووریش نییە کە دوژمنایەتی و شەڕ و ئاژاوە لە نێوانیاندا دروست بێت و ئەنجامێکی خراپی لێبکەوێتەوە.
٧ـ بەراوردکردن پەیامێکی نەگەتیڤە بە منداڵەکەتان: کاتێک دایک و باوک بەراوردی منداڵەکەیان لەگەڵ منداڵانی تردا دەکەن، ئەو پەیامەیان پەیدەگەیەنن، تۆ بە توانایت
و هیچت لەدەست نایات، بۆیە پێویستە خۆت بە منداڵانی تر

بەراوردبکەیت و چاو لەوان بکەیت.. ئەم بەچوونە هەڵەیەشتان، وا لە منداڵەکەتان دەکات کە بەهای خۆی لەدەست بدات و ببێت بە پاشکۆی منداڵانی تر.. لە خۆشی رازی نابێت و هەست بە دڵنیایی و دەروون ئاسوودەیی ناکات.
٨ـ بەراوردکردن وا لە منداڵەکەتان دەکات، کە رستەگەلێکی لەم جۆرە بەکاربهێنن:
من لە فڵان منداڵ باشترم.. یا من لە فڵان منداڵ خراپترم.. یا من جیاوزترم لەگەڵ منداڵانی تردا..”باشترم ــ خراپترم ــ جیاوزاترم” ئەم وشانە خۆبەراوردکردنە لەگەڵ منداڵانی تردا. منداڵەکەتان وای لێدێت هەمیشە بە منداڵانی تر خۆی بەراورد بکات.
٩ـ منداڵ دوای خۆشەویستی دەکەوێت: هەموو منداڵێک دەیەوێت پاراوی سەز و خۆشەویستیی دایک و باوکی ببێت. کە منداڵەکەتان دەیەوێت بە جیاوازی وەکوو خوشک و برا کانی تری خۆشەویستیی پێ ببەخشن و نازی هەڵبگرن.. بۆ ئەم مەبەستەش دەیەوێت کاری لە توانا بەدەر ئەنجام بدات، لە چوارچێوەیەکدا دەژی کە لە توانای سروشتی خۆی زیاترە. هەر بۆیە ئەوەی کە ئەوەی دایک و باوکی لێی رازی ببن.

١٠ـ زیادەڕۆیی لە بەراورکردندا: بە لەبەرچاوکرتنی جیاوزی لە بەهرە و توانا و بارودوخ.. هەندێ لە منداڵانی جیاواز لەگەڵ منداڵانی تردا، تووشی لەخۆبایی و لەخۆدەرچوون و فیززلی دەبن، لەوانەیە ئەم خەسڵەتە نەرێنییە ببێتە خوویان.

١١ـ بەراوردکردنی منداڵ بە منداڵانی تر، هەکارێکە بۆ شەرمکردن و گۆشەگیری و خۆدوورگرتن و ناکامەڵایەتی. کەم دووە و حەزناکات تێکەڵاوی دانیشتن و کەبێت.
١٢ـ منداڵان لە هەموو بوارێکاندا وەکوو یەک بەهرەمەند و بە توانا و پڕفەکت نین. منداڵ هەیە لە بیرکاریدا زیرەکە.. هەیە لە زماندا زیرەکە.. هەیە لە وێنەکێشاندا.. هەیە لە نواندا.. هەیە لە موزیک و گۆرانیدا، هەیە لە هێڕاوە و وتار خوێندنەوەدا،...هتد.
دایکان و باوکانی خۆشەویست، مامۆستایانی هێژا و دڵسۆز: بەراوردکردن لە نێوان منداڵەکانتان و قوتابییەکانتان و منداڵانی تر و قوتابیانی تر، زیانێکی مەترسیداری نەخوازراوی لێدەکەوێتەوە، هەکارێکە بە گەڵە کێشە و گرێی دەروونی و بارگرژی.

رەنگدانەوەیەکی خراپیشی لەسەر کەسایەتی و ژیانی ئەمڕۆ و داهاتووی منداڵان دەبێت و هەڵکارکیشە بۆ رق و دژایەتی و دوژمنایەتی لە نێوان منداڵاندا.
خۆ ئەگەر بەراوردکردن لە نێوان منداڵاندا، بۆ ئاراستەی پۆزەتیف بێت، واتا ئەگەر بۆ ئەوەبێت کە منداڵەکانتان چاو لە منداڵانی ئاست بەرزتر و زانا و داناتر لە خۆیان بکەن، هەوڵبدەن وەکوو ئەوان ئاستی خۆیان بەرزبکەنەوە و سوود لە زیرەکی و لە ئەزموونکانی هاوڕێکانیان وەربگرن، بە رووحێکی وەرزشییەوە ململانێ و کێبڕکێ لەگەڵ یەکتریدا بکەن لە پێناوی زیاتر فێربوون و داهێنان و پێشکەوتن، ئەمە مایەی بەختەوەری و پێشکەوتن و سوودبەخشینە نەک زیان پێگەیاندن.. پەروەردەکردن و راهێنانی منداڵان بۆ ئاراستە ئەرێنییەدا، لە سایەی دایکان و باوکان و مامۆستایانی هۆشیار و هەستیار و دووربین و شارەزایانی پەروەردەی ئەرێنیدا دەتەدی.

**ڕەزا شوان**
**نووسەر لە بواری ئەدەبی منداڵان و پەروەردەی منداڵان.**
r.shwan@hotmail.com

(*) تێبینی: تا رادەیەک سوودم لەم سەرچاوانە وەرگرتوون:
١ـ اضرار المقارنة بين الاطفال ـ مجلة هي ـ يمام سامى.
٢ـ المقارنة بين الاطفال ـ من اكثر اخطاء التربية شيوعا ـ هالة الشحات.
٣ـ لماذا نصر على المقارنة بين الاطفال ـ تربية الاطفال والصحة النفسية.
٤ـ الاطفال من الجنة ـ دكتور جون جراى ـ ٢٠١٨
٥ـ ادوات التهذيب الايجابي في التربية ـ دكتور جين نيلسن و مارى نيلسن ـ ٢٠١٨

---

# 14-4 ژنك بۆ یادەوەری تاوانی

# ئەنفال ... عەلی مەحمود محەمەد

بۆ دڕژەی بابەت کلیکی ئڕەبکەن ....

ئەنفال مەرگی لەسەرخۆی گەلێك بوو جار جارە لەسەر خۆو جاری دیش شۆتانە , ئەو تراژیدیای مەرگە 196 ڕۆژی خایاند و درێژ بوەوە بۆ ناو هەموو لایەنەکانی ژیانی ئەواەی بەر شاخاوەکەی کەوتن , ئەوەشی بە ڕێکەوت ڕزگاری بوو لێی, دەردو مەینەتەکانی بەشوەو شۆوازی دی ئەنفالی کرد, شۆنەواری لەسەر سەرتاپای ژیانی ئەم گەلە لە دوای خۆی دانا, ڕژێم شەوی دەدایە دەم ڕۆژەوە بۆ قەسابیکردنی لادێنشیینەکان کوردستان بە هەموو پێکهاتەکانییەوە و سوتاندنی خاك و وێرانکردنی ئاوەدانی و وشککردنی سەوزایی و کانیی و نەهشتنی مرۆڤ بە ناوی هاووڵاتی کوردستانەوە بە تایبەتیش کورد, سوپای عێراق لە سەرباز و جاش بە خەفیفەو مەفرەزە تایبەتییەکانەوە وەك حەزییایەکی چەند سەرەی ئەفسانەکان لە هەرچوار لاوە پەلاماری تەواوی لادێکانی کوردستانیان دەدا, ئەوەی بەر کەوت و ڕزگاری نەبوو لەو ڕۆژەوە قوتی داو بۆیای ببۆای نەیانمان بینییەوە, هەموو چرکە و لەحزەو سات و ڕۆژەکانی ئەو ئێپەراسیۆنە شومە, مەرگەساتکی ترسناك بوو بۆ خۆی, ڕۆژگارەکانی پاشیشی ژیانی ناو مەرگەساتەکانی تێپزاو و نگرەسەلمان, چاڵ و پەناگای گولەبارانکردنی بە کۆمەڵی ئەنفالکراوان هەموو مژویەکی دانەبڕاون لە یەکتر , مژوویەك بوو پڕ لە یاداوەری مەرگ و تاوان, جۆی خۆیەتی یادی هەموو ئەو تاوان و کارەسات و قوربانیانە بکرێتەوە کە لەماوەی ئەو حەوت مانگەدا ئەنجام درا, ئەوە مژویەکی ترسناك و پڕ تاوانە, ئەوەی لە ناوییا نەژیابێت, ئەوەی بە چاوی خۆی وێنە ترسناکەکانی نەبینیبێت, ئەوەی ئێش و ئازارەکانی نەچەشتبێت, ئەوەی ئەوەی ڕۆژی نەدابێتە دەم شەوەوە بۆ بینینەوەی خۆشەویستەکانی, ئەوەی بە پێی خۆی ڕزگار نەبووبێت , ناتوانێت وینەی چیرۆکەکانی ئەو مەرگە ساتە بکێشێت, ئاخر خەیاڵدانی بۆ ناکات و ناتوانێت وێنای کارەساتەکانی, ئێش و ئازارو دڵندەییەکانی بکێشێت , ئەمە لە خەونی شاعیرانە زۆر ئەولاتر و دوورترە, ئەوە جیهانی مەرگەساتی جینۆساید و کۆمەکوژییە کە ناوی ئەنفالە.....

بۆ دڕژەی بابەت کلیکی ئڕەبکەن ...

# دیموکراسی بەرژوازی کامڵترین بەرگی سیاسی سەرمایەداری یە … نوسینی – نەجمەدین فارس

بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئێرە بکەن ...

# عەبدوڵا سەمان(مەشخەڵ)ی شاعیر لە بەردەم پرسیارەکانی (پەیووچ)دا

عەبدوڵا سلەمان (مەشخەڵ) لە ساڵی ١٩٦٤ لە شاری کەرکووک لە دایک بووە.خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی وپاشان پەیمانگای تەکنیکی لە ساڵی ١٩٨٦ هەر لە کەرکووک تەواو کردووە. لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە شیعر دەنووسێت و لە زەربەی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی کوردستان و دەرەوەی کوردستان و سایتە ئەلەکترۆنییەکان شیعر و وتاری ڕەخنەیی ئەدەبی و سیاسی و جەماوەری بڵاو کردەتەوە. بەشداری چەندین کۆڕی شیعری کردووە لە شاری هەولێر لە ساڵی (١٩٨٣) و لە شاری کەرکووک لە ساڵی (١٩٨٥). پێنج کۆڕی شیعری تایبەتی کردووە لە شاری ڤانکۆڤەر لە کەنەدا لەساڵی ٢٠٠١ و لە ساڵی ٢٠١٠ . هەروەها کۆڕکی تایبەتی شیعر لەکەرکووک لەساڵی ٢٠١٢ و ٢٠١٨ لە کەنەدا و ٢٠١٩ دیسانەوە لە کەرکووک. لە ساڵی ١٩٨٧ لەگەڵ هاوڕێیان جەماڵ کەشش و نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد(هەشەنگ) “حەلقەی ئەدیبانی کۆمەنیست” دامەزرینن و بە ماوەی سێ ساڵ یانزە ژمارە لە گۆڤاری “ئاڵەر” دەردەکەن. سەرنووسەری چەندین ژمارەی ڕۆژنامەی “دەنگی بزکاران – زمانحاڵی ڕێکخراوی یەکێتیی بزکاران لە کوردستان” بووە لەنێوان ساڵانی ١٩٩٢ – ١٩٩٤ کە لە شاری هەولێر

دەردەچوو. ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری هانا خوولی یەکەم بوو لە نەوەدان ساڵانی ١٩٩٧ – ٢٠٠٠ کۆڵەواتی سوید دەردەچوو و ئێستاش ئەندامی دەستەی گۆڤاری هانا خوولی دووەمە و هەروەها ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کوردە لقی کەرکووک. عەبدوڵا سەڵمان(مەشخەڵ) بیست کتێبی لەبواری کانی شیعر و وەرگێران و شانامە بەچاپ گەیاندووە زیاتر لە پانزە کتێبی تریشی ئامادەن بۆ چاپ و ئێستاش لەگەڵ هاوژین و منداڵەکانی زیاتر لە دوو دەیە لە واتی کۆنەدا دەژیت.

**پەڕەمووچ: وەک هەر شاعیرێکی تر بڕگومان سەرەتای جوانت هەیە بۆ پەیوەندیت بەوشەی جادووئامێزو شیعری داهێنراوە. سەرەتای شیعریت بۆچی دەستی پێکردووە؟**

عەبدوڵا سەڵمان(مەشخەڵ) : سەرەتای شیعریم لە نیگەرانییەکی سادەوە دەستی پێکرد. ئەتوانم بڵێم سەرەتا لەسەر دووبانکدا دووچاری نیگەرانی ببووم. دووبانی شیعرییەتی شیعر و وڵامدانەوە بە خواستە کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکانی ڕۆژ. دیارە بە دڵنیاییەوە هووی وشەم هووە و خواستە کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکان وەرچەرخاند بۆئەوەی تامی هەنگوینی ئەو شیعرییەتە بکەم کە لە شانکانی شیعردا دادەچەقان. ئەمەش بە سەرەتا و بە گونجکی تەمەن شانزە ساڵان ئۆگەر ڕەواش نەبێ، مەئلوفە. بەیە لەو سەرەتایەدا بەهەموو توانایەکمەوە هەوڵم دەدا لەگەڵ شیعر ئاوێزانی یەکتر بین. ئاوێزانێک کە تا ئێستاش بەردەوامین. نایشارمەوە جادووئامێزی وشە و شیعرییەتم لە هەوڵستدا بینیوەتەوە. وشە هەوڵستدار و ئاگر ئاساکانی نەو خەبات و شەڕش و ئاپۆینم لا جوانتر بووە لە ناسکترین دەربڕینی شاعیرانە. ئەمە هەر تایبەت نەبووە بە سەرەتای شیعرییەمەوە، بەڵکو هەتا ئەمڕۆش وەک سەبەر بە دوامەوەیە و لەم جیا نابێتەوە. بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە بەدوای شیعرییەتەوە نەبم، بەپێچەوانەوە من دەخوازم جوانترین ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی چینایەتی بە بەرزترین فۆرمی شیعریی نمایش بکەم.

**پەڕەمووچ: بەدەر لە هەر شاعیرێکی دیکە.. مەشخەڵ وەک ڕەبازێک شیعری بە چینی کرێکاران تەرخان کردووە.. شیعری کوردی تا چ ئاستێک خزمەتی بەو ڕووتە کردووە؟**

عەبدوڵا سەڵمان(مەشخەڵ) : ڕەنگە ئۆگەر ورد لەم پرسیارە ورد ببینەوە جۆرە ئشکالیاتێکی تێدا بەدی بکەین. بە نموونە لە سیاقی پرسیارەکەدا شیعری چینایەتی کرێکاری کوردیی و بزووتنەوەی شیعری

کوردیی لەکجیا کراونەتەوە و وەک دوو جۆستەی جیاواز نمایش کراون. لەکاتێکدا ئەتوانم بڵێم هەوتی شیعری کڵاسیکی کوردیی بەشێکە دانەبڕاوە لە بزووتنەوەی شیعری کوردیی. (دیارە مەبەستم لە هەوتی شیعری کڵاسیکی کوردیی ئەو دەقانەیە کە بە زمانی کوردی نووسراون یان دەنووسرێن و شاعیرەکەش کوردە.) کەواتە شیعری کڵاسیکی ناکۆکتە دژەوەی ئەو بزووتنەوەیە. شیعری کوردیی لە هەوتی گۆشە و بڕوپێچوونی خۆیدا دوو تێروانین و دوو هەڵبازی سەرکی تیایدا بوونیان هەبووە و هەیە. ئەوانیش تێوانینەکانی نێتەویی و چینایەتین کە بەردەوام ململانێی و کێشمەکێشیان لەنێواندا هەبووە و هەیە.. شیعری کڵاسیکی بەپێی بۆگۆ مۆژوویییەکانی گۆشە و بڕوپێشچوونی خۆی هەژموونی خۆی لەنەو بزووتنەوەی شیعری کوردیدا بەرا دەست یاخود پاشکۆی کردووە. بزووتنەوەی شیعری نێتەویی کورد بەو پەودانگەی کە پارێزەری بەرژەوەندی چینایەتی جیاوازتر لە کرێکاران، بەیە نەک هیچ خزمەتێکی بە شیعری کرێکاریی نەکردووە، بەڵکو درێغیشی نەکردووە لە دژایەتی کردنی ئەو هەوتە لە شیعری چینایەتی کرێکاران کە تیدەکۆشێ لەگەڵی هونەرەوە ئەو ئاسە و ئامانجە ئینسانییە دەربخات کە مرۆڤایەتی هەوەی بە دەدات و مارکسیزم بە زانستی زکارگەری سەرجەم بەشەریەت دەزانێ.

**پەیووچ: لە نێوان دوو بۆچوونی جیاجیا.. شیعر لە پەناو هونەری جوانی و شیعر لە پەناو خزمەت بە مرۆڤایەتی.. لە کامیان زیاتر نزیکیت و هەکار چییە؟**

عەبدوڵا سەمان(مەشخەڵ) : من لە تێروانینی دووەمەوە نزیکم. من لە ئابردوو و لە ئێستاشدا پەداگری جیددیم کردوە لەسەر ئەوەی کە شوناسی جوانی شیعر بریتییە لە هەوەستە چینایەتییەکانی. واتە تا چ ئەندازەیەک شیعر گەاوەتەوە بە ئینسان و ئینسانی کردوە بە بناغە و خاڵی لەوە هەستانی خۆی. لایەنگرانی شیعر لەپەناو جوانی و هونەر بۆئەوەی ناوەڕۆکی کەمایەتی دەقی شیعریی هیچ جێگا و شوێنکی جیددی لە تێفکرینە هونەریی و ئەدەبییەکانیاندا هەبێت، بوونەتە بەشکی دانەبڕاوی ئەو بزووتنەوە ئەدەبییە بەرفراوانەی کە جگە لە خە بواردن لە توندکردنەوەی زنجیرەکانی دەست و پێی ئینسان، کارکی تری نییە و من ئەو بزووتنەوەیە بە بزووتنەوەی ئەدەبی بەرژوازی ناوزەد دەکەم. هەرچەندە ئەوەشم لا ڕوونە کە نابێت شیعر خاڵی بێت لە جوانی و هونەر. شیعر واتا هونەری زمان و دەربڕین و خەیاڵ و هەگزەکانی تری هونەری دەربڕین. ئەگەر شیعر لە هونەر دابڕیت ئەوکات هەنگە قسەی ئاسایی بخوێنیتەوە نەک شیعر. من ئەم

ەاستییە ئەزانم و نکووی لێناکەم. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خزمەتکردنی ئینسانییەت و دەرخستنی ئاسۆی ژیانگاری بەشەریەت لە ستەم و بەماڤی و چەوساندنەوە خاڵی بەهێزی دەقی شیعرییە و ئایدەندتی شیعریی نیشان دەدات. لەم گۆشە نیگایەوە من ناوەرۆکی کۆمەڵایەتی دەق لای من دەستپێکی لەدایکبوونی دەقی ئەدەبییە و جا ئەو دەقە چ فۆرمێک بەباڵای خۆیدا دەبڕێت ئەوەیان باسێکی ترە.

**پرسیاری مووچ: ئایا شعر موکی شاعیرە یان نەتەوە هاوزمانەکەیەتی؟ ئیمە لە فراوانترین کرانەوەی شارستانیەتدا شیعری کوردی چۆن دەبینی؟ تا چەند دەتوانێت کاریگەری بەسەر دەروونی خوێنەر یان بیسەرەوە هەبێت؟**

عەبدوڵا سەمان(مەشخەڵ) : شیعر دەتوانم بڵێم موکی شاعیرە و لەهەمان کاتیشدا موکی هاوچینەکانییەتی(ئاگەر موکایەتیمان وەک بارە ئابووریەکەی بە مانای خاوەندارێتی قبوڵ بێت). شیعر موکی شاعیرە لەبەر ئەوەی لەدایکبووی دەخی تایبەتی ئەفراندنە لە زمان و خەیاڵی شاعیر. وە موکی هاوچینەکانییەتی یان تە وتانی هاوزمانەکەیەتی، چونکە شاعیر تاکەکە لەو گروپە کۆمەڵایەتییە گەورەیەی کە ناوی چین یان نەتەوەیە.. بەڵام کاتێک دەق بەاو دەبەتەوە، ئیتر لە موکییەتی شاعیر دەکەوێت و چینێک یان نەتەوەیەک لەی بەرپرسیارە و خاوەندارێتی دەکات. واتە تا ئەو ساتە شاعیر خاوەنییەتی کە هەشتا بەاو نەبەتەوە. کە بەاو بوو ئیتر لە موکایەتی شاعیر دەچێتە دەرەوە. بە مەسەلەی بینینی شیعری کوردیی لە فراوانترین کرانەوەی شارستانی کە پەموایە مەبەستت گەڵەبازیشن بێت، هەست ئەکەم شیعری کوردیی دووچاری داخران و قوپانەوە بووە. شیعری کوردیی لەم سەردەمی کرانەوەیدا لەبری گۆشەی چلنایەتی دەرگیریی کۆشە و ئاریشەکانی ئیندیڤیجوال بووە و بەمەش خەی لە کۆشە مرۆییەکانی سەردەم دابڕیوە. دیارە ئەمەش کاریگەریی هەیە بەسەر هەنگاوەکانی بەرەوپێشچوونی. ئەم کاریگەرییەش هەکارەکی جیددییە کە ناتوانێت بەپێی پەویست وەڵامگەی پەداویستییە دەروونییەکانی خوێنەر یان بیسەری کرد بێت. شیعری کوردیی شیعرێکی نا کاریگەر و نا فەعالی کۆمەڵایەتییە و تاکو ئەم داخرانەی خەی بەووی جەنگە چینایەتییەکانی سەردەم نەکاتەوە، تاکو نەبەتە بەشێک لە ململانێ کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکانی کۆمەڵگە، تاکو لەسەر بەرژەوەندی چینایەتی زۆربەی ئینسانەکانی کۆمەڵگە پەداگری نەکات، تاکو ئاڵای خەبات و شۆشگێڕیی بەرز نەکاتەوە و ناتوانێت لەسەر گۆڕەپانی تەکۆشان بە ژیانگاری ئینسانییەت کاریگەری

بەرچاوی دەرووونی هەبێت لەسەر خوێنەر یان بیسەر.

**پێموویچ: سەردمانێک عەرەب شاعیرانی (مهجر)ی هەبووە کە هەندێکیان ئەستاش بەردەوامن و کاریگەری زۆر ئەرێنییان بەسەر دەرووونی خوێنەری غەیرە عەرەبەوە هەبووە، ئایا شاعیرانی کورد چ هەنگاوێکیان لەو مەودایە ناوەو تا چەند سەرکەوتنیان دەستەبەرکردووە؟**

وەك خۆكەمكیی ئایینی گروپە ئایینی و ئیتنیكیەكان دەركەوتووە و هەندێك جار وەك خۆكەمكیی خۆكی و گوندەكان دەركەوتووە و هەندێك جاریش وەك خەباسی كەمینە هاوچەرخەكان لە سەردەمی جەنگەكان و قاتوقڕیی وشكە ساڵەكان دەركەوتووە، بەڵام لەنێو هەموو سەردەمكان هەڕەوزی و بیركە و ئاوزی ژیانی هەڕەوزیی بەجێرێك بووني هەبووە .

لەنێو ئەم تێژگارەش لە هەرەمی كوردستان خەریكە لەنێو دەروونی قەیرانە ئابووریی و كولتووریی و مێژاییی و ئامیاریی و جەنگیی-سەربازییەكان بەجێرێك هەروزییەكان و بیركەی هەڕەوزی كەمینایەتیی وەك ئێتنرناتیفێك خۆی دەردەخاتەوە. سایتی دەنگەكان وەك بەندگەی دەنگە ڕەشنبیر و ڕەخنەگر و ئازی و بەهێزەستەكان بە ڕەشنایی خستنە سەر مێژووی بزووتنەوە و بیركە هەڕەوزییەكان لە هەرەمی كوردستان و ناوچەكە ئەم تەوەرییەی بە گفتگۆ و لێدوان لەو بارەوە كردووەتەوە، بە هێوای سەرهێدان و دروستبوون و دروستكردنی دیالۆگ و لێدوانیی جەماوەریی و كەمینایەتیی لەبارەی هەڕەوزی و بزووتنەوەی هەڕەوزی وەك ئێتنرناتیف.

**پرسیار : سەرەتا ئاگەر بكرێت كورتیەك لەبارەی ئابووردووی چالاكی خەت و ئاراستەی بیركردنەوەت بە خوێنەران بگەیەنیتەوە؟**

عەبدوڵا سەڵمان(مەشخەڵ) : لە رابردوودا بەتایبەتی لە دەیەی هەشتاكان لە حەلقەی ئەدیبانی كەمنیست كارم كردووە و بە ماوەی سێ ساڵ یانزە ژمارە لە گۆڤاری (ئابڕ)مان دەركرد. لێدوای راپڕینیش لە بزووتنەوەی شورایی كوردستان چالاك بووم بەتایبەتیش لە مەڵبەندی شورا كرێكارییەكانی شاری هەولێر. دوای ئاپۆینیش یەكێك بووم لە دامەزرێنەرانی یەكێتی بێكارانی لە كوردستان و هەروەها ئێندامێكی چالاكی كەمینەی ئاوارەكانی كوردستان بووم لە هەولێر. كاتێكیش لە تورکیا بووم بەرپرسی كەمیتەی هاوپشتی كرێكاریی بووم و كە چووم دەرەوەش لە گۆڤاری هانا هەردوو خولەكەی چالاكانە كارم كردووە و كار دەكەم.

**پرسیار : بزووتنەوەی هەڕەوزی" ئەم دەستەواژەیە بە تە چی دەگەیەنێت ؟**

عەبدوڵا سەڵمان(مەشخەڵ) : بزووتنەوەی هەڕەوزی بزووتنەوەیەكە كە كاری هەڕەوزی خەباتانە ئەنجام دەدات. دەست بە كارانە دەبات كە پەویستین و دەسەاتی لەكاڵی یان ناوەند ناتوانێ یان ناپێتە

سەریان. بەڵام بەبەرای من لە کوردستان شتێک نییە ناوی بزووتنەوەی هەڵوەزی بێت. ئەوەی هەیە دەستپێشکەری چەند ئینسانێکی خەمخۆر و ئینسان دۆستن بۆ خزمەتکردنی مرۆڤەکان لە دۆڕەکی دیاریکراو. کاتێک دەتوانین ناوی بزووتنەوەی لە بنەبن کە هاوشێوەی ئەم دەستپێشکەرییە لە گۆشە و کەنارەکانی کەمەگە بوونیان هەبێت، کە ئێستا بوونیان نییە. بەڵام دەتوانین بە سەرەتایەکی دابنێین بۆ جێکەوتە بوونی شێوازێک لە کارکردن بۆ قازانجی خەڵکی هەژار و زەحمەتکێش. ئەم شێوازە لە کارکردن گەر بۆ ئاسۆ و تەروانینێکی ئینسانی بارگاوی بێت ئەوا بۆ دەنییایی دەتوانێ سوود بەخش بێت و بۆپێچوانەوە گەر بارگاوی نەبێت بۆ ئاسۆ و تەوانینێ پشکووتووخوازەوە ئەوا دەست نەبردن بۆی باشترە.

**پرسیار : بۆ بەچوونی تۆ هەڵوەزییەکان ئامرازی ڕیفەرمکردن یان ئەڵتەرناتیڤن؟**

عەبدوڵا سەمان(مەشخەڵ) : پرسیارێکی زۆر گشتیگیر و ناوونە. کام هەڵوەزییەکان؟ لە کوێدا؟ لە چ بگرەیەکی مێژوویی؟ کوردستان لەم چارەکە سەدەیەی ڕابردوو بەهۆی بروخی سیاسیی ناهەمواریەوە نێک زەمینەی کاری هەڵوەزی خۆش نەکردوە، بەڵکو بووە هۆی فەوتان و مردنی هەر هەوڵێکی دەستجەمعی بۆ ئامانجێکی دیاریکراو. لەبەر ئەوە پرسیارەکەی بەڕێزتان هیچ پەیوەندییەکی بە کوردستانەوە نییە. ئەگەر وەک پرسیارێکی موجەردیش وەریبگرین و هەوە بدەین لە سیاقی مێژوودا بیبینین و وەڵامی بدەینەوە دەتوانین بڵێین کە ڕێکخراوە هەڵوەزییەکان کە کاری هەڵوەزییان کردووە نە ڕیفەرم بوونە و نە ئەڵتەرناتیف، بەڵکو جۆرێک لە بەرگریی و بەدەستهێنانی خۆاگیریی بووە لە بەرامبەر فشاری ئابووری چینە باڵا دەستەکان. چونکە ڕیفەرم و ئەڵتەرناتیف دوو دەستەواژەی سیاسیین و لە قاموسی سیاسیدا مانای تایبەت بە خۆیان هەیە کە بە هیچ جۆرێک ناتوانن وەک کاڵایەک بە باڵای کاری هەڵوەزیدا ببەدرێن.

**پرسیار : بە پشتبەستن بە کامە بنەما و ئەزموون هەڵوەزییەکان دەخرێنە خانەی ئامانجی بزووتنەوەی ڕیفەرمیستی یان خزمەتکردن بە مانەوەی سیستەمە چینایەتییەکە ؟**

عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) : ئەم بزووتنەوە هەڵوەزییانە گەرچی تابعێکی سیاسییان هەیە بەڵام لە جۆرهەردا کردەی سیاسیی نین. واتە ئامانج لەم بزووتنەوانە هەڵگیرساندنی شۆش و بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی نییە لە کەمەگە. ئەم بزووتنەوانە هەوە دەدەن

لەبەرامبەر فشار و بەربەریەتی چینایەتی دەسەڵاتی بەرژوازی کارەک بکەن کە ببەتە هەی سووککردنی باری قورسی سەر شانی ژیانی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکەش. بەیە ئامانجەکانی ئەم جۆرە بزووتنەوانە یەفەرمیستین. ئەم یەفەرمەش لە بەرژەوەندی خەڵکی بەشمەینەتە نەک مانەوەی سیستمی چینایەتی.

**پرسیار : کەسانەک پێیان وایە ئەم کارە هەرەوزیانەی کە لە ناوچەی خانەقین دەستی بە براوە، لە بنچەدا کاری دەسەاتە و دەبەت فشار بە دەسەات ببرێت لە جیاتی کاری هەرەوزی. ئەی ئەوە ئەمە چۆن دەبینن؟**

عەبدوڵا سەیمان (مەشخەڵ) : ئەو کەسانە دروست خاڵیان لەسەر پێتەکان داناوە. ئەوە ئەرکی دەسەاتە و دەبەت بە فشار و خەبات دەسەات بهێنرێتە پای ئەم کارانە، بەڵام لەهەمان کاتتدا کە فشار و خەبات دژ بە دەسەات لەئاستی پێویستدا نەبە، دەستبردن بە کاری هەرەوزیی پێویستی هەنووکەیی خەی دەسپێنە.

**پرسیار : چۆن دەتوانین هەرەوزییەکان بە ئەتەرناتیف ببینین، ئەو گرانە پێزەتیڤانە چین کە هەرەوزییەکان وەک ئەتکرەوەی کردەوەیی سیستەمە چینایەتییەکە نیشاندەدەن، چ کارایییەکیان لەسەر خەراکردن و بەهێزکردنی هێزی گەانی کەمەایەتی و کولتووریی و هۆشبیریی گشتی دەبەت ؟**

عەبدوڵا سەیمان (مەشخەڵ) : من لە وەڵامی پرسیارەکی پێشوودا وتم کە ئەم کارە هەرەوزیانە و بینینیان وەک ئەلتەرناتیف و هێتکردنەوەی کردەیی سیسیتەمی چینایەتی لە جێی خەیدا نییە. واتە لەووی سیاسییەوە ئەو بەدیلە لەەی ئەو کارە هەرەوزیانەوە مومکین نییە. هاوکات دەبە ئەوەش بڵێین کە کاریگەری دەبەت بەسەر ئاستی ئاگایی خەڵکی بەشمەینەت و بردنەپێشەوەی هۆشیاری و ناسینی ژیان و کەمەگە.

**پرسیار : چ ئاسە و ئامانجەک لە سەرهەدانی بزووتنەوەی هەرەوزی لە هەرەمی کوردستان و خەرهەاتی ناوین دەبینیت ؟**

عەبدوڵا سەیمان (مەشخەڵ) : ئەگەر بزووتنەوەی هەرەوزی لە هەرەمی کوردستان لە درێژەی ئەم کار و چالاکییانەی ناوچەی خانەقینەوە ببینین و خانەقین بکەین بە چەقی ئەو بزووتنەوە سەتاسەرییە ئەوا تا ئاستەک جێگای دڵخۆشییە. بەڵام ئەم پڕۆسەیە هاویشتنە لەم دۆخەی ئێستا ئاسان نییە لە هەرەمی کوردستان چ جای بگات بە خەرهەاتی

ناوین.

**پرسیار : لە ڕووی مێژوویی‌وە، ئایا بزووتنەوەی هەڵوەزی لە ناوچەی لەدایکبوون و ژیانی خەبات یان بەخەت تاکو ئێستا لەنەو هەڵوەزییەك ژیاوی ؟**

عەبدوڵا سەمان(مشخص) : نەخێر هیچ ئەزموونیکم لەوبارەوە نەبووە و نییە

**پرسیار : ئایا هەڵوەزییەکان تەنیا ئاڕاوەرکردنی کەمکی کەمایەتین، یان واوتر لەوە دەتوانن ببنە ئەگەرناتیڤی بەرهەمهێنان و بەکاربردنی باوی بەرجوازییانەی ئێستا؟**

عەبدوڵا سلێمان (مشخص) : نەخێر هەڵوەزییەکان تەنها ئاڕاوەرکردنی کەمکی کەمایەتی نین، ئەم هەڵوەزییانە ڕەنگە بە جۆرێک بتوانن لە هەلومەرجێکی سیاسی – ئابووری تایبەتدا ڕۆڵی گرنگ بگێڕن بەتایبەتی ئەگەر دەخێکە قەیرانباوی بێت و هەیجانی کەمایەتی بەرەوە بێت.

**پرسیار : ئایا هەر ئێستا هیچ ئەزموونکی کردەیی و جێکەوتوو یان پەرسەندوو لە هەرەمی کوردستان و خەرهەڵاتی ناوین دەبینیت ؟**

عەبدوڵا سلێمان (مشخص) : نەخێر هیچ ئەزموونێک نابینم.

**پرسیار : چ پێشنیار و وانەیەك، ئەزموونکت هەیە کە بیخەیتە سەر ئەزموونی تاکو ئێستای ئەو هەڵوەزییانەی کە لە هەرەمی کوردستان هەن؟**

عەبدوڵا سلێمان (مشخص) : هەوڵ بدرێت هەڵوەزییەکان لەئەنجامی کەبانەوەی گشتی ناوچە و گەڕەک و شارکانەوە بنە دەرەوە و عەمەلی بکرێنەوە و لەڕەوش ئەم سونەتی کەبووەوە گشتییانە ببڕێتە عەقڵیەتی زاڵ بەسەر ژیانی ئینسانەکان. چونکە لەم نەریتە شەشگەڕانەیدا چاودێری دەتە ئاراوە و لەهەمان کاتیشدا هەرگیز گەندەڵیی دروست نابێت.

**پرسیار : دوا پرسیاری ئەم جارە، چ پەیام و ڕێنوێنییەکت بە چالاکانی هەڵوەزییەکان هەیە ؟**

عەبدوڵا سلێمان (مشخص) : دیارە وەڵای دەستخۆشی لەو چالاکوانانە، هیوادارم بە نەفەسکی درێژەوە بتوانن درێژە بەو چالاکییانە بدەن و

پەلوپۆی پەبهاون بۆ ناوچەکانی تر تا لە ئەنجامدا بتوانێ وەکو بزووتنەوەیەکی سەرتاسەری بەهێز لەسەر پێی خۆی بوەستێ.

---

# شاعیری زەمەنەکان شیعر بە وێنا کردنی فیگەر ... عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا

**(نەزەند بەگیخانی وەك نموونە)**

زەمەن لەو تایتلەدا واتە شیعر بە تێگەیشتنی کلتور وێنای فیگەرە بریندارەکانی دەوروبەری دەکات. واتە کەشفکردنی واقیع بە خەیاڵ. زەمەن لای نەزەند بەگیخانی واتە بە بیرهێنانەوەی مەدیلی دوێنێ کە بە قووڵی لە ناوماندا رووواوە و بۆتە بەشێك لە دنیابینیمان! هەموو ئەو رستانەم بۆ ئەوە نوسی رستەکەی (باکێن)تان بیر بخەمەوە کە دەڵێ: واقیع کچی زەمەنە! ئەو رستەیەی باکێن زەمەن وەك شیعر دەبینێ! پرسیار ئەوەیە ئایا زەمەنی شیعر بەردەواميیە یان ساتەوەختییە؟
ئەگەر وەك نەزەند بەگیخانی پێمانوابێ ئەدەب بەردەوامی زەمەن دەگەیەنێت، نەك وەك ئێگستین قسە لە زەمەن بکات... ئەگەر وەك نەزەند بەگیخانی خەیاڵی شیعری ئاوێزانی بەردەواميیەتی زەمەن بکەین و زەمەنی فیکری ئیبداعی لە بەردەوامیدا بەرجەستە بکەین... ئەگەر ئەدەب رەنگدانەوەی یادەوەری و کلتور و کەدی دیاریکراوی زەمەنێکی دیاریکراو نەبێت، ئەگەر زەمەنی ئەدەب زەمەنی بەردەوامی بێت... لەگەڵ هەموو ئەوانەدا ناتوانین بەو شێوەیە تەماشای پرسەی خوێندنەوە بکەین، چونکە پرسەی خوێندنەوە لە ڕێگای جەرەیانی زەمەن بەردەوام رابردوو و داهاتوو لە ساتەوەختی ئێستادا بەیەك دەگەیەنێ. بەو مانایە پرسیاری ئەوەی زەمەن لە ئەدەبدا چییە، ئەگەرچی هەرگیز لە کێشەی ئیبداع و فیکری ئیبداعی نابڕتەوە، بەڵام مەرج نییە بەردەوامی بێت، کەواتە پرسی زەمەن چییە پرسیارێکی پێ کێشەیە و لای شاعیر بە بەردەوامی ئابووقە دەدرێت!
(1)

(هنری برگسۆن لویس) زەمەن (پێشبینیکردن، حَدْس)ی دەیموومەیە، برگسۆن رەهایی لە بەردەوامییدا دەبینێتەوە، پێوایە بەردەوامی، زەمەنی حەقیقییە.. برگسۆن دەیەوێ بوون لەسەر دەیموومە وێنا بکات. لەبەر ئەوەی (دەیموومە-بەردەوامی) دێ و دەڕوا، بۆیە قبوڵی دابەشبوون و بەش بەشبوون ناکات.. بەردەوامی پێشکەوتنی رابردووە کە داهاتوو بەرهەم دێنێ، هەرچەندە پێشبکەوێت گەورە دەبێت. کەواتە لای برگسۆن جەوهەری ئێستا، رابردووە. ئەو شێوە بیرکردنەوەیە لای نەزەند بەگیخانی لە کۆمەڵە شیعری (سبەینێی دوێنێ) بە ڕوونی دیارە.

(2)

(گاستۆن باشلار) دیموومەی زەمەن بەو مانایەی کە لای برگسۆن هەیە، ڕەتدەکاتەوە و دەڵێت زەمەن بەیەکەوەلکاو نییە، بەڵکو بەیەکەوەنەلکاوە (متصل نییە، منفصلە).. هەروەها دەڵێ بەهۆی فیکری بەیەکەوەنوساوەوە (متصل) ناتوانین بەشێوەیەکی جەوهەری بەرەو یەکێکی دیکە بگوازینەوە.. ئەگەرچی دەیموومە پێدراوی ڕاستەوخۆی ئاگاییە، بەڵام ئەو دیموومەیە دەستەمۆیە، کەواتە ئاگایی لە شارەزایی دەرەکی وەرگیراوە، چ بەهۆی (دابڕان یان بەردەوامی) بێت. بەو مانایەش لای باشلار ئاگاییمان بە زەمەن، ئاگاییە بە ساتەوەخت: زەمەن واقیعی نییە تەنها لە چرکەساتدا نەبێت. کەواتە باشلار لەگەڵ تێزی فەلسەفی (ساتەوەخت/چرکەسات- اللحظة-Instant) و کتێبی (Siloce)ی (گاستۆن ڕۆبنۆ- Gaston Roupnel) یەکدەگرێتەوە و لە تەواوی کتێبی (حدس اللحظة) پشتگیری لە تێزەکەی ئەو دەکات.

(3)

زەمەن گوزارشت لە بەردەوامی بکات، یان ساتەوەختی… نەزەند بەگیخانی دیدی خۆی لە جوانی و چۆڕ و هونەر و بەهای جوانیدا دەبینێتەوە! زەمەن بەردەوامی بێت، یان ساتەوەختی… نەزەند بەگیخانی هەموو ئەرکی شاعیرانەی خۆی لە ئاشتی و بەها مرۆییەکاندا کۆ دەکاتەوە! زەمەن بەردەوامی بێت، یان گوزارشت لە ساتەوەختی بکات… نەزەند بەگیخانی بەردەوام لە گفتوگۆی مافەکانی مرۆڤ و ئازادی و دادپەروەری نابێتەوە و وەك فیمنستێك جەخت لە مافی ژنان دەکاتەوە… ئەگەرچی هیچ کتێبکی لەو بارەوە باو نەکردێتەوە، بەڵام کۆی ئەو ڕەگەزانە لە گفتوگۆکان و شیعرەکانیدا ڕەنگدانەوەیان هەیە.

هەموو ئەو قسانەم بۆ ئەوە کرد، ئاماژە بە کرانەوەیەکی فیکری و جوانی لە شیعرەکانی نەزەند بەگیخانی بکەم، بەو مانایەش دەتوانم بڵێم دەستبردنی شاعیر بۆ پرسەی نوسینی شیعر ساتەوەختێکی ئیستێتکی و دەستبردنی شاعیر بۆ پرسەی بیرکردنەوە، کرانەوەیەکی

دیاریکراوی فیکری لە پشتە، هەردوو ساتەوەختی شیعری و ساتەوەختی بیرکردنەوە لە ئەزموونی نەزەند بەگیخانیدا وەك بنەمایەکی ئەزموونی مرۆیی بەرجەستەیە.

(4)

ئەوەی لە ساتەوەختی پرسەی نوسینی شیعر جگای تۆاامانی بەردەوامە بیرکردنەوەیە، ئەوە بیرکردنەوەیە هەلکی تخ بە ژر شیعرییەتدا دەهنێ، ئەوە بیرکردنەوەیە فەزایەکی هەمن بۆ بەدواداچوون دەخەمڵنێ، ئەوە بیرکردنەوەیە مەیل و خەیاڵی خوندنەوە دەکاتەوە… نەزەند بەگیخانی هەر لە کەمەڵە شیعری (ستایش)ەوە وڵای کەمەڵە بابەتی واقیعی بایەخی بە شیعرییەت داوە، وڵای ئەوەی بۆ دەنگی سروشتی وەفادار بووە، کەچی وناکردنی خەیاڵی و سیحری بینین و بونیادنانی زمانکی فرە رەهەندی پشتگو نەخستووە، هەموو ئەوانەشی لە رگای مەعریفەی شیعرییەوە هدی هدی تختر کردتەوە. گەانەوەی بۆ کەمەڵە بابەتی واقیعی لە رگای خەیاڵەوە خەمڵیووە، بۆ ئەوەی گوزارشت لە ئازارەکان و خەمە مرۆییەکان بکات، لە رگای زمانکی مرۆیی نەرم و همنەوە فرە مانایی و مرۆدستی وناکردووە، لە ریگای خەیاڵی زمانەوە فەزایەکی سروشتی و فیکری بۆ شیعرییەت دەخاتەوە! بە کورتی شاعیر بابەتگەرایی و شیعر بەیەکەوە لە رگای چییەتی زمان و ئیشکالیەتی مەعریفی بەرجەستە دەکات، بەمجرە ویستی بابەتگەرایی بە مەعریفەی شیعری دەسپرێ، ویستی مەعریفەی شیعری بۆ بابەتگەرایی دنتە بەرهەم. لە نوان ویستی بابەتگەرایی و ویستی مەعریفی قەسیدەی (پاسین) بە جوانی خی نمایان دەکات، لەو قەسیدەدا دەیەوێ بڵێ ئەوە تکەبوونە بە مەعریفە، (فەزیلەت) دەخاتەوە، ئەوە تکەبوونە بە شیعر، (رشنایی) بەرهەم دەهنێ، لە نوان فەزیلەت و رشنایيدا شیعرییەت فەزایەکە و خونەر دەخاتە سەر بیرکردنەوە و تۆاامانی جیاواز… رشنایی شیعری دەبتە شونی بەردەوامی بیرکردنەوە و لە فەزیلەتدا سەر دەکات، فەزیلەتی بیرکردنەوە دەبتە شونی ساتەوەختی شیعری و بە رشناییدا بۆاو دەبتەوە… واتە لەو دەقەدا بیرکردنەوە بە پاپشتی دونێ خی نمایان دەکات، بەام رشنایی لە خەیاڵی زمان سەر دەکات، بەو مانایەش بیرکردنەوە زەمەنی بەردەوامی دەگەیەنت و شیعرییەت زەمەنی ساتەوەختی:

دونێ شەو
شیعر
مینا کوکی زراق
لە کەناری لم
بە رووتی راکشابوو

منیش سپیتر لە مەوجی ڕشنایی
لەسەر ڕوویا خۆم هەڵخست
دواتر مەلائیکەتە بەلامدا تێپەڕی و فەرمووی
سەرواتت لێ بێ
ئەی ئەو کەسەی کە پێیت لە فەزیلەت.
(ستایش، ل19)

**عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا**

---

# کارنەڤاڵی مێژووی کۆلەبەرەدان .. ڕزگار شوان

یەکێک لە نەریتە فۆلکلۆری و ڕەسەنە خۆشەکانی کوردەواریمان لە وەرزی بەهاردا، لە لادێیەکانی باشووری کوردستان دا، پێیان دەوت (مێژی کۆلەبەرەدان) کارنەڤاڵێکی ساناە بوو، کە شوانی مەگەلە مێژەکان لە دێیەکانی خەیاندا، بۆ خۆشی سازیان دەکرد. ئەوەیان نازانم ئایە لە هەموو دۆڕەکانی تری کوردستان دا، هەمان نەریت هەبووە و کارنەڤاڵی لەم شێوەیان سازکردوون یان بۆ چەشنێکی تر بووە.. ئەوەی من باسی لێدەکەم (٦٨) ساڵ بەر لە ئێستایە. کە تەمەنم پێنج ساڵ بوو، دوو جار بۆ چاوی خۆم لە دێی (گۆگجێ) لە ناوچەی (شوان) ی سەر بە پارێزگای کەرکووک، ئەم کارنەڤاڵەم بینی و وادازنم کە ئێستایە و لە یادم و لە بەرچاومە. دێی گۆگجێ ئەو کاتە زیاتر لە سەد ماڵ دەبوو، زیاتریش لە (٢٥) مەگەل مەڕی تێدا بوو. بەیە باس لە دێی گۆگجێ دەکەم چونکە تەنیا بیرەوەریی منداڵیی ئەو دێیەم دەتەوە یاد. لە ساڵی (١٩٥٢) دا، کە تەمەنم شەش ساڵان بوو بۆیەکجاری بارمان کرد بۆ شاری کەرکووک.

کۆلەبەرە چییە و چۆن لە گۆگجێ دا دروست دەکرا؟

شەش خانووی گەورە لە خواروی دێیەکەماندا هەبوون، کە دیوار و پشتیان بۆیەکەوە بوون، شێوەیەکی بازنەییان پێکهێنابوون، کە چەوکەی نزیکەی (٢٥٠) مەتر دەبوو.
دارکی ئەستووری درژیان دەهێنا، سەرکی دارەکە لە زەوی و

سەرکەی تری لەبن گوسوانەی دیوارکی بەرزی یەکەک لەو خانووانە گیریان دەکرد، ئەو سەرشی کە لە زەوی دا بوو، نزیکی دوو مەتر لە بنکەی دیوارکەوە دوور دایان دەنا، ماوەی نێوان بنکەی دیوارکە و سەری دارکەی سەر زەوی و دیوارکە و دارکە، سەگەشەیکی "٩٠" نمرەیان پێکدەهێنا. بە رازاندەوەش جاجمکی جوانی رەنگاوڕەنگیان بەسەر دارکەدا دەدا، بەمەیان دەوت " کەلەبەرە".

**کەی کەرنەڤالی مەڵ لە کەلەبەردان دەکرا ؟**

شوانەکانی ئەو مەگەلە مەڵانەی کە ئارەزووی بەشداری کردنیان لە کەرنەڤالی مەر لە کەلەبەردان دەکرد، لە بەهاردا لە مانگی گوڵاندا رێکدەکەوتن لەسەر دیاریکردنی رۆژێک، کە لە دوای نیوەڕۆ، مەڵ لە کەلەبەرە بدەن، بە زریەش رۆژەکیان لە هەفتەی چوارەمی مانگی گوڵاندا دیاری دەکردن.. بەیە دوا هەفتەی ئەم مانگیان هەڵدەبژارد، چونکە کوشندەی وەرزی بەهارە، کاتی زەربوون و باڵاکردنی گیا و گەڵا و دەغڵ و دانە.. مەگەلە مەڵەکان شەوان دەبران بە لەوەرگاکان، دەیان وت " شەو بەکەو" واتە مەڵ شەو لە دەشت دەبوو. تەر بە گەدەیان گیایان دەخوارد.
پێش نیوەڕۆ وانیش دەهێنراوە بە ناو دێ و دەدەشران. کاتی زەربوونی شیر و ماست و سەرتۆڕ و کەرە و پەنیر و مشکەژەنین و ڕەن و دە و تەراغە. کاتی خەر و بەر و تەری و خەشی و شادی خەڵکی دیەکان بە تایبەتی و خەڵکی شاران بە گشتیە.
دوای ئەوەی کە شوانەکان رۆژ و کاتی مەڵ لە کەلەبەردانیان دیاری دەکردن، مەگەلە مەڵەکانیان بە ئەم کەرنەڤاڵە ئامادە دەکردن.. ساڵانە لە دەی گەگچەی ناوچەی شوان، پانگزە بە بیست شوان بەشدارییان لە کەرنەڤاڵی مەڵ لە کەلەبەردان دەکرد.

**چەن مەگەلە مەڵەکان لە کەلەبەرە دەدران؟**

لە دەوری داری مەڵ لە کەلەبەردانەکەوە، لاوکان و منداڵانی تەماشاکەر دەوەستان، ئافرەتانیش لەسەربانی ماڵەکی نزیکدا دەوەستان. منداڵەکان تەنکەیان بە دەستەوە دەگرتن بە تەنکە لەدان، لاوکانیش تفەنگ و دەمانجەکانیان بە تەقەکردن ئامادە دەکردن و چاوەڕێی دەست پێکردنی

کەرنەڤاڵەکەیان دەکرد.
یەکەمین مەگەلێ مرۆڤ لە دووری بیست مەتر لە دووری داربڕەکە دووەستا. شوانەکان لە پێش مەگەلەکانیانەوە دووستان، مەگەلەکانی کەش بە دوای یەکەمین مەگەلدا ڕیز دەبوون.. هەر شوانەکیش بەرانەک یا مەڕکی ئازای دەخستە پێش مەگەلەکەی و لە دوای خۆیەوە. وا ڕایهێنابوو کە گاڵە لە مەگەلە مەڕەکەی بکات، ئەو بەرانە یا ئەو مەڕە دوای بکەوێت و مەڕەکانی کەش بە دوایاندا.
لە یەکەم مەگەلەوە دەست پێدەکرا.
دەستووری کەرنەڤاڵەی مەڕ لە کەلەبەردانیش وابوو، کە هەر مەگەلە مەڕێک بە ڕاکردن بە دوای شوانەکیدا، بە ئەوەی کە لە دەنگی تەنەکەلەدانی منداڵان و لە دەنگی تەقەکردنی لاوەکان بەوەنەوە، بە ژێر دار کەبڕەکەدا ڕەتبن.. گەر ڕەت بوایە و هیچ مەڕێک نەڕوایەتەوە، ئەو مەگەلە مەڕە دەرچوو و براوە بوو.. بەڵام ئەو مەگەلە مەڕەی کە لە دەنگی تەقەکردن و تەنەکەلەدانی منداڵان بترسایە و بەڕوییایەتەوە و بە ڕاکردن بە ژێر داری کەلەبەرەکەدا ڕەت نەبوایە ئەوە بە دەڵاو دادەنرا.

براوەی یەکەمیش ئەو شوانە بوو، کە مەگەلە مەڕەکەی بە خەراترین ماوە، بە ژێر کەلەبەرەکەدا ڕای بکردایە. پیرەزباییان لە شوانی مەگەلی بە یەکەم دەرچوو دەکرد و بە زەریش تورمەیەکی ڕەنگاورەنگیان پێشکەش دەکرد. شوانەکەش تورمەکەی دەکردە ملی خۆی و زەردەخەنە دەکەوتە سەر لێوەکانی و لە خۆشیدا بسکەی سمێڵی دەهات. بە کورتی ئەمە بوو نەریتی (مەڕ لە کەلەبەر دان) کە ساڵیی یەکجار دەکرا.

دێی (گەگجە) دوو جار لەلایەنی ڕژێمی بەعسی عەرەبیی شۆڤێنی و ڕەگەزپەرستەوە، تاڵان کرا و سوتێنراو کاول کرا، گەگجە یەکێکە لە نزیکەی پێنج هەزار دێی تاڵان کرا و کاول کراو لە باشووری کوردستان. خەڵکی گەگجە بە زەر گوزرانەوە بە کەمەگای بینجان، چەند کەسانێکیشیان ئینفال کران. لە ئێستادا هەزار ماڵ دەبن، بەڵام لەم ژمارەیە تەنها دە ماڵ گەڕاونەتەوە و گەگجەیان ئاوەدان کردوونەتەوە.
گەر شۆڤێنی عەرەبی بە جاری سڕیمیش تاڵان و وێرانی نەکەن.. چونکە تا ئەمەش، ئەم ڕقە ڕەشە و ئەو نیازە گاوەیان لە

خۆیان کە ڕەگ کۆشی داب و نەریتی ڕەسەنی کوردیمان بکەن و ژینەسایدو و ئەنفالکی ترمان بکەن. هەمیشە نیاز و پیلان و گاوی داگیرکەرانی کوردستان، ئەوە بووە کە ناسنامەی نەتەوەییمان بسڕنەوە.

بە داخەوە بە کاولکردنی دێیەکانمان، نەریتی (مەڵ لە کەلەبەردان) و چەندین داب و نەریتی ڕەسەنی فەلکلەریمان کاڵبوونەتەوە یا بە جارێ لە یادکراون.. چەند خۆشە کە ئەم داب و نەریتە کوردەواریانەمان بژێنینەوە و نەوەی نوێمان پێیان ئاشنا ببن.

**ڕەزا شوان**
١ی/ئاپریل/ ٢٠١٩

---

# نامەکانی ئیشق ..8… سەردار جاف

**هەموو بەیانییەك**

16 – ئەم حەزەی من هەر نەبڕایەوە، ئەم دڵەی من هێندەی ناسڕی و دووری تێی چەشتووە قەتماغەی بریتی هیچ هەتوانێ سارێژی ناکا، گۆشەگیربوونم لە تەك ئاوابوونی خۆرا دەسلەمی خەم نایەوە، ئاسۆی ڕوون بە نیگای ڕووخسارت سینە و ئەوکی ەشم ئێغری تونی بابای کرد، گۆرانیەکەی ئەمەلی سەعید کوردەت هێندەی تر شیرینتر و بە تەشویقتر کرد، شەشت بە گوێی گەنجا چرپاند، ئاوێنەی ئاکارەکانت ەنگاەە و پێ حەسرەتی دەرۆشبوونی خۆقداری یەکتر کرد، بە ژێی کەنجەکەت تالییەکانت بە بەستەی بەزمی چەپەکرد، تێ ئەو ژنەی غوباری ڕۆژگار و بولێی سبەینان پەییت پێ نابات، دەبییە شەونم و گوێ پاك دەکەیەوە، دەروونی جوانت بێنکی شانێلن و بە بەیانا پەخش دەبن ، گوەکەم لە گوێ گوێتر

17 – کەی وەرزی بەیانیان لە شەرما ئاسۆی خێی لە ئاست تێیا ڕوونکردووە خۆری لە بانۆژەی زەوی سەرەتاتکێی کردووە، کەی خونچە جورئەتی کردووە لە هەمبەر تیشکی ووتا چڕ بکا، کەی گەا جەسارەتی نواندووە و لە خەزانا سەما بکا کە سەمای تێ عەرشێ

بلەرزێنێ، کەنگێ چنار وەك تۆ بە دەم شنەباوە جوانی لەنجەی تێ نمایشکردووە، تۆ نەك ژنێکی لە مرۆ تۆ دنیایەك سروشتی دلرفێنی، بۆیە بەیانیانم بە تۆوە جوان دەکەم، شیلانەکەم گەر سۆاوی دەم سپێدەم بە شەماڵا ەوان بکەم، ئەوا گومانێك لە ئەوین و ئیشقی پەیدا دەکا، گەرەکمە هەموو بەیانییەك روحی مرۆقبوونمان بگۆینەوە لە ئامێزا قەاچێی رك و کینە بکەین، لە دەنگمانا بەستەیەك بۆ خۆشەویستنی یەك بچێین، نامەوێ دەنگێکی سێك بین ، گەرکمە هەست و نەستێك بین لە شەققەی باڵی پاساریەك ەاچەکێین و هەناسە ببەخشینە یەك، ژنە جوانەکەم بەیانیت هەنگوینتر و لە گۆ گۆتر .

18 بیرت دەکەم ..... پەنجە خەپەکانت لە نێو ئەقەبەندی پەنجەکانم بلاولاوێنە، تۆ ژنێکی لە فریشتەی پاکی و جوانی و ئەوین و ئیشق و سروشتێکی ەنگین، تەمەنێك شەیدایی و هەگری خێ بێت دەنوستەوە، لەووژم لە ئیشقی پاکیت، بە خەمزەی چاوەکانت دەستنوژی پاکبوونەوە دەگرم، زنەی خەندەی لێوەکانت کابەی ئەوینمە بە بەرماڵی قریوەتا هەدەزنم و بۆنی چاو و گەردن و شەدەلاریت بەدەم شنەی مەیلەوە دەدەم، ئەم تریسکەی لەبی شیرینتە سەدای لە شیو و دێ و چیای ناخما دەزرنگێتەوە، دەنگە بەمیلدییەکەت چرکەی میلزمرەکە ادەگرێ تا هیشکە لێوی بیستم بە ماچی ئاوازەکانت تەبنەوە، ئەوینم ئەم سپێدە وەك قومرییە سەر باێ شینەکەی حەسەن زیرەك بە سەر تەنافی نیگاکانتا شێ بێتەوە، خەون بە دیدارتەوە دەبینم، شەکەر باری سۆمات نەبات دەبارێنێ و تۆ دەپشکویت و خەرەندێ جوان دەکەی، سۆاو..... بەیانیت بە کێنووشی منەوە قەشەنگ و بە دەنگی حەسرەتمەوە ێشن، بەیانیت ەیحانە و بۆنی من، گوەکەم لە گۆ گۆتر.

ئەمانیا
11 و 13 و 14 / 3 / 2019

---

# کۆنسێرتی گۆرەی مسیقای

# فۆلکلۆری کوردیی لە بۆکان بەووددێت

**منسوور جیهانی ـ**

کۆنسێرتی گۆرانی مۆسیقای فۆلکلۆری کوردیی لە لایەن ئاکادیمیای مۆسیقای "زیرەک" و ئەنجوومەنی کۆمەڵایەتی "ئاوای زیرەک" لە شەوانی 3 و 4ی ئەپریلی 2019 لە شاری بۆکان بەڕێوەدەچێت.

کۆنسێرتی گۆرانی مۆسیقای فۆلکلۆری کوردیی لە لایەن ئاکادیمیای مۆسیقای "زیرەک" و ئەنجوومەنی کۆمەڵایەتی "ئاوای زیرەک" لە پێناو پاراستنی مۆسیقای ڕەسەنی کوردەواریی و بە ئامانجی پەرەپێدان و ناساندنی مۆسیقای دەوڵەمەندی کوردیی و هەروەها زیندووەاگرتنی ئەم جۆرە مۆسیقایە کە بەداخەوە لە مەترسیی لەبیرچوونەوە و لەناوچوونداید و بە مەبەستی دامەزراندنی بنەماکانی هونەریی و کەلتووریی و بەرزەاگرتنی دواین جیل لە مامۆستایانی بلیمەتی مۆسیقای فۆلکلۆری کوردیی کاتژمێر 9ی شەوانی 3 و 4ی ئەپریلی 2019 لە هۆڵی فەرهەنگسەرای سیمورغ لە شاری بۆکان بەڕێوەدەچێت.

لەم کۆنسێرتەدا، کۆمەڵێک بەرهەمی هەرمانی مۆسیقای شادی کوردیی بە دەنگی گۆرانیبێژانی کورد "جەعفەر بوغدەداغی"، "عومەر فەرەجی" و "کەریم خاکی" بە هاوەڵێتی مۆسیقای فۆلکلۆریی ناوچەی موکریان، لە لایەن مامۆستا "عوسمان محەمەدی" ناسراو بە "عوسمانە سوور" ژەنیاریی بۆتوانا و بەرجەستەی ئامێری نەرمەنای، "ئیسماعیل کەچەری" ژەنیاریی بۆتوانا و ناوداریی زەربی کوردیی و "ئەیووب تازە کار" ژەنیاریی داهاتووەوونی ئامێری دیوان پێشکەش دەکرێت.

پارچە مۆسیقا فۆلکلۆریی، گۆرانی و مۆقامە هۆسنەکانی کۆنسێرتی گۆرانی مۆسیقای فۆلکلۆری کوردیی بۆکان لە دەزگای شوور، مۆقامی بەیاتی تورک، گۆشەی شەهناز، دەزگای سێ گاە و مۆقامەکانی مۆسیقای ناوچەی موکریان کە بە شێوەی پێکەوەژەنین، ژەنینی بوداهەی مۆسیقای فۆلکلۆری کوردیی، گۆرانی کوتنی تاکەکەسی و "گۆڤەند لاوژە" یا گۆرانی کوتن بە شێوەی گرووپی مۆقامە تایبەتەکانی ناوچەی موکریان پێشکەش دەکرێت.




ناوی پارچە موزیک و گرانییەکانی ئەم کۆنسێرتە بریتین لە: ئەران، شۆبە، تەم دۆڵی، وەرە لام، یحانێ، گریان، بەهاران، بریندارم، شیرین بەهارێ، جەلسە، دەستزان، لەو ئاکەی و چپکە گۆ.

زەربەی ئەم گرانی و پارچە موزیکانە لە سالانی ڕابردوودا لە لایەن هونەرمەندانی مۆسیقای بلیمەت و ناسراوی کوردەواریی لەوانە: مامۆستا "حەسەن زیرەک" ئەفسانەی بۆنەی مۆسیقای کوردی و گرانیبژانی ناوداری مۆسیقای کوردستان لەوانە: مامۆستایان "عەلی فەیزی" ناسراو بە "عەلی خەندان"، "عەبدوڵا هووشمەند" ناسراو "بە

عەبدولڕەزاق”، “ئیبراهیم فەتاحی” و سەید “عەلی ڕەحیم پوور” ناسراو بە سەید “عەلی سەردەشتی” پێشکەش کراون.

کۆنسێرتی گۆرانی مۆسیقای فۆلکلۆری کوردیی بە بەرپرسیاریی و بەرهەمهێنەریی “محەمەد مەعروفی” بەڕێوەبەریی گشتیی ئاکادیمیای مۆسیقای “زیرەک”، ئەنجوومەنی کۆمەڵایەتی “ئاوای زیرەک” بە بەرپرسیاریی دکتۆر “ئیبراهیم عوسمانی” و بە هاوکاریی دایرەی فەرهەنگ و ڕۆشنبیری شارستانی بۆکان، ناوەندی هونەریی “نوور و سەدا” بە بەرپرسیاریی “ئەسعەد ئاسیابان” و پشتیوانی میدیایی کەناڵی هەواڵنێریی “بۆکان ئانلاینی موکریان”، کاتژمێر 9ی شەوانی 3 و 4ی ئەپریلی 2019 لە هۆڵی فەرهەنگسەرای سیمورغ لە شاری بۆکان بەڕێوەدەچێت.

ناوەندەکانی فرۆشی بلیتی ئەم کۆنسێرتە بریتین لە: لە نووسینگەی ئاکادیمیای مۆسیقای “زیرەک”، کیووسکی ڕۆژنامە فرۆشی “بەهمەن”، کیووسکی چاپەمەنی “کاریگەر” و فەرهەنگسەرای سیمورغی بۆکان.

---

# ڕەنگدانەوە … ستار ئەحمەد

تروسکەی گیانت وەك نوور دەبارە
لەسیمای شەنگتا ڕەنگ دەداتەوە
خەزگە تاڵکی برژانگت دەبووم
چۆن لەگەڵ چاوتا ڕاژ دەکاتەوە
.....
وردە بەفرکی ناوەخت دابکا
حەز دەکەم ببمە پاڵتەکەی بەرت
نابینی جەستەم چۆن سپی پۆشە
بوومەتە ناوو تابلۆی سەبەرت
.....
ڕاستی هاوارو دەنگی کزەم
لەگەڵ شنەی با بەرگوێت دەکەوێ
موویەکی لەشت نابزوێ و بڵێی
بۆچی تاوانە کەخۆشم بوێ

.....
خامەت وەك پەنجەت جەفا دەژێ
سەدای ناختەو لەسەز بێ بەشە
جەستەت بەردێکە لە بنی گەما
رۆحی تیانییەو تەنها بەس لەشە
.....
خۆت بەشاعیرو نازدار دەزانی
شیعرت گۆستان وشەی مردووە
لەوە بترازێ کەخۆشم ویستووی
گوناهم چیەو چیم لێت کردووە
.....
**ستار ئەحمەد**

---

# عاشق … فۆتاح حوسێن

یەکتاپەرست، یەك خوداو
عاشقیش، یەك مەعشوقی هەیە
گەر بەوات بەوە نەبە
موتەقەن ئەتە کافری.
**
بەجگە لەتە کەسم ناوێ
ئەرێ تۆ، لەکوێی ؟

---

بۆی خودا کامیانی زیاتر خۆشبوێ
عاشق ومەعشوقێك
یا
حاخامێ، قەشەیەك
پیرێکی زەردەشتی
ئیمامێك
کە،مانای عاشقبوون نەزانێ؟!

عاشقی سروشت و گیانەوەرانم
لەنەو هەموو ئەمانەشدا
زۆتر عاشقی مرۆقم
وەلێ، خەم نا.
*

---

دونیا
سەا لێ میحرابی عیشقەوە
کۆتایی هات.
ئەمڕۆ
بانگی خەشویستنت دەدەم.
با نەیاران
گوێی خەیان بئاخنن و
یارانیش بڕۆن
لبیك.
ئەگەر گوێ لێ سەا دەگری ؟
دنیاش بێ،میحرابی عیشق
ناگەم بێ
بەرچنەی ئەشك و حەسرەت.

---

هەندێك جار،
عیشق، شیعرم پێدەنوسێت
بێ شیعر ناچێت،
بڕۆم،چیبکەم
ئەمن سەربازێکی بێئەمەکی عیشقم.

---

عاشقم ،
عاشقی حەقیقەتم
لەپەناو گڕان بەدوای حەقیقەتدا
ناچاردەبم
سەر بێ گشت کەسانکدا بکەم

کەنانەك : 1
چینی درۆ
خشتی درۆ هەڵچنراوە.
کەنانەك : 2
لە بەردەمیا، لافیتەیەك هەڵواسراوە : –
ئەم کەنانە کۆنەیە
سەر بەو کەنانەشدا دەکەم
بەگومان بن کە، گەمژەنیم
ئەز نامەوێت
حەقیقەت ببینم لە ئاوێنەدا
نە من بتوانم بیگرم
نە ئەو بتوانێ بمگاتێ.
دەمەوێت، خەم
وەك خودی خەم
لەبەر چرکەساتێکیش بێ
لەتەك خودی حەقیقەتا
دەست لە ملی یەقین بکەین.

فەتاح حەسەن
دانیمارك/ ڤالبی
2017

---

# نووسەری لوکاس و ئەدەبیاتی جیهانی … عەتا میرەکی … بەشی یەکەم

پانتایی ئەدەبی شوێنێك نیە کە پڕکردن و هاوکێشەی دەسەڵات تێیدا هەتایی بێ و نەکرێ دەستی بۆ بڕی.
تەنانەت ئەگەر دابەشکردنی نایەکسانیی سەرچاوە ئەدەبییەکان زامنی مانەوەی فەرمانگەیی دەسەڵات بن, لە هەمان حاڵدا هەر ئەم دابەشکردنە سەرچاوەی خەباتێکی بەردەوامیش, سەرچاوەیەك بۆ

بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشە و مەترسیدارەکان, بە شێوەکان, نافەرمانبەرکان, بەو واتایەی کەمتر ژووری ئاستەقینەی ئەدەبیات مەترسیدارە کە دەرژێتە سەر سەرهەڵدانکان, مانیفێستکان, داهێنانی فەرمە نوێکان و زمانە نوێکان و وەسفیان دەکا.
بە ئاوەی نووسەران هەبوونی خۆیان دەستەبەر بکەن دەبە هەر لە سەرەتای چالاکیی پیشەیی خۆیانەوە لەگەڵ بینراوبوونی خۆیان کە هەمووکات لە بەردەم هەڕەشەی داپڵووبەووو ببنەوە و بارودۆخێک وەدی بهێنن کە لەو ڕەگەوە ببینرێن.

نووسەرانی وەاتانی پەراوێز لە پێشدا نابنە خاوەنی ئازادیی داهێنەرانەی خۆیان. بەڵام دیاریکردنی ڕەفتاری ئەم نووسەرانە کاتێک قبووڵی بکەین کە هیچیان لەسەر ئاستی هۆشوهێنکی ئاگایانە و دیاریکراو هەڵسوکەوت ناکا تەنانەت ئاگەر زیرەک ترین کەسایەتییەکانی دنیای ئەدەبیاتیش بن.
هەڵبژاردن لە نێوان کارکردن بە گەڕانکاری لە ئەدەبیاتی میللی و نووسین بە زمانێکی مەزن دا, هەرگیز بەرهەمی بیاردانێکی ئاگایانە و لە ڕووی سەربەست بوون لەو هەڵبژاردنە دا نیە.
یاساکانی وەفاداریی میللی تا ئەو ڕادەیە دەروونین کە لە واقیع دا بە دەگمەن وەک کەت و بەند سەیر دەکرێن و لە ڕاستیدا هەمیشە بەشێکی گرنگی شوناسی ئەدەبی پێک دەنن.

ئاوەی پیویستە باسی لەوە بکرێ بنەمایەکی گشتییە کە نووسەرانی پەراوێز بە ئاوەی ئاگادار ی بن هەست بە ئاسوارەکانی دەکەن و نووسەرانی ناوەند قەت گوێی لە ناگرن و دەخی یونیورساڵ بەربەستە بە دیتنی ئەو بابەتە.
سەرلەبەری ململانێی ناو پانتاییە ئەدەبییە میللییەکان لەسەر دوو ڕەکار دانراون. لە لایەکەوە پەسەی ئاسیمیلەبوون لە گەڵ دایەیان پەسەی تەکەبووون لە فەزای ئەدەبیی زاڵ دا لە ڕەگەی کەمەرەنگ کردنەوە یان سڕینەوەی جیاوازییە سەرەتاییەکانەوە, لە لایەکی ترەوە پەسەی جیاوازبوون, واتە پرسەی دەربڕینی جیاوازی, بەتایبەت لەسەر بنچینەی شوناسی میللی.

ئەم دوو ڕەکارە سەرکییە, کە لە سەروبەندی دەرکەوتنی ئەو بزووتنەوانەی خوازیاری سەربەخۆیی میللین هەمیشە بەڕاشکاوی دردەبڕن, ڕەکارگەلێکن کە نووسەرانی لەکاڵ زیاتر لەوانیتر پەوەی خەریک بوون و باش دەزانن لەگەڵ چ کەشێک ڕووبەڕوون.
ئیدوارد گلیسان شاعیری خەڵکی هیندی ڕۆژاوا(West Indies) دەڵێ: یان ئاوەتا دەبە لە تەنیایی و دوورپەرێزی دا بژین یان دەرکە

لەسەر ئەوانیتر بکەینەوە, بە ئەوانەی دەیانەوێت خاوەنی مافی ئاخاوتن بە زمانی خۆیان بن ئەم دوو بژاردەیە هەیە. نەتەوەکان بەس دەتوانن خاوەنی ئایندەیەکی فەرهەنگی و زمانی یەکسان بن. یان دەبە لە ناو بابەتکی تایبەتی سنووردارکەردا بتوێنەوە.

شیکردنەوەی گلیسان لە لایەن ئەکتاڤیە پازۆڤە پشت ڕاست کرایەوە. پاز لە وتارەکەی دا کە بە بۆنەی وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵ پێشکەشی کرد کێشەی بنەڕەتی و گەورەی ئەدەبیاتە ئەمریکاییەکانی ئاوا وەسف کرد: ئەدەبیاتێک کە پێش هەمووان سەری هەڵدا ئەدەبیاتی ئینگلیزی زمان بوو, دواتر سەرەی ئەدەبیاتی ئەمریکای لاتین بوو بە هەر دوو بەشکەیەوە واتە ئەمریکای ئیسپانیایی و بەرازیل. سەرەڕای ئەوەی کە زۆر لەیەک جیاوازن هەرسەکیان لایەنێکی هاوبەشیان هەیە: مشتومڕێک کە زیاتر ئایدیۆژیکە تا ئەوەی ئەدەبی بێ, مشتومڕێک لە نێوان لایەنگریی جیهان زێدی(Cosmopolitanism) و لوکاڵ دا, لە نێوان ئەوروپاگەریی و ئەمریکاگەریی دا.
یەک لە تایبەتمەندییەکانی پەوەندیی نووسەری بەبەش لەگەڵ جیهانی ئەدەبیات دا ئەم کێشە گرنگەیە, کێشەیەک کە هەموو ووبووی دەبنەوە و بەشەوازێک لەی دەرباز دەبن, سەرەڕای جیاوازیی سیاسی, میللی, ئەدەبی یان مێژووە زمانییەکانیان لەگەڵ یەکتر دا.

لەکاتی بەبووبوونە لەگەڵ ئەو پاڕادێکسەی تایبەت بە بارودۆخی ئەوانە, ناچار دەبە هەڵبژاردنێکی دژوار و بەئێش بکا: یان دان بە جیاوازیەکان دا بنێ و بەو کارەش خۆی بە چارەنووسی دژوار و نادیاری نووسەرە میللییەکان بسپێڕێ و بە زمانە ئەدەبییە بچووکەکان بنووسێ, یان ئەوەی پشت لە میراتی خۆی بکا و وەڕای ئینکاری جیاوازییەکان فەرم و بەهاکانی یەکێک لە ناوەندە ئەدەبییەکان هەڵبژێرێت.

لەم ووشەوە ئیدوارد گلیسان ئاماژە بە ڕەنجە بەیانییەکان دەکا کە تایبەتە بە وەاتە ژێردەستەکان. تا ئەو ڕادەیە کە بە وەاتانی دیکە دەرک ناکرێ چەنکە لەی بە ئاگان.
بنەمای نایەکسانیی جیهانی ئەدەبی, فەزا ئەدەبییە گەورەکان لە بەرانبەر فەزا ئەدەبییە بچووکەکان دا دادنی و زەربەی کاتەکان نووسەری وەاتانی بچووک لەبەردەم بارودۆخێکی تراژیک و دژوار دادنێ. مەبەست لە بچووک بە بەش بوونی ئەدەبییە.

**سەرچاوەکان:**

1. Pascal Casanova, The world republic of letters, trans. (Malcolm Debevoise ( Harvard Unuversity Press, 2007
2. Edouard Glissant, Poetic of Relation, trans. Besty Wing (( Ann Arbor: University of Michigan Press, 1997
3. Octavio Paz, In search of the present: 1990 Nobel Lecture, bilingual ed, trans. Anthony Stanton ( San (Diego: Harcourt Brace Jovanovich, 1990

---

# عەشق جوانترە لە مردن … سەباح هەنجدەر- ناهێ حەسەن

بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئێرە بکەن ….

ناوی کتێب: عەشق جوانترە لە مردن
بابەت: شیعر
تایپ: یاد سەباح هەنجدەر – ناهێ حەسەن
دیزاین: جەوهەر فەتاح
چاپ: چاپی ئەلەکترۆنی 2

---

# مرۆڤی رۆژهەڵاتیی نێ مێژووی هەیە و نێ مێژووکردە … جیهاد موحەمەد

کەمەگا رۆژهەڵاتییەکان بە گشتی، کەمەگا گەلێکی بە بەرهەمن، هەنگێ ئەم بڕوونە هەندێک گشتگیریی پێوە دیار بێت، بەڵام لە ڕاستیدا مەبەست ئەوەیە، کە هەموو کەمەگا ڕۆژهەڵاتییەکان بە

ڕۆژهەڵاتییەکان یەجگار گرنگ مشتومڕن، هیچ بەرهەمێکی ئەوتۆی زانستیان نییە، ئەگەر هەشبێت بە بەراورد بە بەرهەمە زانستییە هاوردەکان لە وڵاتانی ڕۆژاوا و ئەمریکا و یابان و ئوسترالیا و چاینا و وڵاتانی دیکە، ئەوندە کەم و لاوازن کە پێوانەیەکی ئەوتۆیان بە ناکرێت.

کەمێگا ڕۆژهەڵاتییەکان بڕوانن، بە جۆرێک بڕوانییان هەیە بە کلوپەڵە بەرهەمهاتووەکانی وڵاتانی دڕاوەی خۆیان، لە دڕزیەکی دروومانەوە تا دێگات بە هەموو کرستەکانی جل و بڕگ و خۆگرمکردنەوە و کلوپەلی ناومان و دامزراوە حوکومیی و مەدەنییەکان، هەموو کرستەکانی پێوەندیکردن و هاتوچۆکردن هاوردە دەکرێت و، زۆر بە دەگمەن کرستەگەلێکی خەماڵیی هەبن. هۆبەت هەموو ئەم ڕووشی هۆزاریەش لە نێبوونی نزانین و زانستەوە سەرچاوە دەگرێت، واتا زانست و بەرهەمە زانستییەکان هەموویان هاوردە دەکرێن.
کاتێک دەگوترێت، کەمێگا ڕۆژهەڵاتییەکان دواکەوتوو و هۆزارن، مەبەست لە دواکەوتوویی و هۆزاریی دەست و پێ سپێتیی ئەم کەمێگایانەیە لە بەرهەمهێنانی هەموو ئەو کلوپەلانەی کە بەرهەمی پشکۆتنە زانستیەکانە. زانین و زانست و پڕوردە دواکەوتوو، بەیە بەرهەمیش یان نییە، یان دواکەوتوو.

هەکار و فاکتەری سەرەکی دواکەوتوویی و هۆزاریی کەمێگا ڕۆژهەڵاتیەکان، قەتیسمانیانە لە یەک زەمەندا، مرۆڤی ڕۆژهەڵاتیی بە زەمەنە سروشتییەکانی خۆیاندا، کە "ابوورد، ئێستا و داهاتوو" تێنەپەڕیون. هەمان بیرکردنەوە، هەمان پڕوردە، هەمان کولتوور، هەمان بەرهەمی مەعریفیی، هەمان دیدگا و فەلسەفەی ژیان لە مشکیاندا خەی نوە دەکاتەوە، ڕەنگە گەڕانکاری تەنها لە فەرمکانیاندا هەبوو بێت، نەک لە ناوەڕۆکیاندا، بەیە دشێت بڵێین، مرۆڤی ڕۆژهەڵاتیی خاوەنی مژوو نیە و مژووکرد نیە.
دواکەوتوویی و هۆزاریی بوارێ زانستیەکان و پیادەکردنی پڕوردەیەکی نەریتیی لە فەرگەکاندا دەگەڕێتەوە بە نێبوونی دیدگا و جیهانبینیەکی فەلسەفیانەی پشکۆتووی دەسەڵات و حوکمڕانەکانی ئەم وڵات و کەمێگانە، چونکە ڕەگرن لە هەرچ پشکۆتنەکی بواری پڕوردە، بە ئەوەی بتوانن لە ڕەگەی نزانین و جەهالەتەوە درژە بە حوکمڕانی خۆیان بدەن.

دیان سەدەیە، یەک دیدگای چەقبەستوو خەی سەپاندووە بەسەر کەی کەمێگاکانی ڕۆهەڵاتیدا، ئەو دیدگایەکی دەگماتیزمیی و

نەریتییە، بە جۆرێک ئەم دیدگا چەقبەستووە زاڵە، کە زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی ئەم وڵاتانە لە واقوڕماندکدا ماونەتەوە، پرسیارگەلێک لە مەشکیاندا دەسووڕێتەوە وەک: بۆچی وڵاتانی ڕۆژئاوا بەردەوام لە پێشکەوتندان و ئەمەش لە دواکەوتندا؛ بۆچی ئێوان تا ئاستێکی بەرز لەباروگوزارنێکی باشدا دەژین و ئەمەش لە باروگوزرانێکی خراپدا؛ بۆچی ئێوان کەمترین شەڕ و پێکدادان لە نێوانیاندا دروست دەبێت، ئەمە بەردەوام خەریکی شەڕی ئایین و دین و نەتەوە و نیشتیمانین؛ بۆچی ئێوان ئازادییەکی بەرفراوانییان هەیە و کەمترین ڕاسیستیی و ڕەگەزپەرستیی لە نێواندا هەیە، بۆچی ئەمە کەمترین ئازادیمان هەیە و پێکەوە ژیانمان نییە و زەرترین ڕق و کینەی دینیی و ناسیۆنالستیی و ڕەگەزپەرستیی لە نێونماندا هەیە؛ بۆچی ئێوان خاوەنی زانین و زانست و زانیارین، ئەمە مشەخرین بەسەر بەرهەمەکانی ئێوانەوە؛ بۆچی ئێوان بەرهەمهێنەرن و ئەمە بەرخەرین؛ بۆچی ئێوان کەبەکە دەکێن لەسەر دەزینەوە زانستیەکان و ئەمە کەبەکەمانە لەسەر نەتەوەپەرستیی و ئایینپەرستیی؛ بۆی ئێوان فرەشیاری بەرهەمە پیشەسازیی و زانسیەکانن و ئەمە تەنها فرەشیاری بەرهەمە سەروشتیەکان و وزەی ژێر زەوین؟ دەیان پرسیاری لەم شێوازانە لە خەمان دەکەین بێ بە وەڵام!

ئەم پرسیارانە زەر گرنگن،لە ژیانی دوروودرێژی ئەم کەمەگانەدا سەرچاوەی دروستبوونی هەندێک لە حیزب و ڕێکخراوی سیاسیی و کەمەیەتیین، سەرچاوەی خەباتکردن و تێکۆشانێکی دووروودرێژ و گەورەن. لەڕەدا نامۆت بچمە سەر ئێوەی بۆچی ئەم حیزب و بزووتنەوە و ئاپۆینانەی خەڵکی شەرشگێڕ سەرکەوتنیان بێ دەست نەهێناوە، یان بۆچی لە ئەنجامدا هەموو ئاپۆین و شەرش و بزووتنەوە ڕزگاریخوازیی و ئازادیخوازییەکان لەبار دەبرێن، یان دەستوسانن لە گەڵانکارییەکاندا؟ ئەمە بابەتی ئەم نووسینە نییە، هەوڵ ئەدەم بابەتێکی تایبەتی لەسەر بنووسم. بەڵام دەمەوێت ئێوە بزانن، کە هەکار و فاکتەری مانەوەی دواکەوتووبی و هەژاریی و هەموو نەهامەتییەکانی ئەم کەمەگانە، ئەوەیە کە نەیانتوانیوە گەڵناکاری لە بیرکردنەوە و عەقڵییتی خەیاندا دروست بکەن. وەک چۆن لە ڕووی زانین و زانستەوە دواکەوتوو و هەژارن لە ڕووی هەگەڵانەوش بەرامبەر بەم ڕووشە خراپەی خەیان هەژار و دواکەوتوون، کاتێکیش هەگەڵاونەتەوە، وەک پێشتر ئاماژەم پێدا خەیان ڕادەستی شەڕش و بزووتنەوەگەلێک کردووە، خەیان تووشی شەڕ و پێکدادانێک کردووە، کە بزووتنەوە و شەڕ و پێکدادانی ئێوان نەبووە، بەڵکو لە جیاتی دەستاخوازەکان کردوویانە.

کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتییەکان بە تاک و کۆ بوون بە ئۆبجێکت و کاریان لەسەر دەکرێت، هەم حوکمڕانە داگیرکەرەکانی خۆیان ئاستەوخۆ کردوونییان بە ئۆبجێکت و کاریان لەسەر کردوون، هەم دەوڵەتە زلهێزەکانی دنیا لە چەندین ڕێگەی ناڕاستەوخۆوە کردوونییان بە ئۆبجێکت و کاریان لەسەر کردوون، هەروەها ئایدۆلۆجیە ئاینیی و ناسیۆنالستییەکان و کولتووری باو کردوونیان بە ئۆبجێکت و کاریان لەسەر دەکەن.

لە ڕاستیدا جیاوازی گەورەی نێوان ئاژەڵ و مرۆڤ، ئەوەیە کە مرۆڤ دەتوانێت مامەڵەیەکی شەرشگێڕانە لەگەڵ خودی خۆی و سروشت و دەوروبەریدا بکات، وەلێ ئاژەڵ ئەو توانایەی نییە، چونکە بیری بە ناکرێتەوە، بەیە ناچار خۆی دەگونجێنێت لەگەڵ سروشت، ئاژەڵەکان یەک زەمەنیان هەیە و هیچی تر، وەلێ مرۆڤ دەتوانێت مێژووی خۆی بە واتا فەلسەفییەکەی دروست بکات و زەمەنکانی ژیانی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی خۆی تێپەڕێنێت. دەتوانین بڵێین مرۆڤی ڕۆژهەڵاتیی تا ئاستێکی زۆر نەیتوانیوە خۆی لە ئاژەڵ جیا بکاتەوە، بەیە بە هەمان شێوەی مێگەل هەوڵی داوە خۆی بگونجێنێت لەگەڵ سروشت و دەوروبەردا.

لە باشترین حاڵەتدا کە توانیبێتی بەسەر کارەساتە سروشتیەکانی وەک لافاو و بومەلەرزە و زریان خۆی بپارێزێت، یان خۆی لە سەرما و گەرما بپارێزێت، یان خۆی لە نەخۆشیە کوشندەکان بپارێزێت، لە ڕێگەی بەکارهێنانی کەرستەگەلێکەوە بووە، کە بەرهەمی خۆی نەبووە، بەڵکو بەرهەمی کۆمەڵگا زانستییەکانە، ئەمە هەکاری سەرەکیە بە مانەوەی ئەم کۆمەڵگانە لە جێگەی خۆیاندا، هەتا بەرهەمێکی مەعنەویی و زانستیی بەرهەم نەهێنرێت، مەحاڵە بتوانن خۆیان لە مێگەلیی و ئۆبجێکتیی ڕزگار بکەن. بەکارهێنانی بەرهەمە زانستییەکانی کۆمەڵگاکانی دیکە، تەنها سەرسامیی لووی مرۆڤ و کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتیی دروست کردووە، لەم حاڵەتدا مرۆڤ لە واقوماندا دەمێنێتەوە و کولتوور و شێوازی بیرکردنەوەی خۆی بە ناگەڕێت. مرۆڤی ئازاد و کۆمەڵگای ئازاد، ئەو مرۆڤ و کۆمەڵگانەن، کە توانیویانە ببن بە سۆبجێکت و خۆیان لە ئۆبجێکتیی ئایدۆلۆژیە دگماتیزمەکان ڕزگار بکەن، ئەمەش بە شێوەیەکی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و پەروەردەیی دەکرێت، نەک بە شێوە و پێکدادانێک لە پێناوی دەستەباتخوازە نوێکان و ئایینپەرستەکان و ئایدۆلۆژیە پەرستەکان.

کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتیەکان زۆربەی جار کە دوای حیزب و بزووتنەوە سیاسییەکان دەکەون بە ڕزگاریی و ئازادییە، وەلێ ئەویان بە

جیانەکرێتەوە، کە ئەم حیزب و بزووتنەوانە، لە ئەنجامی سەرکەوتنیشیاندا، ئۆگر سەربکەون، درێژەدەری هەمان ڕەوشی ستمکاریی و چەوساندنەوەن، لەرشدا وەک چەن دەسەات و حوکمانە ستەمکارکان هەیاندسوەنن، بەهەمان شێوە حیزبە دینیی و نەتەوەپەرستە دەقەکانیش لە پەناوی گرتندەستی دەساتدا هەیان دەسوەنن، چونکە ئەمانە دەساتخوازن نەک هەزی ڕزگاریی و ئازادیی و دیموکراسیی، کەواتە لەرشدا، هەر ئەوەندە خەیان لە ئاڕەە بە جیا دەکرێتەوە، کە دژی چەوساندنەوە و ستەمن، وەلە نەزانن و نازانن چەن ئازادی و ڕزگاریی بە دەست بهێنن، بەیە خەیان ئادەستی گرووپگەلەک و حیزبگەلەکی ناشرشگەە دەکەن، بەناوی شرشگەیەوە، ئەم خەادەستکردنەش لە لایەک ناهەشیاریی و نەزانینە لە لایەک ترسە لە ئازادی، ئاخر چەن حوکمانەکان لە ئازادیی میللەت دەترسن بە هەمان شێوەش میللەتی ناهەشیاریش بوەر و ئازا نییە بە ئازادی، هەر بەیە هەرکەس لەگەە بیرکردنەوەیەدا نەبەت، دەیخاتە خانەی خیانەتەوە، بە ناوی خیانەت لە ئایین، خیانەت لە نەتەوە، خیانەت لە نیشتیمان و خیانەت لە کولتوور. ئەم خەادەستکردنە بە جۆرەک قووە دەبەتەوە لە ناخ و مەشکیاندا، کە هەرچی هەوە و خەبات و تەکۆشان و کوشتن و بەینەکیان هەیە دەچەتە خزمەتی حیزب و گرووپە سیکتاریزمیی و دەساتخوازەکانەوە، ئەمانیش لە هەمان ژینگەی نەزانین و جەهالەتدا خول دەخەن و لە مەژوویەکی ناهەمواری پە لە مەینەتییدا دەمێننەوە.

ئەبەت ئەوەش بەەم، کە نەزانین و ناهەشیاریی مرۆڤی ەەژهەاتی لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە زانین و هەشیاریان لە داگیرکراوە، دەنا هیچ مرۆڤەک نییە، نەزان و جاهیل بەت. بەیە شەشی پەروەردەیی دایکی هەموو شەشکانە، واتە شەشکانی تر لە شرشی پەروەردەییەوە لە دایک دەبن. یەکەک لە خەسەت و پرنسیپە سەرکییە خراپکانی سەرکردە ناشەشگەکان، کە بە ناوی شەشەوە دەیان سەدیە شەە و پەکەدادان دروست دەکەن نەبەوونی پەروەردەیەکە کە مرۆڤبوون بەرهەم دەنەت. هەرچ شەشەک کە مرۆڤبوونی بەرهەم نەهەنا، دەچەتە خانەی شرشی چەواشکارییەوە.
دیسان ئەبەت ئەوەش بەەم، کە پەروەردە و شرشی پەروەردەیی بە لایەن نییە، بەیە دەساتی ستەمگەر هەمیشە دژی پەروەردەی نوە و شرشی پەروەردەیی دەوەستەتەوە.

**جیهاد موحەمەد/** نەرویج
۲۷/۳/۲۰۱۹

# هەهاتن ژ تەنیایی ... هەمن حەمەجەزا

هەموان لێ تەنیایی هەدەین
تەنانەت، خودایش!

هەژێک، لێو هەژە زەرانەی کێ بە دەرمان خەم بەپەوە بە ئادەگیرا،
دەم دا بە خودا.
کێ هاتەوە، بەی ببووە ئاوا!
بەی دەسوتا و دەیووت:
تە سەرخەش بوویت
لەوەندەر نەبوویت، نەتدەبینی کێ خودا،
چ زەجرەکی دەکەشا بەدەست تەنیاییەوە.
لێ کن دەم وتبووی: هەموان لێ تەنیایی هەدەن
تەنانەت، منیش!
هەروەها وتبووشی: کێ زەر غەمگینە بەو بەکەسییەی و گەر بە خەیاڵیش
بێت، هەموو ئومێدی هەر
بە هاتنی هەژی قیامەتێ و بە تاسەوە، لێ چاوەڕوانی گەلانەوەی
نەوکانی ئادەمی فەدراودایە.

هەژێک، لێو هەژە زەرانەی کێ سەرخەش بووم،
لێ کن وی بوو دەم.
لێ کن خودای غەمبار، لێ زیندانی ئینفرادیی.
لێ کن خودای وەس، لێ تاکوتەنهایی.
بەی دەگریا و دەیووت:
خودا، لێو دوورەدەستییەی کێ هەر داد دەکەشێ و
هیچ ئامبۆلانسێک بە فریادی ڕا ناگا، پەشیمانە.
خودا، لێو چەڕەوانییە ساردەی کێ بە خەی خوەقاندووە، پەشیمانە.

ئێستاش، هەر لێو هەژە زەرانییە کێ مەستم،
بەرام
دەم لێ قەڵبمدایە!
لێ کن خەمە و وەک دەف،

وەکو کەنای نەفخی سوور، دەناڵنن:
کە لە ئەوی نەوی ئادەم
تەنانەت،
نەوی شامپاز و فیل و هەوا و هووناکی و تەز و… هەرچییەک کە هەن و
ئەم بەکتریای تەنیایین، وەک ئەفیوون بە دەمارەکانتاندا هاتووچۆ ناکا؟
بە هاوارمانەوە وەرن:

خودا، ژ تەنیایی هەدە!
هەروەها منیش!

**«هەمن حەمەجەزا ـ هامبەرگ/ ۲۰۱۹»**

---

# نامەکانی ئیشق… 7… سەردار جاف

**هەموو بەیانییەك**

13 – لە گەڵ کازیوەی سپێدەدا قەڵەم لە وەسفی ژیری و جوانیتا لە خەرەندە نایەتەگۆ و نقیساندن، مەملەکەتی وشە و ڕستە و نووسین لە ئاست ئەو خەسڵەتانەتا هەگبە بەتاڵ و شەرمندەیە، هەروەك چۆن بیرکردنەوەکان ناگەنە قولەپێی تێفکرین وگوێ بە جوانیت ناگا و دەژاکێ و سیس دەبێتەوە، هیلالی بەدری یەکشەوەیش نە تیژی باڵەکانی بە تیژی بیرت دەگا نە لە هەڵهاتنەوە تا ئاوابوون بە سەمای تیشك و تریفەیەوە بە جوانی برێکانت ناگاو لە شەرم و خەجاڵەتیدا خۆ لە چاوی مرۆڤان و ون دەکا و ئاوا دەبێ، بەیانییەك بۆنی ژنێتی سەردەمت گرتووە، بۆنێك بە داڵان و ژوورا پرژێن بۆنت کردووە، هەتگاڵیی پەلکەزێڕینەی پاش بارانی خەریشت ناگاتێ، هەنگاڵەیی حەوت تەبەق خۆ ئاوێتە دەبن و هەر پێت ناگەن، ئەم بەیانییە ئیشقت گەرمتر لە ژان دنە دەدا ناخ پاك دەکاتەوە ڕوح بە فریشتەیی ، ئەم بەیانییەك ژەمێك لە جوانی و میهرەبانیت بۆتە نەخشی ژبوونەوەی نوێ ، لە گوێ گوێتر دەرکەوتووی.

14 – ئەم بەیانیەت لە وەنەوشە جوانتر و لە گوڵەباغ بۆندارترلە باران تەڕ تر و لە شنەی سپێدان فێنکتر، جەژن و ژێت پیرۆز،

پیرەزیی نەخشەك بە تەنها بە باڵای ژیری تەیا بدووڕێت، ژنێك لە ژانی دی ناچێ، پەلکەزێینە لە تەك هەور و نمەبارانا هەڵپەکەی ژنی بە ژن دابەستووە، مانگ خەرمانەی کردەتە بازنەبەندی پاراستنی ژن، ئاواز و دەنگی بە ساز و خرمژن و ئاغژنی دڵشادیت پیرەز، هاوژین و ئزیزی سەفەری تەمەنم یاقووتەکەی سەر دە دنیام کەوە سەختەکان دەبی و گاشە بەردەکانی سەر ڕێی ژیان دەهای ، هەوراز و نشێوەکان تەخت دەکەی، خەرەندی تەمەن دەبەزێنی، ژنکی بەوا بە خە بوونت لە هەموو ژنە لا پیرەز و بەهێزترە، ژنێك لە بیر و زانست کامە ، ژنێك سەرچاوەی ئیلهامی پێشخستنی کەمەە، تە ئەو چراتێەی دەروازەی نەهامەتی و دواکەوتوویی و نەزانین ڕۆشن دەکەیتەوە، تە ئاوەزکی هاوچەرخی بە کەمەی کوردی، ژنکی مانی چەمینەوە نازانی و هەر بەرەو دوند و ترێپك هەدەزنی، هەنگاوەکانت لە دامێنی عەقانیەتەوە هەدەنی، ئاااای چەند بە تاسووقی پێشکەوتنی کورد و تووەدانی کەچەری نامی لای نەتەوەکەت، بەیانیت هەر باش و جوان بە, ئەزیزەکەی هەمیشە ڕۆشنە ڕۆم شەوە سەرقالی ئەم نووسینە بووم و سەردل گرتن زێتر ئیشقی لە ناخما داچێاند و بە سەر ڕێی تەمەنمانا تکا، هەر دەڕۆم تە ئەو ژنەی بەوێنەی.

15 – بەیانییە و ساوە لە دێکی پە خشەویستی و ئیشقداری بگەردەوە بە قامەتی نیگاکانتا هەدە، هەر دە پەنجەکەم بە واڵایی و لەرزکییەوە لە سەر ستوونی باەکانم خیان ڕاگرتووە و بە کەفوکولی ناخی مەینەتییەوە ڕووە و ئەو ئاسمانە شینە جوانەی بە مانەند تەوزیفی کردووە و لێی دەپاێتەوە، لە حەژمەتا کنووش دەبا تا چاکبوونەوەت بە باڵا بدوورە ، لە دوور ڕا هەر هێندەم لە دەس دە تاکە ڕێی بەر پەناداری بدەسەاتیمە ، ئەم بەیانییە لە پە ەوی تاقەت و هێزداریت مرێیەکی سست و زیلی بەردرگای ئیشقتم تێیش لە عەوداە و سراغی بیمارستان و پزیشککی لای دراندرت بە، نەبا جگە لە پەتا سەرما دەردە ئیشقیش ەواجی خی باراند بێت، بەیانیت جوان و پە ساغلەمی ئازای بەدەنت بە ئش و ئازار ، دولبەرەکەم لە گوە گوتر.

ئەمانیا
5 و 8 و 9 / 3 / 2019